# تەنگژەی فێندەمێنتالیزمی
# ئیسلامی

هاشم ساڵح

# تەنگژەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی

وەرگێڕانی:
شوان ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

هاشم ساڵح
تەنگژەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٩١
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٥٢ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-60-7

## پێڕست

پێشەکی ........ 7
تەڵەزگەی عەرەبی -عەرەب لە بەرامبەر ستراتیجییەتی ئەمەریکادا- ........ 15
ئاین و سیاسەت لە کایەی ئیسلامیدا ........ 29
ئیسلام و هیومانیزم ........ 45
ئیسلام و ڕیفۆرم ........ 54
ئیسلام و ئەقڵ ........ 65
لە نێوان ئیسلام و خۆرئاوادا ........ 77
عەرەب و ئیسلام و خۆرئاوا ........ 88
دەمارگیریی ئاینی ........ 94
11 سێپتەمبەر و کۆتاییی جیهان ........ 106
مەسیحییەت و ئاینەکانی تر- ئیسلام، هێندۆیزم، بوودایزم ........ 112
عەلمانییەت لە بەردەم هەڕەشەی فێندەمێنتالیزمی یەهوودی و... ........ 121
جیهاد دژ بە ئەمەریکاییکردنی جیهان ........ 136
داخرانی جیهانی ئیسلامی ........ 145
جیهاد لە ئیسلامدا ........ 155
کۆتایی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی ........ 167
جیڵ کیبڵ و فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی ........ 175
* خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە بۆ... ........ 183
داهاتووی ئیسلام لە فرەنسا و ئەوروپادا ........ 194
فرەنسا و عەلمانییەت ........ 202
ئیسلام لە فرەنسا ........ 220
فرەنسا لە بەردەم هەڕەشەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیدا ........ 236

# پێشەکی

ئەم کتێبە لە یەک کاتدا هی منە و هی منیش نییە. هی منە بەو پێوەرەی کە خۆم کتێبەکانیم دەستنیشان کردووە (تەواوی ئەم کتێبە بریتییە لە رانان و خوێندنەوەی چەندین کتێب کە لە ماوەی جیاجیادا لەسەر مەسەلەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی چاپ کراون) و تاوتوێم کردوون و خستوومنەتە ڕوو، بەڵام هی منیش نییە بەو پێودانگەی کە بە قەد توانا هەوڵم داوە بە شێوەیەکی بێلایەن و بابەتییانە، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانە بکەم کە نووسەرانی تر نووسیویانە و هەمووشیان بە جۆرێک لە جۆرەکان باس لە مەسەلەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی و ئەو کێشە و ململانێیە دەکەن کە لە نێوان ئەم ئاقارە و شارستانییەتی مۆدێرندا هەیە بەگشتی. تەواوی ئەم کتێبانەی لێرەدا ڕانانمان بۆ کردوون بە زمانی فرەنسایی نووسراون، جگە لە دوو کتێبیان نەبێت: یەکەمیان "محەمەد عەبدولموتەڵیب هۆنی" نووسیویەتی و دەسپێکی کتێبەکەیە و دووەمیشیان لە نووسینی "کەمال عەبدوللەتیف"ە و لە کۆتاییدا هاتووە. لەنێوان ئەم دووانەدا لانی کەم بیست تا بیست و پێنج کتێبی تر هەن کە بە فرەنسایی نووسراون. لێرەدا دەمویست بیر و بۆچوونەکانی "جۆرج تەرابیشی"ش بخەمە بەردەست و تاوتوێیان بکەم، بەڵام ئەمەم هەڵگرت بۆ کاتێکی تر، بۆ ئەوەی ئیشی زیاتری تێدا بکەم و هەقی خۆی بدەمێ. وا چاوەڕێش دەکرێت کۆی ئەو باسوخواسانەی لەسەر "تەرابیشی" هەمە، لە کتێبێکی سەربەخۆدا کە تایبەتە بە (شەڕ و شۆڕەکانی فیکری ئەوروپایی) بخەمە ڕوو.

خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات ئەو کتێبە بیانییانەی لێرەدا خراونەتە ڕوو، لە

چەندین لاوە باس لە کێشەی فێندەمێنتالیزم دەکەن، بەڵام هەر هەموویان بە دیدگایەکی زۆر رەخنەییەوە سەیری دەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان ڕەگ و ڕیشەی دیاردەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لێک- شیتاڵ بکەن. زۆربەی ئەو کتێبانەشی لێرەدا دەستنیشانم کردوون بۆ رانان و خوێندنەوە، دەچنەوە سەر ئەو چوارچێوە رەخنەییە رادیکاڵییەی چەندین ساڵە پەیڕەوی دەکەم و کاری لەسەر دەکەم. لەبەر ئەوە گرینگیم بە خستنەڕووی کتێبەکانی: (جیڵ کیبڵ و ئۆلیڤییە روا و برۆنۆ ئیتییان و عەبدولوەهاب موئەدەب و محەمەد ئەرکۆن و بێرنارد لویس و کۆرنیلیۆس کاستۆر یادیس و مەکسیم رۆدنسۆن و ئالان دۆلیبێراو رۆجێ ئەرنالدیز و غەسان توینی و فەرەیدون هوەیدا و بنیامین باربێر و فەرید زەکەریا و ئەلفرید مۆرابیا و کارۆلین فۆرسیت و ڤیا میتا ڤێنیرو.....) داوە، ئەمەو سەرەڕای هەریەک لە "کەمال عەبدوللەتیف و محەمەد عەبدولوتەلیب هۆنی". هەروەها کتێبی هەریەک لە توێژەری مەغریبی "عەبدە فیلالی ئەنساری" و توێژەری جەزائیری "مالک شبل"یشم بە سەرکردووەتەوە. کتێبی ئەمانەش پردێکە لە نێوان فێندەمێنتالیستەکان و مۆدێرنیزاسیۆنەکاندا، لەبەرئەوەی دەترسن بە یەکجارەکی لە رابردوو دابڕێن و تا ئێستاش وابەستەی ئەو قۆناغەن، ئەمەش بۆخۆی شتێکی ئاسایی و رەوایە، لانی کەم بەشێوەیەکی کاتی . بێگومان دیدگای رەخنەیی نووسەرێک لە نووسەرێکی دیکە جیاوازە. بۆ نموونە هەندێک گرینگی بەو هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە دەدەن کە لە سی ساڵی رابردوودا واتە لە ساتەوەختی بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامییەوە لە ئێران، زەمینە سازیان کرد بۆ گەورەبوون و تەشەنەسەندنی بزاوتە ئسووڵییەکان لە جیهاندا. هەندێکی تریش گرینگیی زۆر بە هۆکارە ئایدیۆلۆجییەکان دەدەن، بەڵام بەبێ چاوپۆشیکردن لەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کردن. کەواتە لە چەند ڕوویەکەوە سەیری دیاردەی فێندەمێنتالیزم دەکرێت، نەک تەنیا لەیەک ڕووەوە. بەم جۆرەش خوێنەر دەرفەتی ئەوەی دەبێت لە هەموو ڕووەکانەوە،

زانیاری و تێگەیشتنی پێویستی لەسەر ئەم دیاردە ترسناکە هەبێت.

لە ڕاستیدا فێندەمێنتالیزم بۆ خۆی دیاردەیەکی ئاڵۆزە و چەندین هۆکاری جۆرەوجۆر دەستیان لە دروستکردنیدا هەبووە. پێشبینی دەکرێت ئەم دیاردەیە ساڵانێکی زۆر بە خۆیەوە سەرقاڵمان بکات، بەرلەوەی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. کەواتە بەرلەوەی بگەینە قۆناغی چارەسەرکردن، دەبێت قۆناغی دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی کێشەکە دەست پێ بکەین. یەکەمین ئامانجی ئەم کتێبەش ئەوەیە. شایەنی باسە ئەم کتێبە دەچێتە چوارچێوەی پرۆژەیەکی بەرفراوانترەوە کە پرۆژەی رۆشنگەرییە تایبەت بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەگشتی، چونکە ئێمە تەنیا ئەوکاتە دەتوانین لە رۆشنگەری تێبگەین و بەهای بزانین کە لە نیار و ئاقارە دژەکانی حاڵی بووین، واتە توانیمان فێندەمێنتالیزمی ئاینی بناسین. ئەو فێندەمێنتالیزمە ئاینییەی هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە بۆ سەر تەواوی بەها فەلسەفی و ستاتیکی و روحییەکانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی. رۆشنگەری ئەگەر هەر لە ئەزموونی رۆشنگەری ئەوروپاییدا قەتیسی نەدەین و لە ڕێی چەند ئەزموونێکی مرۆڤایەتی ترەوە سەیری بکەین، ئەوا مانایەکی گەورەتر و بەرفراوانتر دەگرێتە خۆی. بێگومان ئەزموونی رۆشنگەری ئەوروپایی بووەتە چراوگێک بۆ هەموو جیهان، بەڵام گەربێت و بەسەر کەلەپوورەکانی تریشدا پراکتیزەی بکەین جگە لە کەلەپووری مەسیحی ئەوروپایی، ئەوا دەوڵەمەندتر دەبێت و بایەخ و گرینگیشی زیاد دەکات.

زۆربەی زۆری ئەو بیریارانەی لێرەدا کتێبەکانیانمان خستووەتە ڕوو، کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەوەی جیهانی ئیسلامی بێ بەشە لێی، ئەزموونکردنی قۆناغی رۆشنگەرییە وەکی ئەوەی میللەتانی ئەوروپایی لە سەدەی هەژدەمەوە پێیدا تێپەڕین و ئەزموونیان کرد.. بەڵام ئەو عەرەبە سۆفستائییانەی لە پایەختی گەورەی رۆشنگەری (واتە لە پاریس)دا دەژین، دەڵێن: (کێشەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی دروست کراوە و خۆرئاوا بۆ

مەبەستی تایبەتی خۆی ئەم کێشەیەی خولقاندووە). هەروەها دەڵێن: (ئێمە هیچ پێویستییەکمان بە رۆشنگەری نییە، چونکە نە کڵێسامان هەیەو نە ڤاتیکان و نە دادگاکانی پشکنین و نە تیرۆرکردنی ئەقڵ و بیرکردنەوە... کەواتە ئێمە هیچ عەیبێکمان نییە و ئەو کێشانەشی هەمانە، هەر هەمووی لە دەرەوە بۆمان دێت، واتە بەرهەمی دەستی کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزمە). ئەم دیماگۆگییانە هاوکات لەگەڵ ئەم قسانەشدا، کۆ لەوە ناکەنەوە باس لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و بەگژاچوونەوەی رژێمە ستەمکارەکان بکەن! بەڵام بەبێ ئەوەی یەک وشە لەسەر فێندەمێنتالیزم و ئەو هەڕەشەو مەترسییانە بڵێن کە ئەم ئاقارە لەسەر مۆدێرنەی فیکری سیاسی بەگشتی دروستی دەکات.

"جۆرج تەرابیشی " لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا لەسەر کەناڵی جەزیرە (بەرنامەی – الکتاب خیر جلیس- کە خالد حەروب پێشکێشکاری بوو)، سەرنجی بۆ ئەوە راکێشاین کە دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو جۆر دیموکراسیدا بکەین: دیموکراسییەتێک وەک میکانیزمێکی شکڵی : واتە دەنگدان و هەڵبژاردن، لەگەڵ دیموکراسی وەک کولتوورێکی هەمە لایەن: واتە وەک فەلسەفەیەک بۆ ژیان و کۆمەڵگە و بوون. هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەم دەستەواژەیە دەڵێت: (ئەگەر ئەم جیاوازییە نەکەین، ئەوا لە وڵاتانی عەرەبیدا بە مۆدێلی دیموکراسی خێڵەکی و ئەتنیکی دەگەین و لە تاقیکردنەوەی دیموکراسی راستەقینەدا سەرکەوتوو نابین).

کەواتە ئەوەی دیموکراسی تەنیا وەک میکانیزمی دەنگدان و هەڵبژاردن وەردەگرێت و ئەوەی بیر دەچێت کە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن لە پشت ئەم پرۆژەیەوەیە، ئەوا بیەوێت یان نا دەبێتە هاوپەیمانی گرووپە فێندەمێنتالیستەکان. ناکرێت دیموکراسی لە عەلمانییەت یاخۆ لە بزاوتی مۆدێرنە بەگشتی جیا بکرێتەوە. عەلمانییەت بە مانای جیاکردنەوەی مزگەوت لە دەوڵەت، تەواو وەک چۆن لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی ئەوروپای

خۆرئاوادا، کڵێسا لە دەوڵەت جیا کرایەوە. گەر ئەمە نەکەین ئەوا لە سایەی ئەم دیموکراسییە کارتۆنییەدا، هەر ملکەچی ئەو سیستەمە فێندەمێنتالیزمە دەبین کە سەدان ساڵە باڵادەستە. سیستەمێکی لەم جۆرەش خەڵکی لەسەر شوێنی لەدایکبوونیان دادگایی دەکات و هاووڵاتیان بەشێوەیەکی پلەبەندی ریز دەکات، کەواتە ئەوە چ دیموکراسییەتێکە ئەگەر لەم جۆرە کولتوورانەدا هەبێت؟ تۆ بڵێی "جان جاک رۆسۆ" و "ئیما نوێل کانت" و گەورە دامەزرێنەرانی مۆدێرنەی فەلسەفە و سیاسی خەونیان بەمەوە بینیبێت؟ ئەی "رۆسۆ" لە کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتیدا) ناڵێت: (هەر کەسێک پێشوەخت و بەپشتبەستن بە بنەمای مەزهەبی و ئاینی، تەکفیری خەڵکانی تری کرد، پێویستە لە کایەی سیاسی و تەنانەت لە کایەی کۆمەڵایەتیش دوور بخرێتەوە). مەبەستی "رۆسۆ"ش لەم قسەیە، کاتۆلیکە پەرگیرەکان بوو کە پرۆتستانتەکان و سەرجەم ئاین و ئاینزاکانی تریان تەکفیر دەکرد، تەواو وەکی ئەوەی لەمرۆدا فێندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان دەیکەن.

تکا لە خوێنەر دەکەم بە دیقەتەوە سەرنجی ئەو بەشە بدات لەم کتێبەدا کە تەرخانم کردووە بۆ خستنەرووی بیروراکانی توێژەری ئەمەریکایی بە رەچەڵەک پاکستانی: "فەرید زەکەریا"، ئەوکات لەو جیاوازییە تێ دەگات کە لە نێوان دیموکراسی راستەقینە و دیموکراسی بێ ناوەرۆکدا هەیە. درۆ و چاوبەستێکی زۆر لە کایەی رۆشنبیریی عەرەبیدا هەیە و پێویستە نەهێڵرێت، دەمامکی زۆر هەیە و دەبێت لاببرێن. پێموایە بژارکردنێکی گەورە لە کایەی سیاسیی رۆشنبیری عەرەبیدا بەرێوەیە. لە ماوەی رابردوودا لاقەکردنی چەمک و زاراوەکان رووی دا و ئەمەش ترسناکترین جۆری لاقەکردنە. بۆ نموونە حیزبێکی فێندەمێنتالیست لە توونس هەیە خۆی ناوناوە پارتی نەهزە، لەبری ئەوەی خۆی بەناوی راستەقینەی خۆیەوە ناوبنێت: واتە پارتی پارێزگاران یاخۆ ترادسیۆن خوازەکان. ئەو حیزبە ئەگەر ئەم ناوەی لە خۆی بنایە، زۆر چاکتر بوو لەوەی ناوێک هەڵبژێرێت کە

دوورو نزیک پێوەندی پێوە نییە. ئەگەرچی من دەزانم فێندەمێنتالیزمی وڵاتی توونس بەهۆی ئەو هەلومەرجی کرانەوە و تۆلێرانسەی "حەبیب بۆرقێبە" هێنایە ئاراوە، زۆر لە هێزە ئسووڵییەکانی تر پێشکەوتووترە، چونکە توونس بە بەراورد بە وڵاتانی تری ئیسلامی، جگە لە لبنان و تورکیا هەلومەرج تێیدا باشترە.

هەنووکە دیموکراسی لە وڵاتانی عەرەبیدا بووەتە دروشمی هەمووان و وای لێ هاتووە خەریکە کەسێکی نا دیموکراسی لە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا نادۆزیتەوە! تەنانەت بزاوتە ئسووڵییەکانیش ئەم تێرمەیان کردووەتە موڵکی خۆیان و بووەتە سەردێڕی هەموو بەیاننامە و دروشمەکانیان. هەموو ئەمانەش بۆ چاوبەستەکی و لە خشتەبردنە، بەڵام بۆ ئەوەی شتەکان لەیەکتر جیا بکەیتەوە و بزانیت کێ دیموکراسیی راستەقینەیە و کێ نا دیموکراسییە، ئەوەندە بەسە ئەم پرسیارەیان ئاڕاستە بکەین: ئایا ئێوە لەگەڵ یەکسانیی تەواوی هاووڵاتیاندان لەگەڵ یەکتریدا، بێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ رەگەزێکن و چ ئاین و ئاینزایەکیان هەیە؟ ئایا ئێوە لەگەڵ ئازادیی ویژدان و بیر و باوەڕدان واتە لەگەڵ ئەوەدان مرۆڤ ئازاد بێت لەوەی ئیمان بهێنێت یان نەهێنێت، یاخۆ ئازاد بێت لەوەی سرووت و رێورەسمەکان بەجێ بهێنێت یان هەر نەیانکات؟ دواتر ئەم پرسیارەشیان لێ بکە: ئایا بوونی سەرجەم ئاین و ئاینزاکان لە دەوڵەتدا بەڕەوا دەزانن و پەسەندی دەکەن، یاخۆ تەنیا یەک ئاین و یەک مەزهەب بە راست و رەوا دەزانن؟ ئایا ئەو یاسایانەی لە سایەی ئێوەدا حوکمی کۆمەڵگەی پێ دەکرێت، سەرچاوە لە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوونەوە دەگرێت یاخۆ سەرچاوەکەی شەرعییەتی سەدەکانی ناوەڕاست و فیقهی مەزهەبیی کۆنە؟

ئێمە بۆیە ئەمە دەڵێین، چونکە دەزانین بەبێ بوونی دادپەروەری و یەکسانیی تەواو لە نێوان مرۆڤەکاندا و بەبێ پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی کە شۆڕشی فرەنسایی ساڵی ١٧٨٩ بڕیاری لە

سەر دا و، جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ساڵی ١٩٤٨ تەئکیدی لێ کردەوە، دیموکراسی راستەقینە پایەدار نابێت. ئەوکات بژارێکی ڕاستەقینە لە کایەی کلتووری و سیاسی عەرەبیدا دەکرێت و دەردەکەوێت کێ دیموکراسیی ڕاستەقینەیە و کێش وەک تاکتیک و رووکەش لافی دیموکراسی لێ دەدات. ئەوکات دەبینین زۆرێکی زۆر دوژمنی ئەو فەلسەفە هیومانستییە گەورەیەن کە سەردەمی رۆشنگەری فۆرمەلەی کرد و دیموکراسیی مۆدێرنیش پشتی پێ دەبەستێت. هاوکات دەبینین ژمارەی ئەوانەی دیموکراسین لە جیهانی عەرەبیدا، زۆر لەوە کەمترن کە باس دەکرێت. بەم جۆرە ئیتر رۆشنبیرانی ئێمە دەبنە دوو دەستە، دەستەیەکیان بەرەو دواوە کێشمان دەکات و داکۆکی لە دیموکراسیی مەزهەبی دەکات، ئەمەش بە بەهانەی دەرگیربوون بە میللەت و جەماوەرەوە، ئەو جەماوەرەی لەبەر هۆکاری مێژوویی فێندەمێنتالیستەکان کۆنترۆڵیان کردووە و دەستیان گرتووە بەسەریدا و لە داهاتووی نزیکیشدا ئومێدی گۆڕانی لێ ناکرێت. دەستەکەی تریان بەرەوپێشەوە هەنگاو دەنێن، تەنانەت ئەگەر قاعیدەی جەماوەری خۆشی بدۆڕێنێت، لەبەرئەوەی ئەم دەستەیە لە رۆشنبیران گرەو لە سەر ئەو کەمینە رۆشنگەرە دەکات کە سەرجەم ئاین و ئاینزاو رەگەزەکان دەبڕێت، بەو پێیەی ئەم کەمینە رۆشنگەرە گەورە دەبێت و لە داهاتوودا سەردەکەوێت. رەنگە لەنێوان ئەم دوو بەرەیەدا، بەرەی سێیەمیش هەبێت کە بەبیانووی واقعیەت و میانڕەوی و ناوەندێتەوە تیا ماوە و خۆی بۆ یەکلایی ناکرێتەوە. بەڵام بژاری گەورە لەنێوان ئەو دەستەیەدا روو دەدات کە باسمان کرد. تۆ بڵێی بکرێت بەرەی دووەمی رۆشنبیران بە لیبرالیزمە نوێیەکان ناوبەرین؟ بەڵێ دەتوانین، بەڵام بە مەرجێک بەرەی یەکەم ناو بنێین: موحافیزکارە نوێیەکان، واتە ئەوانەی دڵخوازی ئاقاری پۆپۆلستی – ئسووڵین و هاوکات پێوەندی تاکتیکیش لەگەڵ دیموکراسی و ئازادی و مۆدێرنە و مافەکانی مرۆڤدا، دەبەستن!.

ئەم کتێبە گەر بتوانێت لە روونکردنەوەی ئەو ئیشکالییەتە جۆرەوجۆرانەی لە مرۆدا رووبەڕوومان دەبێتەوە، پشکێکی هەبێ گەر توانی لەو پرۆسەی بژارکردنە فیکرییەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بەشداربێت، ئەوا دەتوانین بڵێین بە ئەرکی خۆی هەستاوە. هەوڵم داوە هەرچی چەکە بەکاری بێنم (مەبەستم چەکی ئەو بیریارانەیە کە لێرەدا ناویان هاتووە)، بۆئەوەی بگەمە ئەو مەبەستە. من وەکی "ئەبوعەلای مەعەڕی" دەڵێت: کەسێکم بەوانی ترەوە دەتوانم شت بکەم و ئەمەی نووسیومە وەحی نییە لە ئاسمانەوە بۆم دابەزیبێت. لەبەر ئەوە من بۆ ئەوەی لە شتێک تێبگەم و بۆ ئەوەی بتوانم رەش لە سپی جیا بکەمەوە، دەچم پەنا بەر بیرکردنەوەی خەڵکانی تر دەبەم و ئەو بیرکردنەوانەش دوای تاوتوێکردنیان و کورتکردنەوە و بژارکردنیان، کاریان پێ دەکەم و سوودیان لێ دەبینم. من هەندێ جار ساڵانێکم ویستووە بۆ ئەوەی لەیەک زاراوەی ناو مێژووی فیکر تێ بگەم، بۆ نموونە وەک زاراوەی (دابڕانی ئەپستمۆلۆجی). بەرلەوەی لە مانا و واتاکانی ئەم چەمکە بگەم، کەوتمە خوێندنەوەی "باشلار"و "فۆکۆ" و "تۆماس کوهن" و کەسانی تریش، تا بزانم ئەوانە چی لەبارەی ئەو چەمکەوە دەڵێن و ماناکانی چۆن لێکدەدەنەوە. ئەم پرۆسەیە لانی کەم بیست ساڵی لێ بردم. ئەی کەواتە چەمکی (فێندەمێنتالیزم) چەندم لێ دەبات؟! رەنگە هەموو ئەم کتێبە تەنیا سەرەتای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بێت.

## تەڵەزگەی عەرەبی

عەرەب لە بەرامبەر ستراتیجییەتی ئەمەریکادا

نابێت ئەم کتێبە قەوارە بچکۆلەیە* (کە ١١٠ لاپەڕەیە) بە کەم بگرین، چونکە لە ڕووی ناوەڕۆک و ئەو کێشانەی باسیان لێ دەکات کتێبێکی گەورە و دەوڵەمەندە. دەتوانین بڵێین بە مانڤێستێک دەچێت لە پێناو فیکرێکی عەرەبی تردا، یاخۆ وەک بۆمبێکی چێنراو وایە لەم هەلومەرجەی ئێستادا. پێویستە دان بەوەدا بنێین هەنووکە لە کایەی ڕۆشنبیریی عەرەبی و لەناو ڕۆشنبیرانی عەرەبدا، خەریکە ریزبەندییەکی نوێ دروست دەبێت. ئەگەرچی بەشی زۆری ڕۆشنبیران تا ئێستا پابەندی ئەو ئایدیۆلۆجیا کۆن و بە سەرچوون کە بەدرێژاییی پەنجا ساڵی رابردوو باڵادەست بوو بە سەرمانەوە و دەکرێت ئەمەش بە ئایدیۆلۆجیای نەتەوەچێتی – ئیسلامچێتی ناودێر بکەین. ئەم ئایدیۆلۆجیایە تا ساتەوەختی ئێستاش لەناو شەقامی عەرەبی و کەناڵە ئاسمانییەکان و ناوەندەکانی بڕیاردا باڵادەستە و ئامادەگی هەیە، هەرچەندە لە ناوەندی زانایان و فەیلەسووفان و بیرمەندە راستەقینەکاندا، متمانە و ڕاستگۆیی خۆی لە دەست داوە. ئەمەش شتێکی ئاسایی و سروشتییە، لەبەرئەوەی خەڵک و خوا لە هەموو وڵاتێکدا دەرگیری هەست و سۆز و جۆش و خرۆشە پۆپۆلیستییەکانن، بەڵام توێژی ڕۆشنبیران قووڵتر لە جەوهەری شتەکان خورد دەبنەوە و بەشێوەیەکی ئەقڵانی دەرگیریان دەبن. هەموو کات مەسافەیەک لە نێوان ئیلیت و جەماوەردا هەیە. ئەم

* محمد عبدالمطلب الهوني: المأزق العربي – العرب في مواجهة الأستراتيجية الأمريكية، دمشق، دار بترا، ٢٠٠٤.

ڕووبەرەش گەورەتر و فراوانتر دەبێت، ئەگەر جەماوەر نەخوێندەوار و نەزان بن.. ئێمە دەتوانین زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی عەرەبی بە نەخوێندەوار ناوبەرین، ئەگەر وامان دانا نەخوێندەواری هەر مانای ئەوە نییە کەسێک خوێندنەوە و نووسین نازانێت، بگرە ئەو کەسەش دەگرێتەوە کە خاوەنی هیچ ڕۆشنبیرییەکی رەخنەیی نییە دەرهەق بە ترادسیۆنی ئاینی. لەم ڕووەوە لانی کەم هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕۆشنبیری عەرەب و کەسێکی ئاساییدا نییە.

بەلام لەم ماوەیەی دواییدا مۆدیلێکی نوێی ڕۆشنبیری عەرەب پەیدا بوو، مۆدیلێک لە دەرەوەی بۆچوونە باوەکان و بیروباوەڕە پۆپۆلیستییەکان کە دنەی جەماوەر دەدەن و دەیانخرۆشێنن. ئەم مۆدێلە تازەیە گرووپێکی کەمی ڕۆشنبیرانی عەرەبن و دەیانەوێت لەو هێڵە گشتی و وتەزا حازربەدەستانە لا بدەن و ڕێچکەیەکی نوێ بگرنە بەر، جیاواز لە ڕێچکە باوەکان. نموونەکانیشیان وەک: "د. محەمەد عەبدولموتەڵیب ئەلهۆنی "و بیریاری توونسی "عەفیف ئەلئەخزەر" کە پێشەکییەکی نایابی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە. هەروەها دەتوانین ناوی کەسانی وەک: (شاکر نابلوسی و عوسمان ئەلعومەیر و عەبدولڕەحمان راشد و کەمال عەبدوللەتیف و عەزیز ئەلعەزمە و سادق جەلال ئەلعەزم و جۆرج تەرابیشی و رەجا و بن سەلامە و...)، چەندانی تر بهێنین کە هیچیان لەوان کەمتر نییە. ئەم تایپە نوێیەی ڕۆشنبیرانی عەرەب لە زیادبووندایە و زیاتریش دەبێت، هەرچی جارێک کەلێن و کەموکوڕی ئایدیۆلۆجیای عەرەبی ئاشکرا بێت و بکەوێتە ڕوو. لێرەدا مەبەستم ئایدیۆلۆجیای کەناڵە ئاسمانییەکان و ئەو هەرا و زەنا بێسەروبەرییە کە لە کۆنترۆڵی ئەقڵ دەرچووە!

تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم کتێبەی "محەمەد عەبدولموتەڵیب ئەلهۆنی" چین؟. دەکرێت لە سێ یان چوار تەوەری سەرەکیدا کۆیان بکەینەوە. یەکەمیان، هەڵوێستی هەلپەرستانە و مەکیاڤیلیزمییانەی سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە بە درێژاییی قۆناغی شەڕی سارد. دووەمیان،

باس لە پەرچەکرداری وڵاتانی عەرەبی دەکات دژ بەو سیاسەتانەی ئەمەریکا، بەتایبەت دوای پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر. لەگەڵ ١١ی سێپتەمبەردا مێژوویەکی تازە دێتە گۆڕێ و پێویستە لەسەر فیکری عەرەبی و هەروەها سیاسەتی عەرەبیش ئەوە رەچاو بکات و ئە و گۆڕانە بە هێند بگرێت. سێیەمیان، رەخنەگرتنێکی رادیکالانەیە لە فێندەمێنتالیزمی عەرەبی ئیسلامی. چوارەمیان، داکۆکیکردنە لە شارستانیەتی دیموکراسی – لیبراڵی مۆدێرن، بەو پێیەی تاکە شارستانییەتێکە لەسەر گۆی زەوی لە ئێستادا. بۆیە دەبێت عەرەب و موسڵمانانیش بەگشتی رێگەیەک بدۆزنەوە بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەو شارستانییەتەدا، تابتوانن لەو تەڵەزگەیە قوتاریان بێت کە لە مڕۆدا تێی کەوتوون. بایەخ و گرینگیی پرۆژەی وەرگێڕانێکی بەرفراوانی فیکری رۆشنگەری و شارستانییەتی ئەوروپایی لێرەدایە. هەوڵ دەدەم لە کۆتایی ئەم وتارەدا باس لەمە بکەم.

بە کورتی ئەمە هەندێکە لەو باسوخواسانەی، "د. ئەلهۆنی " بە درێژاییی سەد لاپەڕەی کتێبەکەی پێیانەوە خەریکە و لە هەوڵی تاوتوێکردنیاندایە. بەرلەوەی دەست بە خستنەڕووی تەوەرە سەرەکییەکانی کتێبەکە بکەم، پێویستە باس لەو ستایلە روون و رەوانە بکەم کە بابەتەکانی پێ نووسراوە و هەر خوێنەرێکی ئاسایی دەستی بداتێ، دەتوانێت بە ئاسانی تێی بگات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تەنانەت گەورەترین و ئاڵۆزترین کێشەی فیکری، دەکرێت بە زمانێکی سادە و دوور لە تەلیسم و پێچ و پەنا گوزارشتی لێ بکرێت و بگاتە خوێنەران. پێموایە نووسەر زۆر لە هەڵوێستی سیاسەتی ئەمەریکا لە ماوەی شەڕی ساردا جارس و تووڕەیە چونکە لەو قۆناغەدا ئەوەی ئاراستەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای دەکرد، پرەنسیپ و بەهای ئەخلاقی نەبوو، بگرە بەرژەوەندی و مەبەستی تایبەتی بوو. بەو پێیەی لەو سەردەمەدا ئامانجی سەرەکی شکست پێهێنانی کۆمۆنیزم بوو، ئیتر هەموو شتێک رەوا بووە.. بێگومان "محەمەد

عـەبدولوتەڵیب ئەلهـۆنی " کاڵفام نییـە و دەزانێت شـتێک بەناوی (ئەقـڵی دەوڵـەت) یاخـــۆ (بـەرژەوەندی بـاڵای دەوڵـەتـەوە) هـەیـە و ڕەنگـە ئـەم ئـەقڵ و بەرژەوەندییـە، لەگەڵ ئەو پرەنسیـپانەدا ناکۆک بێت کە خـودی ئەو دەوڵەتەی لەسـەر دروست بووە. پشتیـوانیکردنی ئەمـەریکا لە سیستـەمـە تۆتالیـتارییـە داخـراوەکان تا ئەوپەڕی، بەدرێژایـی مـاوەی شـەڕی سـارد، شـتێکی دزێو و بێمـانایە و تەنیا لە ڕێی ئەو پرەنسیپە مەکیاڤیللیزمییـەوە دەتوانین تێبگەین کە دەڵێت: (الغاية تبرر الوسيلة). ئەم ئامانجە ئەمەریکای وا کوێر کرد تا ئەو ڕادەیەی لـە پێنـاو دژایەتیکردنـی کـۆمــۆنیــزمــدا لە ناوەڕاســتی ســەدەی رابردوودا، کەوتە گومـانکردن و پشکنینی دڵ و دەروونی مرۆڤـەکان، ئـەمەش لەو قـۆنـاغـە بەدناوەدا بوو کە بە قـۆنـاغی یاخـۆ بە سـەردەمی (مـەکارسـیـەت) ناوزەد دەکرێت. هـەروەهـا لەگەڵ "بن لادن"دا بوو بە هـاوپەیمان، بە مـەبەستی بەرگرتن بە هـەڕەشـە و مەترسی کۆمۆنیزم!!

بەڵام لێرەدا دەبێت بڵێین ئەوە هـەر تەنیا "مـحەمەد عەبدولـوتەڵیب ئەلهۆنی " نییـە ئەم حاڵـەتەی پێ سەیرە و سەرکۆنەی هەڵوێسـتێکی وا دەکات، بگرە چەندین رۆشنبـیـری ئەمـەریکا خـۆی و سـەرەڕای رۆشنبـیـرانی ئەوروپا، هەموویان لەو سیـاسـەتانە جاڕسن و بە هـەڵەیەکی مێژوویی گەورەی دەزانن. بەڵام بێگومـان دوای پەلامـارەکانی ١١ی سێپتـەمبـەر درکیـان بەو راسـتییـە تاڵانە کـرد و پەنجەی پەشیمـانییان گەست. دوای ئەو ڕووداوە ڕۆشنبیرانی ئەمەریکا و ئەوروپا، هـەرچی رق و تووڕەیی خۆیان هـەبوو بەسـەر ئیدارە یەک بە دوایەکـانـی ئەمـەریکادا ڕشـتـیـان، چونکە دەسـتـیـان لەگەڵ ڕێژیمگەلێکی عەرەبی و غەیرە عەرەبیی وادا تێکەڵ کردبوو کە دوور و نزیک پێوەندییان بە مۆدێرنەی فیکری و سیـاسییـەوە نەبوو، بگرە دوژمنی سەرسـەختی ناوەڕۆک و رۆحی ســەردەمی مــۆدێرن بوون. دەتوانم تایبــەت بەم مــەســەلەیە، دەیان کـتـێب وەک نمـوونە بە زمـانی ئینگلیـزی و فـرەنسـایی ریز بکـەم. بەڵام ئەو شـتـەی بەلای پیـاوێکی پێشکەوتنخوازی وەک "د. ئەلهـۆنی "یـەو ناخـۆشـە و

ئازاری دەدات، ئەوەیە ئەمەریکا وەک دەوڵەتێکی شارستانی و پێشکەوتوو، لە دەرەوەدا و لە پێناو بەرژەوەندییە مادی و سیاسییەکانیدا، ناپاکی دەرهەق بەو پرەنسیپانە کردووە کە خۆی لەسەر دروست بووە و باوەڕی پێیانە. بۆ نموونە ئەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو، لە ئێران و وڵاتانی عەرەبیدا کەوتە لێدان و پیلانگێڕان لە بزاوتە پێشکەوتوخوازەکان (بڕوانە کێشەی محەمەد موسەدەق لە ئێران)، لە بەرامبەریشدا کەوتە پشتیوانیکردن لە سیستەمە کۆنسێرڤاتیڤ و کۆنەپەرستەکان. لە ڕاستیدا ئەمە سەرچاوەی تەڵەزگەی پێشکەوتوخوازانی عەرەبە، چونکە ئەوان لەلایەک بە شارستانییەتی خۆرئاوا و دەسکەوتە زۆر و زەوەندەکانی سەرسامن، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەبینن لە ناوەوە و دەرەوەدا ئەو شارستانییەتە کۆمەک بە دوژمنەکانیان دەکات. لەبەرئەمە بە درێژاییی چل ساڵەی شەڕی سارد، هیچ پێوەندی و لێک نزیک بوونەوەیەک لە نێوان بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی عەرەب و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا رووی نەدا، بگرە ئەوەی هەبوو پێچەوانەی ئەوە بوو: واتە دوژمنایەتی و ململانێ هەبوو.

پێموایە "ئەلهۆنی" دەیەوێت بڵێت: (دوای ١١ی سێپتەمبەر شتەکان سەرلەبەر گۆڕان و ئێستا بۆ یەکەم جار ئەگەری لێک نزیکبوونەوە لە نێوان بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی عەرەب و شارستانییەتی ئەوروپایی و ئەمەریکاییدا هەیە). منیش لەگەڵ ئەم بۆچوونە گەشبینەی دام، بەڵام بەو مەرجەی وەکی خۆشی لە لاپەڕە ٥٧ی کتێبەکەیدا باسی دەکات (کە چارەسەری کێشەی فەلەستین- ئیسرائیل بکرێت، بە جۆرێک دروستبوونی دوو دەوڵەتی دیموکراسی عەرەبی و عیبری لێ بکەوێتەوە). لێرەدا دەبینین "ئەلهۆنی" لە ئایدیۆلۆجیای کۆنی عەرەبی جیا دەبێتەوە. ئایدیۆلۆجیستەکانی عەرەب پێیان وایە دوژمنایەتیکردن لەگەڵ ئەمەریکا و خۆرئاوادا، سەرمەدی و بێ کۆتاییە. بەڵام بیریارانی نوێی وڵاتانی عەرەبی پێیان وایە، ئەم دوژمنایەتییە لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە

خـەریکە کـاڵ دەبێـتـەوە و ڕەنگە لەگـەڵ چارەسـەرکـردنی کـێـشـەی فەلەستینیشدا، هیچ پاساوێک بۆ ئەو دوژمنایەتیکردنە نەمێنێتەوە. دوای ئەوە هەمـوومـان دەبینە سـەرنشـینی ناو یەک کـەشـتی، ئەویش کـەشـتی شارستانییەتی مرۆڤایەتییە کە لەلایەک بەگژ تیرۆری ئاینیدا دەچێتەوە و لەلایەکی تریش دژایەتی چاوچنۆکی و زەبر و زۆرەکانی بە جیـهـانیـبـوون دەکات. لە ڕاستیدا بە جیهانیبوون بەو ستایلەی ئێستایەوە دەستی لە گەورەکردنی تیرۆرزمی ئاینیدا هەیە، لەبەرئەوەی هەرچی خێر و بێر و سەروەت و سامانی مرۆڤایەتی هەیە، لە چنگی کەمینەیەکدایە و زۆرینەی لێ بێ بەشن. شرۆڤەکردنی "ئەلهۆنی " بۆ کێشە و دیاردە گەورەکانی ئەمڕۆی جیـهـان بە شـێـوەیەکی ورد و شـێلگیـرانەیە. بۆ نموونە ئەو چاوپۆشی لە مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆر ناکات، بەڵام لە هەمان کاتدا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریش فەرامۆش ناکات کە بە بڕوای ئەو وەکو یەک جیهانی ئیسلامی و خۆرئاواش لێی بەرپرسیارن.

لە لاپەڕە (٩٩) کـتـێـبـەکـەیدا سـەبارەت بە خـراپ تێگەیشتن لە ئاین، "محەمەد عەبدولموتەڵیب ئەلهۆنی" دەڵێت: (لە گرینگترین بەربەستەکانی بەردەم دیموکراسی لە وڵاتانی عەرەبیدا، بەدحاڵی بوونە لە بیر و باوەڕی ئاینی . ئاین بۆخۆی کۆسپ نییە لە بەردەم گۆڕان و شارستانیبووندا، بەڵام هەرکاتێک لەلایەن بکەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی بەکـار هێنرا، ئەوا دەبێـتـە گـەورەترین کـۆسـپ لە بەردەم گـۆڕان و نوێبـوونەوەدا). ئەوەی لە ئێـسـتـاشـدا ڕوو دەدات ئەمـەیە. بە ئاشکرا لەم کـتـێـبـەدا دەبینین "ئەلهـۆنی" هێـرشـێکی بێ پەردە دەکـاتە سـەر ئەو ئیسلامگەرایانەی، بە شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئاین تێ دەگەن و دەیانەوێت پرەنسیپەکـانی سەدەی حەوتەم بەسـەر کۆمەڵگەکـانی سەدەی بیست و یەکدا جێبەجێ بکەن! بەو پێیەشی جیهانی ئیسلامی تا ئێستاش دەستەمۆی ئەو جیـهـانبینییە غەیبـانییەی سـەدەکانی ناوەڕاستە، ئەوا

فـێندەمـێنتـالسـتـە رادیکالەکان دەتوانن بەئاسـانی خـەڵک هـان بدەن و جەماوەرێکی زۆر شـوێن خۆیان بخـەن. من پێمـوایە دوای چارەسـەرکردنی کێشـەی فـەلەسـتین، دەبێت تەواوی رووناکبـیرە ئازادیخـوازەکانی جیـهانی ئیسلامـی لە هەوڵی ئەوەدا بن ئەو جیـهانبینییە کۆن و بەسـەرچووە بگۆڕن. ئەگـەر تا ئەمـڕۆ گـرینگی بە روو بەڕووبوونـەوەی دوژمنی دەرەکی درابێت، ئەوا دەبێت لەمڕۆ بەدواوە سەرقاڵی ناوەخۆ بین و ڕەخنەکان ئاراستـەی ئەو بۆچوون و دنیـابینیـیـە دۆگـمـایانە بکەین کـە دوژمنی سـەرسـەخـتی شارستانییەت و ئاقاری مرۆگەرین.

ئەم کێشـە نوێیـانەی لەم ماوانەی دواییدا بەدەرکەوتن، پێـویسـتییـان بە رۆشنبـیـریی نوێ و دیدگـای تازەیە. هـەربۆیە لێـرەدا "ئەلهـۆنی " کـۆ لەوە ناکاتـەوە دابڕانێک لەگەڵ فیقهـ و تیۆلۆجیای سەدەکانی ناوەڕاستدا بکات، بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە پلە و پایەی مەسیحییە عەرەبەکان و ئەهلی زیمە و جیـهـاد و سزادانی جەسـتـەیی و.. هتـد، هەیە. لە لاپەڕە (١٠٥)دا دەڵێت: «کەواتە جیـهاد فـەرزێک نییـە ئامادە نەبێت و بیر چووبێتـەوە، بگرە فـەرزێکە بە سـەرچووە و کـۆتایی هاتووە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەو سـەردەمـە بەسـەرچووە کە جیـهانی بەسـەر دوالیزمـەی دار الحـرب- و دارالسـلام-دا دابەش دەکرد».

ئەم بۆچوونەی "ئەلهۆنی" خۆشحاڵی کردم، وەک چۆن ئەو دەستـەواژەیەی "جەمال بەنا"ش تەسـەلای بە دڵ و دەروونم دا کە دەڵێت: «ئەو فەرزەی ئامادە نییە جیهاد نییە، بگرە گەشەپێدانە! ئەوەی دەبێت جێی گرینگیپێدانمان بێت و پێیـەوە خەریک بین گەشـەپێدان و بەرەو پێشـبردنی جیهانی ئیسـلامی و قەڵاچۆکردنی ئەو هەژاری و نەدارییەیە کە بڕستی لەبەر موسڵمانان بڕیوە». تەنانەت "ئەلـهـۆنی" دەگـاتـە ئەوەی بڵـێت: «پێـویسـتـە لـە یاسـاو ڕێسـا ئیسـلامـییـەکانەوە بگوازینەوە و پەیڕەوی یاسا وەزعییـە نوێیـەکان بکەین)، ئەمـەی لە لاپەڕە (١٠٨)ی کتێبـەکەیدا نووسـیوە. بەڵام بۆچی پێویستـە ئەوە

بکەین؟ لەبەرئەوەی ئەو یاسا و ڕێسا ئیسلامییانە کۆن بوون و بە کەڵکی ئەوە نایەن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کاریان پێ بکەین. بۆ نموونە کێ دەستی برسییەک دەبڕێت گەر هاتوو پارچە نانێکی دزی ؟ یان کێ جەڵدکاری مەیخۆر دەکات؟ یاخۆ کێ بەردبارانی زیناکارێک دەکات؟

پاشان "ئەلهۆنی" شیکارییەکی قووڵتر بۆ کێشەکە دەکات و جیاوازی نێوان ئەقڵییەتی سەدە کۆنەکان و ئەقڵییەتی سەردەمی نوێ ئاشکرا دەکات و دەڵێت: «دیموکراسیی مۆدێرن، فەلسەفەی سزادانی بەو مەبەستەیە سەرلەنوێ کەسی تاوانبار دروست بکاتەوە و راستەڕێی نیشان بدات. هەروەها سزادانی تاوانباریش دەبێت بەو مەرجەبێت کە وەک مرۆڤێک بێ ڕێزی بەرامبەر نەکرێت و بریندار نەکرێت، چونکە دواجار ئامانج لەو شتانە چاککردنی تاوانبارەکەیە نەک شتێکی تر. بەڵام لە ئیسلامدا سزادانی سەرەکی سزای جەستەییە و بە جەڵدلێدان دەست پێ دەکات، تا دەگاتە لە گەردندان و بڕینەوەی دەست و قاچ. ئەم سزایانە لە کاتی خۆیدا سەرکۆنە نەدەکراو ئاسایی وەردەگیرا، چونکە بەرهەمی سەردەمی تۆڵەکردنەوە بوو لە تاوانباران، بەڵام ئەمڕۆ ناچێ بە ئەقڵدا مرۆڤ لەسەر دزیکردن دەستەکانی ببڕنەوە یاخۆ لە بەرچاوی خەڵکیدا سووکایەتی پێ بکرێت. مرۆڤ لە سەردەمی ئەمڕۆماندا وازی لە لۆجیکی تۆڵەسەندنەوە و زیان گەیاندن بەو کەسە هێناوە کە ناهەقییەکی بەرامبەر دەکات و لە بەرامبەر ئەوەدا لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو کەسە چاک بکات، چونکە رەنگە ئەو مرۆڤە لەیەک کاتدا هەم تاوانبار و هەموو قوربانیش بێت. زۆربەی ئەوانەی تاوانبارن، قوربانیی ئەوەن کە کۆمەڵگە پەراوێزی خستوون و فەرامۆشی کردوون، یان بە دەست نەخۆشییەکی دەروونی واوە گیرۆدەن کە تووشی کاری خراپە و تاوانی کردوون)، بڕوانە لاپەڕە (١٠٧). ئەم پەرەگرافەی سەرەوە جیاوازی نێوان پەروەردەی سەدەکانی ناوەڕاست و پەروەردەی سەردەمی نوێمان بۆ ئاشکرا دەکات و بەڵگەی ئەوەشە کە دابڕانێکی گەورە لە نێوان ئەو دوو سەردەمەدا

رووی داوە. ئەم دابڕانەش لە یەک کـــاتدا دابڕانێکی قـــووڵی ویژدانی و دەروونی و ئەپستمۆلۆجییە، بەڵام ئەم دابڕانە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی خۆرئاوا بەسەرکەوتوویی تێیان پەڕاند، کاتێک لە شەریعەتی یەهوودی و مەسیحییەوە، چوون بەرەو ئەو یاسا مرۆییانەی بەرهەمی فەلسەفەی رۆشنگەری و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و هاوولاتیان بوون، کەچی تا ئێستا کۆمەڵگە ئیسلامییەکان دەترسن لەوەی ئەو گۆڕانە بکەن و هەنگاوێکی بوێرانەی لەو جۆرە بنێن.

لە لاپەڕە (٨٥)ی کتێبەکەیدا "د. ئەلهۆنی" باس لە جیاوازی نێوان چەمکی شوراو دیموکراسی دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم دوو چەمکە یەک شت نین، وەکی زۆربەی زۆری موسڵمانان پێیان وایە. لەم بارەیەوە دەڵێت: «شورا تایبەت بوو بە هەندێ کەسی تایبەت کە دەستنیشان دەکران بۆ ئەو شوێنە و بە شـێـوەیەکی ئازاد و سـەربەخـۆ هەڵنەدەبژێردران، بەڵام دیموکـراسی بەمـانـای ئەوەیە کـە تەواوی هاوولاتیـان بەبێ جـیـاوازی بۆیان هەیە رای خۆیان بڵێن و نوێنەری خۆیان دەستنیشـان بکەن. هەمـوو هاوولاتیـیـان خۆیان دەنگدان و هەڵبژاردن و لەسـەر کارلابردنی دەسەلاتدارانی ولاتیان هەیە. بەم پێیە نەمێژووی ئیسلام و نەمێژووی مەسیحییەت، دیموکراسییان بە خۆیانەوە نەبینیوە و ئاشنایەتییان لەگەڵیدا نەبووە، دیموکراسی بۆ خۆی داهێنانێکی نوێیە و فەلسەفەی رۆشنگەری لەگەڵ خۆیدا هێنای». ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت گۆڕان و نوێبوونەوە هەیە و لێرە بەدواوەش، نابێت رۆشنبیرانی عەرەب ئەو تاوانە گەورەیە بکەن کە بریتییە لە سەپاندنی چەمک و وتەزاکانی سەردەمی مـۆدێرنی وەک: ئازادی و دیموکـراسی و تۆلێرانسی ئاینی و مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتیبوون، بەسەر ئیسلام و فیکری ئیسلامیدا. نابێت لاقرتێی سەدە کۆنەکان بکەین بەوەی لەم شتانە بێ ئاگا بوون، چونکە ئەو چەمکە و وتەزایانە بۆ ئەو سـەردەمـە دەچووە خانەی ئەو شتانەوە کە نەدەبوو بیری لێ بکردایەتەوە یان بیرکردنەوە لێی

کارێکی مەحاڵ بوو. هەروەها نەنگی نییە بۆ شارستانیەتی ئیسلامی کە ئاشنایەتی بە شتگەلێک نەبووە، لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا مرۆڤایەتی لە هیچ جێیەک پەی پێ نەبردووە و ئاگاداری نەبووە.

ئێستا کاتی ئەوەیە تا لەو خەیاڵپڵاوە گەورەیە ڕزگارمان بێت و لەو دۆخی نا ئەقڵانییەتەش دەربچین کە ملیۆنان موسڵمان تێیدا دەژین. بێگومان زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی عەرەبیش لەم حاڵەتە بەدەرنین و لەناو هەمان فەزادا بیر دەکەنەوە. بۆ نموونە بڕوانە ئەو شتانەی "محەمەد عابد جابری " لە ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا لەبارەی "مارتن لۆتەر" و بزووتنەوەی ریفۆرمی ئاینییەوە دەینووسێت و چۆن چۆنی دەیانبەستێتەوە بە کەلەپووری ئیسلامییەوە، بەمەش هەڵەیەکی مێژوویی ترسناک دەکات. ئەوەی زۆر ترسم لێی هەیە ئەوەیە، لە نووسین لەبارەی فیکری ئەوروپاییەوە بەردەوام بێت و فەلسەفەی ڕۆشنگەریش بگەڕێنێتەوە بۆ کەلەپووری ئیسلامی و بگاتە ئەو بەرەنجامەی بڵێت: «ئێمە نە پێویستمان بە ریفۆرمی ئاینی هەیە و نە بە ڕۆشنگەری، چونکە لە ئیسلامدا نە کڵێسا هەیەو نە پیاوی ئاینی، نە دەمارگیری هەیە و نە دادگاکانی پشکنین، نە کەسیش بیریاران و ئەدیب و شاعیران تەنگەتاو دەکات و سانسۆریان لەسەر دادەنێت. ئێمە لە هەموو ئەم شتانە بە دوورین. ئەمانە تەنیا لە مێژووی ئەوروپادا هەیە و تایبەتن بە کڵێسای مەسیحی و پاپ و ڤاتیکانەوە. بەڵام ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە، تەنانەت ئەگەر هەزار بن لادن و سەدان زەواهیری و زەرقاویش لەناوماندا دروست بن»...

پێ دەچێت مامۆستا "جابری " نەیبیستبێ کە چی بەسەر "نەصر حامد ئەبو زێد" و "نەجیب مەحفووز" و "فەرەج فۆدە" و "مەحموود محەمەد تەها" و "حەیدەر حەیدەر" و دەیانی وەک ئەواندا هاتووە! لای ئەو ئەمانە دادگەی پشکنین نییە. تەنانەت ترسی ئەوەشم هەیە بڵێت "ڤۆلتێر" و "جان جاک ڕۆسۆ" و "کانت" و "هیگڵ " و سەرجەم فەیلەسووفانی مۆدێرنە، قوتابی

ئێمەن و بەراورد بە کەلەپووری ئیسلامی هیچ شتێکی نوێیان دانەهێناوە! ئەو کات ئابڕووچوونێکی گەورە ڕوو دەدات. تۆ بڕوانە کێ ئەم قسانە دەکات؟ ئەوەی ئەم قسانە دەکات، فەیلەسووفی دابڕانی ئەپستمۆلۆجییە لە فیکری عەرەبیدا؟ جا تۆ بڵێی لە مانای دابڕانی ئەپستمۆلۆجی گەیشتبێت؟ ئاخۆ لە مانای گواستنەوە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە سیستەمێکی بیرکردنەوە بۆ سیستەمێکی بیرکردنەوەی تر تێ دەگات؟

کە نووسینی لەم جۆرە دەخوێنمەوە، دنیام لە بەرچاو لێڵ دەبێت و لەشم دادەهێزرێت و وام لێ دێت بڵێم: «پەتا و قەیرانی ئێمە سەرمەدییە و هەرگیز کۆتایی نایەت». بەڵام خۆشبەختانە مرۆڤ شتی تر دەبینێ و گەشبینی دایدەگرێت. بۆ نموونە لەم ماوانەی دواییدا دوو ڕووداوم بینی کە بڕوام نەدەکرد تا لە ژیاندا مابم بیانبینم. ڕووداوی یەکەمیان مێزگردەکەی "نیکۆلای سارکوزی" بوو لەگەڵ "تاریق ڕەمەزان" و دووەمیشیان پێوەندی بەپەرلمانی تورکیاوە هەیە. سەرەوەختێک "سارکوزی" فێندەمێنتالستی (میانڕەو) "تاریق ڕەمەزان"ی بەگیر هێنابوو، لەسەر بەردبارانکردنی ئەو ژنانەی زینا دەکەن، "تاریق ڕەمەزان" ناچار بوو بڵێت: (لە ئێستادا دەکرێت ئەو حوکمە دوابخرێت و بە شێوەیەکی کاتی هەڵبگیرێت). ئەم پیاوە لەبەرئەوەی خۆی لە سویسرادا دەژی، ناتوانێت داکۆکی لە بەردبارانکردنی ژنان بکات. ئەگەرچی سەرەتا چەند جارێک خۆی لەم پرسیارە دزییەوە، بەڵام دواجار ناچار بوو بەو شێوە وەڵام بداتەوە. هەرلە درێژەی ئەو وەڵامەیدا بە "سارکوزی" وت: (ئەمە حوکمێکی شەرعییە و تەواوی موسڵمانان کۆکن لە سەری و منیش بۆ خۆم ناتوانم ئەمە ڕەت بکەمەوە، چونکە گەر وام کرد ئەوا مانای وایە شەرعم پێشێل کردووە و خۆم لە موسڵمانان جیا کردووەتەوە. کەواتە جەنابی وەزیر دیالۆگکردن لەگەڵ مندا چ سوودێکی هەیە، ئەگەر نوێنەرایەتی ئەو موسڵمانە فێندەمێنتالیستانە نەکەم کە تۆ دەتەوێت بیاندوێنیت و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەیت؟ ئەگەر

سیفەتی نوێنەرایەتیکردنی زۆرینەی موسڵمانانم لە دەست دا، ئەو کاتە تۆ ئامادەیی ئەوەت دەبێت بۆ یەک چرکەش دیالۆگت لەگەڵ بکەم؟ ئاخۆ ئەوکات قسەکانم هیچ گرینگییان دەبێت؟). بەڵام ئەم فێڵ و چاو بەستە بەسەر "سارکوزی "دا تێنەپەڕی و هەر بەگیری هێنا، تا ئەو سازشەی پێ کرد و ئەو قسەیەی لێ دەرهێنا.

دووەم ڕووداو زۆر گرینگترە، لەبەرئەوەی پێوەندی بە پەرلەمانی تورکیاوە هەیە و ئەو پەرلەمانەش زۆرینەی فێندەمێنتالیستی (میانڕەون). لە یەکێک لە دانیشتنەکانی ئەو پەرلەمانەدا، سەرەک وەزیران "رەجەب تەیب ئەردۆگان" کە لە ڕووی بیرکردنەوەوە بە "تاریق رەمەزان" دەچێت، ناچار بوو داوا لە پەرلەمانی وڵاتەکەی بکات بۆ ئەوەی پڕۆژە بڕیاری سزادانی ژنانی زیناکار بکێشنەوە و لە بەرنامەی کاری خۆیان لایبەرن. ئەم داوایەشی پەسند کرا و بڕیارەکە لابرا. بێگومان ئەم هەنگاوەش، بە زۆر و لەژێر پاڵەپەستۆی یەکەتیی ئەوروپادا بوو. شایەنی باسە "ئەردۆگان" بە هەموو توانای خۆی هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی تورکیا بباتە ناو یەکەتی ئەوروپاوە.

ئەم دوو ڕووداوە زۆر گرینگن و مانای تایبەتی خۆیان هەیە. لەبەرئەوەی ئەوە دەردەخەن کە دەشێت لە جیهانی ئیسلامیدا مێژوو لەژێر پاڵەپەستۆی دەرەکی و ژیاریدا بجووڵێت. لە دڵەوە ئاواتەخوازم، تورکیا لە یەکەتی ئەوروپادا وەربگیرێت. هەروەها دەڵێم: (با شارستانییەتی ئەوروپا کە شارستانییەتی رۆشنگەری و مافی مرۆڤ و هاووڵاتییە، بەرەو لای موسڵمانان بکشێت بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات ئەو کێشە تولانی و دژوارانەیان چارەسەر بکەن کە تا ئێستا هەموو چارەسەرەکان لە ئاستیاندا دەستەوەستان بوون). بەڵام ئەم پرۆسەی ئازادبوون و کرانەوەیە سەرکەوتوو نابێت و نا چەسپێت، گەر بێت و لە ناوەوەش دەست پێ نەکات، لە ناوەوەش دەست پێ ناکات ئەگەر هەموو ئەو داخرانە تیۆلۆجییانە لێک شیتاڵ نەکرێت کە هۆشیاری ئیسلامییان کۆنترۆڵ کردووە و وەکی حەقیقەتێکی رەها

خۆیان نیشان دەدەن. بۆ ئەوەی ئەمەش ڕوو بدات، پێویستە بەگژ ئەو کتێبە ئسوولّییە زەردانەدا بچینەوە کە کتێبخانە و سەر شۆستەکانیان تەنیوە و لە جێی ئەوانەش کتێبگەلێکی تر بێنین کە کتێبی تازەن و ولاتانی ئێمە لێیان بێ بەشە. لەم ڕووەوە پێویستە ئاماژە بەو پڕۆژە مەزنە بکەین کە "د. محەمەد عەبدولوتەلّیب ئەلهۆنی" لەگەلّ تویژەرێک لە ڕۆشنبیرانی عەرەب دایانمەزراندووە، بە مەبەستی نوێکردنەوەی فیکری ئیسلامی، ئەویش لە ڕێی ئەو نووسین و وەرگێڕانانەوە کە چاوەڕوانیکردنیان زۆری کێشا. ئەم پڕۆژە گەورەیەی "د. محەمەد عەبدولوتەلّیب ئەلهۆنی"، کەسانی وەک: "محەمەد ئەرکۆن و نەصر حامد ئەبو زەید و محەمەد ئەلشەرەفی و ناصیف نەصار و عەبدولەجید ئەلشەرەفی و جۆرج تەرابیشی و عەبدە فیلالی ئەلئەنساری و ... هتد"، تێدا بەشدارن. پێویستە تەواوی پڕۆژەی ڕۆشنگەری ئەوروپایی بگوازینەوە بۆ جیهانی ئیسلامی . نازانم ئەگەر (دەزگای عەرەبی بۆ نوێکردنەوەی فیکر) بە تەنیا بتوانێت ئەو کارە بکات، بەلام دلّنیام لەوەی گەر بیەوێت دەتوانێت ئیشی زۆر بکات، بەرهەمی سەرەتای کارکردنیشیان دەرکەوتووە.

لێرەدا جێی خۆیەتی قسەی یەکێک لە گەورە ڕۆشنگەرەکانی سەردەمی ئێستامان بهێنمەوە، ئەو کەسەش "عەفیف ئەخزەر"ە و دەکرێت بە "ڤۆلتێری عەرەب" ناونووسی بکەین. "عەفیف ئەخزەر" لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەلّێت: (نووسەری ئەم کتێبە د. محەمەد عەبدولوتەلّیب ئەلهۆنی، یەکێکە لەوانەی دەیەوێت لە ڕێی فیکرەوە دڕ بە تاریکی و شەوەزەنگی واقیع بدات. هەربۆیە دوای سەیرکردنی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنی مرۆیی لە ولاتانی عەرەبیدا- بۆ سالّی ٢٠٠٢-، تووشی شۆکێکی گەورە بوو. چونکە لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ٣٠٠ ملیۆن مرۆڤی ولاتانی عەرەبی سالانە حەوت جار کەمتر لە ٢٠ ملیۆن یۆنانی، کتێب بۆ سەر زمانی خۆیان وەردەگێڕن. لەبەر ئەوە بڕیاری دا ملیۆنێک دۆلار بۆ دامەزراندنی دەزگایەک تەرخان

بکات کە ئەرکی مۆدێرنیزەکردنی فیکری عەرەبی بێت، بۆ ئەوەی رۆشنبیری عەرەبی کەموکوڕی و دواکەوتوویی خۆی لە بواری وەرگێڕاندا پڕ بکاتەوە. چونکە د. ئەلهۆنی درکی بەوە کردووە کە وەرگێڕان یەکێکە لە کلیلەکانی تێکەڵبوون و هاوئاهەنگی کولتووری، ئەم پرۆسەیەش رۆڵی خۆی دەبێت لە روونکردنەوەی شتەکان بۆ رای گشتی و هەروەها بۆ ناوەندەکانی بڕیاریش لە وڵاتانی عەرەبیدا ...). قسەکانی "عەفیف ئەخزەر" لێرەدا تەواو دەبن. ئاخۆ رابوونێکی ڕاستەقینە لە وڵاتانی ئێمەدا ڕوو دەدات. ئاخۆ بزاوتێکی رۆشنگەری بەرفراوان لای ئێمەش سەرهەڵ دەدات، وەک ئەوەی "دیدرۆ" و ئەنسیکلۆپیدیاییەکان و "ڤۆلتێر" و "رۆسۆ" و "لیسنیگ" و "کانت"، لە ئەوروپای سەدەی هەژدەمدا پێی هەستان. ئێمە ئومێدەواری شتێکی واین. لە پێناو ئەم پرۆسەیەشدا پێویستە هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەخەرج بدەین، چونکە ئەمە شەڕی چارەنووسە و بەردی بناغەی هەموو شتەکانە.

## ئاین و سیاسەت لە کایەی ئیسلامیدا

(ئاین و سیاسەت لە کایەی ئیسلامیدا)*، کتێبێکی گرینگی توێژەری تونسی "محەمەد شەریف فرجانی"یە و باس لە کێشەیەک دەکات کە لە ئێستادا دنیای بە خۆیەوە خەریک کردووە، ئەویش کێشەی پێوەندی نێوان ئاین و سیاسەتە لە ئیسلامدا. لەم کتێبەدا نووسەر کۆ لەوە ناکاتەوە پرسیارگەلێکی توند و دژوار بورووژێنێت، وەک ئەوەی ئاخۆ ئیسلام ئاینێکی شەڕانگێزە، وەکی ئەوەی میدیاکانی خۆرئاوا لە دوای ١١ سێپتەمبەرەوە نیشانی دەدەن؟ ئاخۆ بەڕاست ئیسلام لە تەواوی ئاینەکانی تر جیاواز ترە، وەک ئەوەی "بێرنارد لویس"و زۆرێک لە توێژەران و خۆرهەڵاتناسان و رۆژنامەنووسانی خۆرئاوا باسی لێ دەکەن؟ ئاخۆ بەڕاست ئیسلام رێگە بە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت نادات، وەکی ئەوەی مەسیحییەت لە سەرەتادا کردی؟ بە مانەیەکی تر: ئاخۆ ئیسلام لە جەوهەردا ئاینێکە دژی عەلمانییەت و ئازادییە، بەڵام مەسیحییەت ئاینێکە ئەو کێشەیەی نییە و رێگە بە عەلمانییەت دەدات؟ وردتر بڵێین: ئاخۆ ئیسلام ئاینی دواکەوتوویی و نەفامی و دەمارگیرییە و مەسیحییەتیش ئاینی پێشکەوتن و شارستانییەت و لێکبووردنە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە "د. محەمەد شەریف فرجانی" لەم کتێبەدا دەیانکات و زۆر بوێرانەش وەڵامیان دەداتەوە.

ئەو لەم مەسەلەیەدا بەگژ دوو بەرەدا دەچێتەوە: بەرەی خۆرهەڵاتناسە تەقلیدییەکان لە پێش هەمووشیانەوە "بێرنارد لویس"، لەگەڵ بەرەی

* m-cferjani, lepolitique etle reliyieuxdans le champ  islamiq ue, pars, fayard, 2005.

فێندەمێنتالیستە ئیسلامییەکان. ئەم دوو ئاقارە ئەگەرچی دوژمن بەیەکن، بەڵام لە هەندێ شتدا کە تایبەتە بەئیسلام یەک دەگرنەوە و بە هەردووکیان ئەو بڕیارە باو و پێشوەختانە تۆخ دەکەنەوە، کە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا سەبارەت بە ئیسلام لە ئارادایە. یەکەم شتیش لە سەری کۆکن ئەو تێزەیە کە دەڵێت: (ئیسلام ئاین و سیاسەتە و ئەم وەکی مەسیحییەت ئەو دوو کایە لە یەکتری جیا ناکاتەوە). ئەم مەسەلەیە ئیخوان موسلمین تەئکیدی لێ دەکەنەوە و تەئکید کردنەوەکەشیان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە "بێرنارد لویس" دەیڵێت. تەنیا جیاوازییەکیان ئەوەیە "بێرنارد لویس" ئەمە بە نیشانەی دواکەوتوویی شارستانی دادەنێت، لە کاتێکدا ئیخوانەکان بە نیشانەی باڵادەستیبوونی ئیسلامی دەزانن بە سەر تەواوی ئاینەکانی تردا!

سەرجەم بەشەکانی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ هەڵوەشاندنەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەم تێزەیە. گرینگیی کتێبەکەش لە مەدایە و رووژاندنی ئەو مەسەلەیەش تەواو لە کاتی خۆیدایەتی. راستییەکەی ئەم تێزەیە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا ئەوەندە بۆتە باو، خەریکە دەبێتە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر. لە بۆچوونی کۆی ئەو کەسانەدا، ئیسلام ئاینێکی تۆتالیتاری گشتگیرە و هەرگیز رێ بەوە نادات کایەی ئاین لە کایەی سیاسەت جیا بکرێتەوە. تەنانەت خۆرهەڵاتناسێکی مارکسیست و پێشکەوتووخوازی وەک "مەکسیم رۆدنسۆن"، کەوتە ژێر کاریگەری تێزەکەی "بێرنارد لویس" سەبارەت بە ئیسلام و ئەویش پێیوایە ئیسلام جیاواز لە ئاینەکانی تری وەک یەهوودی و مەسیحی، رێگە بە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت نادات و ناهێڵێت کێشە تیولۆجییەکان لە کێشە سیاسییەکان دابڕێت.

ئەم بۆچوونانە هەرچی دەرگایە لە سەرمانی دادەخەن و بواری دەرچوونمان نادەنێ. کەواتە چی بکەین؟ بە بۆچونی نووسەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە پێویستە سەیری مێژوو بکەین، مێژووی ئیسلامی لە خۆرهەڵات و مێژووی مەسیحی لە خۆرئاوا. ئەوکات بۆمان

دەردەکەوێت مەسیحییەت لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەی تیایاندا دەسەڵاتدار بووە، هەمان ئەو شتانەی کردووە کە ئیسلام کردوویەتی. واتە عەلمانییەتی قبوڵ نەبووە و رازی نەبووە بەوەی کڵێسا لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، تەنیا دوای زنجیرەیەک شەڕوشۆڕی فیکری و سیاسی و سەربازیی زۆر نەبێت. کەواتە ئەم مەسەلەیە هەر ئیسلام ناگرێتەوە و تایبەت نییە بەو. بۆیە لێرەدا تێزەکانی "بێرنارد لویس"و ئیخوان موسلمین، خۆ بەخۆ هەرەس دێنن و راستگۆیی خۆیان لە دەست دەدەن!

هۆکاری دواکەوتوویی ئێستای کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیش ناگەڕێتەوە بۆ ئاین، بگرە پێوەندی بەخراپ تێگەیشتنی ئاینەوە هەیە، بەتایبەت ئەو تێگەیشتنە تۆتالیتارییە- دۆگماتیستەی بالادەستە. با بەوردی سەرنجی مێژوو بدەین و ببینین. راستە ئینجیل دەڵێت: (ئەوەی هی قەیسەرە بیدە بە قەیسەر و ئەوەی هی یەزدانە بیدەرە یەزدان)، بەڵام ئەمە رێی لە مەسیحییەت نەگرت کاتێک هەلی بۆ رەخسا، دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، بە تایبەت کاتێک ئیمپراتۆری رۆمانی "قوستەنتینی گەورە" لە ساڵی ٣٣٠ ز، باوەڕی پێ هێناو کردییە ئاینی رەسمی ئیمپراتۆریاکەی. لە دوای خۆیشی و لە سەردەمی سەرجەم پاشا و ئیمپراتۆرەکاندا هەروەک ئاینی دەوڵەت مایەوە، تەواو وەکی ئیسلام لە سەردەمی خەلیفە و سوڵتانەکاندا، هەر لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە تا رۆژگاری عوسمانییەکان و بگرە تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان.

مەسیحییەت بەزەبری هێز دەستبەرداری دەسەڵاتی سیاسی بووە، بەتایبەت دوای بەرپابوونی شۆڕشی فرەنسی کە پیاوانی ئاینی لەسەر تەخت لابرد. دەتوانین بڵێین تەنانەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی فرەنسی و هاتنە ئارای سیستەمی نوێی کۆماری عەلمانی، لەسەر دار و پەردووی سیستەمی کۆنی پاشایەتی- کاتۆلیکی، مەسیحییەت هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەر بەبزاوتی پێشکەوتن و گەشەسەندن بگرێت و ئەو پرۆسەیە پەک

بخات. تەنیا ئەوکاتە ملکەچی واقیع بوو کە هەستی کرد بەرخوردکردنی بێ مانایە و گەر بەردەوام بێت و دژایەتی بزاوتی مێژوو پێشکەوتن بکات، ئەوا هەموو پێگە و دەسکەوتەکانی دەدۆڕێنێت. کەچی دوای هەموو ئەمانە دەڵێن: (مەسیحییەت ئاینی عەلمانییە، یاخۆ تاکە ئاینێکە کە بوار دەدات بە دەرچوون لە سیستەمی تیۆکراتی سەدەکانی ناوەڕاست).

ئەم قسانە سەرلەبەر پێچەوانەی مێژوو و رووداوە مێژووییەکان بە درۆیان دەخاتەوە. خۆشبەختانە "محەمەد شەریف فرجانی" لە ناو توێژەر و خۆرهەڵاتناسانی خۆرئاوادا، کەسانێکی هەیە لایەنگیری لێ دەکەن و لەگەڵ بۆچوونەکانیدا هاوڕان.. لە ڕاستیدا تەواوی خۆرهەڵاتناسان لایەنگری "بێرنارد لویس" نین و بە ئەقڵییەتی ئەو بیر ناکەنەوە. لەناو ئەوانەدا دەتوانین ناوی "ئۆلیڤێ کارێ" بێنین کە مامۆستایە لە زانکۆی پاریس. "کارێ" ساڵی ١٩٩٣ کتێبێکی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی (ئیسلامی عەلمانی یاخۆ گەڕانەوە بۆ کەلەپووری مەزنی ئیسلام)و تیایدا بە ئاشکرا خۆی لەو تێزە باوە جیا دەکاتەوە کە دەڵێت: (مەسیحییەت هەر لە سەرەتایەوە ئاینێک بووە پێوەندی بە سیاسەتەوە نەبووە، بگرە ئاینێک بووە بەشێوەیەکی ئاشکرا کایەی رۆحی لە کایەی دنیایی جیا کردووەتەوە، بەم پێیەش توانیویەتی زەمینە لەبەردەم هاتنە ئارای عەلمانییەت خۆش بکات و بوار لەبەردەم ئازادیی تاکەکەسی لە کۆمەڵگە ئەوروپاییە هاوچەرخەکاندا بڕەخسێنێت. بەڵام هەرچی ئیسلامە ئەوا بە پێچەوانەوە، ئاینێکی تیۆکراتی- دواکەوتووە و تەنیا بوار بە دروستبوونی سیستەمە تۆتالیتارییەکان دەدات و هەرگیز دیموکراسی ناتوانێت لە سایەیدا بژی).

ئەم توێژەرە فرەنساییە دەڵێت: (ئیسلام وەک ئاین سێزدە ساڵ دوای دەرکەوتنی- واتە دوای گەیشتنی پێغەمبەر بۆ مەدینە- بەسیاسی کرا، پاشان دوای سێ سەدە لە سیاسەت جیابووەوە، تا بەم دواییانە و لەسەر دەستی ئیخوان موسلمین و ئەو بزاوتە جیهادییانەی دوای ئەوان هاتن

تێکەڵ بە سیاسەت کرایەوە. بەڵام ڕەوتی مێژوویی ئاینی مەسیحی جیاوازتر بوو. بۆ نموونە مەسیحییەت سێ سەدە دوای پەیدابوونی تێکەڵ بە سیاسەت کراو دوای ئەوەش چەندین سەدە بەم حاڵە مایەوە، بەرلەوەی جارێکی تر و دوای سەرهەڵدانی سەردەمی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و مۆدێرنە لە سیاسەت جیا بێتەوە). لێرەوە "ئۆلیڤێ کارێ" دەگاتە ئەوەی بڵێت: (هەردوو ئەم ئاینە وەکی یەک تێکەڵ بە سیاسەت بوون و ناکرێت لەم ڕووەوە جیاوازی لە نێوانیاندا بکەین. مەسەلەی ئەوەش کە مەسیحییەت ئاینێکی عەلمانییە و سیاسی نییە و هەر لە سەرەتاکانییەوە وابووە، ئەفسانەیە و لەبەردەم بەڵگە مێژووییەکاندا خۆی ناگرێت. هەرکاتێک هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا گەشەی کرد و بەرەوپێش چوو، ئەوا وەکی کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان دەبێتە عەلمانی. کەواتە کێشەکە پێوەندی بە کات و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی و بڵاوبوونەوەی خوێندن و پەروەردەیەکی ڕۆشنگەرانەوە هەیە، نەک شتێکی تر).

توێژەرێکی دیکەی فرەنسایی کە ناوی "ئیمانوێل تود"ە و خۆرهەڵاتناس نییە، پشتگیری ئەم تێزە ژیرانە دەکات و پێیوایە: (هەموو موسڵمانێک بن لادن و زەرقاوی نییە. ئەوانیش وەک ئێمە لە قۆناغێکی ئینتیقالیدا دەژین. لە سەدەکانی ڕابردوودا ئێمەی ئەوروپایی بە دەست دادگاکانی پشکنین و شەڕی نێوان ئاینزاکانی ئاینی مەسیحییەوە گیرۆدە بووین، پاشان دوای ئەوەی کێشە سەرەکییەکانمان چارەسەر کرد، گەیشتینە ئەو دۆخە ئارام و سەقامگیرەی ئەمڕۆ. موسڵمانانیش دەتوانن ئەم قۆناغە ببڕن و بگەنە ئەمان). پاشان "فرجانی" دێتە سەرباسی مەسەلەیەکی تر لەبارەی ئەوەوە: ئاخۆ ئیسلام هەر لە سەرەتایەوە و لە ناوەڕۆکدا ئاینێکی توندوتیژە و شەڕانگێزە؟ ئاخۆ لەم ڕووەوە جیاوازی لەگەڵ یەهوودییەت و مەسیحییەت و سەرجەم ئاینەکانی تری جیهاندا هەیە؟ بەواتایەکی تر قورئان لەو کارە توندوتیژییانە بەرپرسیارە کە گروهە توندڕۆکان لە جیهانی ئیسلامی و

ناوچەکانی تری جیهاندا ئەنجامی دەدەن؟

نووسەری ئەم کتێبە پێیوایە، قورئان وەکی تێکڕای تێکستە ئاینییەکانی تر هەڵوێستێکی دوو لایەنەی لە مەسەلەی توندوتیژی هەیە. واتە هەندێ ئایەتی ڕێگە بە توندوتیژی دەدات و ئایەتگەلێکی تریش داوای ئاشتی و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی دەکەن، ئەمەش پێوەندی بەو هەلومەرجە مێژووییەوە هەبووە کە پێغەمبەر و موسڵمانانی سەرەتا تێیدا ژیاون. ئەو هەلومەرجەش پڕی گێرمە و کێشە بووە و بە نەیاران و دوژمنان گەمارۆ درابوو، بەڵام سەرەنجام لە قورئاندا ڕۆحی ئاشتیخوازانە بەسەر ڕۆحی توندوتیژی و دژایەتیکردنی ئەوانی تردا زاڵ دەبێت. لە قورئاندا ئایەتگەلێک هەن دنەی توندوتیژی دەدەن و باس لە دەمارگیری دەکەن، بەڵام ئایەتگەلێکی تریش هەن ئاشتیخوازانەن و داوای بەخشش و لێبووردن دەکەن. ئاخۆ دەبێت کار بە کامیان بکەین و کامیان وەربگرین؟ وەکی وتمان ئەوەی لە قورئاندا زاڵە، ڕۆحی لێکبووردن و ئاشتیخوازانەیە. ڕۆحی گشتیی قورئانیش، باس لە بەزەیی و لێکبووردن و گەردن ئازادی دەکات. نابێت هەرگیز ئەم ڕەهەندە فەرامۆش بکەین، وەک ئەوەی لە ئێستادا بزاوتە ئسووڵییە توندڕۆیەکان دەیکەن. چونکە کارێکی وا خیانەتە بە قورئان و لادانە لە ناوەڕۆکی پەیامەکەی. قورئان هەرگیز ئامانجی ئەو توندوتیژییە کوێرانەیە نەبووە، وەک ئەوەی ئێستا "زەرقاوی" لە عێراقدا ئەنجامی دەدات، نەخێر ئەمە نە ڕۆحی قورئانە و نە گوزارشتە لە جەوهەر و پەیامەکەی.

لەلایەکی ترەوە نووسەری ئەم کتێبە ڕەخنە لە بۆچوونەکانی "بێرنارد لویس" دەگرێت و پێیوایە بۆچوونەکانی سەبارەت بە ئیسلام، کۆمەک بە بۆچوونی فێندەمێنتالیستە توندڕۆیەکان دەکات. "لویس" دەڵێت: (ئیسلام لە بنەڕەتدا ئاینی توندوتیژییە و لەسەر جیهاد و شەڕکردن دروست بووە. ئەم ئاینە دنیا دابەش دەکات بەسەر- دار الاسلام-و- دار الحرب- دا و، پێیوایە دەبێت جیهاد بەردەوام بێت تا ئەوکاتەی تەواوی مرۆڤایەتی دێنە ژێر سایەی

ئیسلام و باوەڕ دێنن). "محەمەد شەریف فرجانی" وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: (ئەم قسانە دوورن لە راستییەوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئەدەبیاتی فێندەمێنتالیستەکان و ئیخوان موسلمیندا باس دەکرێت. بۆ نموونە زاراوەی- دار الاسلام- و- دار الحرب-، لە قورئاندا نییە و باسی نەکراوە. سەرەڕای ئەوە وشەی ئاشتی چل و نۆ جار لە قورئاندا هاتووە و ئەو ئایەتانەشی داوای لێکبووردن و خۆشەویستی دەکەن، بە دەیان جار هاتووە. ئاخۆ ئێمە چی لەمانە بکەین؟ بێین وەکو بن لادن و زەرقاوی و زەواهیری، راست و چەپێکیان بەسەردا بهێنین و بیانسڕینەوە؟ ئاخۆ ئێمە مافی شتێکی لەو جۆرەمان هەیە، لە کاتێکدا راست و رەوان لە قورئاندا هاتووە؟ گەر ئەوە بکەین، مانای وا نییە لە قورئان لادەدەین و ناپاکی لەگەڵ پەیامەکەیدا دەکەین؟).

پاشان پرسیارێکی تر دەکات و دەڵێت: (تەورات هەندێ بەشی پڕی توندوتیژییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناڵێت ئاینی جوولەکە لە جەوهەردا ئاینی توندوتیژییە. تەنانەت ئینجیلیش کە بە بەزەیی و لێکبووردن بەناوبانگە، لە هەندێ پەرەگرافیدا توندوتیژی پێوە دیارە: (وا دەزانن من هاتووم تەنیا ئاشتی بێنمە سەر زەوی؟ پێتان دەڵێم: نەخێر، لەگەڵ خۆم دووبەرەکی و جیابوونەوەم هێناوە. هەر لە ئێستاوە، گەر لە ماڵێکدا پێنج کەسی تیا بێت، سیانیان لە دووانیان، یان دووانیان لە سیانیان جیا دەبنەوە. باوک لە کوڕ و کوڕ لە باوک، دایک لە کچ، کچ لە دایک، خەسوو لە بووک، بووک لە خەسوو جیا دەبنەوە). هەرچەندە ئەو بڕگانەی باس لە توندوتیژی دەکەن لە ئینجیلدا، بە پێچەوانەی تەورات و قورئانەوە زۆر کەمن، بەڵام ئەمە رێی لەوە نەگرتووە کە مەسیحییەکان بە درێژایی مێژووی کۆن، بەناوی ئاینەکەیانەوە تاوانی زۆر گەورە ئەنجام بدەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مەرج نییە ئینسان هەمیشە پابەندی تێکستە ئاینییەکان بێت و رێنماییەکانی لە بەرچاو بگرێت. ئینسانەکان بەپێی هەلومەرج و گۆڕانە

مێژووییـەکان، هەندێ جار تێکستـە ئاینییەکان بە ئاراستـەی ئاشتی و برایەتی و هەندێ جاریش بە ئاراستـەی شـەڕو توندتیژیدا تەفسیر دەکەن (بڕوانە دادگـاکـانی پشکنین لە سـەدەکـانی ناوەڕاسـتـدا، هـەروەها شـەڕە مـەزهـەبییـەکانی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستـانتـەکان). دەتوانین هەمان شت دەرهـەق بە ئـاینـەکـانـی تری وەک: (بـوودیزم و هـیندۆیزم)یش بڵێین. ئەم ئاینانەش لە پێناو شەڕکردن و یەکخستنەوەی هندستاندا بەکارهێنراون. بە کورتییەکەی هەموو ئاینەکان شتی جوانیان تێدایە و داوای خۆشەویستی و برایـەتـی دەکـەن، بـەڵام هـاوکـات ئـەوەندەشـیـان بـۆ کـرابێت لە پێناو بڵاوبوونەوەدا، پەنایان بۆ هێز و توندوتیژی بردووە. واتە لەلایەک کۆمەڵێک پرانسیپی ئایدیال و نموونەییمان هەیە و لەلایەکی تریش پراکتیزەکردنی عەمەلیمان لەناو واقیعدا هەیە و ئەم دووانەش زۆر لێکتری جیاوازن!.

ئەمـە مـانـای وایـە دەبێت لەنـاو مـێـژوودا سـەیری ئاین بکەین، نەک وەک شـتێکی بان- مێژوویی لێی بڕوانین، وەکی ئەوەی ئیمـانداره تەقلیدییەکان دەیکەن، چونکە ئـەوانە هـەمـوو کات وێنـەیەکی ئایدیالییـانەی ئاین بۆ خـۆیان دروست دەکەن کە زۆر لە واقیعـەوە دوورە. هەمـیشـە جیـاوازییەکی زۆر لە نێوان ئاین وەک سروشـتێکی رۆحیی باڵا و کۆمـەڵە پرانسیپێکی ئەخلاقیی نموونەیی، لەگەڵ ئاین وەک ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی و دەسـەڵاتخوازدا هـەیە کـە ئامـانجی پەلکێـشـانی زیاتر و زۆرترە، لە رێی ملکەچ پێکردن و بێ ئیرادەکردنی ئەوانی ترەوە. هەموو ئاینەکان لە ساتێک لە ساتەکاندا گۆڕان و بوون بە ئایدۆلۆجیایەکی دەسـەڵاتخواز و دیسپۆتیزمی. مەبەستیشمـان لەوەی کـە دەڵێین دەبێت ئاین لەناو مـێـژوودا بخـوێنینـەوە نەک لە دەرەوەی مێژوودا، ئەمەیە.

نووسەری ئەم کتێبە دوای ئەوەی لە باسوخواسی پێوەندیی نێوان ئیسلام و سیاسـەت دەبێتـەوە لە سـەرەتاکانی ئیسـلامـدا، دەبینین لە دوابەشـەکانی کتێبـەکـەیدا باس لە هـەمان بابەت دەکات، بەڵام لە سـەردەمی نوێدا. لێرەوە

دێته سەر باسکردنی جیهانبینیی ئیخوان موسلمین و سەرجەم ئەو بزاوتە ئسوولییانەی لە ئامێزی ئیخواندا گەورە بوون و لێی جیابوونەوە.. واتە "محەمەد شەریف فرجانی" لە دوابەشەکانی کتێبەکەیدا دەست دەکات بە تاوتوێکردنی جیهانبینیی ئەم گرووپانە دەرهەق بە پێوەندی ئاین بە سیاسەتەوە، لەگەڵ نیشاندانی خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی لە سەرەتاکانی پەیدابوونی ئیسلامدا. بەڵام نووسەر بەرلەوەی بچێتە ناوەڕۆکی باسەکەیەوە، دەبینین زۆر بە دوور و درێژی دێتە سەر باسی لێکچوون لە نێوان ئیسلامی سیاسی و مەسیحییەتی سیاسی. ئەمەش بۆ ئەوە دەکات تا ئیسلام لەو تایبەتمەندییە بەرتەسکە قوتار بکات کە هەندێک خۆرهەڵاتناس لەوێدا گیری دەدەن، ئەویش بۆ ئەوەی تۆمەتی دەمارگیری و توندڕۆیی بدەنە پاڵ. "فرجانی" پێیوایە ئیسلامی سیاسی دەقاودەق وەکی مەسیحییەتی سیاسی، دروستبوونی پەرچەکردارێک بوو لە بەرامبەر مۆدێرنەی زانستی و فەلسەفیدا. کەواتە لەم رووەوە ئیسلام هیچ تایبەتمەندییەکی نییە و لە ئاینەکانی تریش جیاوازتر نییە. بۆیە نابێت ئیسلام بکەینە ئاینێکی تۆقێنەر، وەکی ئەوەی میدیاکانی خۆرئاوا دەیکەن.

ئەو دابڕانە مەزنەی سەردەمی مۆدێرن لەگەڵ سیستەمی جیهانی کۆندا دروستی کرد، ئیماندارە تەقلیدییەکانی هەموو ئاینەکانی شپرزە کرد و ناچاری کردن پەرچەکردارێکی توندی لە بەرامبەردا بنوێنن. ئەو دابڕانەی مۆدێرنە لە سەدەی هەژدەمدا لە ئەوروپادا دروستی کرد، ئەوەی دا بەگوێی خەڵکدا کە ئیتر لە مەودوا خۆیان بڕیار لە سەر ژیانی خۆیان دەدەن، نەک هێزێک لە دەرەوەی خۆیان ئەو بڕیارەیان بۆ بدات. هەروەها پێی وتن: (سیستەمی سیاسی رەوایەتی خۆی لە ئیرادەی گەلەوە بەدەست دێنێت، نەک لە رێی فتوای پیاوانی ئاینەوە). بەم جۆرە مەشرووعییەت لە ئاسمانەوە دابەزییە سەر زەوی، لەگەڵیشیدا سیستەمی تیۆکراتی لە ئەوروپا هەرەسی هێناو سیستەمی دیموکراسیی مۆدێرن جێی گرتەوە.

ئەم دابڕنە فەلسەفی و سیاسییە، لە سەرەتادا خەڵکی ئەوروپای تووشی شۆک کرد و پەرچەکرداری لای فێندەمێنتالیزمی مەسیحی دروست کرد. دواتر هەمان شتیش لە جیهانی ئسلامیدا رووی دا، کاتێک بیر و باوەڕی رۆشنگەری و شۆڕشی فرەنسایی پێگەیی. ئەو ریفۆرم و چاکسازییانەی هەندێک ویستیان لەژێر ناوی کۆمەڵە و رێکخراوەکاندا لە ئیمپراتۆریای عوسمانییدا ئەنجامی بدەن، رووبەڕووی بەرگرییەکی سەختی تەقلیدییەکان بووەوە. سەروەختێکیش "کەمال ئەتاتورک" لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کۆتایی بە خەلافەتی ئیسلامی هێنا، لەلایەن گەورە زانایانی ئاینی وەک "مستەفا سەبری توکادی" دوایین موفتی دەوڵەتی عوسمانی و "شێخ رەشید رەزا" لە لبنان و... هتد، زۆر بە توندی بەرپەرچ درایەوە. لەم سەروبەندەدا "مستەفا سەبری توکادی" کتێبێکی بەناوی: (النكير على النعمة من الدين والخلافة والامة)ی بە چاپ گەیاند و "شێخ رەشید رەزا"یش بەناونیشانی (الخلافة أو ألامامة العظمى)وە کتێبێکی بڵاو کردەوە. هەرچی کتێبە پێشەنگەکەی "شێخ عەلی عەبدولرازق"یشە (الأسلام وأصول الحكم) کە تیایدا پشتگیری لە نەهێشتنی خەلافەت دەکات، رووبەڕووی هێرش و پەلامارێکی توند بووەوە و ئەو پەرچەکردارەی لە جیهانی ئیسلامیدا دروستی کرد، هیچی لەو پەرچەکردارە کەمتر نەبوو کە لە بڕیارەکەی "ئەتاتورک" کەوتەوە، سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە خەلافەتی ئیسلامی.

لەلایەکی ترەوە "فرجانی" دەڵێت: (ئەو پیاوەی بەمانا تۆتالیتارییەکەی چەمکی فێندەمێنتالیزمی فۆرمەلە کرد، بێگومان شێخ حەسەن بەننای دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیخوان موسلمینە لە میسر لەساڵی ١٩٢٨دا. پڕۆژەی ئایدیۆلۆجی و سیاسیی ئەم پیاوە، هێندەی ئەو پڕۆژەیەی تاڵیبان ترسناکە کە دەیانویست لە ئەفغانستاندا جێ بەجێی بکەن. لە بەرئەوە ناکرێت پڕۆژەکەی حەسەن بەننا، بە درێژەپێدەری پڕۆژە ریفۆرمخوازەکەی جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە بدەینە قەڵەم). ئەگەرچی یەکێک لە

نەوەکانی "حەسەن بەننا" کە ناوی "تاریق رەمەزان"ەو لە سویسرا لەدایک بووە و هەر لەوێش دەژی، پێیوایە پرۆژەکەی "بەننا" تەواوکەری ئەو دوو ریفۆرمیستە ناسراوەی جیهانی ئیسلامییە.

نەخێر ئەمە راست نییە، چونکە ئەوە "حەسەن بەننا" بوو داوای لە شا "فاررووق" کرد رێگا لە کار و چالاکی سیاسیی حیزبەکان بگرێت لە میسردا، بە بیانووی ئەوەی فرەیی دەبێتە مایەی تەفرەقە و هەروەکی خۆشی دەڵێت: (ئەمە لە ئیسلامدا قبووڵ نییە). هاوکات "بەننا" داوای جێبەجێکردنی پرانسیپەکانی ئیسلامی دەکرد لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا. لەلایەکی ترەوە داوای لە حکوومەتی میسر کرد، نەهێڵێت لە خوێندنگاکاندا کوڕان و کچان تێکەڵ بەیەکتر بکرێن و کاتی کارکردنیش لە داوودەزگاکانی دەوڵەتدا وا رێک بخرێت کە لەگەڵ ساتەوەختی نوێژکردندا بگونجێت. هەروەها داوای بوونی سانسۆرێکی توندوتۆڵ و تۆکمەی کرد، تا رێ لەو کتێب و رۆمانانە بگرێت کە گومان لە دڵ و دەروونی خوێنەراندا دروست دەکەن و بەلا رێیاندا دەبەن. داواشی کرد ئەو رۆژنامە و کۆوارانەش قەدەغە بکرێن کە ئەخلاقی کۆمەڵگە خراپ دەکەن. لەگەڵ ئەمانەشدا داوای سانسۆرکردنی سینەما و رادیۆ و گۆرانی و هەموو شتێکی کرد، پێشنیازی ئەوەشی خستە بەردەم حکوومەت کە سەرلەنوێ پۆلیسی ئاداب بگێڕێتەوە ناو کۆمەڵگە، بە مەبەستی چاودێریکردنی یەک بەیەکی هاوڵاتییان و سزادانی هەرکەسێک کە فەرزەکانی ئیسلام وەک خۆیان جێبەجێ نەکات. بەکورتییەکەی "بەننا" دەیویست، دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی بەسەر کۆمەڵگەدا فەرز بکات و هەناسەی لێ بڕێت!

لەبەر هەموو ئەم شتانە، هەرگیز ناکرێت "حەسەن بەننا" بهێنرێتە ریزی ئەو گەورە ریفۆرمیستە ئیسلامییانەی، لە سەدەی نۆزدەمدا دەرکەوتن و لە هەوڵی ئەوەدا بوون هاوسەنگییەک لە نێوان چاکسازی دەستووری (بەشێوازە ئەورووپاییەکەی)، لەگەڵ مەرجەعیەتی ئیسلامیدا دروست بکەن.

نموونەی ئەوانەشی لە هەوڵی ئەوەدا بوون، ئەمانە بوون: "جەماڵەدینی ئەفغانی، محەمەد عەبدە، عەبدولڕەحمان کەواکبی، خەیرەدین توونسی، سەید ئەحمەد خان یاخۆ ئەمیر عەلی لە هندستان و... هتد". ئەمانە هەموویان دژی ئەو بۆچوونە تۆتالیتاری و تیرۆرستییە بوون بۆ ئیسلام. تەنانەت کەسێکی وەک "محەمەد عەبدە"، پرانسیپی حکوومەتی ئاینی لە بنەڕەتەوە رەت دەکردەوە و پێی قبووڵ نەبوو. بەڵام "حەسەن بەننا" بەناوی دەوڵەتی تیۆکراتییەوە، مۆدێرنە و دیموکراسی و فرە حیزبی رەت دەکردەوە و بە کوفرێکی گەورەی دەدایە قەڵەم.

دواتر "ئەبو ئەعلای مەودوودی" بوو بە میراتگری "بەننا"و ئەمیش دەیوت: (حوکمڕانی بۆ یەزدانە و بۆ گەل نییە.. دیموکراسی خۆرئاواش کوفرە و نابێت جیهانی ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک کاری پێ بکات، گەر نا ئەوا رۆح و بەها و رەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات... مەشرووعیەت و رەوایەتی ناشێت سەرچاوەکەی گەل یاخۆ مرۆڤ بێت، بگرە ئەوە شتێکی ئیلاهییە و لە پیاوانی ئاینیدا بەرجەستە دەبێت. بەم پێیە هیچ حکوومەتێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا شەرعی نابێت، ئەگەر سەرلەبەر حکوومەتێکی تیۆکراتی نەبێت.. شتگەلێکی وەکو دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئیرادەی گەل و دەنگدان و... هتد، بیدعەی خۆرئاوای کافر و شارستانییەتە مادییە پووچەکەیەتی کە بەرەو نەمان و داڕووخان دەچێت). شایەنی باسە سەدەیەک زیاترە فێندەمێنتالستە ئیسلامییەکان پێشبینی کۆتایی شارستانییەتی خۆرئاوای گەندەڵ دەکەن، بەڵام بێ ئەوەی پێشبینییەکەیان بێتە دی و خۆرئاواش هەرەس بێنێ.

دوای "حەسەن بەننا"و "ئەبو ئەعلای مەودوودی"، "سەید قوتب" بە دوایاندا دێت و ئەمیش بە نووسینە ئاگرینەکانی و بەو رەوانبێژییە ئەدەبییە بەرزەی هەیبوو، گەنجانی جیهانی ئیسلامی جۆش دەدات و دەیانخاتە سەر کەڵکەڵەی جیهاد. دوای هەموو ئەمانەش "خومەینی" دێت، ئەم پیاوە

ئەگەرچی شیعەیە، بەڵام هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەواندا نییە. بەڵگەش بۆ ئەمە لێدوانەکانی "راشد غەنووشی" رابەری بزووتنەوەی رابوونی وڵاتی توونسە، لە سەروەختی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیدا کە دەڵێت: (لە سەرەنجامدا کاری خومەینی و حەسەن بەنناو مەودودی یەک شتە). بە بۆچوونی ئەو، ئەوانە سەرکردەی بزاوتی ئیسلامی هاوچەرخن و دەبێت گوێڕایەڵیان بین و لە دوایانەوە بڕۆین. دەکرا "غەنووشی" ناوی: "عەلی بلحاج و عەباس مەدەنی" لە جەزائیر و "حەسەن تورابی" لە سوودان و ناوی خۆشی لە توونس و سەرجەم سەرانی بزاوتە ئسوولییەکانی لە جیهانی ئیسلامیدا لەگەڵ ناوی "خومەینی و بەننا و مەودوودی"دا بهێنایە، چونکە دروشمی هەر هەموویان ئەوەیە: (چارەسەر ئیسلامە)، بەڵام کام ئیسلام؟ تۆ بڵێی ئەو بۆچوونە دیسپۆتیزمی و تاریکخوازەی ئەوان لەبارەی ئیسلامەوە هەیانە، ببێتە چارەسەرکەری کێشەی کۆمەڵگەکانمان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و بەراییەکانی سەدەی بیست و یەکدا؟! یان تۆ بڵێی رەتکردنەوەی دیموکراسی و سەرجەم مۆدێرنەی فەلسەفی و سیاسی، بەناوی وەهمی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، ببێتە مایەی ئەوەی کۆمەڵگەکانمان لەو تەڵەزگە و قەیرانە کوشندانەی ئەمڕۆ قوتاریان بێت؟ ئاخۆ ئێمە ئەوەمان بەسە کە وەکی تووتی بڵێین: (ئیسلام چارەسەرە)، بۆ ئەوەی تێکڕای کێشەکانمان چارەسەر بێت؟ لە راستیدا کاتێک بەوردی دیقەت لە شتەکان دەگرین، دەبینین ئیسلام وەکی ئەوەی ئەوان لێی تێگەیشتوون، کێشەیە نەک چارەسەر بێت!.

پاشان نووسەر لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: (پێ دەچێت شکستی ئەم بزاوتە ئسوولییانە، لەوەی بتوانن لە رێی توندوتیژی و غافڵکوژی و تەقینەوەی تیرۆریستەوە دەسەڵات بگرنە دەست، هانی ئەوەی دابن هەڵوێستی خۆیان لە دیموکراسی بگۆڕن. هەربۆیە لە ئێستادا هەندێک لە سەرکردەی ئەو گرووپانە دیموکراسی بە کوفر و بیدعەیەکی خۆرئاوایی

نازانن. بەڵام داخۆ ئەم هەڵوێستەیان قەناعەتێکی راستەقینەیە، یاخۆ تەنیا تاکتیکێکی سیاسییە و هەلومەرجێکی دیاریکراو بەسەریدا سەپاندوون؟ زۆرێک بۆچوونی دووەمیان پێ راستترە و پێیان وایە ئەم کارەیان تەنیا تاکتیکێکی سیاسییە). هەرچۆنێک بێت هەڵوێستێکی وا ئیجابییە و چاکترە لەو هەڵوێستەی رابردوو کە سەرلەبەر دژی مۆدێرنە بوو. بەڵگەشمان بۆ راستیی ئەم قسانە ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر پارتی داد و گەشەپێداندا هات و تەنیا هەر بەناو حزبێکی ئسوولییە، گەرنا لە هیچ یەکێک لەو یاسا عەلمانییانە پاشەکشەی نەکردووە کە دامەزرێنەری تورکیای نوێ "مستەفا کەمال ئەتاتورک" دایڕشتن.

شایەنی باسە لیبراڵییەکانی تورکیا دوای سەرکەوتنی ئەم حزبە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ٢٠٠٢دا ترسیان لێ نیشت، گەر ئەم حزبە بگاتە دەسەڵات لە یاساکانی سیستەمی عەلمانییەتی تورکیا لابدات، بەڵام پارتی داد و گەشەپێدان بە میانڕۆیی خۆی و هەوڵە ئاشکراکانی بۆ تەماهیکردن لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا، هەمووانی تووشی سەرسامی کرد. رەنگە خواست و ئارەزووی سەرانی ئەم پارتە بۆ چوونە ناو یەکەتی ئەوروپا، هۆکاری ئەو نەرمی نواندن و ئاقڵییە بێت. بەهەرحاڵ ئەم حزبە خۆی وەها دەناسێنێت کە حزبێکی موحافیزکار یاخۆ دیموکرات ئیسلامییە، لە شێوەی ئەو پارتە دیموکرات مەسیحییانەی لە ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی تری ئەوروپاییدا هەن. پارتی (العدل والأحسان)یش لە وڵاتی مەراکیش کە لەم هەڵبژاردنانەی دواییدا رێژەی دەنگدەرانی زیادی کرد، هەمان شت دەڵێت و وەکی ئەو رەفتار دەکات. لە دوای ئەو پەلامارە تیرۆرستییانەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا کرایە سەر شاری (الدار البیضاء)، یەکێک لە سەرکردەکانی حزبی (العدل والأحسان) رایگەیاند کە ئەوان پارتێکی فێندەمێنتالیست نین، بگرە پارتێکی دیموکراسین و مەرجەعییەتێکی ئیسلامییانەیان هەیە. پاشان دەپرسن: (بۆچی دەبێت لە ئەوروپادا حزبی دیموکرات مەسیحی هەبێت،

کەچی ئێمە مافی ئەوەمان نەبێت هێزی دیموکرات ئیسلامیمان هەبێت؟).
بەڵام ئیسلامییەکانی لای ئێمە بێ ئاگان لەوەی ئەو پارتە دیموکرات مەسیحییانەی ئەوروپا، تەواو دیموکراسی و عەلمانین و لە مەسیحییەتیش تەنیا هەر ناوەکەیان هەڵگرتووە و یاخۆ تەنیا کار بە هەندێ بەهای رۆحی و میتافیزیکی و مۆراڵی ئاینی مەسیحی دەکەن. ئەگینا لە ژیانی رۆژانە و لە رووبەڕووبوونەوەی کێشە سیاسییەکاندا، نە پابەندی رێنماییەکانی پاپا دەبن نە هی پیاوانی ئاینی. بەڵام ئاخۆ هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگەکانی ئێمە، بواری ئەوە دەدات حزبی دیموکرات ئیسلامی کامڵی لە وێنەی داد و گەشەپێدانی تورکیای تێدا دروست بێت؟ بێگومان نەخێر، چونکە ئێمە ناتوانین داوای ئەوە لە کۆمەڵگەکانمان بکەین، ئەزموونی هەموو ئەو قۆناغە مێژووییە نوێیەی خۆرئاوا بکات کە چەندین سەدەی لە خۆرئاوادا خایاند!. ئەڵبەتە ئەمە کارێکی مەحاڵە و ناکرێت. بۆیە دەبێت کاتی پێویستیان بدەنێ تا هەلومەرج لەبار بێت.

ئێمە دەستخۆشی لە هەموو هەنگاوێکی هێزە ئسووڵییەکان دەکەین بەرەو دیموکراسی، ئەگەرچی بەشێوەیەکی رووکەشانەش بێت. چونکە رەنگە ئەمە هەنگاوی یەکەم بێت بەرەو رێگەی ڕاست. ئێمە نابێت "عەلی بەلحاج"و "رەجەب تەیب ئەردۆگان" لە یەک ئاستدا دابنێین و تەرێزیان لێ بکەین و پێیان بڵێین: (هەموویان فێندەمێنتالیستن!). ئەمە نابێت و ڕاست نییە، چونکە تا ئێستاش "عەلی بەلحاج" سەلەفییەکی داخراوە و دیموکراسییەت بە کوفر دەزانێت. بە پێچەوانەی "ئەردۆگان"و تەنانەت "غەنووشی"یشەوە کە ساڵی ١٩٨٩ بە ئاشکرا رایگەیاند: (لابردنی یاسای فرەژنی، لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا ناکۆک نییە). هەروەها باسی لەوەش کرد کە هەندێک لەو چاکسازییانەی کاتی خۆی "حەبیب بۆرقێبە" بە مەبەستی باشترکردنی رەوشی ژنان کردی، لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا ناکۆک نییە. وەکی ئاشکراشە تەواوی سەرانی بزاوتە ئسووڵییەکان، قسەکانیان بە پێچەوانەی

ئەمەوەیە و فرەژنی وەک حوکمێکی قورئانی سەیر دەکەن کە قابیلی دەسکاریکردن نییە.

لە راستیدا هەموو بزاوتێکی ئسووڵی پێوەستە بە هەلومەرجی ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەتەی لە چوارچێوەیدا دەژی. هەربۆیە سەیر نییە پێشکەوتووترین بزاوتی ئسووڵی ئەو بزاوتانەن کە لە توونس و تورکیا دان، چونکە یەکەمیان تارمایی "حەبیب بۆرقێبە"و دووەمیشیان تارمایی "کەمال ئەتاتورک"ی بەسەرەوەیە. ئەوانیش هەردووکیان عەلمانی و رۆشنگەر بوون و دەرچووی ئەکادیمیاکانی خۆرئاوان، بەتایبەتیش ئەکادیمیای فرەنسایی.

## ئیسلام و هیومانیزم

دواین کتێبی "محەمەد ئەرکۆن" (هیومانیزم لە ئیسلامدا)*، تەرخانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: (چۆن و بۆچی ئاقاری مرۆگەری لە کایەی فیکری عەرەبی- ئیسلامیدا ئاوا بوو؟). بە بۆچوونی "ئەرکۆن" ئاقاری مرۆگەری لە ماوەی نێوان سەدەی دووەم تا پێنجەمی کۆچیدا، لە شارستانییەتی عەرەبی- ئیسلامیی کلاسیکدا هەبووە و بوونیشی بەرهەمی کارلێک و هاوئاهەنگی نێوان کەلەپووری ئیسلامی و فەلسەفەی یۆنانی بووە، بەڵام سەروەختێک پێمان نایە سەردەمی داوەشان و خۆ دووبارەکردنەوە، هیومانیزم پاشەکشەی کرد و ئاوا بوو. ئاوابوونی ئەو ئاقارەش هاوکات بوو لەگەڵ مەرگی فەلسەفە لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی لە سەرەتادا و پاشانیش لە هەریەکە لە مەراکیش و ئەندەلوسدا. کەواتە شارستانییەتی ئیسلامی بەر لە ئەوروپا ئاقاری مرۆگەری بەخۆیەوە بینیوە و ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی ئۆریانتالیستەکانە کە پێیان وایە ئەوروپا مەڵبەندی سەرهەڵدانی هیومانیزمە.

لە راستیدا هیومانیزم تەنیا لە سەدەکانی پازدە یاخۆ شازدەدا، واتە لە سەردەمی رێنیسانسدا لە ئەوروپا هاتە ئارا. ئەمەش مانای وایە دوای شەش حەوت سەدە لە پەیدابوونی لە جیهانی ئیسلامیدا، لە ئەوروپادا سەری هەڵداوە. رەنگە ئەم قسانە زۆرێک لە رۆشنبیرانی عەلمانی جیهانی ئیسلامی لەگەڵ توێژەر و خۆرهەڵاتناسانی خۆرئاوا جاڕس بکات، چونکە

---

* Mohammedarkoun, humanisme etislam. cmbatset propositions, payis, vrin, 2005 .

هەموو ئەوانە پێیان وایە هیومانیزم بۆ یەکەم جار لە سەردەمی ڕێنیسانسدا لە ئەوروپا هاتووەتە ئارا. بەر لەو قۆناغەش مرۆڤایەتی لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاوە و لەو سەردەمانەشدا، مرۆڤ بە سووک سەیر کراوە و توانا و لێهاتوویی بەهێند نەگیراوە و مافی خۆی نەدراوەتێ. چونکە لەو ڕۆژگارانەدا ئەوەی نرخ و بایەخی هەبوو، ژیانی ئەو دنیا بوو کە بە ژیانی هەمیشەیی و نەمری دەزانراو لە بەرامبەریشدا ژیانی ئەم دنیایە پووچ و بێ مانا بوو، لەبەرئەوەی کاتی و تێپەڕە.

بەڵام "ئەرکۆن" دەیسەلمێنێ کە سەردەمانێک لە شارەستانییەتی ئیسلامیدا، ئاقارێکی مرۆگەری و ئەقڵانی هەبووە، بەڵام هەر زوو بەهۆی هۆکارگەلێکی ناوەخۆ و دەرەکییەوە (کە لێرەدا شوێنی باسکردنی نییە)، کۆتایی هاتووە و ئاوا بووە. ئەو پێیوایە ئەوانەشی بەرجەستەکاری ئەم هەڵوێستە ئینسانییە بوون فەیلەسووفەکان بوون، وەک: "فارابی و ئیبن سینا و ئیبن روشد و ئیبن باجە و... هتد"، لەگەڵ چەند ئەدیبێکی بڵند پایەی وەک: "ئەبو حەیانی تەوحیدی و جاحظ و مەسکوەیە". ئەمانە لەلایەک شارەزای قورئان و حەدیس و زانستە ئیسلامییەکان بوون، لەلایەکی تریشەوە بە چاکی ئاگەداری "ئەفلاتۆن"و "ئەرستۆ"و فەلسەفەی یۆنانی بوون: واتە ئەمانە لە نووسینەکانیانداو بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستیی شتێک، بەڵگەیان بە قورئان و حەدیس هێناوەتەوە، هەروەها بەڵگەشیان بە "ئەرستۆ"و "ئەفلاتۆن"یش هێناوەتەوە، بەبێ هیچ کێشە و ڕووگیرییەک. ئەوانە بە شێوەیەکی زۆر کراوە و ئازادانە، ئاینیان تێکەڵ بە فەلسەفە دەکرد و تێگەیشتنیان بۆ ئاینیش تێگەیشتنێکی بەرتەسک و سەرکوتکەرانە نەبوو، وەکی ئەوەی ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا دەیبینین. بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئاقاری مرۆگەری لای ئەو بیریار و فەیلەسووفانە هەبووە، ئاقارێک کە ڕێز لە مرۆڤ دەگرێت و متمانەی بە توانا و لێهاتووی هەیە و لێی ڕادەبینێت کاری چاکە و داهێنان بکات و خۆشی و کامەرانیش لەسەر

ئەم زەوییە فەراهەم بکات.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا "ئەرکۆن" دەڵێت: (ئەم هەڵوێستە ئەقڵانییەی کە خاوەن ئاقارێکی مرۆگەرانە بوو، لەسەر ئاستی ئاینی لای موعتەزیلەکان رەنگی دابووەوە و لەسەر ئاستی تیۆریش لای فەیلەسووفەکان و لەسەر ئاستی ئەزموونگەری و زانستیش لای زانایانی گەردووناسی و پزیشکی هەبووە. دەکرێت نموونەکانیشیان بەم ناوانە بهێنینەوە: قازی عەبدولجەبار، ئیبن ئەبی حەدید، زەمەخشەری، ئەبوسلێمانی مەنتیقی مامۆستای ئەبو حەیانی تەوحیدی، وەزیر ئیبن عەمید، ئیبن زەرعە، ئیبن ئەسیر، شەرەفەدینی طوسی، ئەبوبەکری رازی، ئیبن نەفیس و هەروەها ئەبو ئەعلای مەودوودی و ئیبن خەلدوون و... هتد. پاشان تەواوی ئەم شارستانییەتە زانستی و فەلسەفییە لە خۆرهەڵاتەوە گوازرایەوە بۆ ئەندەلوس و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا، دوای ئەوەی فەلسەفە لە خۆرهەڵاتدا مرد، ئەویش بەهۆی ئەو هێرشەی غەزالییەوە بۆ سەری کە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا- تهافت الفلاسفة - دا هاتووە. وەکی ئاشکرایە ئیبن روشد ئەگەرچی سەدەیەک دوای ئەوە بەنیاز بوو لە رێگەی کتێبی -تهافت التهافت- ەوە وەڵامی بداتەوە، بەڵام نەیتوانی کاریگەری بۆچوونەکانی غەزالی لەسەر خەڵک و خوا کەم بکاتەوە، بەم جۆرە فەلسەفە لە خۆرئاوای جیهانی ئیسلامیشدا کۆتایی هات و بۆ ماوەی حەوت سەدە تاریکی جیهانی ئیسلامی داپۆشی، واتە ئەم دۆخە تا بەراییەکانی رێنیسانس و پێوەندی بەستن لەگەڵ خۆرئاوادا لە سەدەی نۆزدەمدا بەردەوام بووە. بەم جۆرە ئاقاری مرۆگەری و ئەقڵانی لە جیهانی ئیسلامیدا کۆتایی هات، پاش ئەوەی لە بەغدا و ئەسفەهان و شیراز و ئەشبیلیەدا لەو پەڕیدا بوو. لە هەمان کاتدا ئەوروپا کەوتە خۆی و دەستی بە رێنیسانسی خۆی کرد کە لە سەدەی شازدەدا ئاشکرا دەبێت).

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ ئەو هیومانیزمەی لە سەردەمی رێنیسانسدا دێتە ئارا، هەمان ئەو هیومانیزمەیە کە چەند

سەدەیەک بەر لەو مێژووە لە جیهانی ئیسلامیدا هەبووە؟ "ئەرکۆن" پێیوایە لێکچوون لە نێوان هەردووکیاندا هەیە، گەر بڕوامان بەوە هێنا کە سەردەمی ڕێنیسانسی ئەورووپایی دابڕان نەبوو لەگەڵ مەسیحییەتدا، وەکی هەندێک پێیان وایە. بەڵگەشمان لەسەر بوونی پێوەندی لە نێوان شارستانییەتی کلاسیکیی ئیسلامی و ڕێنیساسی ئەورووپاییدا، ئەو قسانەیە کە یەکێک لە گەورە بیریارانی هیومانیزم لە ئیتاڵیا کردوویەتی بەناوی "بیک میرانۆڵی"یە و دەڵێت: (من لە کتێبی موسڵمانەکاندا خوێندوومەتەوە کە دەڵێن: مرۆڤ خانەدانترین و بەڕێزترین بوونەوەری سەرزەوییە). ئەم قسەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە تا سەردەمی ڕێنیسانس، بیریارانی جیهانی ئیسلامی مەرجەعی ڕۆشنبیری بیریارانی ئەورووپا بوون. بەڵام دواتر و دوای هاتنی "دیکارت"، بوونیان نەما و کەسێک نەما بەڵگە بە قسەکانیان بێنێتەوە یاخۆ بۆچوونەکانیان بە هێند وەربگرێت. بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر لە مانا و مەبەستەکانی ئاقاری مرۆگەری بگەین، ئەوا دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو ئاقاری فیکردا بکەین کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆ لە ململانێدان لەگەڵ یەکتری:

یەکەمیان/ ئاقاری مرۆگەرییە کە جەخت لەسەر یەزدان دەکاتەوە و "ئەرکۆن" ئەمە ناودەنێت سێنترالیزمی تیۆلۆجی. دووەمیان/ ئاقاری مرۆگەرییە کە بایەخ بە مرۆڤ دەدات و نووسەر ئەمەیان بە سێنترالیزەکردنی مرۆڤ ناوزەد دەکات. ئاقاری یەکەمیان لای گەورە تیۆلۆجیستانی ئیسلامی و مەسیحی و یەهوودی بەرجەستە بوو، مەرجەعییەتیشیان تێکستە پیرۆزەکانی ئەو سێ ئاینە بوو. دووەمیشیان لای فەیلەسووفان و بیریاران بەرجەستە بوو، مەرجەعییەتی ئەمانەش فەلسەفەی "ئەفلاتۆن"و "ئەرستۆ" بوو. پرسیارێک کە لێرەدا ڕووبەڕووی "ئەرکۆن"ی بکەینەوە ئەوەیە: (دەکرێت ئاقاری یەکەم بە ئاقاری مرۆگەری حساب بکرێت؟ ئاخۆ ئەمە شتێکی بەرتەسک نییە و بە تەنیا تایبەت نییە بە

شوێنکەوتووانی هەموو ئاین و مەزهەبێک؟ یان ئاقاری مرۆگەری تیۆلۆجی چی دەگەیەنێت؟ ئاخۆ دەستەواژەیەکی لەم جۆرە ناکۆکی و دووفاقی تێدا نییە؟). "ئەرکۆن" لای خۆیەوە ئیعتراف بەوە دەکات کە تەنیا سەردەمی رۆشنگەری توانیویەتی دابڕان لەگەڵ زانستی تیۆلۆجیادا دروست بکات و سەربەخۆیی تەواو بۆ فەلسەفە بە دەست بێنێت، ئەمە لە کاتێکدا بە درێژاییی سەدەکانی ڕابردوو فەلسەفە لە خزمەتی تیۆلۆجیادا بوو.

سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپایی بە پێچەوانەی ئەوەی ئێمە پێمان وایە، نەیتوانی ئەوە بکات و پێوەندی خۆی لەگەڵ مەسیحییەتدا نەبڕی و هەر لەسایەی تیۆلۆجیادا مایەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سووکتر لەوەی بە درێژاییی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئارادا بوو. کەواتە ناکرێت بڵێین ئاقاری مرۆگەری ئیسلامی سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێناوە و لە مەرجەعییەتی ئاینی ئیسلام خۆی دابڕیوە. تەنانەت فەیلەسووفە مەزنەکانی وەک "فارابی"و "ئیبن روشد" دواجار هەر پابەندی مەرجەعییەتی ئاینی بوون، مەرجەعییەتێک کە لەو کاتەدا بۆ کەس نەبووە لێی لابدات و تێی پەڕێنێت. لادان لەو مەرجەعییەتە ئاینییە لەو سەردەمانەدا، بەزاندنی پانتاییەکانی بیر لێ نەکراوە یاخۆ بەزاندنی ئەو توخوبانە بووە کە بیرکردنەوە لێیان مەحاڵ بوو. باسکردنی ئەم شتانە بۆ ئەوەیە مەسەلەکان وەکی خۆیان ببینین و تووشی چەواشەبوون نەبین. پێویستە دان بەوەشدا بنێین سەردەمی رۆشنگەری ئەوروپایی کە لە سەدەی هەژدەدا رووی دا، یەکەم سەدەیەکە توانیبێتی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی تەواو بۆ ئەقڵ دەستەبەر بکات، یەکەم سەردەمێکیشە هیومانیزمێکی تەواوەتی بەخۆیەوە بینیبێت و بۆ یەکەم جاریش مافەکانی مرۆڤی تێدا فۆرمەلە بوبێت، ئەو مافی مرۆڤەی شۆڕشی فەرەنسایی لە جاڕنامە بەناوبانگەکەیدا لە ساڵی ١٧٨٩دا تەبەنی دەکات.

بەر لەم قۆناغە (واتە بەر لە سەردەمی رۆشنگەری)، ئەقڵی فەلسەفی لای موسڵمانان و لای ئەوروپاییە مەسیحییەکانیش سوور بوو لەسەر ئەوەی

بڵێت: (پوختـه و بەرهەنجامی کارەکانی بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ناوەڕۆکی تێکستە ئاینییە مەزنەکاندا ناکۆک نییە). لە راستیدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ گونجاندنی فەلسەفە و ئاین پێکەوە، مەسەلەیەکی ناوەندیی فیکر بووە، ئیتر لای فەقیهەکان بووبێت یان لای فەیلەسووفە ئەقڵانییەکان. ئێمە کە ئەم قسانە دەکەین بەو مانایە نییە تەواوی ئاقارە فیکرییەکانی جیهانی ئیسلامی ئەو کاتە، بە یەک چاو سەیر دەکەین. پڕ ئاشکرایە "ئەرکۆن" جیاوازی لە نێوان سێ رێبازی سەرەکیدا دەکات:

١- رێبازی تەقلیدی: ئەم رێبازە ئاین لەسەروو ئەقڵ و فەلسەفەوە دەبینێت و لە نێوان ئەو دووانەدا پێشدەستی دەداتە ئاین.

٢- رێبازی ئەقڵانی: ئەمەیان ئەولەویەت دەداتە ئەقڵ و فەلسەفە، بەڵام بەبێ ئەوەی بوێرێت لە ئاین لابدات.

٣- رێبازی عیرفانی: ئەم رێبازە لە سەر ئەزموونی رۆحی و ناوەکی و لێکدانەوەی تێکستەکان بەشێوەیەکی رەمزی دامەزراوە. لەلای تەواوی ئاینزاکانی ناو ئیسلام، رێبازی یەکەم باڵادەستە و پێڕەوی لێ دەکرێت، بەڵام لێرەدا لەم حوکمە فەیلەسووفەکان و پاشان تا رادەیەک موعتەزیلەکان هەڵدەبوێرین. لە ئیسلامدا ئاینزاکانی سوننی و شیعە و ئەبازییە، هەر هەموویان پابەندی رێچکای تەقلیدین و ئەقڵیش بەنسبەت ئەم رێچکایەوە، ئامرازێکی دەستەمۆ و گوێڕایەڵە کە دەبێت لە خزمەتی دەقی ئاینیدا بێت و نابێت هیچ جۆرە خود موختاری و سەربەخۆییەکی هەبێت. ئەقڵ لای ئەمانە شوێن گومانە، چونکە گەر سنووری خۆی بەزاند، ئەوا دەبێتە مایەی لادان لە ئاین و سەرگەردانی.

تیۆلۆجیستەکانی ناو ئاینی مەسیحی و یەهوودیش، هەرهەمان هەڵوێستیان هەیە. لە سایەی ئەم رێچکایەدا هیومانیزم نرخێکی ئەوتۆی نابێت، نرخ و بەهاشی بەرادەی ملکەچبوونی بۆ ئاقاری تیۆلۆجی دەپێورێت. لێرەدا مرۆڤ ئەوەندە ئەرزش و مانای هەیە کە ملکەچ و گوێڕایەڵی تێکست

و ڕێنومـاییـیـە تـەقلیـدییـەکـان بێت، لەبەر ئەوە دەبیـنین بەدرێژاییی سـەدە تاریکەکانی ناوەڕاست، هیچ متـمـانەیەک بە توانا و لێـهـاتوویی مـرۆڤ لە ئارادا نەبووە و لەو قـۆناغ و سـەردەمـەدا، فەقیـهەکان ئەفراندن و داهێنـانیان وەک بیدعـە و شـتێکی پاسیڤ و بەد وێنا کردووە. واتە هەمـوو ئەزمـوون و داهێنانێک وا لێکدراوەتەوە کـە دەسـتدرێژییـە بۆ سـەر دەسـەڵاتی یەزدان و دەست خستنە ناو کاری خوایە.. ئەو مرۆڤە لووت بەرز و خۆ بەشتـزانە کێیە کە لافی ئـەوە لێ دەدات، گوایە دەتوانێت پەی بە یاسـا و شـتـە پەنهـانەکان بەرێت؟ بەو مرۆڤە بڵێن واز لە فیز و لووت بەرزی بێنێ و پڕکێشی نەکات، با بەو شـتـانە ڕازی بێت کـە لە تێکستـە پیـرۆزەکـاندا هـاتووە، یان پەیڕۆی ئەوە بکات کە لە پیاوچاکانەوە بۆی جێماوە!

بێگومان لە کەش و هەوایەکی وادا، توانای ئەفراندن و داهێنان لە مرۆڤدا دەکوژرێت و لەناودەچێت. بەدرێژاییی شەش سـەدە ئەم کەشـە لە ئارادا بوو، واتە لە سـەدەی سیـازدەمەوە تا سـەدەی نۆزدە. لەو کـاتەدا ئەوروپا سـەرقـاڵی داهێنان و دۆزینەوەی زانسـتی و فـەلسـەفی یەک لـە دوایەک بـوو، بەڵام مـوسـڵـمـانان لە خـەونێکی غـەفـڵـەتزەدەیی قـووڵدابوون. هـەر بۆیە لە ئەوروپا کـەسـانی وەک: "کـۆپەر نیکۆس و گـالیلۆ و کـیـپلەر و دیکارت و نیـوتن و سپینۆزا و لایبنتز و کانت و فیختە و هیگڵ و..."، دەیانی وەک ئەوان لەدایک بوون و هاتنە ئـارا، بەڵام لە سـەرجـەم جـیـهـانی ئیـسـلامی و ئیـمـپراتۆریای عوسـمـانیـدا کەسـێک لە بەرامـبـەر ئەمـانەدا دروست نەبوو. کـەچی لە پای ئەمـەشـدا، خـەڵکانێک دێن و لێت دەپرسن. (بۆچی مـوسـڵـمـانان دواکەوتن، کەچی خەڵکانی تر بەرەو پێش چوون؟!).

با هـەر لەگـەڵ "مـحـەمـەد ئـەرکـۆن" بەردەوام بـین لەسـەر چـۆنیـەتی دەستنیشـانکردنی بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیـهانی عـەرەبی و ئیسلامـیدا بەسـەر چارەنووسی فیکردا هـاتووە. بەر لەوەی بێینە سـەر قـۆناغی مـۆدێرن، دەبینین قـۆناغی ئەفراندن لە مێژووی ئیسـلامدا بە "ئیبن خـەلدوون" کۆتایی

پێ دێنێت. "ئیبن خەلدوون" لە ساڵی ١٤٠٦دا کۆچی دوایی کردووە، واتە لە سەرەتای سەدەی پازدەمدا و بە دوایەمین مێژوونووسی گەورەی رەخنەیی لە مێژووی ئیسلامدا ئەژمار دەکرێت. دوای ئەوە کەوتینە ناو قاتوقڕییەکی فیکرییەوە و ئەم دۆخەش تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەردەوام بوو، کاتێک "تەهتاوی"و چەندین لیبراڵیزمی تر پەیدا بوون. ئەمانە لە ئەوروپا خوێندیان و بەپێشکەوتنی ئەو شارستانییەتە لە بواری زانست و تەکنۆلۆجیا و فەلسەفەدا، ئاشنا بوون. پێشتر "ئەرکۆن" قۆناغی کلاسیکی شارستانییەتی ئیسلامی بە "ئیبن روشد" کۆتایی پێ دەهێنا، "ئیبن روشد" لە ساڵی ١١٩٨دا کۆچی دوایی کردووە. پێی وابوو سەردەمی سکولائیستی، راستەوخۆ لە دوای مردنی "ئیبن روشد"ە وە دەست پێ دەکات. بەڵام لێرەدا تەمەنی ماوەی ئەفراندن درێژ دەکاتەوە و سەدەیەکی تری سەربار دەخات، تا "ئیبن خەلدوون"یش بگرێتەوە کە دواین گەورە بڕیارە لە مێژوومان‌دا.

ئێمە دوای ماوەیەکی دوور و درێژ لە خەونی غەفڵەتزەدەیی بە ئاگا هاتین و خەبەرمان بووەوە، ئەمەش لە سەردەمی رێنیسانسدا بوو کە چەندین کارەکتەری فیکریی گرینگی وەک: (تەهتاوی و جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە و ئەحمەد فارس شدیاق و یازەجی و پەترۆس بستانی و ئەحمەد لوتفی سەید و یەعقوب سەرووف و جورجی زێدان و تەها حوسێن و تۆفیق حەکیم و سەلامە مووسا و شبلی شومێل و ئیسماعیل مەزهەر و فەرەح ئەنتوان و.... هتد)، بە خۆوە بینی. ئەمانە توانییان دوای ماوەیەکی زۆر لە داخران و دابڕان، پێوەندی لەگەڵ فیکری زانستی و ئەقڵانیدا گرێ بدەنەوە و چەندین کتێبی فەرەنسایی و ئینگلیزی وەربگێڕن و لە هەموو بوارەکانیشدا، بەتایبەتی لە بواری رەخنەی ئەقڵی ئایندا، بەسەر مۆدێرنەی ئەوروپاییدا بکرێنەوە. نموونەی دیاری ئەوانەشی رەخنەیان ئاراستەی ئەقڵی ئاینی کرد، ئەمانە بوون: "فەرەح ئەنتوان و ئیسماعیل مەزهەر و تەها حوسێن". پاشان بزاوتی رێنیسانس تەشەنەی سەند و توێژە

خوێندەوارەکانی شار و پایەتەختە گەورەکانی گرتەوە. بەڵام دەستبەجێ ڕووبەڕووی نارەزایی هێزە موحافیزکار و تەقلیدییەکان بووەوە، دوای ئەوەی "حەسەن بەننا" لە ساڵی ١٩٢٨دا بزووتنەوەی ئیخوان موسلمینی دامەزراند.

ئەم بزووتنەوەیە توانی جەماوەرێکی زۆر لە شار و گوندەکان لە دەرەوەی خۆی کۆ بکاتەوە، ئەمانەش لەو خەڵکانە بوون کە لە خوێندنی مۆدێرن بێبەش بوون و ئەو دەرفەتەیان بۆ هەڵنەکەوتبوو تاوەکی ئەو توێژە بورجوازییە ڕۆشنبیرەی جیهانی ئیسلامی، لە خوێندنی تازە بەهرەمەند بن. تا ساتەوەختی ئێستاش ئەم دابەشبوون و جیاوازییە لە نێوان ئەو دوو گرووهەدا هەر ماوە. لە تەواوی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، تا ئەمڕۆش هێزە کۆنسێرڤاتیڤەکان دەتوانن جڵەوی ڕووداوەکان بکەن و کۆمەڵگە بەو ئاقارەدا بەرن کە خۆیان دەیانەوێت. بۆ نموونە مەلای هەر مزگەوتێک یاخۆ هەر داعیەیەکی مۆدێرنی ناو تەلەفزیۆنەکان، دەتوانن بە هەزاران و بگرە بە ملیۆنان خەڵک مۆبێلیزە بکەن، لە کاتێکدا ڕۆشنبیریی ئەقڵانیی مۆدێرن توانای ئەوەی نییە لە سەد کەس زیاتر مۆبێلیزە بکات و بیانجووڵێنێت.

کەواتە تا ئێستاش هێزە تەقلیدییەکان خاوەن دەسەڵاتن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پەروەردە و فێرکردنی نوێ وەکی پێویست بەناو میللەتدا بڵاو نەبووەتەوە و بەیەک بە یەکی هاوڵاتییان نەگەیشتووە، هەروەها کاریگەری سەدە تاریکەکانیش هەر ماوە و کاری خۆیان دەکەن. هەموو کەسێکیش دەزانێت کاریگەری شەش حەوت سەدە، بە ماوەیەکی کەم نارەوێتەوە و کۆتایی نایەت. ئەم مەسەلەیە زۆر سەخت و دژوارە، هەر لەبەر ئەوەشە "بن لادن"و دەستە و تاقمەکەی جەماوەرێتی خۆیان هەیە. ئەم جەماوەرەش میراتگری ئەو سەردەمە تاریکانەی مێژووە و هەر ئەمیشە بووەتە سەرەنێزەی دژایەتیکردنی ئاقاری مرۆگەریی مۆدێرن، لەناو هاووڵاتییانی عەرەبی و ئیسلامیدا.

## ئیسلام و ریفۆرم

یەکێک لەو کتێبە گرینگانەی بەم دواییانە بڵاو کرایەوە و شایەنی گرینگی پێدانە (ئەگەرچی لەگەڵ بۆچوونەکانیشیدانین)، کتێبی توێژەری مەراکیشی "د. عەبدە فیلالی ئەنساری"یە. "ئەنساری"* وەکی لەسەر بەرگی کتێبەکەدا هاتووە، بەڕێوەبەری کۆواری proloyues و خاوەنی چەند کتێبێکە، لەوانە: (ئاخۆ ئیسلام دژی عەلمانییەتە؟ ساڵی ١٩٩٩ لە پاریس چاپ کراوە. لەبارەی کۆمەڵگە ئیسلامییە هاوچەرخەکانەوە، چاپی ٢٠٠٠). سێزدە ساڵ بەر لە ئێستاش کتێبە بەناوبانگەکەی "عەلی عەبدولڕازق" (ئیسلام و ئسووڵی حوکم)ی وەرگێڕایە سەر زمانی فڕەنسایی و ساڵی ١٩٩٤ لە پاریس چاپ کراوە.

لەم کتێبە نوێیەیدا نووسەر بەردەوامە لەسەر بەسەرکردنەوەی کێشەکانی ئیسلامی هاوچەرخ و هەوڵ دەدات لەو شتانە تێ بگات کە روو دەدەن. "ئەنساری" بەم کارەشی خزمەتێکی گەورە پێشکێش بە خوێنەران و روناکبیران دەکات. رەنگە نەتوانم لە تاکە وتارێکدا وەکی پێویست مافی خۆی بدەمێ، چونکە کتێبەکە پڕی فیکر و بیر و بۆچوونە. هەروەها تیۆریای لانی کەمی شازدە بیریار و توێژەر دەخاتە ڕوو، دوای تاوتوێکردنی هەریەکەیان، راو بۆچوونی خۆی لەسەریان دەڵێت، ئیتر بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ. ئەوەی زۆر جێی سەرنجە ئەوەیە کە بەبێ جیاوازی باس لە بیر و بۆچوون و جیهانبینیی بیریارانی ئیسلامی و

* abdou filali- ansary, reformer l,islam2 une infroduction aux debafs confemporains, paris ladecouverte, 2003.

خـۆرهەڵاتنـاس و بیـریارانی بیـانیش دەکـات. ئەمـەش بەڵگەی کـرانەوە و دووربینیی نووسـەرە، بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی بابەتەکەیی و بینینی کێشەکان لە گۆشەنیگای جیا جیاوە.

با لێـرە بەدواوە هەوڵ بدەین نـاوی ئەو بیـریارانـە لەگـەڵ ناونیـشـانی ئەو بەشانەی بۆیان تەرخان کراوە لە کتێبەکەدا ئەژمار بکەین.

یەکەم: "محەمەد ئەحمەد خەڵەفەڵڵا"و چ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ قورئان.

دووەم: "جاک بێرک" لە نێوان نووسراو و زارەکیدا.

سێیەم: "ئەرنست گێڵنەر": مێژووی جیهان و تایبەتمەندی ئیسلامی.

چوارەم: "مەکسیم رۆدنسۆن": سۆسیۆلۆجیست و فەیلەسووف و رۆژنامەنووس.

پێنجەم: "مارشاڵ هۆدگسۆن": مێژوو وەک پرۆژەیەکی رادیکالی.

شەشەم: "عەلی عەبدولڕازق": موسڵمانان و شرۆڤەکاری نوێ.

حەوتەم: "بورهان غلیۆن": شۆڕشی ئاینی و شۆڕشی سیاسی.

هەشتەم: "محەمەد عابد جابری": ریفۆرمی ئاینی و نوێکردنەوەی مەعریفە.

نۆیەم: "عـەزیز ئەلعـەزمـە": عـەلمانییـەت و مـەیلی کولتـوورچێتی لە جیـهانی عەرەبیدا.

دەیەم: "عـەیاز بـن عـاشـوور": مـرۆڤ دەتوانێـت لەیەک کـاتدا ئیـمـاندار بێت و دیموکراسیش بێت.

یازدەیەم: "محەمەد تالبی": مرۆڤ چۆن دەتوانێت لەمڕۆدا موسڵمان بێت؟

دوازدەیەم: "مـحـەمـەد شەحـروور": ئاخـۆ دەتوانین لە ناوەخـۆدا چاکسـازی لە ئیسلامدا بکەین؟

سـێزدەیەم: "فـاڵزور رەحـمـان": لە نێوان ئیـمـانداری قـووڵ و نەرمی نواندنی ئەقڵانیدا.

چواردەیەم: "روا مـوتاهێدی": ئـاخـۆ ریفـۆرمی ئیسـلام لە ئێرانەوە دەست پێ دەکات؟.

پازدەیەم: "محەمەد ئەلشەرەفی": ئەلتەرناتیڤێکی راستگۆ و شوێن متمانە.

شازدەیەم: "عەبدولەجید ئەلشەرەفی": ئاخۆ وەختی ریفۆرم هاتووە؟

ئەژمارکردنی هەموو نەسکەکانی ئەم کتێبە بۆ ئەوەیە بەرچاوڕوونییەک بدەمە خوێنەر، سەبارەت بە جۆر و قەوارەی ئەو کێشانەی لەم کتێبەدا باسیان لێ کراوە. کێشەکانیش پێوەندی بە هەمووم‌انەوە هەیە و هیچ رۆشنبیرێکی ئیسلامیش ناتوانێت فەرامۆشیان بکات، بەتایبەت لە ساتەوەختی ئێستادا.

بێگومان نووسینی ئەم کتێبە بە زمانی فرەنسایی یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی تر لەبارەی جیهانی ئیسلامییەوە پێشکێش بکات، چونکە میدیای خۆرئاوا هەر بەتەنیا باس لە ئاقاری توندڕۆی ئیسلامی دەکات و هیچی تر. ئەمەش بۆ خۆی شتێکی ترسناکە، لەبەرئەوەی خەڵکی ئەورووپایی و ئەمەریکایی وا تێ دەگەیەنێت کە سەرجەمی موسڵمانان پەرگیرن و سەر بەو رێبازە توندڕۆیەن! کەواتە خستنەڕووی بیر و بۆچوونی بیریارە نوێگەرو رەخنەگرەکانی ئیسلام، دەتوانێت ئەو وێنە شێواوە بگۆڕێت و ئەو بۆچوونە هەڵەیەش لەسەر موسڵمانان نەهێڵێت. نووسەری ئەم کتێبەش لەو پێشەکییە گشتییەیدا کە نووسیویەتی ئومێدەخوازی شتێکی وایە. هەر لە سەرەتای کتێبەکەوە "ئەنساری" چەند پرسیارێک دەورووژێنێت، وەک ئەوەی: ئاخۆ دەتوانین خوێندنەوە و شرۆڤەی نوێ بۆ قورئان بکەین؟ تایبەتمەندیی ئیسلام لە چیدایە؟ ئاخۆ ئیسلام دەتوانێت لەگەڵ مۆدێرنە، واتە لەگەڵ عەلمانییەت و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا هەڵ بکات؟ ئاخۆ ریفۆرمی ئاینی لە ئیسلامدا دەکرێت؟ گەر بکرێت چۆن چۆنی دەکرێت؟ ئەمە ئەو پرسیارانەیە کە نەک هەر رۆشنبیرانی جیهانی ئیسلامی و فرەنسا و ئەورووپا و ئەمەریکایی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بگرە سەرانی دەوڵەتە زلهێزەکانی وەک "جۆرج بۆش"و "جاک شیراک"و "گیرهارد شرۆیدەر"و ... هتد، بیری لێ

دەکەنەوە و پێیەوە خەریکن.

وەکی ئاشکرایە (نووسەریش لە کۆتایی کتێبەکەیدا تێبینی دەکات)، ئیسلام بووەتە جێ گرینگیپێدانی هەموو جیهان و وەکی جاران نەماوە کە تەنیا مەسەلەیەکی ناوخۆیی بێت و پێوەندی هەر بە موسڵمانانەوە هەبێت. کەواتە دەبێت رووناکبیرانی ئیسلام لەمڕۆدا ئەو بەرپرسیارێتییە قورسە لە ئەستۆ بگرن. پێ دەچێت "د. عەبدە فیلالی ئەنساری" ئەو بەرپرسیارێتییەی خستبێتە سەرشانی خۆی، ئەویش لە رێی خستنەڕووی گرینگترین ئەو مشتومڕانەی لە ئێستادا رووناکبیرانی ئیسلامی بەخۆیەوە خەریک کردووە. "ئەنساری" لە دوتوێی ئەم کتێبەدا پوختەیەکی ورد و ئاشکرای لەو مشتومڕانە پێشکێش بە خەڵکی فرەنسا کردووە، بۆ ئەوەی بزانن لە جیهانی ئیسلامیدا رووناکبیری لیبرال و رەخنەگر هەن و گۆڕەپانەکە هەر بە تەنیا پاوان نییە بۆ فێندەمێنتالیستە توندڕۆکان. لەلایەکی ترەوە من پێموایە نووسەر هاوکات ئەم کتێبەی لە پێناو خۆیدا نووسیوە، چونکە دەیەوێت لەسەر چەند مەسەلەیەکی مەترسیدار بگاتە بەرەنجامێکی گونجاو. هەر بۆیە راوێژ بە هەندێ لە گەورە توێژەر و بیریاران دەکات، تا راو بۆچوونیان لەسەر ئەو بابەتە بزانێت. واتە "ئەنساری" لە رێی ئەوانی ترەوە بیر دەکاتەوە، بەرلەوەی بگاتە بەرەنجامە تایبەتییەکانی خۆی.

وەکی پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە رووناکبیرانی خۆرئاواو رووناکبیرانی جیهانی ئیسلامی لەم کتێبەدا، بەڵگەی ئەوەیە ئیسلام لە سەردەمی بە جیهانیبووندا بووەتە خەمی هەمووان و پێوەندی بە هەموو لایەکەوە هەیە. هەر بۆ نموونە "جاک بێرک" بەر لە دنیا دەرچوونی زیاد لە بۆنەیەکدا نیگەرانیی خۆی لە گەشەسەندن و گەورەبوونی ئەو ئاقارە توندڕۆیەی ناو جیهانی ئیسلامی دەربڕیوە و بەردەوامیش حەزی بەوە بووە گوێی لە دەنگی رووناکبیرە رەخنەگرەکانی وەک "فوئاد زەکەریا"و "محەمەد سەعید عەشماوی"و کەسانی تری وەک ئەوان بێت. من دڵنیام

ئەگەر ئێستا لە ژیاندا بمایە و ئەم کتێبەی ببینیایە، ئەوا زۆر دڵخۆش و بەختەوەر دەبوو. لەو نەسکەی نووسەر لەم کتێبەدا بۆ "جاک بیرک"ی تەرخان کردووە، ئەو بۆچوونەیم بە دڵە کە تیایدا دەڵێت: (گەورەترین دابڕان لە مێژووی ئیسلامدا ئەو دابڕانە نییە کە موسڵمانان پێیان وایە بە کۆتاییهاتنی سەردەمی خەلیفەکانی راشدین دەست پێ دەکات، بگرە دابڕانی گەورە لەگەڵ پاکتاوکردنی ڕێبازی موعتەزیلەکاندا دروست بوو. موعتەزیلەکان ئەو گرووپە بوون کە بانگەشەی ئەقڵانییەتیان دەکرد و بە توندی داکۆکییان لە وتەزای خوڵقاندنی قورئان دەکرد، هەروەها دەیانویست قورئان وەک تێکستێک بخەنەوە ناو سیاقێکی مێژووییەوە و وەکو شتێکی مێژووکرد سەیری بکرێت.. گەر موعتەزیلەکان چارەنووسیان وای لێ نەهاتایە، هەرگیز بزاوتە نا ئەقڵانییەکان بەم جۆرە کایەی ئیسلامییان پاوان نەدەکرد و نەدەبوونە قسەکەری یەکەم لە وڵاتانی ئیسلامیدا).

سەبارەت بە بیریارانی توونسیش "د. عەبدولمەجید ئەلشەرەفی"، نووسەر نەسکێکی دوور و درێژی بۆ تەرخان کردووە کە نزیکەی سی لاپەڕەیەک دەبێت. "د. عەبدولمەجید ئەلشەرەفی" وەکی "ئەنساری" باسی دەکات، یەکێکە لەوانەی بە سەرمەشقی ئاقاری رەخنە و نوێگەری دادەنرێت لە فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا. گرینگی "ئەلشەرەفی"یش لەوەدایە دەزانێت چۆن لە ناوەخۆی ترادسیۆنی ئیسلامیدا، رەخنە لەو داخرانە کوشندە و بیر و باوەڕە دۆگمایانە دەگرێت کە لەگەڵ رۆژگاری ئەمڕۆماندا ناگونجێت و بووەتە بەربەستێک لە بەردەم بەرەو پێشچوونی موسڵمانانداا.

"د. عەبدولمەجید ئەلشەرەفی" پێیوایە ئامانج لە پەیامی قورئان ئەوەیە جیاوازی لە نێوان چاکە و خراپەدا بکەین، نەک دەست و قاچی مرۆڤ ببڕینەوە یان کۆمەڵێک سزای سەختتر بەسەر مرۆڤدا بدەین کە هەموویان پێوەندییان بە سیاق و سەردەمی خۆیانەوە هەیە و پێویستە بە شێوەیەکی نوێ و لەبەر رۆشنایی مۆدێرنە و فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤدا شرۆڤەیان

بکەینەوە. دەبێت لەوە بە ئاگا بین تەفسیری قورئان بە شێوەیەکی حەرفی مانا جەوهەرییەکانی بەتاڵ دەکاتەوە، کە بە پلەی یەکەم مانای رۆحی و ئەخلاقین. قورئان بەر لە هەر شتێ فێری ئاکاری جوان و خواپەرستی و پاکژی و دەسگیرۆییکردنی هەژار و نەدار و مافخوراوانمان دەکات، بەدەر لەمانە هەرچی هەیە، ئەوا پێوەندی بە هەلومەرج و سەردەمی خۆیەوە هەیە کە لەگەڵ سەردەم و بارودۆخی ئێمەدا جیاوازی هەیە. هەموو ئەو رەخنانەی "عەبدولمەجید ئەلشەرەفی" ئاراستەی ترادسیۆنی ئیسلامی دەکات، دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤی موسڵمان لە هەموو ئەو شتانەی قوتاری بێت کە سەرشانیان قورس کردووە و ناهێڵن لەگەڵ خۆی و سەردەمەکەی و مۆدێرنەدا ئاشت بێتەوە.

لەلایەکی ترەوە "ئەنساری" بەشێکی دوور و درێژی تر لە کتێبەکەی بۆ "محەمەد تاڵبی" تەرخان دەکات، کە یەکێکە لەوانەی زۆر دژی توندرۆیی و توندوتیژی و داخرانی ئاینییە. ئەوەی "تاڵبی" داوای دەکات ئیماندارییەکی رۆشنگەرانە و رووحانییە تا ئەوپەڕی، هەروەها یەکێکە لەوانەی باوەڕی بە دیالۆگی ئاینەکان و رێزگرتنی شوێنکەوتووانی ئاینەکانی تر هەیە. تەنانەت داواش دەکات رێزی ئەوانەش بگیرێت کە بێ باوەڕن و دەبێت لە کۆمەڵگەدا دان بە بوونیان دابنرێت، لەبەرئەوەی ئیمانداری و باوەڕهێنان بە زەبری هێز ناسەپێنرێت. ئیمانداریيەک لە ناخەوە نەبێت، هیچ نرخ و بەهایەکی نییە. ئەم تێگەیشتنە زۆر تازەیە بۆ ئاین، لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەگمەنە و تەنیا گەورە زانایانی وەک مامۆستا "تاڵبی" دەتوانن باسی لێ بکەن. بەڵام کۆکردنەوەی مۆدێرنە و ئاین پێکەوە، بۆ توندڕۆکانی ئاین و توندڕۆکانی رۆشنگەری زەحمەت و بە ئاسانی بۆیان قووت ناچێت. هەندێ لە رۆشنبیرە مۆدێرنەکانی خۆمان پێیان سەیرە بیریارێکی ئەقڵانی مەزن ئیماندار بێت، لە کاتێکدا چەندین رووناکبیری گەورە لە خۆرئاوادا هەن کە بە ئاشکرا باس لە ئیمانداریی خۆیان دەکەن. ئیمانداریی ئەم رۆشنبیرانەش

نەبووەتە ڕێگر لەوەی واز لە کارەکانیان بهێنن یاخۆ مێتۆدە ڕەخنەییە پێشکەوتووەکانیان بەسەر کەلەپووری مەسیحیدا بەکار نەهێنن. دەتوانین لەم بارەیەوە وەک نموونەیەک باس لە "پۆل ریکۆر"ی فەیلەسووف و مێژوونووسی گەورە "جان دۆلیمۆ"و فەیلەسووفی مەسیحی "جان گیتۆن"و چەندانی وەک ئەوان بکەین. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئیماندارێی ئەو کەسانە شتێکی شەخسییە و بەزەبر و زۆر بەسەر کەسدا ناسەپێنرێت، واتە هیچ کەس ناچار ناکرێت لە کۆمەڵگەدا بڕوای پێ بێنێت و پەیڕەوی بکات. ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئیمانداریی ئسووڵیی دەمارگیر و توندڕۆیە.

لەلایەکی ترەوە "د. محەممەد شەرەفی" کە بەیەکێک لە ڕابەرانی ڕۆشنگەریی عەرەبی ئەم سەردەمە دادەنرێت، زۆر بە توندی سەرکۆنەی تاوان و ڕەفتارە قێزەونەکانی بزاوتە ئسووڵییە توندڕۆکان دەکات و دەڵێت: (ئەزموونی مێژوویی هەموو مرۆڤایەتی سەلماندوویەتی کە حکوومەتی ئاینی ناتوانێت دیموکراسی بێت. ئەگەر لە ڕووی مەبدەئییەوە دیکتاتۆری مایەی سەرزەنشت و ڕەخنەکردن بێت، ئەوا دیکتاتۆری ئاینی زۆر بەدتر و خوێنڕێژترە. بەڵام لەبەر چی؟ لەبەرئەوەی دیکتاتۆرییەتی ئاینی، نەک هەر بە تەنیا دەست لە پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە وەردەدات، بگرە دەست دەخاتە ناو کاروباری تایبەتیی مرۆڤەکانیشەوە. واتە دیکتاتۆریەتی ئاینی هەر بەوەندەوە ناوەستێت کۆنترۆڵی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانمان بکات، بگرە لەگەڵ ئەوەشدا دەخوازێت ویژدان و ئەقڵیشمان لە قاڵب بدات. بە واتایەکی تر دیکتاتۆریەتی ئاینی مرۆڤ هەر لە دەرەوە تیرۆر ناکات، بگرە لە ناویشەوە وێرانی دەکات). لە بەرئەوە "د. محەممەد ئەلشەرەفی" سەروەختێک وەزیری پەروەردە بوو، بەشداری لە نوێکردنەوەی سیستەمی خوێندنی ئاینی لە توونسدا کرد.

بریا وڵاتانی تری عەرەبی لاساییی وڵاتی توونسیان دەکردەوە، یاخۆ لە ئەزموونی پێشکەوتووی ئەو وڵاتە لەو بوارەدا سوودمەند دەبوون. گۆڕان

سـەرەتا لە خـوێندنگەوە دەست پێ دەكـات. لێرە بـەدواوە نابێت مـێشكی منداڵەكانمان و خوێندكارەكانمان، بەو دۆگمـایانەی سـەدەكانی ناوەڕاست بئاخنین كە كۆن بوون و بەسـەرچوون. ئیسـلام ئـاینی ئەقڵ و بیـركردنەوەی ئازادە، نـەك ئاینی خـۆ بـەدەسـتـەوەدان بێت بـۆ خـورافـە و جـادووبازی و دەمـارگیـریی كوێرانە. لە ڕاستـیدا ئەو خوێندنە تەقلیـدییـەی ئاین كـە هـەیە نەك هـەر بۆتـە كێشـە بۆ نـاوەخـۆی جـیـهـانی ئیـسـلامـی، بگرە دەرەوەش بە دەستـییـەوە گرفـتـارە، چونكە ئەم سیستـەمی خـوێندنە وامـان لێ دەكات لە شـەڕێكـی دەسـتـەویەخـەی بەردەوامـدا بین لـەگـەڵ كۆمـەڵگەی نێودەوڵـەتیدا. نابێت تا هـەتا هـەتایە كـار بەم شـێـوەیە بڕوات، بگرە پێویسـتـە لەم بارەیەوە بڕیارگەلێكی خێرا و دەستبەجێ لە سەرجەم وڵاتانی ئیسلامیدا بدرێت.

توێژەری توونسـی "د. عـەیاز بن عـاشـوور" كە مـامـۆسـتـای یاسـاناسـییـە لە زانكۆی تـوونس، هـەمـان ئـەو ڕێگە ڕۆشـنگەری و ئەقـڵانیـیـە دەگـرێتـەبەر و ئەمـــیـش وەك بیـــریـارێكی ئـازاد و بوێر داوای نـوێكردنەوەی دەســتـــوور و یاسـاكـانی جـیـهـانی عـەرەبی دەكات، بەڵام دەزانـێت پرۆسـەیەكی وا سـەر ناگرێت، گەر بەرلەوە دەست بە نوێكردنەوەی فیكر بە گشتی نەكرێت. چونكە كەلێنێكی گەورە لە نێوان چەمك و وتەزاكانی كەلەپوور، لەگـەڵ مـۆدێرنەی فەلسـەفی و مـافەكانی مرۆڤدا هـەیە. كێشـەی وڵاتانی عـەرەبی هـەر بەتەنیا لە دیكتـاتۆریەتی سـیـسـتـەمی حـوكـمـڕانـیـدا نـیـیـە، بگرە لە دیكتـاتـۆریەتی كۆمەڵگەی خۆشیدایە!.

ڕەنگە لێرەدا نەتوانم تەواوی بەشـەكانی ئەم كتێبە بە سـەربكەمەوە و ئاوڕ لە تەواوی ئەو بیریارانە بدەمەوە كە "عـەبدە فیلالـی ئەنساری" زۆر بەوردی و دوور و درێژی بـاسـی لـێ كـــــردوون، بـەڵام وتـەیەكی كــــورت دەرهـەق بـە بیــریـارێكی ڕۆشـنگەری تـر دەڵێم كـە ئـەویش توێژەری ســووری "د. عــەزیز ئەلعـەزمـە"یە. "ئەلعـەزمـە" یەكێكە لەو بیریارانەی دەیەوێت نەتەوەكـەی پێ بنێتە قۆناغی مۆدێرنەوە و لە دەست سەدەكانی ناوەڕاست ڕزگاری بێت، ئەم

خــواســتــەشی بە ئـاشکراو بـێ پێچ و پـەنا ڕادەگــەیەنێت. لەلایەکی ترەوە "ئەلعـەزمـە" ڕەخنەی توند لە هـەڵوێستی سـازشکارانەی هـەندێ ڕۆشنبیـری عەرەب دەگرێت کە لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونـەوەدا، لە بەردەم کۆنسێرڤاتیڤ و توندڕۆکاندا چۆک دادەدەن. هـەروەها ئەم ڕۆشنبیـرانە نایانەوێت پرسیاری جدی ڕاستـەقینە لە کـەلەپوور بکەن یاخـۆ میـتۆدی ڕەخنـەیی نوێی بەسـەردا پراکتیزە بکەن.

دواجـار دەمەوێت لـەسـەر دوو خـاڵ گفتـوگۆ لەگەڵ نووسـەری ئەم کتـێبـەدا بکەم. یەکـەمـیـان پێـوەندی بە پراکتـیـزەکردنی مـیـتـۆدی لێک- شـیـتـاڵکردنی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە هـەیە بەسـەر کـەلەپووری ئیـسلامیدا، دووەمیشیـان (کە هـەر گرێدراوی خـاڵی یەکـەمە)، ترسـە لە نەمـان و لەدەستـدانی ئەو بەها ئەخلاقی و ڕۆحـییـانەی کەلەپووری ئیـسـلامی خاوەنییـەتی، لە کاتێکدا ئەگەر ئەو پرسـەی لێک- شـیـتاڵکردنە ڕوو بدات و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەک وەک ئەوەی لە خۆرئاوا دوای سـەردەمی ڕۆشنـگەری دروست بوو، لای ئێمەش ڕوو بدات. سەبارەت بە خاڵی یەکەم، پێموایە ئەو ترسـەی زیادەڕۆی زۆر تێدایە و هێشـتا کـاتی نەهـاتووە، چونکە ئێمە تازە لـە سـەرەتاداین. ئـەوەی پێویسـتـە ترسـمـان لێی هـەبێت لێک- شـیـتاڵکردنی ئەو کەلەپوورە کـەڵەکەبـووە داخراوە نییە، بگرە مـانـەوەیەتی وەک خـۆی و دەست لێ نـەدانیـەتی، ئەمەش وا دەکات هـەمـوو ئاسـۆیەکـمـان لێ داخـراو بێت و تەواوی وزە و توانا تـاکە کـەسی و دەستـە جەمـعیـەکانیـشمـان ئیـفلیج بکات. لێک شـیتاڵکردنـی کەلەپوور نابێتە مـایەی سـڕینـەوە و لـەدەسـتدانی ئاین، نەخـێر ئەوەی ڕوو دەدات هـاتنە ئارای ئاینێکی نـوێیــە لـەســەر دار و پەردووی ئـەو ئاینـە کــۆنـەی ســەدەکــانی ناوەڕاست.

سـەبارەت بەخـاڵی دووەم "ئەنسـاری" زیاد لە جـارێک دەپرسـێت: (ئاخـۆ ئێـمـە پێـویستـمـان بە ریفـۆرمی ئاینی هـەیە، بـەو شێـوەی کە مـارتن لۆتـەر لە سەدەی شازدەمدا کردی، یاخۆ ریفۆرمێکی زۆر لەوە زیاترمان دەوێت وەکی

ئەوەی دواتر لە ئەوروپادا رووی دا؟). من لە وەڵامـدا دەڵێم: (ئێـمـە پێویستمان بە هەردووکیان هەیە. ئێمە پێویستمان بە هەموو شتێکە تا لەم داخرانە ترسناکەی ئێستا قوتارمان بکات و دەرەتانێکمان لێ بکاتەوە. ئاشکرایە ئێمە لەمڕۆدا کارمان هەر بەوە بەڕێ ناچێت، بزاوتێک دووبارە بکەینەوە کە چوار سەدە بەر لە ئێستا رووی دابێت). بە هەرحاڵ فەلسەفەی رۆشنگەری کـە دوای سـەردەمی ریفـۆرمی ئاینی هات، جگە لە بە عەلمانیکردنی ریفۆرمە ئاینییەکەی "مارتن لۆتەر" شتێکی تر نەبوو. دەتوانین بڵێین "ئەمانوێل کانت"، "مارتن لۆتەر"ێکی نوێ بوو، بەڵام بەبێ سرووت و رێورەسمی ئاینی. "کانت" لایەنە رۆحی و ئەخلاقییەکەی ئاینی وەرگرت و ئەوی تری وەلاوە نا. بە پێچەوانەی "فالزور رەحمان"ەوە، مۆراڵ و هەستی ئەخلاقی و ویژدانی لە ئەوروپادا نەمرد، لەبەرئەوەی ئایندارى تەقلیدی دوایی سەردەمی پیشەسازی و سەرکەوتنی مۆدێرنەی زانستی و فەلسەفی لەناو کۆمەڵگەکانی ئەوروپادا پاشەکشەی کرد و بچووک بووەوە، نەخێر ئەوەی رووی دا ئایندارى بوو بە شتێکی تایبەتی و لەو حاڵەتی درۆ و دووڕووییە قوتاری بوو کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر باو بوو. بۆ ئەوەی لەم قسانەش دڵنیا بین، دەتوانین سەرنجی کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان بدەین لە ساتەوەختی ئێستادا. رێزگرتن لە کات و پابەندبوون بەوادە و بەڵێنەوە، لەگەڵ هەستکردن بە ئەرک و بەرپرسیارێتی و راپەڕاندنی کارەکان بەشێوەیەکی ورد و راست و دروست، هاوکات بەتەنگەوەهاتنی بەرژەوەندی گشتی، هەموو ئەمانە شتگەلێکن کە خەسڵەتی تایبەتی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانی خۆرئاوایە، ئەگەرچی وەک جاران سرووت و رێورەسمەکانی ئاینی مەسیحیش بەجێ ناهێنێت.

واتە لە ئێستادا مرۆڤ خۆی بە سەرخۆیەوە چاودێرە و پێویستی بە پیاوی ئاینی یاخۆ پۆلیس نییە، بۆ ئەوەی چاودێری بکات و ناچاری بکەن رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەخلاقی بکات. کەواتە ئەخلاق لە سەردەمی

مۆدێرنەدا زیادی کردووە و کەمی نەکردووە. هەر لەبەر ئەمەش کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا بەرەوپێش چوون و بۆڕی تەواوی کۆمەڵگەکانی جیهانیان دایەوە، بەکۆمەڵگە ئیسلامییەکانیشەوە. ئەمە بوو وای کرد "محەمەد عەبدە" قسە بەناوبانگەکەی خۆی بکات و بڵێت: (لە ئەوروپادا ئیسلام هەیە، بەبێ ئەوەی موسڵمان هەبێت، بەڵام لە وڵاتانی خۆماندا موسڵمانان هەن، بەبێ ئەوەی ئیسلام بوونی هەبێت!). لێرەدا مەبەست لە ئیسلام، پاکییەتی و راستگۆییە لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ ئەوانی تردا. من بۆ خۆم لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیادا ئەوەم بینی کە مرۆڤ دەتوانێت ئامێر و ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی بەکار بێنێت و یەک فلس نەدات و بلیتی هاتوچۆش نەکڕێت، بەڵام کەس ئەوە ناکات، ئەگەرچی هیچ کەسیش نییە چاودێری بکات یاخۆ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات. بەڵام داخۆ بۆچی ئەو مرۆڤە فێڵ و ساختەکاری ناکات؟ لەبەرئەوەی ویژدانی خۆی چاودێری دەکات و رەقیبە بە سەرییەوە. ئەم ویژدانە ئەخلاقییە توند و تۆڵەش، هەریەک لە "مارتن لۆتەر"و ئیمانوێل کانت"، لە هۆشیاریی دەستەجەمعی ئەوروپاییدا چەسپاندیان...

## ئیسلام و ئەقڵ

لە کتێبە نوێیەکەیدا (ئیسلام و ئەقڵ)*، "مالک شبل" پێیوایە موعتەزیلەکان یەکەمین دەستەیەک بوون لە ئیسلامدا کە بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ بیریان کردووەتەوە. ڕاستە ئەوان لە ڕووی فەلسەفییەوە سەنگ و قورسایی "ئیبن روشد" و ئیبن سینا" یان نەبووە، بەڵام هیچ کەس ناتوانێت لە بایەخ و گرینگییان کەم بکاتەوە. موعتەزیلەکان ئەگەر لە کێشی ئەو دوو فەیلەسووفە مەزنەشدا نەبن، هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لاوازییەک لە ئەرزش و بەهای فیکرییاندا هەبووە، بگرە هۆکارەکەی ئەوەیە لە سەردەمی ئەواندا ئیسلام نەبووبووە ئیسلامێکی کراوە و پلورالیزمی قبووڵ بێت. واتە لە ڕووی فیکرییەوە بەو رادەیە بە بڕشت نەبووبوو، وەکی ئەوەی دوای وەرگێڕانی فیکری یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی دروست بوو. راستە موعتەزیلەکان بە شێوازی "ڤۆلتێر" و فەیلەسووفانی تری رۆشنگەری یاخۆ بەشێوازی بڕیارە لیبراڵەکانی ئینگلتەرا، باسیان لە مەسەلەی ئازادی تاکەکەس نەکردووە، چونکە مەسەلەیەکی وا لەو کاتەدا مەحاڵ بوو. بەڵام ئەوان توانییان دەرگەی پرسیار و گومان بکەنەوە و بەم کارەشیان ئەو بنەما ئایدیۆلۆجییە کۆنکرێتی و زۆرەملێیەیان بنکۆڵ کرد کە فەقیهە دۆگماتیستەکان لەو سەردەمەدا دروستیان کردبوو.

لەلایەکی ترەوە، "مالک شبل" سەبارەت بە رۆڵ و پێگەی موعتەزیلەکان دەڵێت: (راستە ئەوان وەکی ئیبن سینا و فارابی و ئیبن روشد، ئەرکی وەرگێڕان و گواستنەوەی فیکری یۆنانییان بۆ سەردەمی ڕێنیسانسی

* malek chebel, llsam etla raison - le cmhat des idees, paris, perri. 2005.

ئەوروپایی نەگرتە ئەستۆ و ئەفلاتۆن و ئەرستۆیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرنەگێڕاو فەلسەفەیەکیان بۆ فەردانییەت فۆرمەلانە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵێکی گەورەیان لە بەرزکردنەوەی بەیداخی ئەقڵ لە سەردەمەکەی خۆیاندا بینی. ئەو بەیداخەی دواتر دوژمنەکانیان دایانگرت، دوای ئەوەی پاکتاویان کردن و کەوتنە راوەدوونانیان). نووسەری ئەم کتێبە پێیوایە ناوی موعتەزیلە ئاماژەیە بۆ ئەو بزاوتە فەلسەفییەی لە کۆمەڵ خۆی بە دوور گرت و لە فیکری دۆگماتیستی رەسمیی ئیسلام جیا بووەوە. موعتەزیلەکان لەو فیکرە دۆگمایە جیابوونەوە کە پێیوایە حەقیقەتی رەهای لای ئەوەو بە تەنیا موڵکی خۆیەتی. واتە ئەم فیکرە دۆگمایە پێمان دەڵێت لە مرۆ بەدواوە چیی تر پێویستمان بە پرسیار و بە گەڕخستنی ئەقڵ نییە، چونکە تەواوی کێشەکان چارە کراون و هەموو پرسیارەکانیش لەلایەن پیاوچاکانەوە وەڵام دراونەتەوە. لە دژی ئەم ئاقارەی ئیسلام، بیریارە ئازادیخوازەکانی موعتەزیلە راپەڕین. نموونەکانیان وەک: (واصل بن عطا و، عەمرو بن عوبەید، بشر بن موعتەر، تەمام بن ئەشرەس، خەلیفەی بەناوبانگ مەئموون، ئەبی هوزەیلی عەلاف، نیزام، جاحظ، جبائی، ئەبی هیشام، خەیاط، موراد، ئیبن ئەبی داود و.... هتد).

"مالک شبل" پێیوایە موعتەزیلەکان لە کاتی خۆیدا خەڵک بە چاکی نەیناسیون، بگرە لەلایەن فەقیهە زۆر دۆگماکانی سوننەوە بە توندی دژیەتی کراون و بەرپەچ دراونەتەوە. هەروەها لەلایەن قەدەرییەکان و ئەشعەری و زۆربەی زۆری رێبازە ئیسلامییەکانی ترەوە دژایەتی کراون. موعتەزیلەکان لەگەڵ هاتنیاندا ئاشکرایان کرد کە ئازادی فیکری لە ئیسلامدا، سنوورێکی زۆر بەرتەسکی هەیە و ئازادییەکی زۆر مەرجدارە و مسۆگەر نییە. داهاتووی ئیسلامیش ڕاستی ئەو قسەیەی ئەوان دەسەلمێنێت. تراجیدیا و کێشەی سەرەکی ئیسلام ئەوەیە کە ئازادیی فیکری قەدەغەیە یان زۆر سنووردارە. پێ دەچێت موعتەزیلەکان یەکەمین گرووهێک بووبن، لەبەر

ڕۆشنایی ئەقڵدا لە ئاینیان کۆڵیێتەوە و قسەیان لەسەر کردبێت. ئەوان یەکەمین ئەقلانی بوون لە ئیسلامدا. واتە بەر لەوەی فەیلەسووفگەلێکی وەک: "کەندی و فارابی و ئیبن روشد و ئیبن سینا و ئیبن باجە" پەیدا بن، ئەوان لەو بوارە دەستپێشخەر بوون و بەشێوەیەکی دیالەکتیکی کەوتنە تاوتوێرکردنی ئیسلام و بەمەش دەرگەیان بە ڕووی گفتوگۆ و مشتومڕێکی گەورەدا کردەوە.

لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا "مالک شبل" دەنووسێت: (بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانین بڵێین موعتەزیلەکان یەکەمین دەستەی ڕۆشنبیرە ڕەخنەییەکانی ناو ئیسلام بوون. چونکە ئەمان بۆ یەکەم جار لە فەقیهە دۆگماتیستەکان هاتنە دەنگ کە دەیانویست بیروباوەڕی ئیسلامی بکەنە بیروباوەڕێکی دۆگما و نەگۆڕ. موعتەزیلەکان ئەو گرووهە بوون کە توانییان لە کۆدەنگی ئیسلامی جیا ببنەوە و لەو قەناعەتە خۆیان ڕزگار بکەن کە دەڵێت: سەرچاوەی چاکە و خراپە خوای گەورەیە. ئەوان وتیان پەنا بە خوا لەوەی یەزدان لە خراپەکاری ئەم دنیایە بەرپرسیار بێت! یەزدان تەنیا سەرچاوەی چاکەیە لەبەرئەوەی سەرلەبەر چاکەیە و، چونکە بەڵام شەڕ و خراپەکاری بەرهەمی دەستی مرۆڤە، لەبەر ئەوە مرۆڤ بەتەنێ خۆی لە کار و کردەوەکانی بەرپرسیارە، ئیتر چاک بێت یان خراپ. بەم جۆرە موعتەزیلەکان بەرپرسیارێتی تاکەکەسییان لە ئیسلامدا دروست کرد. ئەمە وای کرد ڕووبەڕووی تەواوی ئەو گرووه و ڕێبازانە بێتەوە کە ئیرادەی مرۆڤیان فەرامۆش دەکرد و بڕوایان بە جەبرگەرایی هەبوو).

تازەگەری و ئەقلانییەتی موعتەزیلەکان لێرەوە سەرچاوە دەگرێت کە تا ساتەوەختی ئەمڕۆش تووشی سەرسڕمانمان دەکات. ئەگەر مرۆڤ لە کار و کردەوەکانی بەرپرس نەبێت و خوا لە ڕێی ئەوەوە ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەی چۆن دەتوانین لێپرسینەوە لەگەڵ تاوانبارێک بکەین لەسەر تاوانێک کە کردوویەتی، یاخۆ پیاوچاکێک لەسەر چاکەکانی پاداشت بکەین؟ ئاخۆ ئێمە

گەر هات و ئەم بیرو باوەڕە سەلەفییەمان تەبەنی کرد و بڕوامان پێ هێنا کە هیچ متمانەیەکی بە مرۆڤ نییە، ئاخۆ ئاژاوە و پشێوی ناکەوێتە کۆمەڵەوە و کۆمەڵگە لە گرێژەنە ناچێت؟ موعتەزیلەکان کاتێک ئەم هەڵوێستە وەردەگرن، هەرگیز لە قورئان لانادەن، بگرە پەیڕۆی لێ دەکەن. واتە ئەوان لە کەسانی تر دڵسۆزترن بۆ رۆحی قورئان. لە دوا سوورەتی (البقرة)دا زۆر بەڕوون و ڕەوانی هاتووە کە: (لایكلف الله نفسا ألاّ وسعها لها ماكسبت وعليها مااكتسبت...). وشەی (الكسب) یان (الأ كتساب) یاخۆ (الكسبة)، زیاد لە شەست و شەش جار لە قورئاندا هاتووە. ئەمە و سەرەڕای ئەو ئایەتە زۆرانەی هانی مرۆڤ دەدەن بۆ کاری چاکە لەم دنیا، بۆ ئەوەی لەودنیا خوا لێیان ڕازی بێت و بە بەهەشت شاد بن.

لەبەر ئەم هۆیە موعتەزیلەکان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مرۆڤ خۆی لە کار و کردەوەکانی بەرپرسە و یەزدان بە هیچ جۆرێک دەست لەم خواستەی مرۆڤ وەر نادات، کەواتە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی ئازادە و ئەگەر ئەو ئیرادەیەی نەبێت، ئەوا لە هیچ کردارێکی بەرپرس نییە. لۆجیکی ئەقڵانی موعتەزیلەکانیش لێرەدایە کە لە زۆرینەی زۆری رێبازەکانی تر جیایان دەکاتەوە، بەتایبەت جەبرگەراکان کە پێیان وایە ئەوە یەزدانە مرۆڤ ناچار دەکات کار و کردەوەکانی ئەنجام بدات. ئەڵبەتە ئەمەش بۆخۆی لۆجیکێکی نا ئەقڵانییە. چونکە ئەگەر خوا مرۆڤ ناچار بکات بەوەی کاری خراپە بکات، ئەی چۆن دەبێت لە رۆژی دواییدا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات؟ ئاخۆ دەبێت دادپەروەری ئیلاهی ببێتە نادادپەروەری و پاشان ببێتە زوڵم و ستەم؟ مەحاڵە. ناکۆکی و دووفاقێتی لە تیۆلۆجیای نەیارانی موعتەزیلەدا لێرەدا ئاشکرا دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دواجار نەیارانی موعتەزیلە سەرکەوتن. تراجیدیای ئەقڵیش لە ئیسلامدا لێرەدایە. یان دەتوانین بڵێین تراجیدیای ئەقڵ لە ئیسلامدا لەو چرکەساتەوە دەست پێ دەکات و تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە. کەواتە کێشەکە زۆر کۆنە و راستکردنەوە

و چارەسەریشی ئەرکێکی قورس و گرانە.

مەسەلەیەکی تر کە کێشە و جیاوازی لە نێوان موعتەزیلە و نەیارەکانیدا دروست کرد: مەسەلەی شوبهاندنی خوا بوو بە مرۆڤ. حەنبەلییەکان قورئانیان بە مانا حەرفییەکەی وەرگرت. بۆ نموونە قورئان کە دەڵێت: (یدالله فوق أیدیهم...)، ئەوان پێیان وا بووە خوا دوو دەستی وەک دەستی مرۆڤی هەیە. یان لە قورئاندا باس لە (ڕووی خوا دەکات) (حیثما تولیتم فثم وجه الله)، ئەوا ئەوان پێیان وایە خوا چاو و ڕووی هەیە. یاخۆ کە قورئان لەبارەی یەزدان دەڵێت: (علی العرش استوی)، وا دەزانن خوا بەو پاشایە دەچێت کە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە. بەڵام موعتەزیلەکان هەموو ئەمانە وەکی شتێکی مەجازی وەردەگرن، بۆ نموونە ئەم دەستەواژەیەی کە دەڵێت: (ید الله فوق ایدیهم)، ئاوەها لێکدەدەنەوە: خوا خاوەنی هێز و توانایەکە لەسەروو هێز و توانای ئەوانەوەیە، یان هێز و توانای یەزدان لەسەروو هێز و توانای مرۆڤەوەیە و... هتد. خوا (دروستکەری گەردوون)، بەو پێیەی رۆحێکی ئازاد و رەهایە، لە دەرەوەی جیهان و تەواوی بوونەوەراندایە و نابێت هەمان ئەو خەسڵەتانەی هەبێت کە مرۆڤ لە ڕووی شکڵ و جەستەوە هەیەتی . بەڵام حەنبەلییەکان ئەم لێکدانەوە مەجازییەی قورئان رەت دەکەنەوە و بەلادان و شێواندنی قسەی یەزدانی دەدەنە قەڵەم. لەبەر ئەمەش توانییان بە ئاسانی موعتەزیلەکان تەکفیر بکەن و شکستیان پێ بهێنن.

ئەگەرچی دەزانین خەڵک و خوا لەبەر هۆکارگەلێکی تر (کە دواتر دێینە سەر باسکردنیان)، شوێن حەنبەلیەکان کەوتن و بوونە لایەنگری ئەوان. بەڵام داخۆ "مالک شبل" ئەو حەقیقەتەی بیرچوو کە هەڵوێستی موعتەزیلەکان زیاد لە پێویست ئەبستراکت و دەستەبژێریانە بوو، هەر بۆیە خەڵکانی ئاسایی تێی نەدەگەیشتن و بۆیان قووت نەدەچوو. لەبەر ئەوە حەنبەییەکان بەسەریاندا سەرکەوتن، چونکە بۆچوونێکیان لەمەڕ یەزدان

خستەڕوو کە لە تێگەیشتن و ئەقڵییەتی خەڵکە ئاساییەکەوە نزیک بوو. خەڵک و خوا پێویستییان بە شتێکە بەرجەستە بێت تا بتوانن تێی بگەن، نەک ئەبستراکت بێت و توانای تێگەیشتنیان نەبێت. لای موعتەزیلەکان تەنانەت چەمکی بەهەشت و ئاگریش ئەبستراکت و ڕەمزی بوون، لەبەر ئەوە موسڵمانان شوێنیان نەکەوتن. مرۆڤ بەهەشتێکی ڕاستەقینەی دەوێت کە پڕ بێت لە ڕووباری ماست و هەنگوین و مەیی و حۆری، بۆ ئەوەی بڕوا بێنێت و خوێنگەرمانە شوێن ئەو بانگەوازە نوێیە بکەوێت، هەروەها لە پێناو بڵاوکردنەوەیدا جیهاد بکات و ئامادەی قوربانیدان بێت. لەبەر ئەوە دواجار تەفسیری ڕاستەوخۆ و بەرجەستەی قورئان، بەسەر تەفسیری میتافۆری و ڕەمزی و ئەقڵانیدا سەرکەوت.

پاشان "مالک شبل" دێتە سەر باسکردنی گەورەترین کێشەی نێوان موعتەزیلە و حەنبەلییەکان، کێشەیەک کە دواتر بووە مایەی تەکفیرکردنی موعتەزیلەکان و پاکتاوکردنیان، ئەویش مەسەلەی خوڵقاندنی قورئانە. بە بۆچوونی موعتەزیلەکان قورئان وەک خوا سەرمەدی نییە، بگرە خوا خۆی لە ساتەوەختێکدا ئەفراندوویەتی و هێناویەتە ئارا. واتە قورئان بریتییە لە تەرجەمەکردنی ئیرادەی یەزدان و دواجار ئەم ئیرادەیە لە کتێبێکی پیرۆزدا بەرجەستە بووە. تاکە شتێک ئەزەلی بێت و دروست نەکراو بێت، تەنیا خوا خۆیەتی. کەواتە قورئان بەبۆچوونی ئەوان نە بەشێکە لە خوا و نە خواش خۆیەتی، بەڵام نیشاندەر و بەرجەستەکاری قسەی خوایە. قورئان ئەگەر بەو شێوەیەی لە کتێبێکدا بەرجەستە بووە و هەستی پێ دەکەین و دەیخوێنینەوە، وەکی یەزدان ئەزەلی بێت، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دوو خوا لە جیهاندا هەیە نەک خوایەک. ئەمەش شتێکی مەحاڵە و لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان خۆیدا ناکۆکە. ئەمە ئەو هەڵوێستە بوو کە دواجار موعتەزیلەی لە ریزی ئوممەی ئیسلامی وەدەرناو ماڵوێرانیی گەورەی بەسەردا هێنان، بەتایبەت دوای لە دنیا دەرچوونی ئەو خەلیفانەی

پشتیوانییان لێ دەکردن، نموونەکانیان وەکو خەلیفە "مەئموون و موعتەسەم و واسق"و...هتد. موعتەزیلەکان لەو بۆچونە یاخی بوون کە یەزدان بە مرۆڤ دەشوبهێنێت، ئەمەش تەنیا بۆچوونێک بوو کە خەڵک و خوا تێی دەگەیشتن و قەناعەتیان پێی هەبوو. هەروەها ئەو بۆچوونەشیان پێ قووت نەدەچوو کە دواتر خەڵکی باوەڕیان پێ کرد و دەڵێت: (یەزدان ئایەت و سوورەتەکانی قورئانی یەک بەیەک داوە بەگوێی جوبرەئیلداو ئەویش لای خۆیەوە گەیاندوویەتی بە پێغەمبەر، ئەو پێغەمبەرەی راسپێردرابوو هەموو خەڵکی لێ ئاگەدار بکاتەوە و ئەو پەیامەیان پێ بگەیەنێت). موعتەزیلەکان پێیان وایە وێناکردنی وەحی بەم شێوەیە کارێکی زۆر منداڵانەیە و ناشێت مرۆڤی ژیر باوەڕی پێ بکات. بەڵام ئەمە ئەو وێنە جوان و ناسکەیە کە لەو ساتەوەختەوە لە هۆشیاری گشتیی ئیسلامیدا چەسپی و تا رۆژگاری ئەمڕۆش هەر بەردەوامە.

شایەنی باسە تەئکیدکردنەوە و گرینگیدانی موعتەزیلەکان بە وتەزای تەوحید، وای لێ کردن هیچ شتێک نەکەنە شەریکی خوا، تەنانەت قورئانیش. بێگومان قورئان قسەی یەزدانە، بەڵام وەکی یەزدان ئەزەلی نییە، بگرە شتێکە کە لە چرکەساتێکی مێژوویيدا خوڵقاوە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە بەرلەوە (واتە بەر لە محەمەد و قورئان)، قسەی لەگەڵ پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل و عیسای کوڕی مەریەمدا کردووە. کەواتە قسەکانی یەزدان بەپێی هەلومەرج و چرکەساتە مێژووییەکان، دروست بووە و هاتووەتە ئارا. وەکی ئاشکرایە مەسەلەی تەوحید و شەریک بۆ خوا پەیدانەکردن، بابەتی سەرەکی قورئانە و لە سەرەتاوە تا کۆتایی قورئان تەئکیدی لێ دەکاتەوە. لەبەر ئەوە زۆر کەس پێیان وایە موعتەزیلەکان هەرگیز لە قورئان لایان نەداوە کە دەڵێن: (قورئان خوڵقێنراوە و دروستکراوە). هەروەها لە تیۆلۆجیای موعتەزیلەدا وتەزایەکی سەرەکیی تریش هەیە، وتەزایەک کە ئامادە بوون قوربانی لە پێناودا بدەن و تا

دواهەناسـە بەرگـری لێ بکەن، ئەویش (فـەرمـانکردن بوو بـە کـاری چاکـە و ڕێگریـکردن بوو لە خـراپە). کـەواتە تێکڕای ئیـمـان و بیـر و باوەڕی ئەوان **لەسەر ئەم سێ شتە بەند بوو:**

– شەریک بۆ خوا پەیدانەکردن.

– دادپەروەریی رەهای یەزدان و بەرپرسـیارێتی مرۆڤ لە کارەکـانی (ئیتر چاک بێت یان خراپ).

– فەرمانکردنی بە چاکە و رێگە نـەدان بە خـراپە (واتە چاکەکردن بەپێی توانا و دوورکـەوتنەوە لە کـاری خـراپە، ئەویش بەپێی توانا). سـەبارەت بەم خاڵەی دواییان مـوعتـەزیلەکان پشت بەم ئایەتە دەبەستن کە دەڵێت: (ولتکن منکم أمـة يدعـون الى الخـير ويأمـرون بالمعـروف وينهـون عن المنكر وأولئك هـم المفلحون). هەروەها دەکرێت ئەم ئایەتەش سەرباری ئەوەی پێشوو بخەین کە دەڵێت: (كنتم خـير أمـة أخـرجت للناس تأمـرون بالمعـروف وتنهـون عن المنكر وتؤمـنون بالله ولو من أهل الكتب لكان خـيـرا لـهم منهم المؤمنون وأكـثـرهـم الفـاسـقـون). کـەواتە خـواناسـیی مـوعتـەزیلەکـان و لێکدانەوەیان بـۆ ئاینی ئیـسـلام، هەم ئەقـڵانی بووە و هـەم ئیـمـاندارانەش بـووە. گـەر بـهـاتبـایە و سـەرکـەوتوو بوونـایە، ئەوا چارەنووسی ئیـسـلام دەگۆڕا و بەم رۆژە تاریک و ناهەموارە نەدەگەیشتین. بەڵام جەخار ئەوەی ڕووی دا بە پێچەوانەی ئەوەوە بوو. مـوعتـەزیلەکـان شکسـتیـان هێنـاو نەیارە دۆگماکـانیـان سـەرکـەوتن، بە سەرکەوتنیشیان کـەوتنە تەکفیرکردن و خوێن ڕشتن و لەتوپەتکردنی کتێبی موعتەزیلەکان. ئێمـە ناتوانین لەو داوەشانەی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی تێ بگەین، بەبێ گـەڕانەوە بۆ ئەو سـەردەم و قـۆنـاغـە. پێـمـوانیـیـە بەم قـسـانە خیانەت لە فیکری "مالك شبل" و "محەمـەد ئەرکۆن" و "عەبدولەجید شـەرەفی " و بیریارە تازەگەرەکانی ئیسلام دەکەم.

لە ڕاسـتیـدا تێزەی (خـەڵقکردنی قورئان) تێزەیەکی زۆر رادیکالانەیە و

پێش وەختی خۆی باسی لێ کراوە. تەنانەت بۆ ساتەوەختی ئێستاشمان دەست نادات، چونکە تۆ ناتوانیت هەنووکە لە هیچ شوێنێکی جیهانی ئیسلامیدا باسی بکەیت و داکۆکی لێ بکەیت. گەر وا بکەیت ئەوا تەکفیر دەکرێیت و بەر نەفرەت دەکەویت، وەک چۆن موعتەزیلەکان تەکفیر کران و بەر نەفرەت کەوتن.

جارێکی تر دەیڵێمەوە: (گەر موعتەزیلەکان سەرکەوتنایە، ئەوا فیکر لە ئیسلامدا بەو بنبەستەی ئێستا نەدەگەیشت. ئەگەر ئەو قورئانەی بە دەستمانەوەیە و وەک هەر کتێبێک لاپەڕەکانی ئەم دیواودیو دەکەین، خەسڵەتی موقەدەس و تێکستێکی سەرمەدی وەرنەگرتایە، ئەوا دەمانتوانی خوێندنەوەی مێژوویی بەسەردا پراکتیزە بکەین. ئەوکات ئەم دۆگما ئایدیۆلۆجییە دروست نەدەبوو کە فیکری لە جیهانی ئیسلامیدا ئیفلیج کردووە و لە قاڵبی داوە. هاوکات دەمانتوانی قورئان لە بەر رۆشنایی ئەقڵ و مێژوودا تەفسیر بکەین. خوێندنەوەی مێژوویی تێکستی قورئانی بەو ژینگەیەوە دەبەستەوە کە تیایدا سەری هەڵدا، واتە دەیبەستەوە بە نیمچە دوورگەی عەرەب و بەو ساتەوەختەش تیایدا هاتە ئارا کە سەدەی حەوتەمی زاینییە. ئەوکات حوکم و بڕیارەکانی سەبارەت هەلومەرجی ژن و کۆیلە و مەسەلەکانی تر، خەسڵەتێکی رێژەگەراییان دەبوو نەک رەهاگەرایی. لێرەوە دەکرا لە ئیسلامدا گۆڕانکاری لە شەریعەتدا بکرێت و پەرەی پێ بدرێت، بەبێ ئەوەی پرۆسەیەکی وا بەلادان لە شەرع و بەرنامەی خوا لە قەڵەم بدرایە. بەڵام تەواوی ئەم شتانە بووە کارێکی مەحاڵ، دوای ئەوەی تێزەی حەنبەڵییەکان سەرکەوت و بە زەبری دەسەڵات خۆی بە سەر تەواوی جیهانی ئیسلامیدا فەرز کرد، ئەم حاڵەتەش بۆ ماوەی هەزار ساڵ دەچێت بەردەوامە و تا ئێستاش لە ئارادایە). پاشان "مالک شبل" بەراوردکارییەک دەکات لە نێوان سەرکەوتنی حەنبەلی و ئەشعەرییەکان بەسەر موعتەزیلەکاندا لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا، لەگەڵ سەرکەوتنی

فێندەمێنتالیستەکانی ئەمڕۆ بەسەر تازەگەران و لیبرالیزمەکاندا. وەک ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە.

بەڵام داخۆ "ئەشعەری " (٨٧٣- ٩٣٥) چی کرد؟ "ئەشعەری " کودەتایەکی فیکری بەسەر موعتەزیلەکاندا کرد، ئەگەرچی سەرەتا خۆی یەکێک بوو لە قوتابییەکانیان. ئێمە تا ئێستاش باجی ئەو کودەتا کۆنەپەرستانەیە دەدەین. کودەتاکەی مانای پەکخستنی یاسای هۆکاریێتی و ئیرادەی مرۆڤ بوو. بۆ نموونە "ئەشعەری" داکۆکی لەو تێزە پووچگەرایە دەکرد کە هەرچی بەها و پێودانگی بابەتییە وێرانی دەکرد و دەڵێت: (ڕەنگە یەزدان پاداشتی کەسێک بکات کە بە درێژایی ژیانی خراپەی کردووە، لە بەرامبەریشدا مرۆڤێکی چاک سزا بدات کە بە درێژایی ژیانی ئیشی باشی کردووە! بەڵام بۆچی ؟ لەبەرئەوەی خوا توانای هەموو شتێکی هەیەو هەروەها ئامانج و مەبەستی ئەو لە ئێمە گەورەترە و درکی پێ ناکەین). هیچ کەس لاری لەمە نییە، بەڵام ئەوەی موعتەزیلەکان بەرپەرچی دەدەنەوە و پێیان قووت ناچێت، ئەوەیە کە خوا بەو دادپەروەرییە بێ سنوورەی خۆیەوە، ناشێت چاکەکار سزا بدات و خراپەکار پاداشت بکات، چونکە گەر ئەوە بکات ئەوا خۆی بەرپەرچی قسەکانی خۆی دەداتەوە. ئەی ئەوە ئەو نییە لە قورئاندا دەفەرموویێت: (فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره)؟ ئەوەتا جارێکی تر دەبینین موعتەزیلەکان ڕاستگۆتر و دڵسۆزترن، لەگەڵ ناوەڕۆک و ڕۆحی قورئاندا.

لە ڕاستیدا بێ نرخکردنی یاسای هۆکاریێتی و ئیرادەی مرۆڤ و بەرپرسیاریێتی تاکەکەس لە کار و کردەوەکانی لەلایەن "ئەشعەری "یەوە، بووە مایەی وێرانکردنی ئەقڵانییەت لە ئیسلامدا و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەش بە ئەقڵییەتێکی پاسیڤ و بێ ئیرادە بوو. سەرکەوتنی "ئەشعەری " بەسەر موعتەزیلەکاندا، مانای سەرکەوتنی ئیمانێکی غەیبانی - نا عەقڵانی بوو بەسەر ئیمانێکی ئەقڵانی - لۆجیکیی ڕۆشنگەردا. پاشان

له دوای "ئەشـعـەری " "غـەزالی " هات بۆ ئەوەی درێژە بە کـاری ئەو بدات و گورزێکی گران ئاراسـتـەی فەلسـەفـە و بیرکردنەوەی ئەقـلانی بکات. ڕاسـتـە "غـەزالی " بیـریارێکی ڕۆحـانی و عـارفـێکی مـەزن بوو، ئـەوەش راسـتـە کـە ئاگـەداری وتـەزای فـەیلەسـووفـەکـانی وەک: "فـارابی و ئیبن سـینـا" بووە و هەندێ لـەو ڕەخنانەشی ئاراسـتـەی کـردوون هەڵە نـەبووە و لە جـێی خـۆیدا بووە، بەلام بە ڕۆچوونی لەناو تەسـەوفدا لەگەڵیشیدا پایەماڵکردنی لۆجیکی ئەقلانی، ئەقڵی لـە ئیسـلامدا لەبار بـرد، دوای ئەوەی "ئەشعەری " لەوەوبەر گورزی کوشـندەی لێ دابوو. دواجـار "مـالک شـبل" هێرشـێکی تـوند دەکاتە سەر ڕۆژگاری ئەشعـەرییەکان و ئەو سەردەمە بە گۆڕسـتانی فیکری ئازاد لە ئیسـلامـدا ناودێر دەکـات. چونکە لەو قـۆناغـەدا دەرگـە لە ئیـجـتیـهـادکـردن داخـرا و بیـر و باوەڕێکی داخـراوی دۆگـمـاتیـسـتی دروست بـوو. ئەمـەش دواجـار بـوو بە حـەقیـقـەتێکی ڕەها و، هـەر کـەسـێک تۆزقـاڵێک لـێی لا بدایە تەکفیر دەکرا.

هـەر بەناوی ئەم عەقیدە دۆگماتیستەوە موعتەزیلە و فەیلەسووف و تەواوی زانا و بیریارە ئازادیخـوازەکانی ئیسلام تەکفیر کران، لە ئێستاشدا هـەر بەناوی ئەوەوەیە کە ڕۆشنبیران لە میسر و جەزائیر و سەرجەم ولاتانی تری ئیسـلامیدا تیرۆر دەکرێن. تا هـەنووکە ئەم عـەقیدە دۆگمـاتیستـە داخـراوە بالادەسـتـە و چارەنووسـانی بە دەسـتـە. لەبەر ئەوە هەسـتـانەوە و ڕابوونی جیهـانی ئیسـلامی، پێویستی بـە لێک - شیتـالکردنی ئەم عـەقیدە داخـراوە هەیە، تا لەسـەر دار و پەردووی ئەو عەقیدەیەکی کراوەتر و ئەقلانیتر بنیات بنرێت. ئەم عەقیدە دۆگمایەی کە لافی ئەوە لێ دەدات ڕاستەڕێگەی ئیسلامە و هـەرچی تر هەیە گومـڕایی و سـەرلێشێواوییـە، هـەر ئەو بوو سـاڵی ١١٥٠ لە بەغدا کتێبەکانی ئیخوان صەفا و "ئیبن سینا"ی سووتاند. هـاوکات هـەر ئەم عـەقیـدەیە بوو بە مـاوەیەکی کـورت دوای ئەوە، کتـێبەکـانی "ئیـبن روشـد"ی لە قـورتوبەدا گڕ تێ بەردا. هـەر ئەویش بوو بە درێژاییی سـەردەمی سـەلجـووقی

و عوسمانییەکان و تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان، ئازادیی بیرکردنەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا خەفە کرد. هەر ئەویشە بەم دواییانە "سەید قمنی " بێدەنگ کرد و هەوڵی دا "نەجیب مەحفووز" و دەیان رووناکبیری تر لە جەزائیر و سووریا و لبنان و سوودان و ئێراندا تیرۆر بکات. هەر بەناوی ئەو بیر و باوەڕە دۆگماتیست و داخراوەشەوە گرووپەکەی "گوڵبەدین حیکمەتیار" لە زانکۆی کابوڵ لە ئەفغانستان، تێزابیان دەکرد بە دەموچاوی ئەو کچانەی حیجابیان نەدەپۆشی . شێواندن و تێکدانی دەموچاویان، سزایەک بوو بۆ حیجاب نەپۆشینیان. لە کۆتاییدا دەڵێم، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پەردە لە ڕووی ئەم (عەقیدە پیرۆزە) هەڵماڵین، بۆ ئەوەی بزانین یەکەمین جار لە ڕووی مێژووییەوە چۆن دروست بووە و چۆن چۆنی بەسەر ئاقاری ئەقڵانیدا لەسەر زەمینی ئیسلام زاڵ بووە.

## له نێوان ئیسلام و خۆرئاوادا

کتێبی (له نێوان ئیسلام و خۆرئاوا)*دا، گفتوگۆیەکی درێژه لەگەڵ خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ "مەکسیم رۆدنسۆن" "جیرار خوری" ئەنجامی داوه. له ڕاستیدا ئەم جۆره کتێبانه واته کتێبی گفتوگۆ و دیالۆگ، وەک دەڵێن له پاریسدا بووەته مۆد، چونکه خەریکه هەموو فەیلەسووف و بیریارێکی مەزن پەنا بۆ ئەم ستایله دەبەن له پێناو ڕوونکردنەوەی ئایدیا و ڕا و بۆچوونی خۆیاندا.. بێگومان ئەو کەسەی ئەم دیالۆگانه ساز دەدات گەر زیرەک بێت، ئەوا دەتوانێت شتگەلێگ لەو بیریار و فەیلەسووفه هەڵکرێنێت که رەنگه له کتێبەکانیدا نەبێت، یان گەر هەشبێت بەشێوەیەکی ئەوەنده قورس و ئەکادیمی نووسراوه که تێگەیشتنی ئاسان نییه. شایەنی وتنه ئەو ستایله ساده و رەوانەی کتێبی گفتوگۆی پێ دەنووسرێت، وا دەکات خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و خوێندنەوەی خۆشتر بێت، به پێچەوانەی ئەو کتێبه ئەکادیمییه وشکانەی که مرۆڤ حەوسەڵەیەکی زۆری دەوێت تا هەمووی بخوێنێتەوه و دەستبەرداری نەبێت.

ئەو پرسیارانەی "جیرار خوری " لەم کتێبەدا ئاڕاستەی "مەکسیم رۆنسۆن" یان دەکات، له یەک کاتدا پرسیاری گشتی و پرسیاری تایبەتیشن. بۆ نموونه پرسیاری لەبارەی منداڵی و خانەوادەکەی و سەرەتا دژوارەکانی ژیانی لێ دەکات، کاتێک بۆ بەدەستهێنانی بژێویی ژیانی رۆژانەی ناچار بووه وەک خزمەتکارێک ئیش بکات! بەڵێ ئەم خۆرهەڵاتناسه

---

* Maxime Rodinson, Enter et Occid ent. Entretiens arec Gerard D.Khoury, Paris, Les Belles Lettres, 1998.

بەناوبانگە لە خانەوادەیەکی هەژاری جوولەکەدا هاتووەتە دنیاوە و هەر لە منداڵییەوە ناچار بووە کار بکات، بۆ ئەوەی بژی و بتوانێت خوێندن تەواو بکات. من لێرەدا ئەوە ناکەم بەدرێژی باس لە سەرەتاکانی ژیانی و تەنانەت ئەو ماوەیەش بکەم کە لە وڵاتانی سووریا و لبناندا ماوەتەوە، بگرە ڕاستەوخۆ دەچمە سەر لایەنی فەلسەفی لە کتێبەکەدا. بەڵام پێم باشە بەر لەوە کورتەیەک لەبارەی ناوەڕۆکی گشتیی کتێبەکەوە بخەمە ڕوو.

سەرەتای کتێبەکە بە پێشەکییەکی "جیرار خوری " دەست پێ دەکات بەناونیشانی (خۆرهەڵاتناسییەکی تر)، پاشان سێ نەسکی بەدوادا دێت: یەکەمیان باس لە منداڵی و قۆناغی هەرزەکاری "رۆدنسۆن" دەکات لە پاریس و دووەمیشیان تایبەتە بە جەنگی دووەمی جیهانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ١٩٣٩ بۆ ساڵی ١٩٤٥، چونکە لەو ماوەیەدا "رۆدنسۆن" لەوێدا ژیاوە. سێیەم بەش باس لە گەڕانەوەی دەکات بۆ فەرەنسا، لە سووریا و لبنان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە. نەسکی چوارەم تایبەتە بە بابەتێک لەژێر سەردێری (مارکسیزم و ئیسلام). کۆتایی کتێبەکەش باسێکە بەناونیشانی (مەکسیم رۆدنسۆن بە قەڵەمی مەکسیم رۆدنسۆن)، ئەمەش برێتییە لە دەقی ئەو لێکۆڵینەوەیەی ساڵی ١٩٧٠ لەبەردەم ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی سۆربۆندا پێشکێشی کرد، بەمەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا. لەم نووسینەیدا باس لە پێشینەی فیکری خۆی دەکات و ئەو هۆکارانەش دەخاتەڕوو کە هانیان داوە گرینگی بە باس و خواسی ئیسلامی و زمانە سامییەکان بدات.

وەکی سەرنج دەدەین "مەکسیم رۆدنسۆن" تەنیا ئەو کاتە بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت کە تەمەنی گەیشتە پەنجا و پێنج ساڵان، کەچی خاوەن دکتۆراکانی لای خۆمان بەر لەو تەمەنە و زۆر بە ئاسانی بڕوانامە وەردەگرن. بەڵام ئاخۆ ئەوە مانای تیایە و دەکرێت بە بڕوانامەی دکتۆراکەی "رۆدنسۆن"ی بەراورد بکەین؟ چ زۆرە ئەو بڕوانامە خڕوت و خاڵییانەی

خوێندکارانی عەرەب لە خۆرئاوادا وەری دەگرن! چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، ئەمە وای لێ کردم وتارێک بنووسم بەناوی: (ڕووخانی باستیل یان ڕووخانی سۆربۆن!)، بەڵام لە بەرەنجامەکانی ترسام و نەمنووسی. بەهەر حاڵ ئەوە بابەتی سەرەکی ئێرە نییە، بابەتی سەرەکی لەو پرسیارانەدایە کە "جیرار خوری " لە "مەکسیم ڕۆدنسۆن"ی دەکات، لەبارەی هۆکاری داخرانی ئەقڵەوە لە خۆرهەڵاتی عەرەبیدا. پێمـوایە زۆرجار بۆ ئەوەی وەڵامێکی تەواوی ئەم پرسیارەی دەسگیر بێت، "ڕۆدنسۆن"ی بە تەنگ هێناوە و گیر و گازی زۆری لەگەڵدا کردووە، بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆی دەسگیر نەبووە، لەبەرئەوەی "ڕۆدنسۆن" لە وەڵامی ڕاستەوخۆی ئەو پرسیارە خۆی دزیوەتەوە.

ئەو پرسیارەی "جیرار خوری" دەیکات بەم جۆرەیە: (دواکەوتوویی میللەتانی عەرەب، پێوەندی بە هۆکاری مادییەوە هەیە یاخۆ دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە فیکری و ئایدیۆلۆجییەکان). لە وەڵامدا "مەکسیم ڕۆدنسۆن" وەک مارکسیستێک دەڵێت: (بەپلەی یەکەم هەلومەرجی مادی و ئابووری ڕۆڵی لەو دواکەوتنەدا هەیە، پاشان هۆکاری فیکری و ئایدیۆلۆجی، چونکە ئەمانە بەرهەمی هەلومەرجی مادی و ئابوورین). کاتێکیش "جیرار خوری " پێی دەڵێت کە ئەقڵییەتی خۆرئاواییەکان لە ئەقڵییەتی خۆرهەڵاتییەکان جیاوازە، لەبەرئەوەی یەکەمیان ڕێگە بەفیکری ڕەخنەیی دەدات، بەڵام دووەمیان ئەقڵییەتێکی دۆگما و داخراوە. لە وەڵامدا "ڕۆدنسۆن" دەڵێت: (بەڵێ ئەوەی تۆ دەیڵێیت لە ئێستادا ڕاستە، بەڵام ڕەنگە لە داهاتوودا ئەو شتانە گۆڕانیان بەسەردا بێت).. ئەم وەڵامە شێلگیرانە دژی ئەو هەڵوێستە ڕەگەزپەرستانەیە کە دەڵێت: (خۆرئاوا خۆرئاوایە و خۆرهەڵاتیش خۆرهەڵاتە و هەرگیز بەیەک ناگەن). هەروەها پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێت: (خۆرهەڵاتییەکان دواکەوتوون لەبەرئەوەی خۆرهەڵاتین و سەر بە ڕەگەزێکی ئاست نزمن و بەخۆڕسک دەمارگیر و توندڕۆن، بەپێچەوانەی

ئەوروپاییەکانەوە). ئەم وەڵامە تەئکید لە نەگۆڕانی جەوهەر دەکاتەوە. واتە گەر تۆ لە سەرەتاوە ناوەڕۆکت لار و لەوێر بوو، هەرچی بکەیت ناتوانیت ببیتە ئەقڵانی و شارستانی! خۆشبەختانە "رۆدنسۆن" ئەم بۆچوونە رەت دەکاتەوە و ئافەرۆزی دەکات.

لەلایەکی ترەوە من پێمـوایە "رۆدنسۆن" هەندێ جار زیاد لە پێویست مارکسیستە، ئەگەرچی باس لەوەش دەکات کە ئەو ئەگەر مارکسیش بێت، ئەوا مارکسیستێکی سەربەخۆیە و دۆگماتیست نییە، یان تەنانەت هەر مارکسیش نییە (بڕوانە دواین نووسینەکانی). چونکە ئەو وەک یەکەیەکی سەربەخۆ سەیری ئەقڵ و بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیا ناکات و هەموو کات ئەمانە بەهەلومەرجی مادی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گرێ دەدات. هەندێ جار وای بۆ دەچم ئەویش زۆر لەو تیۆریا بەتاڵەی سەرخان و ژێرخان بە دوور نییە کە ساڵانێکی زۆر ویردی سەر زمانی کۆمۆنیستەکان بوو. "رۆدنسۆن" وەڵامی هەندێ لەم پرسیارانە ناداتەوە: (بۆچی هەندێ جار هەلومەرجی مادی دەگۆڕێت، بێ ئەوەی ئەقڵییەت و بیرکردنەوە گۆڕانی بەسەردا بێت؟ یان ئەوە چۆن لێک بدەینەوە کە منداڵی بنەماڵە بۆرجوازییەکان لە شارە گەورەکاندا هەر پابەندی ئەقڵییەتی خورافی و ئاینی کۆنن، ئەگەرچی لە کۆلیجەکانی زانست و پزیشکی و فیزیاشدا دەخوێنن؟... بۆچی ئەمانە لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی مادی چواردەوریاندا، ئەقڵ و بیرکردنەوەشیان ناگۆڕێت؟). من لە وەڵامەکانی "رۆدنسۆن" جاڕس بووم، چونکە نایەوێت هێندەی تۆزێک لەو هەڵوێستە مادییەی لابدات، ئەگەرچی "جیرار خوری " پرسیاری زۆر و گرینگی لێ دەکات. "رۆدنسۆن" نایەوێت تیۆریاکەی "جۆرج دوبی" لەبارەی بیرکردنەوە و پێوەندی بەهەلومەرجی مادییەوە بەهێند وەربگرێت کە باس لەوە دەکات، هەندێ جار ئەقڵ و بیرکردنەوە هەنگاوی گەورەتر دەنێت بە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. تەنانەت هەندێ جار ئەقڵ ئاڕاستەی مێژوو دەکات

و له شته مادییەکان زیاتر کاریگەری لەسەر جێ دەهێڵێت.

سەبارەت بە گۆڕین و دەسکاریکردنی ئەقڵییەت و بیرکردنەوەی خەڵک، قسەیەک هەیە دەڵێت: (لەقکردن و جووڵاندنی کێوێک لە گۆڕینی ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی گرووهێک زەحمەتترە!). گەر وانە بێت ئەی چۆن دیاردەی خێڵ و دەستەگەرێتی و رەگ داکوتانی بەناخی خۆرهەڵاتییەکاندا تا ئەو ئاستە، لێک بدەینەوە؟ بۆچی ئەم دیاردەیە، تەنانەت لە سەردەمی ئینتەرنێت و مانگە دەستکردەکان و سەرجەم ئەو کودەتا مادی و گۆڕانکارییانەی لە خۆرهەڵاتی عەرەبیدا ڕوویان دا، هەر نەگۆڕا و وەکی خۆی مایەوە؟ خۆ هەلومەرجی مادی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و ئێمە ئێستا لە رۆژگاری پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیادایین؟ کەچی بیرکردنەوەمان بیرکردنەوەی ئەو سەر دەمانەیە کە بەسەر پشتی حوشترەکانەوە بووین؟ بۆچی هەلومەرجی مادی گۆڕا، کەچی ئەقڵ و بیرکردنەوەی خەڵک هەروەک خۆیەتی و نەگۆڕاوە؟.

"رۆدنسۆن" وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانە ناداتەوە و ناشتوانێت وەڵامیان بداتەوە، لەبەرئەوەی تا ئێستاش دیلی وتەزا دۆگما و بەرتەسکەکانی مارکسیزمە و بەلای ئەوەوە هەرچییەک لە هەلومەرجی مادی و ئابووری بەدەر بێت، شتێکی لاوەکییە و گرینگیی ئەوتۆی نییە. لێرەوە ئەوەی ئەو گرینگی پێدەدا و ئەولەویەتی هەیە، گۆڕانی هەلومەرجی مادییە و دوای ئەوە خۆبەخۆ و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەقڵییەت و بیرکردنەوە بۆ خۆی دەگۆڕێت!، بەڵام مێژوو بۆی سەلماندین مەسەلەکان بەو جۆرە نین کە ئێمە پێمان وابوو. ئەوەتا "بن لادن" و تەواوی فێندەمێنتالیستەکان ئامرازی زانیاری و ئینتەرنێت و مۆبایل بەکار دێنن، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەقڵییەتی سەدە کۆنەکان بیر دەکەنەوە. کەواتە چۆن دەکرێت ئەم ناکۆکییە و تەنانەت ئەو شیزۆفرینیایە لێک بدەینەوە کە لەمڕۆدا دووچاری ملیۆنان موسڵمان بووە؟ چۆن ئەو دەمارگیرییە نابینایە شرۆڤە بکەین کە سەرەڕای گۆڕانی ژیانی مادیی کۆمەڵگاکانیشمان، کەچی هەر بەردەوامە و درێژەی هەیە؟

گومانی تێدا نییە "ڕۆدنسۆن" لە جێیەکی تردا سەرنجمان بۆ لای خاڵێکی گرینگ ڕادەکێشێت: ئەویش ئەوەیە موسڵمانان وەکو فەیلەسووفانی ئەوروپا، تا ئێستا پەییان بە بیری ڕەخنەیی نەبردووە و وەکی پێویست بەسەر کەلەپووری خۆیاندا پراکتیزەیان نەکردووە. ئەو پێیوایە جەماوەری وڵاتانی ئیسلامی تا ئێستایش لە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین، ئەو قۆناغەی ئەوروپا لە سەدەی شازدەمەوە بەجێی هێشت. بۆیە پێویستە ئێمەش چەند سەدەیەکی تر چاوەڕوان بین، بۆ ئەوەی ریفۆرمی ئاینی و ڕۆشنگەری ڕووبدات و سەدەکانی ناوەڕاست جێ بهێڵین.

بەڵام ئاخۆ دەبێت ئێمە چەند سەدەیەکی تر چاوەڕوان بین، تا لەو هەلومەرجە دژوارە قوتارمان بێت کە ئێستا تێیدا دەژین؟ ئاخۆ ئەو قسانەی "ڕۆدنسۆن" تووشی نائومێدیمان ناکات؟. ڕەنگە ئەو مەبەستی ئەوە بێت ئێمە کاتێکی زۆرترمان دەوێت بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی دەمارگیری و ئەقڵییەتی خێڵەکی پێ بکەین، بێگومان لەمەشدا ڕاستی پێکاوە و هەق بە ئەوە. لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی تری ئەم کتێبەدا، "ڕۆدنسۆن" بەڵگە بە قسەی "مارسیل موس"ی مامۆستای دێنێتەوە کە یەکێک بووە لە سۆسیۆلۆجیستە گەورەکانی فەرەنسا و بەمەش لەو مەرجە ڕەهایانەی هەلومەرجی مادی و ئابووری دێتە دەرێ. "موس" دەڵێت: (بیر و بۆچوون لە حاڵەتی دەگمەن و چرکەساتی تایبەتیدا نەبێت، ئاراستەی جیهان ناکات). ئەمە چ کاتێک ڕوو دەدات؟

"ڕۆدنسۆن" لە وەڵامدانەوەدا پڕکێشی ناکات و درێژەی ناداتێ . بەڵام دەتوانین بڵێین بۆ نموونە دەرکەوتنی "مارتن لۆتەر" لە بەراییەکانی سەدەی شازدە لە ئەڵمانیادا، بۆ خۆی چرکە ساتێکی تایبەتی بوو لە مێژووی میللەتانی ئەوروپاییدا. ئەم پیاوە ئەگەرچی هەژار و گۆشەگیر بوو، بەڵام بۆچوونەکانی بەهەموو لایەکدا بڵاو بوونەوە و توانییان دنیا بگۆڕن. ئەو قسانەی ئەو بنەمایەی ئازادبوونی مەسیحیەتی ئەوروپایی و خوێنی کردەوە

بە دەمـارەکانیدا. بەهۆی کۆمـەڵێک وتار و لێدوانەوە، توانی خۆرئاوا بێنێتە شـەک و شـۆک و ئەوروپا بگۆڕێت. بەم جۆرە دەتوانـین بڵـێین: (لە سـەرەتادا وشـە هەبوو، نـەک ئابووری و مـادە). بەڵـێ وشـە ڕووی جـیـهـان دەگـۆڕێت، ئەگـەر لە کـاتی خـۆیدا بێت و وەڵامی پێـداویسـتـیـیـەکی مـێـژوویی بداتەوە. هەروەها دەتوانین هەمان شت لەبارەی فەلسەفەی ئایدیالستی ئەڵمانییەوە و "کانت" و "هیگڵ" و "جان جاک رۆسۆ"یش بڵـێین، چونکە ئەمانەش جیهانیان گۆڕی و بە بەراورد بـە "لۆتەر"، جـیـهـانـیـان هەنگاوێکی تـر بەرەو پێش برد و مـیللەتانـی ئەوروپاییـیـان لە کۆت و بەندی ئەقڵـیـیـەتـی تەقلیدی ڕزگار کرد. هـاوکـات لێـرەشـدا دەتوانـین بڵـێین: ئەوە فـیکرەکـە جـیـهـان دەگـۆڕێت و ئاڕاسـتەی مێژوو دەکات، بەڵام هەمـوو فیکرێکیش نا! کـێ چوزانێت؟ ڕەنگە لە ئێستادا موسڵمانان پێویستییان بەم فیکرە هەبێت، تا بە ئاگایان بێنێت. بەڵـێ قەیرانی ئێمە بەگشتی چەندە مادی و ئابوورییە، ئەوەندەش قەیرانێکی فیکری و ڕۆحییە.

نابێت دیاردەی فـێندەمـێنتـالـیـزمی ئیـسـلامی بەوە لێک بدەینەوە کـە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستکورتی و هـەژارییەی توێژێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی ئیـسـلامی بەدەسـتـیـەوە دەناڵێنێت. هاوکـات فـێندەمـێنتـالـیـزم ڕووبەڕووی مـەترسـیـیـەکی فیکریشـمـان دەکـاتەوە، کـە تائێـسـتـا کـەس بوێری ئەوەی نەکردووە لە سەرزەمینەی فیکری ڕووبەڕووی بێتەوە (بێگومان لێرەدا فیکری مـحـەمـەد ئەرکـۆن هـەڵدەبوێرین). کـەواتە مـیللـەتانی ئێـمـە هـەر لە ڕووی مـادییـەوە هەژار نین، بگرە لـە ڕووی فیکریشـەوە دەسـتکورتن. گۆڕان ئەگەر بێت یەکەم جار لە ڕێی فیکرەوە دێت، بەر لـەوەی لەواقیعدا بەرجەسـتە بێت. ئەوە شـۆڕشـە فـیـکـرییـەکـان بوون زەمـینـەیان بۆ شـۆڕشـە سـیـاسـی و کۆمـەڵایەتی و ئابوورییەکان ڕەخسـاند، نەک بە پێچـەوانەوە. یەکەمین شـتێک پێویسـتە بیگۆڕین گۆڕینـی بیرکردنەوە و ئەقڵـیـیەتی خـەڵک و خـوایە، دوای ئەوە گۆڕانکارییەکانی تر خۆبەخۆ ڕوو دەدەن.

ئەگەر فەلسەفەی رۆشنگەریی ئەوروپایی نەبوایە شۆڕشی سیاسیی مۆدێرن رووی نەدەدا، واتە شۆڕشی ئینگلیزی و شۆڕشی ئەمەریکایی و شۆڕشی فرەنسایی بەرپا نەدەبوو. ئەمەش زیادەڕۆیی نییە، چونکە فیکر بالاترین و پیرۆزترین شتە لە بووندا. بەڵێ فیکر ئەگەر بنەمایەکی مادی یاخۆ چینێکی کۆمەڵایەتی نەدۆزییەوە کە لە ئامێزی بگرێت، ئەوا دەپووکێتەوە و دەمرێت، گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەمە چارەنووسی فیکری ئەقلانییە لە دنیای ئیسلامدا. بیرکردنەوەی ئەقلانی لە سەردەمی عەباسییەکاندا و بەتایبەت لە سەردەمی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا بۆ ماوەیەک گەشەی سەند، بەڵام دوای ئەوە پووکایەوە و نەما. چونکە ئەو چینە بۆرجوازییەی پاڵپشتی موعتەزیلە و فەیلەسووف و ئەدیبان بوو، بەهۆی وەرگۆڕانی رێگەکانی بازرگانی لە جیهانی ئیسلامییەوە بەرەو شوێنەکانی تر، پێگەی خۆی لە دەست دا و لاواز بوو. بەم جۆرە کۆمەڵگەی ئیسلامی چووە قۆناغی جوینەوە و دووبارەکردنەوەی شتەکان.

لەلایەکی ترەوە "رۆدنسۆن" پێیوایە هۆکاری پێشکەوتنی خۆرئاوا و قەڵەمبازە شارستانییەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ خۆ جیاکردنەوەی چینی بۆرجوا - واتە ئەو چینەی لە شارەکاندا نیشتەجێ بوو، لە توێژی سەربازی و فیودالیزمی فەرمانڕەوا و وەرگرتنی جۆرە ئۆتۆنۆمییەک بۆ خۆی، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا بە پێچەوانەوە لەشکر (بەتایبەت تورکەکان لە سەدەی یازدەوە)، لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو کایەکاندا بوو. بەم جۆرە چینی دەرەبەگ و لەشکر لە سەدەی شازدەوە تا سەدەی نۆزدە، جیهانی ئیسلامییان بەڕێوە دەبرد. ئەمە لە کاتێکدا ئەوروپا بەئاڕاستەیەکی تردا گەشەی دەکرد. لە سەرەتای سەدەی یازدەوە دروستبوونی سیستەمی شارەوانییەکان لە شارەکانی ئەوروپادا دەستی پێ کرد و بازرگانیش لە گەشەکردندا بوو. هەروەها لە نێوان سەدەی پازدە و نۆزدەدا چینی بۆرجوا تا دەهات گەورەتر و بەهێزتر دەبوو، بەجۆرێک توانی چینی دەرەبەگ و

میلیتاری ڕامالێت و کۆتایی بەدەسەڵاتیان بێنێت. هەموو ئەمانە وای کرد گاف گاف دەسەڵات لە سەری سەرەوە بۆ خوارەوە بگوازرێتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا داوودەزگاکان دروست بەن و کار بە سیستەمی دەنگدان و هەڵبژاردن بکرێت، واتە ئیتر لە ئەوروپا وای لێ هات خەڵک خۆیان فەرمانڕەوایان دەستنیشان دەکرد و وەک جاران لەسەرەوە خۆی بەسەریاندا نەدەسەپاند.

پاشان لە سەرەتای سەدەی شازدەوە شۆڕشە ئازادیخوازییەکان دەستیان پێ کرد. یەکەم جاریش بەهۆڵەندا دەستی پێ کرد، چونکە هۆڵەندا بەر لە هەمووان ئەزموونی مۆدێرنە و شارستانی و تۆلێرانسی ئاینی کرد. دوا بەدوای ئەوە لە سەدەی حەڤدەدا شۆڕشی ئینگلیزی و لە سەدەی هەژدەشدا هەردوو شۆڕشی فرەنسایی و ئەمەریکایی بەرپا بوون. ئەمانە هەموو بوونە مایەی سستماتیزەکردنی کۆمەڵگە، لە ڕێی یاساگەلێکی وەزعییەوە کە کۆتایی بە قۆناغی هەڕەمەکی و پشێوی هێنا. هاوشانی ئەمانەش گەشەیەکی گەورە لە بواری زانست و تەکنۆلۆجیادا دەستی پێ کرد، لەگەڵ کەڵەکەبوونی پارە و سامانێکی زۆردا. لە بەختی ئەوروپا هەموو ئەم هۆکارە مادی و فیکرییانە بەشدار بوون لەوەدا کە گەورەترین شارستانییەت لەسەر گۆی زەوی بخوڵقێنن. شتێکی سەیرە کۆی ئەم هۆکارانەی گرینگن بۆ دروستبوونی شارستانییەت، پێکەوە و لە یەک شوێندا کۆببنەوە. ئەمە بۆ خۆی شتێکی دەگمەنە لە مێژوودا.

زۆرێک لە میللەتانی تر هەوڵیان دا لە ڕێگەی لاساییکردنەوەیەوە، بە ئەوروپا بگەنەوە و بەو پێشکەوتنەی ئەو بگەن، بەڵام جگە لە یابان ئەوانی تر لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نەبوون و شکستیان هێنا. لەلای ئێمەش چینی بۆرجوا وەکی چینێکی داهێنەر و دینامیکی بەقەد پێویست گەشەی نەکرد، لەبەر ئەوە بزاوتی ڕێنیسانس پێشتر و دواتریش لای ئێمە دوچاری شکست هات. ئەمەش وای کرد فیکری ئەقلانی لە بەرامبەر فیکری غەیبانی

تەقلیدیدا پاشەکشە بکات، ئەو فیکرەی دواتر بزاوتە فێندەمێنتالیستەکانی لەسەر دروست دەبێت. بەڵام من پێموایە ئەم پاشەکشەیە کاتییە و یەکجاری نییە، چونکە داهاتوو بەسەر هەموو ئەگەرەکاندا کراوەیە.

دواجار دەتوانین بڵێین "مەکسیم رۆدنسۆن" بیریارێکی تەواو ئەقڵانییە، لەبەر ئەمەش ساڵی ١٩٩١ فیدراسیۆنی ئەقڵانییەکان لە پاریس خەڵاتی خۆیان پێ بەخشی. هەر لەم بۆنەیەشدا بیریاری فەرەنسایی "جان پییر فێرنان"، وتەیەکی گرینگی پێشکێش کرد و تیایدا ستایشی "رۆدنسۆن"ی کردبوو کە لە لێکدانەوەکانیدا بابەتییانەیە و لەو هاشوهووشە ئایدیۆلۆجی و گرۆتینە نائەقلانییە دوور کەوتووەتەوە کە لە تەمەنی لاوێتیدا و لەو کاتەی ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی بوو، بەسەریدا زاڵ بوو. "فێرنان" دەڵێت: (ئێمە چیی تر ناتوانین ئەقڵ لەسەر ئەو بنەمایە وێنا بکەین کە شتێکی رەهایە و لەسەروو رەخنەوەیە وەکی ئەوەی خەڵک و تەنانەت کەسانی وەک کانت و هیگڵیش پێیان وابوو.. فەیلەسووفانی رۆشنگەری پێیان وابوو ئەقڵ لە ئاسماندایە و بەسەر سەری هەمووانەوەیە، هەڵگری حەقیقەتە و ئاراستەی مێژوو دەکات و جەهل و نەزانین ڕادەماڵێت. بەڵام هەنووکە ئێمە بۆچوونمان سەبارەت بە ئەقڵ گۆڕاوە و دەزانین کە جگە لەو شتگەلێکی تر کار لە مێژوو دەکەن. تەنانەت زۆرجار ئەفسانەی نا ئەقلانی و فانتازیا و ویست و ئارەزووی مرۆڤ، زیاد لە ئەقڵ توانای مۆبێلیزەکردنی جەماوەریان هەیە).

بڕوانە سەرکردە ئسوولییەکان چۆن چۆنی ملیۆنەها خەڵک دەجووڵێنن، یاخۆ چۆن "هیتلەر" و "مۆسۆلۆنی " و سەرکردەکانی تری فاشیزمی ئەوروپی دەیانجووڵاندن. بەڵام سەروەختێک مەسەلەکە پێوەندی بە تێگەیشتنی ئەوەوە هەبێت کە ڕوو دەدات، ئەوا جگە لە ئەقڵ هیچ ئامرازێکی تر شک نابەین. گەر بێت و دەستبەرداری بین، ئەوا شەوەزەنگی تاریکی بەسەر مرۆڤایەتیدا دێت. "مەکسیم رۆدنسۆن" سەرەڕای هەموو ئەوەی ڕووی دا و ڕوو دەدات،

دەستـبـەرداری ئەقل و ئـەقڵانییـەت نەبوو. کـەواتە هـەر ئەقڵ بنەمـایە و هـەر ئەویشە وەکی "هیگڵ " دەڵێت جڵەوی مێژوو دەکات.

"کۆر نیلۆس کاستـۆر یادیس"ی بەڕەگەز یۆنانی و هەڵگری ڕەگەزنامەی فـرەنسـایی، یەکێکە لەو دەنگە گـرینگانەی کـە لە کـایەی ڕۆشنبـیـریی فرەنسایی و تەنانەت نێو دەوڵەتیشدا گوێی لێ دەگیرێت. ڕاستە ئەو زۆر لەسـەر شـاشـەی تـەلەفـزیۆنەکـانەوە دەرناکـەوێت و تەنانەت خـۆشی دەشارێتەوە، بەڵام لە ڕێگەی لێکچەر و سیمینار و بڵاوکراوەکانەوە، قسەی خۆی دەکات و کاریگەری لەسـەر هاوسەردەمەکانی جێ دەهێڵێت. دواین کتێبی (بەرزبوونەوەی پروپووچی)* کە لە پاریس چاپ بوو، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. تێیدا ڕق و تووڕەیی خۆی بەسەر بارودۆخی ئێستای دنیادا دەڕێژێت و خۆرئاوای هاوچەرخ بە توندی ئیدانە دەکات، بەڵام ئەوانی ترش بەتایبەت عەرەب و موسڵمانان نابوێرێت و سەرکۆنەیان دەکات.

"کاستۆر یادیس" ئەگەر چی نەخۆرهەڵاتناسە و نە پسپۆڕە لە کاروباری عـەرەبی و ئیـسلامـیدا، بەڵام بە حـوکمی ئەو ڕۆشنبـیرییە زۆر فـراوانەی هەیەتی، دەزانێت چۆن قسـە لەو مـەسـەلانە دەکـات. وەکی لە سـەرەتادا ئاماژەمان پێدا، "کاستـۆر یادیس" بە ڕەگـەز یۆنانییە و سـاڵی ١٩٢٢ لە تورکیا هاتووەتە دنیاوە. بەم پێیە بە چاکی ئاگەداری کاروباری دەوڵەتی عوسمانی و تورکیایە. خاڵێکی ئیجابی ئەوەیە کە ڕاستگۆ و قسە لە ڕووە و ترسی ئەوەی نییە ئەوانەی دەیڵێت، چ پەرچەکردارێکی لێ دەکەوێتەوە. هەندێ جار بە هۆی پەرگیری و ڕەقی بڕیارەکانیەوە کە لەسەر مەسەلەیەک دەیدات، هەندێ کەس تووشی شۆک دەکات و بریندارییان دەکات. ئەو بۆ

* Cornelius castoriadis, la montee de linsignificance, paris, seuil, 1916.

خۆی نووسەرێکە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی دنیا زۆر تووڕەیە. بۆیە لەم کتێبەدا زۆر نێگەتیڤانە لە دوا گۆڕانکارییەکانی خۆرئاوا و سستمە نوێیە جیهانییەکەی دەڕوانێت، بەڵام ئەم ڕەخنە نێگەتیڤ و زبرەی نایگەیەننە ئاستی ڕەشبینی و ملکەچکردن بۆ واقیع، بگرە ئەو پێیوایە لە هەرکاتێکدا بێت ئەگەری ئەوە هەیە شتێک بێتە ئارا، تا ئاراستەی ڕووداوەکان بگۆڕێت. لەلایەکی ترەوە ئەو ڕەخنانەی "کاستۆر یادیس" لە جیهانی ئیسلامی دەگرێت، هیچی لەوانە کەمتر نییە کە ئاراستەی خۆرئاوای دەکات و بگرە بە پێچەوانەوە زۆر توندترە، چونکە خۆرئاوا سەرەڕای هەموو پڕوپووچییەکی (وەکی وتمان کتێبەکە بە ناوی: بەرزبوونەوەی پڕوپووچییە)، هەر سەنتەری بزاوتی ئەفراندن و ڕەخنەیە لە سەرەتاسەری جیهاندا.

دیدگای گشتی "کاستۆر یادیس" باس لەمە دەکات: مێژووی مرۆڤایەتی بە درێژاییی خۆی دوو بزاوتی ئازادیخوازیی سەرەکی بە خۆیەوە بینیوە: یەکەمیان چرکەساتی یۆنانی کۆنە کە بۆ یەکەم جار هەریەک لە دیموکراسی و فەلسەفە هاتنە ئارا. دووەمیشیان چرکەساتی خۆرئاوای مۆدێرنە کە ڕۆشنگەری فیکری و پلورالیزمی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و دیموکراسی نوێنەرایەتیکردنی لەگەڵ خۆیدا هێنا. بێگومان چرکەساتی دووەم درێژکراوەی یەکەمە و لە چاخی ڕێنیسانسەوە، خۆرئاوای مۆدێرن یۆنانی کۆن بە سەرچاوە و ئیلهامبەخشی خۆی دەزانێت. بەڵام لێرانەدا پێویستە بڵێین پڕۆژەی ئازادکردنی مرۆڤ لە کۆیلایەتی و چەوسانەوە، هەموو کات شێوێنراوە و بەلاڕێدا براوە. لە پای ئەمەشدا بەردەوام بیریارانی ئازادیخوازیی تازە پەیدا بوون و بەگژ ئەو شێواندن و بەلا ڕێبردنەدا چوونەتەوە. تایبەتمەندێتی پڕۆژەی ڕۆشنبیری خۆرئاواش لەوەدایە کە بەردەوام سەرقاڵی ڕەخنە لە خۆگرتنە. ئەمەش پرۆسەیەکە پڕۆژە ڕۆشنبیرییەکانی تری وەک: (هندی و بوودایی و یابانی و ئیسلامی)، بڕوایان پێی نییە و تەرێزی لێ دەکەن.

کـەواتە ڕەخنە لە خـۆگـرتن تایبـەتمەنـدیی خـۆرئاوایە و هـەر ئەوەشـە وای کردووە بۆڕی نەتەوەکانی تر بداتەوە و شـارسـتانییـەتی مـۆدێرنیش دروست بکات. خـۆرئاوا لە سـەردەمی یۆنانەوە تا ئـەمڕۆ، تاکـە شـارسـتانییـەتەکـە وێرابێـتـی ڕەخنـە لە کـــەلەپووری ئاینـی خـۆی بگرێت و لـە دەست کـۆت و بەندەکـانی رزگاری بێت، هـاوکات بوونی خۆشـی بەپێی ئەو یاسـا خـودی و ئەقـڵانییـانە ڕێک بخـات کە بـە خـۆی فـۆرمـەلەی کـردوون. ئەو یاسـایانەش شـیـاوی ئەوەن دەسکاری بکرێن یان چاکـتـر بکرێن، یـاخـۆ تـەنانەت ئەگـەر پێـویسـتـی کـرد لابـبـرێن و کـاریان پـێ نەکـرێت. کـەواتە خـۆرئـاوا وەکی میللەتانی تر یاساگەلێکی سەرمەدی و هەتا هەتایی نییە کە بەردەوام پابەند بێت پێـیانەوە و کـاریـان پێ بکات، بگرە هـەمـوو کـات لە هـەوڵی گـۆڕاندایە و ئەمەش وای لێ کرد، کۆت و بەندەکان بپچڕێنێت و دیموکراسی و فەلسەفە و دیالۆگی ئەقـڵانـی بێنێتـە ئارا. ئەمـە لە کـاتێکدا میللەتانی تـر تا ئێسـتـاش، گیرۆدەی دەسـتی کەلەپووری پیرۆزی خـۆیانن و نازانن چۆن چۆنی خۆیان لە دەستی قوتار بکەن.

دەتوانـین لە ناو ئـەوانەدا یابـان بە نموونـە بهـێنینـەوە. یابان یـەکـێکە لەو مـــیللـەتانـەی تەنیـــا هێـــزی ئابووری و تەکنۆلۆجی لـە پڕۆژەی خـــۆرئـاوا وەرگـرتووە، بەڵام لە بـەرامـبـەردا دەسـتـبـەرداری کەلەپووری دێرینی خـۆی نەبووە و ئەو کـــەلـەپوورەی نـەداوەتە بـەر ڕەخنـە و گـــومـــان، کـــارێک کـــە ئەوروپاییـیـەکان لـە سـەردەمی ڕۆشـنـگەرییـەوە پێـیـەوە خـەریکن. بەم پێیـە ناکـرێت باس لە پڕۆژەی ئازادیخـوازیی یابانـی بکەین، سـەرەڕای هـەبوونی ئەو هـێـز و توانا ئـابووری و تەکنۆلۆجـیـیـەی. لە ئـەزمـوونی وڵاتێکی وەک یابـاندا، جـیـاوازییـەکی گـەورە و گـران هـەیە لە نێـوان پێـشکەوتنی لە ڕادەبـەدەری تـەکنۆلۆجی، لـەگـــەڵ پابەنـدبوونێکی زۆر بـە کـــەلـەپوور و ترادسیـۆنی کـۆنەوە! خۆرئاوا سـەرەڕای ئەو پڕۆژە ئازادیخـوازە دەگمـەن و کـــەم وێنەیەی، کـــەچی دواجـــار هەڵخلیـسکایە ناو تـەونی چاوچنۆکی و

خۆپەرستی و هەڵپەی کەڵەکردنی سەرمایە و بەرخۆری و شوێنکەوتنی حەز و ئارەزووە تایبەتییەکان و.. هتد. بەم جۆرە ئەو پڕۆژە فەلسەفی و دیموکراسییەی خۆرئاوا لە ڕاستە ڕێگەی خۆی لای دا، بەڵام ئەم لادانە شتێکی کاتییە و ڕەنگە لە داهاتوودا پەرچەکرداری لە دژ دروست ببێت، وەک چۆن چەند جاری تر ئەم پرۆسەیە لە ڕابردوودا ڕووی داوە.

ئێستا با لێرە بە دواوە بێینە سەر باسی موسڵمانان و بزانین "کاستۆر یادیس"، هەلومەرجی ئەوان چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟ یاخۆ بە چ چاوێک سەیریان دەکات؟ بێگومان زۆر دڵڕەقانە سەیریان دەکات و قسەیان لەسەر دەکات. دەتوانین ئەمەش لە دووتوێی ئەم کتێبەیدا بخوێنینەوە. سەبارەت بە بارودۆخی گشتیی وڵاتانی ئیسلامی و بەرپرسیاریێتی خۆرئاوا لە دواکەوتوویی عەرەب و موسڵمانان دەڵێت: (عەرەبەکان بەردەوام ڕەخنە لە کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپایی دەگرن و هەموو پەتا و نەخۆشییەکانیان دەخەنە ئەستۆی ئەو، وەک: بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەداری و نەبوونی لانی کەمی دیموکراسی لە حوکمڕانیکردندا، لەگەڵ پەکخستنی گەشەکردنی ڕۆشنبیریی عەرەبی و.. هتد.. عەرەبەکان هەردەم خورتە و بۆڵەیانە و گلەیی لە بەدبەختی و بێچارەیی خۆیان دەکەن، بەڵام پێویستە بزانین کە درێژترین ماوەی کۆلۆنیالیزەکردنی وڵاتێکی عەرەبی لەلایەن ئەوروپاوە لە سەد و سی ساڵێک زیاتر نەبووە، ئەمەش تەنیا لە جەزائیردا ڕووی دا، لە کاتێکدا تورکە عوسمانییەکان بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ کۆلۆنیالیزەیان کردن و کەرامەتیان رووشاندن! کەچی کەس باسی ناکات. بۆچی؟ لەبەرئەوەی تورکەکان موسڵمانن و بەم پێیەش وەک کۆلۆنیالیزمێک سەیر ناکرێن! هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کە گەشەکردنی کولتووری عەرەبی لە سەدەی یازدە و دوازدەوە، واتە هەشت سەدە بەر لە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپایی، بە فیعلی وەستاو چووە دۆخی متبوونەوە. کەواتە دواکەوتوویی ژیاریی عەرەب، بە ماوەیەکی زۆر بەر لە قۆناغی کۆلۆنیالیزم دەست پێ

دەکـات. سـەرەڕای ئەوەش عـەرەبەکـان کـاتێک خـاوەنی هـێز و توانا بوون، مـیللەتانی تریـان ملکەچ پێ کـردووە و کۆلۆنیـالیـزەیان کـردوون، بەڵام هیچ کـەس ناوێرێت ڕەخنـە لەوە بگرێت و قـسـەی لەسـەر بکات. سـەبارەت بە بازرگـانیکردن بە کۆیلەشـەوە -ڕەش پێـستـە ئەفریقـاییـەکـان-، دەتوانین هەمان شت بڵێین. هەمووان ئەوروپاییـەکان سەرکۆنە دەکەن، لەبەرئەوەی لە سـەدەی شـازدەوە بازرگـانییـان بە ئەفریقـاییـە ڕەش پێستـەکانەوە کردووە، بەڵام کەس باس لەوە ناکات کە ئەم بازرگانییە عەرەبەکان لە سەدەی یانزە و دوازدەوە دایان هێناو دەستیان پێ کرد. زیاد لەوە سیستەمی کۆیلایەتی تا ئێستـاش، لە هەندێ وڵاتانی عـەرەبی و ئیـسـلامیـدا هەر مـاوە و کـاری پێ دەکرێت).

هەر لە درێژەی قسەکانیدا "کاستۆر یادیس" دەڵێت: (مێژووی مرۆڤایەتی مـێـژووی ملمـلانێی چینایەتی نیـیـە، بگرە مـێـژووی شـەڕ و کـوشـتـار و درێوییـەکـانە. ئەم مێژووەش هـەموو میللەتـان تێیدا بەشـدار بوون، هەر لە مـیللەتانی عـەرەبەوە تا یابانی و هیندی و ئەوروپایی و.. هتد. بەڵام تاکە جیـاوازی نێـوان ئەوروپا و مـیللەتانی تری جیـهـان ئەوەیە، تۆ دەتـوانیت لە ناوجـەرگەی پاریس و لەندەندا ئیـدانەی کـۆلۆنیـالیـزمی ئەوروپایی بکەیت، بەبێ ئەوەی کـەس بتگرێت یاخۆ دەسـتدرێژیت بکاتە سـەر، بەڵام ناتوانیت لە یابان یـاخـۆ لە وڵاتانی عـەرەبیـدا ئـەوە بکەیت. کـەواتە دەسکەوتی گـەورەی خۆرئاوا ئەوەیە کە ئازادی ڕەخنـە و نارەزایی و ڕادەربڕین فەراهەم دەکات و ئەم ئازادییـەش سنووری بۆ نییـە. ئەمـەش گـەورەترین دەسکەوتی مـۆدێرنەی خۆرئاوایە).

ئەوەی هۆکـاری پێـشـکەوتنی خـۆرئاوا و نوێبـوونەوەی بەردەوامـێـتی، ئەو پرۆسەی خۆ ڕەخنەکردنەیە کە پیادەی دەکات. خۆرئاوا لەوە ناترسێت خۆی بخـاتە ژێر باری پرسـیـار و گومـانەوە، لەبەر ئەوە بەرەو پێش دەچێت. تاکە پێودانگێک کە بە کاری دێنێت بڕێتییە لە دیالۆگی ئەقڵانیی شەفاف و کراوە،

ئەمەش تاکە ڕێگەیەکە مرۆڤ دەگەیەنێتە حەقیقەت. قورسترین شتێک بەلای مرۆڤی خۆرئاواییەوە، ئەوەیە بەبێ مشتومڕی پێشوەخت ڕاو بۆچوونی بەسەردا فەرز بکەیت. ئەمە شتێکە مرۆڤی خۆرئاوایی بە هیچ شێوەیەک قبوولّی ناکات، بەتایبەت دوای ئەوەی ئازادیی ڕەخنەگرتنی ئەزموون کرد و لە شۆڕشی فرەنسایشەوە تا ئەمڕۆ لێی بەهرەمەندە.

"کاستۆر یادیس" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پڕۆژەی ئازادی لە ئەوروپا زۆر زوو دەستی پێ کرد، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی سیستەمی شارەوانییەکانی بۆرجوازیدا لە سەدەی یازدەوە هاتە ئارا و پاشان لەگەڵ سەردەمی ڕێنیسانس و ریفۆرمی ئاینی لە سەدەی شازدەدا زیادی کرد، دواتر لەگەڵ ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەدا بەردەوام بوو تا بە شۆڕشی فرەنسایی گەیشت. پاش ئەم قۆناغە بزووتنە کرێکاری و سەندیکاییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بوونە ئاڵا هەڵگری ئەو پڕۆژە ئازادیخوازە، دوای ئەوەی لە چنگی بۆرجوازییەتیان دەرهێنا، چونکە بۆرجوازییەت ماندوو بوو هەروەها گۆڕا بۆ چینێکی موحافیزەکار. ئەمەش خەسڵەتی مێژووە: چینی بۆرجوا لە سەرەتادا شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ بوو، بەڵام دوای ئەوەی ئامانجەکانی بەدی هێناو بوو بە خاوەنی کۆمەڵێک دەسکەوت و لە هەوڵی پاراستنی ئەو دەسکەوتانەشدا بوو، ئیتر بوو بە چینێکی موحافیزەکار و دژە گۆڕان. واتە وەکی هەموو هێزە موحافیزکارەکان ترسی لە گۆڕان پەیدا کرد.

## دەمارگیریی ئاینی

بیریارە گەورەکان چۆن باس لە کێشەی دەمارگیریی ئاینی دەکەن؟ چۆن چۆنی تێی دەگەن؟ ئەم کتێبەی ئێستا لە بەردەستماندایە و بەناوی: (هەڵنەکردن و دەمارگیری)* یەوەیە، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. لە نووسینی ئەم کتێبەدا، لانی کەم چل تا پەنجا توێژەر لە سەرتاسەری جیهاندا بەشدار بوون. بێگومان ناتوانین وەڵام و بۆچوونی هەر هەموویان باس بکەین، بۆیە لە حاڵەتێکی وەهادا ناچار دەبین بژاریان بکەین و هەندێکیان وەلاوە بنێین. رەنگە بەهێنانەوەی یەک دوو پەرەگراف لە بۆچوونی هەر نووسەرێک و کۆکردنەوەیان پێکەوە، بگەینە دەرەنجامێکی باش لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە.

ئەڵبەتە ناهەقی دەکەین گەر گرینگی بەوەڵامی بریارێک بدەین و وەڵامی بریارێکی تریش پشتگوێ بخەین، بەڵام چی بکەین ئەمە گوناهی ئێمەی تێدا نییە. بۆ ئەوەی شتێک لەبارەی گرینگیی بەشداربووانی ئەم کتێبەوە بڵێین، هێندە بەسە کە ناوی: (ئیمپرتۆ ئیکۆ – فەیلەسووف و رۆماننووسی ئیتاڵی – و پۆل ریکۆر – پیری فەیلەسووفانی هاوچەرخی فرەنسایی و یەکێک لە مەزنە بیریارانی خۆرئاوا – و جاک لۆگۆف – مێژوونووسی بەناوبانگی سەدەکانی ناوەڕاست – و ڕینێیە ریمۆن – یەکێک لە پسپۆرە مەزنەکانی مێژووی ئاینزای کاتۆلیکی لە فرەنسا و پرسی دەمارگیری ئاینی – و محەمەد تاڵیبی – یەکێک لە گەورە بیریارانی وڵاتی توونس –، لەگەڵ محەمەد ئەرکۆن – کە لە ئێستادا و لە ڕێی پرۆژە مەزنەکەیەوە شۆڕشێکی

* Paul Ricoeur, M. Arkoun, et al, LIntolerance, Paris, Grasset, 1988.

ئەپستمۆلۆجی لە کایەی ئیسلامیدا خولّقاندووە – و ... هتد)، بێنین. من لێرانەدا بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە وەلاّمدانەوەکانی ئەم پۆلە بیرمەندە دەدەم: (پۆل ڕیکۆر، جاک لۆگۆف، ڕینێیە ڕیمۆن) لە بەرەی فرەنساییەکان، لەگەڵ (محەمەد تالّیبی و محەمەد ئەرکۆن) لە بەرەی ئیسلامیدا. چونکە بەم جۆرە دەتوانین حاڵی بین لەوەی کە چۆن لە هەردوو ئەو بەرەیەدا باس لە چەمکی تۆلێرانس و دەمارگیری دەکرێت و لەوەش تێ بگەین کە جیاوازی نێوانیان چییە، ئەویش بەهۆی ئەو جیاوازییە مێژوویی و کولتوورییەی لە نێوانیاندا هەیە.

لە باسێکدا بە ناونیشانی: (بیرکردنەوە لە دەمارگیری لە هەلومەرجی ئێستادا)، "پۆل ڕیکۆر" دەڵێت: (دەمارگیری گوزارشت لە خواستێکی خۆڕسک و سروشتی دەکات کە لە هەموو مرۆڤەکاندا هەیە. هەموو کەسێک یاخۆ هەموو دەستەو تاقمێک، حەز بەوە دەکات بۆچوون و بیر و باوەڕی خۆی بەسەر کەسانی تردا بسەپێنێت، کاتێک بەم کارەش هەڵدەستێت، ئەگەر هێز و دەسەلاّتی پێویستی هەبوو. کەواتە دەمارگیری بە پلەی یەکەم بریتییە لە سڕینەوەو بە سووک تەماشاکردنی بۆچوون و بیر و باوەڕی کەسانی تر، هەروەها بەڕوویەکی تردا بریتییە لەوەی بەزەبری هێز ڕێگە لەوانی تر بگرێت تەعبیر لە ڕا و بۆچوونی خۆیان بکەن و بە ئاشکرا بیر و باوەڕی خۆیان ڕابگەیەنن.. هاوکات دەتوانین بڵێین تێکڕای ئاین و ئاینزاکان دەمارگیرییان هەبووە و کاریان پێ کردووە، بەتایبەت لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا و تەنانەت تا ئێستاش لە چەندین شوێندا هەر ماوە).

لێرەدا "پۆل ڕیکۆر" لە نێوان دوو قۆناغی سەرەکیی مێژووی فیکردا جیاوازی دەکات: قۆناغی بەر لە مۆدێرنە و قۆناغی پاش مۆدێرنە. لە قۆناغی یەکەمدا دەمارگیری شتێکی ئاسایی و سروشتی بووە و مایەی هیچ سەرسڕمانێک نەبووە، ئەوەی سەیر بووە لەو قۆناغەدا هەڵکردن بووە لەگەڵ بیر و باوەڕی کەسانی تردا. بۆ نموونە لە ئەوروپا ئاینزاکانی مەسیحی

یەکتریان تەکفیر دەکرد و بە تاوانی گومڕایی و ونکردنی ڕاستە ڕێگەی مەسیحییەت، لە سەنگەردا بوون بۆ یەکتری. ئەمەش بوو بە سەرەتای مێژوویەکی درێژی ململانێی خوێناوی لە نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکاندا.. ئەم دۆخە وەختێک کۆتایی هات کە رۆشنگەری لە بەریتانیا و هۆڵەندا و دواتریش لە سەرتاسەری ئەوروپادا دەستی پێ کرد. بەم جۆرە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆرئاواو لە مێژووی فیکری مرۆڤایەتیدا بە گشتی، چەمکی حەقیقەت دووچاری قەیران بوو. بەڵام ئاخۆ مەبەست لەوە چییە کە دەڵێن حەقیقەت دووچاری قەیران بووە؟

مەبەست لێی ئەوەیە تا ئەو کاتە مرۆڤی کاتۆلیکی پێی وابوو حەقیقەتی ڕەهای ئاینی مەسیحی و ئاین بە گشتی لای ئەوەو کۆی ئاین و ئاینزاکانی تریش پووچ و بەتاڵن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە پرۆتستانت مەزهەبێکیش هەمان شتی بۆ خۆی بە ڕاست دەزانی و هەمان قەناعەتی هەبوو. لەبەر ئەوە شەڕ و پێکدادانێکی بێ ئامان لە نێوانیاندا ڕووی دا. بەڵام لەگەڵ دەسپێکی چاخی رۆشنگەریدا، هەر لایەنە و کەوتە پرسیارکردن لە خۆی: چۆنە گەر ئەوی تر بەشێک لە حەقیقەتی لە لا بێت؟ بۆچی هەر دەبێت تەنیا ئاینزا و بیر و باوەڕی خۆم ڕاست بێت؟ بەم جۆرە گومان لە ناخی رۆشنگەرانی هەردوو ئاینزاکەدا دروست بوو، کە بووە مایەی کەمبوونەوەی دوژمنایەتی و شەڕانگێزی لە نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکاندا و هەروەها بووە مایەی لێک نزیکبوونەوە و دەستپێکردنی دیالۆگکردن لەگەڵ یەکتردا. لەم قۆناغەدا گەیشتنە ئەوەی کە بێ مانایە لەگەڵ یەکتردا بەشەڕ بێن و لەسەر شوناس و بەهۆی جیاوازی مەزهەبییەوە یەکتری بکوژن، چونکە دەشێت هەموو ئاینێک بە چەندین ڕێگە و بە چەندین ئاینزا تێی بگەین و پەیڕەوی بکەین.

هەر لە درێژەی وەڵامدانەوەکەیدا "پۆل ڕیکۆر" دەڵێت: (لەگەڵ هاتنی رۆشنگەریدا، چەمکی پلورالیزم هاتە ئارا و خۆی سەپاند، ئەمەش یەکەم جار بوو شتی وا لە مێژووی فیکردا روو بدات. بە ڕووە سیاسییەکەیدا

پلورالیزم لە ڕێی دەوڵەتی عەلمانی مۆدێرنەوە لە واقیعدا کاری پێ کراو ئەمەش وای کرد تەواوی ئاین و ئاینزاکان سرووت و ڕێوڕەسمی خۆیان بەجێ بهێنن، بەڵام بەو مەرجەی کەس بیر و باوەڕی تایبەتی خۆی بەزەبری هێز و زۆر بەسەر کەسانی تردا نەسەپێنێ. بەم جۆرە دەوڵەت هەڵوێستی بێلایەنی لە سەرجەم ئاین و ئاینزاکان وەرگرت و بەیەک چاوی سەیری دەکردن.. ئەمە لە کاتێکدا دەوڵەتی فەڕەنسایی، بەر لە چاخی ڕۆشنگەری و بەرپابوونی شۆڕش لەو وڵاتەدا، لایەنگری تەواوی ئاینزای کاتۆلیکی بوو کە زۆربەی زۆری خەڵکی فەرەنسا پەیڕەوییان لێ دەکرد. دەوڵەت لەو سەردەمەدا کەمینەی پرۆتستانتەکانی وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیر دەکرد). "پۆل ریکۆر" سەرەنجام لە قسەکانیدا دەگاتە ئەوەی بڵێت: (تەنیا کۆمەڵگە دیموکراسی و لیبراڵی و دەستوورییەکانی ئەورووپا توانییان، بەسەر چەمکی دەمارگیریدا زاڵ بن و ئازادیی ئاینی دەستەبەر بکەن و مرۆڤ سەرپشک بێت لەوەی ئاین و ئاینزای خۆی بگۆڕێت).

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ، ئەویش ئەوەیە: (ئاخۆ کۆمەڵگەکانی تریش دەتوانن هەمان شت بکەن؟). ئەڵبەتە ئەم پرسیارە بەر لە هەر میللەتێکی تر بەرۆکی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان دەگرێتەوە و ڕووبەڕووی ئەوان دەکرێتەوە، بەڵام هاوکات دەکرێت ئەم پرسیارە لە کۆمەڵگە مەسیحییە ئەرسۆدەکسییەکانیش بکرێت لە سربیا و رووسیا و یۆناندا، چونکە تا ئێستاش ئەم کۆمەڵگایانە وەکی ئەورووپای خۆرئاوا پرۆسەی رۆشنگەرییان دەست پێ نەکردووە و دووچاری ئەو ململانێ دیالەکتیکییە نەبوونەتەوە لە نێوان ئەقڵی ئاینی و ئەقڵی فەلسەفیدا. بە واتایەکی تر قەیرانی حەقیقەتی ڕەها تا ئێستا لە جیهانی ئیسلامی و لە جیهانی ئەرسۆدەکسیدا ڕووی نەداوە، بەڵام تەواوی شتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئێمەش لەو قۆناغە نزیک بووینەتەوە. ئەو هەراو زەنایەی جیهانی ئیسلامی لەمڕۆدا بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵگەی ئەوەیە کە زەمین لەرزەی گەورە گەشتووتە

بەردەرگاکانمان.

بەڵام "جاک لۆگۆڤ" لە دیدگایەکی مێژووییەوە باس لە مەسەلەی (هەڵنەکردن و دەمارگیری) دەکات، نەک لە دیدگایەکی فەلسەفییەوە، لەبەرئەوەی بۆ خۆی بەر لە هەر شتێ مێژوونووسە. سەبارەت بە چەمکی هەڵکردن و دەمارگیری دەڵێت: (ئەم چەمکە تەنیا لە سەدەی شازدەمدا لە خۆرئاوا هاتە ئارا و بۆ یەکەم جاریش لەگەڵ شوێنکەوتووانی ئاینزای پرۆتستانتیدا پەیڕەویان کرد، چونکە ئەمانە لە فرەنسادا وەک گرووهێکی گومڕاو سەر لێشێواو سەیر دەکران.. بڕیارنامەی لێکبووردن لە ساڵی ١٥٦٢ بڵاو کرایەوە و لە ساڵی ١٦٩٥دا و لە سەردەمی شا هێنری چوارەمدا جەختی لەسەر کرایەوە، لە پێناو ڕێگرتن لە خوێن ڕشتن و کۆتاییهێنان بەو جەنگە ناوەخۆییەی بڕستی لەبەر گەلی فڕەنسایی بڕیبوو. بەڵام لویسی چواردەم لە سەدەی حەڤدەدا کارکردنی بەم بڕیارە ڕاگرت، چونکە لە هەوڵی ئەوەدا بوو پرۆتستانتییەکانی فرەنسا پاکتاو بکات و ریشەکێشیان بکات. ئەمەش بووە مایەی ئەو کارەساتە جەرگبڕەی تا ئێستاش فرەنساییەکان بیریان ناچێتەوە، واتە دوای تێپەڕبوونی سێ سەدە بەسەر ئەو ڕووداوەدا، بەڵام هەر زیندووە و بیر ناچێتەوە، لەبەرئەوەی برینێکی هێندە قووڵە کەوا بە ئاسانی خۆش نابێتەوە). لەمەوە "جاک لۆگۆڤ" دەگاتە ئەوەی بڵێت: (هەڵوێستی سروشتی و ئاسایی مرۆڤ دەمارگیرییە، نەک لێکبووردن. لێکبووردن شتێکە بە دەستی دێنین و دوای بەخەرجدانی هەوڵێکی زۆر و خوێندن و خۆ ڕۆشنبیرکردن فێری دەبین.. شتی سروشتی ئەوەیە کە هاو ئاین و هاومەزهەب و هاوتیرە و ڕەگەزی خۆم خۆش بوێت، لە بەرامبەریشدا ڕقم لە هەموو ئەوانە بێت کە لە دەرەوەی ئەمانەدان. کەواتە نابێت لاف بەسەر یەکتریدا لێ بدەین و بڵێین ئێمە لێکبووردەین، بەڵام ئەوانی تر دەمارگیر و توندڕەون! هەروەها نابێت پەند و ئامۆژگاری ئەخلاقی لەبارەی لێکبووردن ببەخشینەوە و باس لە خەسڵەت و لایەنە باشەکانی بکەین و

بڵێین ئیتر تەواو.. چونکە ئامۆژگاریکردن کێشە چارەسەر ناکات، ئەوەی چارەسەری کێشە دەکات ڕاشکاویی فیکری و پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرن و چەسپاندنی چەمکی یەکسانییە لە نێوان سەرجەم هاووڵاتییاندا. ئەمە لێکبووردنی ڕاستەقینەیە، بەڵام پێویستە پێشوەخت دەست بکرێت بە لەبەریەک هەڵوەشاندنی ئایدیای توندڕۆیی و دەمارگیری، بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ئاشکرا بێت و ڕەوایەتیی خۆی لەدەست بدات. فەیلەسووفانی ئەورووپاش لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا ئەم کارەیان کرد).

لەلایەکی ترەوە "ڕینێیە ڕیمۆن" تەئکید لە خاڵێکی سەرەکی دەکاتەوە کە بەلای ئێمەوە گرینگە و باس لەوە دەکات: کە چۆن بۆ یەکەم جار کاتۆلیک مەزهەبەکان بیرۆکەی هەڵکردن و یەکسانییان لەگەڵ پرۆتستانت مەزهەبەکاندا قبووڵ کرد؟ لە وەڵامدا دەڵێت: (ئاینە مەزنەکان یەقینی ئەوەیان هەیە کە حەقیقەتی ڕەها لای ئەوانە. لێرەوە ڕێگە بەوە نادات هیچ جیاوازییەک لە بواری بیر و باوەڕ و ئایندا هەبێت. لەبەر چی؟ لەبەرئەوەی قبووڵکردنی جیاوازی بەمانای ئەوە دێت کە دەستبەرداری حەقیقەتی ڕەها بووە. هەر ئەمەش بوو لە ڕابردوودا وای لە کڵێسای کاتۆلیکی کردبوو تا چەمکی لێکبووردن و فرەبیر و باوەڕی پێ قبووڵ نەکرێت.. چۆن دەبێت منێکی- کاتۆلیکی کە لەسەر ڕاستە ڕێگەی ئاینی مەسیحیم، خۆم بکەم بە هاوشانی پرۆتستانت مەزهەبێکی گومڕاو سەرلێشێواو؟ پەنا بەخوا! پاشان دوا بەدوای ڕۆشنگەری و شۆڕشی فرەنسی کاتۆلیکەکان ڕق ئەستوورتر بوون، ئەویش وەک پەرچەکردارێک لە بەرامبەر ئەو بزاوتە مێژووییەی دەیەوێت ئەوانی تر بکاتە هاوشانیان و وەک یەکیان لێ بکات. لێرەدا پاپا کەوتە دژایەتیکردنی فەلسەفەی لیبراڵیزم، واتە کەوتە دژایەتیکردنی فەلسەفەی سەردەمە نوێیەکان و لەم سەروبەندەشدا فتوای سەرکۆنەکردنی ئەو پڕۆژەیەی دا و وەکی ئاقارێکی دژ بە ئاین دایە قەڵەم.

کاتۆلیکەکان هەر بەمەشەوە نەوەستان، بگرە کەوتنە تاوانبارکردنی

سـەردەمی ڕێنیسـانس و سـەردەمی ریفـۆرمی ئاینی و شـۆڕشی فـڕەنسی، هاوکـات وێرانبـوون و تێکچـوونی بارودۆخی وڵاتی فـرەنسـایان خـسـتـە ئەستۆی ئەم گۆڕانکارییـانە. بەم جۆرە باڵی ڕاستڕەوی توندڕۆ پەیدابوو، بۆ بەگژداچوونەوەی کاروانی مێژوو یاخۆ بۆ دژایەتیکردنی بزاوتی سـەردەمی مـۆدێرن. بـەڵام لەناکـاودا و دوای بـەرخـودانێکی تـوندوتیـژ و درێژخـایەن، کڵێسـای کاتۆلیکی خۆی دا بەدەست لۆجیکی مێژووەوە و ئازادیی ئاینی و فـرە مـەزهـەبی پەسند کـرد. ئەم پرۆسـەیەش لە دەوروبەری نیـوەی دووەمی سـەدەی بیستـەمـدا رووی دا. بەم جۆرە کڵێسای کاتۆلیکی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، دانی بە بوونی پرۆتستانت مەزهەبەکاندا ناو قەناعەتی بەوەش کرد کە ئەوانیش حەقیقەتی مەسیحییەتی لەگەڵدا بەش دەکەن. ئیتر حەقیقەتی ڕەهای ئاینی مـەسیحی، پاوان نەبوو بۆ تەنیا دەستـە و تاقمێک. لێرەشـەوە قـەیرانی چەمکی حـەقـیقـەت دێتـە گۆڕێ و ئەم قـەیرانەش لەگـەڵ سـەرەتای سەردەمە نوێیەکاندا دەست پێ دەکات.

قـبـووڵکردنی پرۆتسـتـانتـەکـان لەلایەن کـاتۆلیکەکـانەوە، کـارێکی هـێندە سووک و ئاسان نەبوو، لە ڕاستیشدا بەشێکیان واتە ڕاستڕەوە دەمارگیر و توندڕۆیەکانیان، تا ئێستاش ئەو مەسەلەیەیان پێ قبووڵ نییە و ناچنە ژێر باری ئەو کارە.. بەڵام بزاوتی سـەردەمە نوێیەکان بە ئاستێک بوو کە ڕێگەی ئەوەی بۆ نـەهێشـتـبـوونەوە، تا لەسـەر هەڵوێسـتـە نەگـۆڕەکـانی خـۆیان بمێننەوە. کاتۆلیکەکان ناچار بوون بگۆڕێن و گەشـە بە خۆیان بدەن، چونکە گـەر وایان نەکردایـە تێدا دەچوون و کۆتاییـان دەهات. لەگـەڵ دەسـپـێکی مـۆدێرنەدا خـەڵکی فـرەنسا بەرەبەرە لێـیان دەتەکینەوە و لە دەست بیـر و باوەڕە دۆگما و ئەقڵییەتە پواوەکانیان جاڕس دەبوون. تا کار گەیشتە ئەوەی زۆرینەی خەڵکی فرەنسا بوونە لایەنگری ئاینێکی نوێ، ئەویش ئاینی ئەقڵ و مۆدێرنە و فەلسەفەی گەردوونی بوو.

ئاینزای کاتۆلیکی کاتێک هەستی بەو مەترسییانە کرد، ناچار بوو گەشـە

بە خـۆی بدات و دەسـتـبـەرداری پێگە و پلە و پایەکانی پێـشـووی بێت. ئەم هەڵوێسـتـە تازەیەش شـۆڕشـێکی تیـۆلۆجـی لێ کـەوتەوە، بە تـایبـەت دوای بەسـتنی کۆڕی بەناوبانگی کڵێسـاکـان بە ناوی کۆڕی دووەمـی ڤـاتیکان لە نێـوان سـاڵانی ١٩٦٢-١٩٦٥ دا. بەم جـۆرە مـەسـیـحـیـیـەتی ئەوروپایی ڕێگەیەکی تازەی گرتەبەر تا بتوانێت لەگەڵ سـەردەمی مۆدێرنەی زانسـتی و تەکنۆلۆجـیـدا هەڵ بکات).. دواجـار "رینێـیـە ڕیمۆن" دەگـاتـە ئەوەی بڵـێت: (ئەمڕۆ کڵـێسـای کـاتۆلیکی فـرە ئاینی و فـرە مـەزهەبی و فـرە بیـروباوەڕی قـبـووڵ دەکات و تەنانەت دیالۆگ لـەگـەڵ بێ باوەڕەکانیـشـدا دەکات و ڕێز لە بیـر و بـۆچوونەکـانیـشـیـان دەگـرێت، ئەگـەرچی باوەڕیشی بەو بۆچوونانە نەبێت. بە کـورتیـیـەکـەی کـاتۆلیکەکـان بڕوای تەواویان بە هەڵکردن و تۆلێرانس هەیە و ئـەم هەڵوێسـتـەشـیـان هەڵوێسـتێکی تاکـتیـکی نیـیـە، بگرە ڕاستگۆیانەیە و لەوپەڕی قەناعەتیانەوەیە).

هەر لە درێژەی قـسـەکـانیـدا "رینێـیـە ریمۆن" دەڵێت: (بەڵام دەبێت چاک بزانین کە کڵێسـای کـاتۆلیکی و لەسـەروو هەمووشیـانەوە پاپای ڤـاتیکان، دوای بەخـەرجدانی ڕەنجێکی زۆر و پاش مـشـتـومڕێکی درێژخـایەن و دژوار، گەیشتنە ئەم هەڵوێستە ئەقڵانی و پێشکەوتووە. چونکە دواجار لەوە حاڵی بوون کـە مـەسـەلەی ئیـمـان و ئیـمـانداری پێوەندی بە ویژدانی تاکـەکـەس خۆیەوە هەیە و دەبێت مـرۆڤ لەم پرۆسەیەدا ئازاد بێت و هیچ زەبر و زۆرێک ناچاری نەکات بەو کارە هەستێت. ئیمانداری ئەگەر بەناچاری و زەبر و زۆر بوو چ سوودێکی دەبێت؟ گـەر هاتوو مرۆڤێکمـان ناچار کرد پەیڕەو لەو ئاینە بکات کـە ئێـمـە بڕوامـان پێـیـەتی و بـە زۆر ئیـمـانمان پـێ هێنا، ئاخـۆ بڕواهێنانێکی لەو جۆرە هیچ مـانایەکی دەبێت؟). بەم جۆرە و بۆ یەکەم جار کـڵـێـسـای کـاتۆلیکی وای لێ هات، ڕێزی سـەرجـەم ئاینزاکـانی تری مەسیحییەت بگرێت و تەنانەت بە چاوی ڕێزیشەوە سەیری هەموو ئاینەکانی تری وەک یەهـوودییـەت و ئیـسـلام و ئەوانی تـر بکات. لێـرەوە بەدواوە دێینە

سـەر باسـی مـەسـەلەی هەڵـنەکردن و دەمـارگیـری، لە ڕوانگەی دوو بیـریاری ئیسـلامی وەک "محـەمەد تاڵیبی و محـەمـەد ئەرکۆن"ەوە. لێرەشـدا دەبینین چ جیـاوازییـەک لە نێـوان ئێـمـە و ئەوروپـاییـیـەکاندا هـەیـە. ئەوەی ئەوان بەر لە سـەدەیەک دووچاری بـووبوون، ئێـمـە لە ئێـسـتـادا ڕووبەڕووی دەبـینەوە. واتە ئێـمـە لەسـەر لێـوارەکانی قـەیرانی حـەقـیـقـەتی ڕەهـاین، لە کاتێکدا ئەوان چارەسـەریان کرد و تێیان پەڕاند.

"محەمەد تاڵیبی"** لە باسـەکەیدا بە ناونیشـانی (هەڵکردن و دەمارگیری لە کەلەپووری ئیسـلامـیدا) دەڵێت: (مرۆڤ بەشـێوەیەکی خـۆڕسک بوونەوەرێکی دەمـارگـیـرە و لە ناوەڕۆکـدا وەکی ئیبن خـەلدوون پێـمـان دەڵێت: ئاژەڵێکی شـەڕانگێزە، یان وەکی فەیلەسـووفی ئینگلیـزی تۆماس هۆبس دەڵێت: مـرۆڤ گورگە بۆ برای خۆی. کەواتە ئەو چیرۆکەی باس لە مرۆڤی سـەرەتایی چاک و نەرمـونیـان دەکـات و جـان جـاک ڕۆسـۆش زۆر دڵخـوازیەتی، جگە لە ئەفسـانەیەک هیچی تر نییە.. بەڵام دواتر و لە ڕێگەی ژیری و ئەقڵەوە مرۆڤ دەگۆڕێت و دەبێتە بوونەوەرێکی لێبووردە، چونکە ناچارە لە کۆمەڵگەدا بژی و ڕۆژانەش هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانی تردا بکات. کەواتە پێویسـتـە کۆنترۆڵی مـەیلە شـەڕانگێزییـەکانی خـۆی بکات، لەبەرئەوەی ناتوانێت هەمـوو ڕۆژێک لە شـەڕی بـەردەوامـدا بێت). ئـەمـە لە ڕووی ئەنسـرۆپۆلۆجـیـیـەوە کـە تەواوی مـرۆڤـایەتی دەگرێتـەوە، ئیـتـر مـوسـڵـمـان بن یان مـوسـڵـمـان نـەبن. هەرچی پێـوەندی بە مـوسـڵـمـانانەوە هـەبێت، "تاڵیـبی" پێیـوایە لە ئیـسـلامی کـۆن و هاوچەرخدا دوو ئاقار هـەن: ئاقـاری زانایانی ئاینی و فـەقێکانی دەسـەڵات لە ڕابردوودا، لەگەڵ ئاقاری فێندەمێنتالستە توندڕۆیەکان لە ئێسـتادا. هـەردوو ئەم ئـاقـارەش دوژمـنی ئازادیی فـیکرن، کـەواتە وەکی یەک دەمـارگـیـر و توندڕۆن. لـەبەرئەوەی لە ڕووی مـێـژووییـیـەوە توندڕۆیـەکـان لە سـەرزەمـینی

** مـحەمـەد تاڵیبی: مێژوونووس و ڕاگری پێشـووی کۆلێجی ئادابە لە توونس، هەروەها پسپۆڕی بواری پێوەندییەکانی نێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامییە.

ئیسلامدا سەرکەوتوو بوون، ئەمە وای کردووە لە خۆرئاوادا ئەو بۆچوونە بالادەست بێت کە دەڵێت: ئیسلام لە جەوهەردا ئاینێکی دەمارگیر و پەڕگیرە. ئەمەش ڕاست نییە و ئەو ئاقارە پەڕگیرە دژ بە ناوەڕۆکی دەقی قورئانە. چاکترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت: (لا اکراه في الدين) یاخۆ (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر). بەم جۆرە دەبینین فرە بیر و باوەڕی لە قورئاندا باسی هاتووە و ئاین ڕێگەی پێداوە، هەروەها ڕێگەی بەوە داوە بڕوا بێنین یان نەهێنین. بەڵام دەستەی فەقێیانی سوڵتانەکان مانای ڕاستەقینەی ئەم ئایەتانەیان شێواند و قورئانیان بە هەڵە لێکدایەوە، بەمەش ئیسلامیان بە ئاقارێکی دۆگماتیستیدا برد و ئازادیی بیرکردنەوەیان سنووردار کرد و دەمارگیری و توندڕۆییيان لە بەرامبەر خەڵکانی سەر بە ئاینەکانی تردا تۆخ کردەوە. بە داخەوە ئەوەشی لە مێژوودا سەرکەوت ئەم ئاقارە بوو. لەبەرئەوە هەنووکە ناتوانین بە ئاسانی شەڕ بکەین و بەرامبەری بوەستینەوە، چونکە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لە مێژوودا هەیە. بەڵام لە بەرامبەر ئەمەشدا کەلەپووری ئیسلامی ئاقاری کراوە و تۆلێرانسی تێدا بووە، هەرچەندە ئاقارێکی بچووک و کەمینەش بووە.

"محەمەد تالیبی" قسەکانی بەوە کۆتایی پێ دێنێت کە بڵێت: (ئەو ئاقارە توندڕۆیەی ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا زاڵە و لە هەڵکشاندایە، دەیەوێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو فێندەمێنتالیزمە ڕادیکاڵییە کۆنەی، دەمارگیری و توندوتیژی لە مێژووی ئێمەدا بەرهەم هێنا. واتە داوامان لێ دەکات بگەڕێینەوە سەر بیر و باوەڕی فەقێکانی سوڵتانەکان. بەڵام ئاقاری نوێخواز و لیبراڵی لە ئیسلامی هاوچەرخدا، داوا دەکات بگەڕێینەوە بۆ قورئان کە لێکبووردن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی لە نێوان سەرجەم ئاین و نەتەوە و گەلاندا دامەزراند، هەروەها دانی نا بە پلورالیزمی ئاینی و بیر و باوەڕدا. لە جیهانی ئیسلامیدا گەر بێت و ئەم ئاقارە بالادەست بێت، ئەوا بە فیعلی فیکری ئیسلامی نوێبوونەوە بە خۆیەوە دەبینێت و دەتوانێت بەشداری لە

چارەسەرکردنی ئەو قەیرانی بەهایەدا بکات کە شارستانییەتی هاوچەرخ بەدەستیەوە دەناڵێنێت).

هەر سەبارەت بە ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئاینی، "محەمەد ئەرکۆن"یش قسەی خۆی هەیە و ئەڵبەتە زۆر لەوەش زیاتر دەڕوات کە "محەمەد تاڵیبی" باسی دەکات. بە بڕوای "ئەرکۆن" ئەو هەنگاوەی "تاڵیبی" دەینێت بەرە و کرانەوە و ئەقڵانییەت سەرەڕای گرینگیشی، بەڵام بە تەنیا هەر ئەوە بەس نییە. ڕاستە لە قورئاندا ئایەتگەلێک هەن داکۆکی لە ئازادی بیر و باوەڕ دەکەن، بەڵام لە بەرامبەریشدا ئایەتگەلێکی تریشمان هەیە کە زمانێکی زبریان هەیە لە دژی خەڵکانی سەر بە ئاینەکانی تر، بە تایبەت ئەوانەی خاوەن کتێبن. تەنانەت هەندێ لەو ئایەتانە، ئەهلی کیتاب دەخاتە ڕیزی ئەوانەی شەریک بۆ خوا پەیدا دەکەن و تەکفیریان دەکات. بۆیە دەبێت خوێندنەوەیەکی هەڵپەرستانە بەسەر قورئاندا پراکتیزە نەکەین، بگرە خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕاستەقینەی بۆ بکەین. ئەوکات دەگەینە ڕەگوڕیشەی کێشەکە و لەوەش تێ دەگەین کە هۆی چی بووە لە سەردەمانی کۆندا، ئازادیی ئاینی نەبووە. هەروەها لەوەش حاڵی دەبین بۆچی خوێندنەوەی دۆگماتیستی بەسەر خوێندنەوەی کراوە و تولێرانسدا سەرکەوت.. شایەنی باسە چەمکی ئازادی ئاینی شتێکی تازە وەختە و تەنیا لە ئەوروپای دوای سەردەمی ڕۆشنگەریدا هاتە ئارا. لێرەدا "محەمەد ئەرکۆن" بە هەریەک لە "پۆل ڕیکۆر" و "ڕینێیە ڕیمۆن" دەگات. کەواتە سەپاندنی چەمکی ئازادی ئاینی بەسەر چاخە کۆنەکاندا وەکی ئەوەی "محەمەد تاڵیبی" دەیکات، بە هەڵەیەکی مێژوویی ئەژمار دەکرێت. گومانی تێدا نییە قورئان زۆر کراوەتر و گەردوونیتر بووە لەو بیر و باوەڕەی دواتر فەقێکان بەناوی ئیسلامەوە فۆرمەلەیان کرد و بوو بە ئایدیۆلۆجیایەک کە هاوشانی پەلهاویشتنی ئیمپراتۆریای عەرەبی بوو لە سەردەمی فتووحاتدا یاخۆ لە قۆناغی دواتردا. بەڵام هەنووکە خوێندنەوەی مێژوویی خۆی

دەسەپێنێت، بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری کێشەی ئایەتە جەنگییەکانی لە قورئاندا پێ بکەین و لەگەڵیشیدا چارەسەرێکی ڕیشەییش بۆ کێشەی دەمارگیری لە کەلەپووری ئیسلامیدا بدۆزینەوە.

لێرەدا "ئەرکۆن" پێیوایە دەبێت تەواوی سیستەمە تیۆلۆجییەکانی وەک یەهوودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام، لێک شیتاڵ بکەین. هەریەک لەم سیستەمە تیۆلۆجییانە یەکتری ڕەت دەکەنەوە و یەکتر تەکفیر دەکەن، ئەمەش بە بەهانەی ئەوەی هەریەکەیان خۆی بە ڕاست دەزانێت و پێیوایە حەقیقەتی ڕەها لای ئەوە. ئەم قەناعەتە لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا دروست بوو، پاشان دواتر و بەدرێژایی چەندین سەدە لە هوشیاری دەستەجەمعیدا ڕەگی داکوتا. هەر سیستەمێکی تیۆلۆجی لەو سێ سیستەمە، لافی ئەوە لێ دەدات کە حەقیقەتی ڕەها بۆ خۆی پاوانە و ئەوانی تر ئەو مافەیان نییە. مادامەکیش ئەم بۆچوونە بالادەستە و ملیۆنەها ئیماندانداری تەقلیدیش باوەڕیان پێیەتی، ئەوا نە ڕزگارمان دەبێت و نە چارەسەری کێشەکەش دەکرێت. شەڕی مەزهەبی لە ژێر ناوی جیهاد و شەڕی پیرۆز و شەڕی خاچ پەرستیدا، تا بێت بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت.

وەکی لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، تەنیا مەسیحییەتی ئەوروپایی توانی خۆی لە کۆت و بەندی تیۆلۆجی کۆن قوتار بکات. ئەمەشی بە خواستی خۆی نەکرد، بگرە ناچار کرا، ئەویش بە هۆی ئەو هەڵکشانە ئەقلانییە زانستی و فەلسەفییەی لە سەدەی شازدەوە لە ئەوروپادا دەستی پێ کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کڵێسای کاتۆلیکی هەر بەرخوردی کرد و خۆی نەدا بەدەست لۆجیکی سەردەمەوە، تەنیا لە ساڵی ١٩٦٢دا نەبێت!. لە دوای ئەم مێژووەوە دەستبەرداری ئەوە بوو چەمکی حەقیقەتی ڕەها بۆ خۆی مۆنۆپۆڵ بکات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە چەند دژوارە و مەترسییەکانیشی لە چ ئاستێکدایە.

## ١١ی سێپتەمبەر و کۆتایی جیهان

چاوەڕوان دەکرا "برۆنۆ ئیتییان" بەشداری لەو باسوخواسانەدا بکات کە لە ئێستادا لەبارەی ئیسلام و خۆرئاوا و ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە و تیرۆر دەکرێت، چونکە "ئیتییان" یەکێکە لەو توێژەرانەی پسپۆڕە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی و کاروباری وڵاتانی عەرەبی و بزاوتە ئسوولییەکانیش بەتایبەتی . پێشتر چەندین کتێبی گرینگی بە چاپ گەیاندووە، لەوانە (فێندەمێنتالیزمی رادیکال ١٩٨٧، فرەنسا و ئیسلام ١٩٨٩، ڕێگە لە پێناو خۆرئاوا ٢٠٠١ و... هتد). لەم کتێبە نوێیەدا (بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر تێبگەین)*، نووسەر هەوڵ دەدات تەلیسمی ١١ی سێپتەمبەر بکاتەوە و باس لەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە بکات. بۆ ئەوەی بگاتە ئەوەش، شێوازێک دەگرێتە بەر کە زۆر کەم بیریارانی تر قەرەی کەوتوون، تا شرۆڤەی ئەو ڕووداوەی پێ بکەن کە مرۆڤایەتی هەژاندو بوو بە دەسپێکی قۆناغی نوێ لە مێژووی جیهاندا .

"ئیتییان" لە لێکدانەوەکەیدا گرینگی بە هۆکاری تیۆلۆجی/ ئاینی دەدات، ئەو هۆکارەی وای لە هەندێ گەنجی فریوخواردوو کرد ئەو تاوانە قێزەونە ئەنجام بدەن کە کاریگەریی خراپی لەسەر جیهانی ئیسلامی بەجێ هێشت، بەتایبەت کاریگەری زۆر خراپی لەسەر پەنابەرانی ئیسلامی هەبوو لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا . تەنانەت خەڵکانی بوودی و هندۆسی و کۆنفۆشیۆسیش ڕقیان لێ هەڵگرتین، ئەویش بەهۆی تێک و پێکدانی پەیکەرە

* bruno etinne, les amants delapo calypse, pour comprendre ie 11 septemdre, paris, ej. Jl, aube, 2002.

ناوازەکەی بوودا لە بامیان لەلایەن بزووتنەوەی تاڵیبانەوە، لەگەڵ هەندێ رەفتار و کاری نابەجێی تردا کە بوونە مایەی شێواندنی وێنەی ئیسلام لە بەرچاوی دنیادا.

نووسەری ئەم کتێبە پێی وایە چەندین هۆکار هەن کە هانی هەندێ موسڵمانیان داوە تا پەنا بەر توندوتیژی بەرن، بەڵام نابێت بەرپرسیاری ئەم کارانە بخەینە ئەستۆی تەواوی موسڵمانان یاخۆ جەوهەری ئیسلام بە بەرپرسی ئەو کارانە بزانین. یەکێک لەو هۆکارانە شکستی گەشەکردنی ئابوورییە لە کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، هەروەها نەبوونی کار و ئاسۆیەکی روونە لە بەردەم گەنجاندا، لەگەڵ پاشەکشەی ئایدیۆلۆجیا گەورەکانی وەک لیبراڵیزم و ناسیۆنالیزم و مارکسیزم، هاوکات شکستی پێنجی حوزەیران و مردنی "جەمال عەبدولناسر" ساڵی ١٩٧٠ و ... هتد. بەڵام لە پاڵ ئەم هۆکارانەشدا هۆکارێکی تریش هەیە کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، ئەویش هۆکاری تیۆلۆجییە. وێنەی ئەو دوو تاوەرە بازرگانییەی مانهاتن بەو گڕ و سووتانەیەوە، بە وێنەی کۆتایی دنیا و تەنانەت بە رۆژی قیامەتیش دەچێت! لە ڕاستیدا فێندەمێنتالیستە توندڕۆیەکان پەلەی هاتنی رۆژی دواییانە، بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەم جیهانە پیس و گڵاوە کۆتایی پێ بێن و بگەنە مەلەکووتی یەزدان. چونکە بەلای مرۆڤی ئسووڵی توندڕۆوە، ژیان مانای نییە و هەموو دیاردەکانی شارستانییەتی مۆدێرنیش بە کوفر و بەڵا و خراپە دەزانێت.

ئێمە بۆ ئەوەی لە پاڵنەرە قووڵەکانی مرۆڤی توندڕۆ تێ بگەین، پێویستە بچینە ناو ئەقڵییەوە و لە بیرکردنەوەی تێ بگەین. هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕووداوێکی ترسناکی وەک ئەوەی ١١ی سێپتەمبەر تێ بگەین، دەبێت شیکارییەکی دەروونی – تیۆلۆجی بۆ بکەین. چونکە ئەو زۆر بە قەناعەتەوە پێیوایە دەبێت جیهان تێکوپێک بدرێت، بۆ ئەوەی شەڕ و خراپە ریشەکێش بکرێت، لەبەرئەوەی رۆژی کۆتایی نزیک بووەتەوە و ئەم رۆژەش ڕاستەوخۆ

پێش هاتنی ئەو دنیا دەکەوێت، ئەو دنیایەی پڕیەتی لە پاکێتی و گەردی لێ نەنیشتووە، ئەوەش تاکە جیهانێکە کە بە کەڵکی ژیان بێت. هەرچی ژیانی ئەم دنیایە کاتییە و دەبڕێتەوەو هیچ نییە. بەسووک سەیرکردنی ژیانی مرۆڤایەتی لەلایەن فێندەمێنتالیستە توندڕۆیەکانەوە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوانە بە ویژدانێکی ئاسوودە و خوێنساردییەکی زۆرەوە، دەتوانن هەزاران کەس بکوژن، چونکە بە بڕوای ئەوان ئەوانە کافرن و بەم پێیەش هیچ نرخ و بەهایەکیان نییە. هەر لە سەروبەندی شیکردنەوەی کارەکتەری مرۆڤی توندڕۆ و دەمارگیردا، "برۆنۆ ئیتییان" دەگاتە ئەوەی بڵێت: (مرۆڤی توندڕۆ پێیوایە حەقیقەتی ڕەها لای ئەوەو لێوان لێوە لە یەقین. هەربۆیە کۆ لەوە ناکاتەوە بەپێی خۆی بەرەو مردن بچێت و قوربانی بەخۆی بدات).

ئەم مرۆڤە هەرکاتێک بزانێت جیهان لە ژیانی ئاینی دوورکەوتووەتەوە یاخۆ لە دۆخێکی (جاهیلی)دا دەژی وەکی "سەید قوتب" دەڵێت، ئەوا هەوڵ دەدات ڕاستی بکاتەوە و ئەو دۆخە بگۆڕێت. ئەگەر ئەوەشی پێ نەکرا، ئەوا لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە هەوڵی تەفروتووناکردنی دەدات، چونکە بە بڕوای ئەو نابێت ژیانێکی پیس و گڵاو لە سەر ڕووی زەوی بەردەوام بێت. هەر لەبەر ئەوەشە توندڕۆیە دەمارگیرەکان کۆمەڵگە جێ دێڵن و نایانەوێت لە ناویاندا بژین یاخۆ ژن و ژنخوازی تێدابکەن، کاتێکیش کۆمەڵگە جێ دێڵن بۆ ئەوەی لە گەندەڵی ڕزگاریان بێت، ڕوودەکەنە ئەشکەوت و بیابان و قەدپاڵی شاخەکان. کارەکتەری فێندەمێنتالیست پێیوایە گەندەڵی لە سەردەمی مۆدێرنەی گلۆباڵ و شارستانییەتی بەرخۆریدا، تەواوی گۆی زەوی تەنیوەو بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەتەوە. لێرەدا ئێمە ڕوو بەڕووی دوو بۆچوونی جیاواز دەبینەوە لەسەر جیهان، بۆچوونێکیان بۆچوونێکی تەقلیدی ئەو دنیا خوازە، لەگەڵ بۆچوونێکدا کە بۆچوونێکی مۆدێرنی دنیاییە. مرۆڤی ئسووڵی ئیعتراف بە کۆمەڵگەی مەدەنی ناکات، لەبەرئەوەی ژیان لای ئەو هیچ نییە و ئەگەر گرینگییەکیشی

هەبێت هەر ئەوەیە وێستگەیەکە بۆ گەیشتنە ئەو دنیا. لەلایەکی ترەوە فێندەمێنتالیست یاساو ئازادیی بیرکردنەوەو تۆلیرانس و مافەکانی مرۆڤ و هیچ بەهایەک لە بەهاکانی جیهانی مۆدێرن، بە پووچ دەزانێت. بۆچی ؟ لەبەرئەوەی پێیوایە ئەمانە بەهاگەلێکی بۆرجوازی، مادی، پڕوپووچن و دوورن لە شەریعەتی ئاسمانییەوە. هەر ئەمەشە وا دەکات سەرلەبەری شارستانییەتی مۆدێرن سەرکۆنە بکات و راست و چەپێکی پیا بهێنێت.

بەڵام ئاخۆ فێندەمێنتالیزمی دۆگما هەر تایبەتە بە ئاینی ئیسلام، وەکی میدیاکانی خۆرئاوا باسی لێ دەکەن؟ "برۆنۆ ئیتییان" بە نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و تەنانەت هێرش دەکاتە سەر میدیاکانی خۆرئاوا، لەبەرئەوەی دوای تەقینەوەکانی ١١ی سێپتەمبەر دووچاری حاڵەتی هێستریا بوون و دۆخێکی وا دژوار دروست بووە کە رێگە بە بیرکردنەوەی قووڵ و شیاو نادات.. دەبێت بزانین دیاردەی فێندەمێنتالیزم و دەمارگیری و توندڕۆی لە هەرسێ ئاینە یەکتاپەرستییە گەورەکەدا هەیە. بۆ نموونە تا ماوەیەکی زۆر مەزهەبی کاتۆلیکی لە مەسیحییەتدا توندڕۆ و پەڕگیر بوو، هەروەها لەناو ئاینی جوولەکەشدا باڵێکی ئسوڵی توندڕۆ هەیە. بەڵام بەرەوپێشچوونی زانست لە خۆرئاوا، مەسیحییەکانی ناچار کرد بگۆڕێن و خۆیان لەگەڵ سەردەمی نوێدا بگونجێنن. ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی زۆریش رێگەیان نەدەدا بەوەی رەخنەی مێژوویی بەسەر تێکستە ئاینییەکاندا پراکتیزە بکرێت، بەڵام دواجار پەسندیان کرد. بەداخەوە تا ئێستا شتێکی وا لە ئیسلامدا ڕووی نەداوە. ئەو پێکدادانە ترسناکەش کە لە ئێستادا لە نێوان فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی و مۆدێرنەدا هەیە، هۆکارەکەی ئەوەیە. بەڵام دەبێت بزانین ئیسلام لە جەوهەردا بڕوای بە توندوتیژی نییە و هەرگیز ئەو تاوانە قێزەونەشی پێ قبووڵ نییە کە لە رۆژی ١١ی سێپتەمبەردا هەزاران کەسی کردە قوربانی. هەندێ لەوانەشی لە خۆرئاوا باس لەوە

دەکەن کە قورئان کتێبی توندوتیژییە، بەچاکی لە قورئان حاڵی نەبوون. ڕاستە لە قورئاندا چەند ئایەتێک هەیە ڕێگە بە توندوتیژی دەدات، بەڵام ئەمە لە پێناو بەرگریکردن لە خۆ و لە چوارچێوەی پێوەدانگێکی تایبەت و دیاریکراودا. هەروەها پێویستە ئەو ئایەتانە ببەستینەوە بەو سیاقە مێژووییەوە کە تیایدا هاتووە، بۆ ئەوەی بە چاکی تێ بگەین.. وەک بەرچاو ڕوونی زیاتریش ئەگەر هاتوو بچووکترین دەرفەت بۆ خۆلادان لە توندوتیژی هەبوو، ئەوا قورئان هانمان دەدات خۆمانی لێ لابدەین و دوورکەوینەوە لێی: (وأن جنحوا للسلم فاجنح لها...).

بەهەرحاڵ قورئان زۆر لەو ئایەتانەی تێدایە کە هانی لێبووردن و لێخۆشبوون و بەزەیی دەدات، بەڵام بۆچی ئەو ڕۆژنامەنووسانە باسی ناکەن کە تاوانی ١١ی سێپتەمبەر بەکاردێنن بۆ ئەوەی وێنەی ئیسلامی لە جیهاندا پێ بشێوێنن؟ ئایەتی ٣٢ لە سورەتی مائیدە دەڵێت: (من أجل ذلك كتبنا على بني اسرائيل أنه من قتل نفسا بغير نفس أو فساد في الأرض فكأنما قتل الناس جميعا ومن أحياها فكأنما أحيا الناس جميعا). دەی ئەم ئایەتە هانی توندوتیژی دەدات، یاخۆ بانگمان دەکات بۆ دادپەروەری و ڕێگەی ڕاست؟ ئاخۆ مرۆڤ لە ئاینی ئیسلامدا بەرز و پیرۆز و ڕێزی لێ نراوە یان نا؟ ئەگەر هەندێ موسڵمانانی نەزان و کاڵفامیش وەکو "بن لادن" و هاوشێوەکانی بە هەڵە لە قورئان گەیشتبن، دەبێت ئەوە بخەینە ئەستۆی ئیسلام یاخۆ لەسەر ئەو تێگەیشتنە خوار و خێچەی حساب کەین؟ لە درێژەی قسەکانیدا "ئیتییان" دەڵێت: (بن لادن شارەزاییەکی ئەوتۆی لە ئایندا نییە و مافی ئەوەی نییە فتوای شەرعی بدات یاخۆ ئیعلانی جیهاد بکات. سەرەڕای ئەوەش هەندێک ئایەت و تێکستی ئاینی هەن کە دەکرێت هەم بە باری توندوتیژی و هەم بە باری میانڕەوی و ئاشتبوونەوەدا بەکاربهێنرێت. ئەمەش پشت بە خواست و ئامانجی ئەو کەسە دەبەستێت کە مانای ئایەتەکە لێکدەداتەوە و شرۆڤەی دەکات.

ئـــــەم مـەسـەلەیەش هەمـــــوو ئـــــاینەکان دەگـــــرێتـەوە و تایبـەت نییـە بە ئـیـســـلام.. هەرکـــاتێک ریفـۆرمی ئـاینی و ڕۆشـنگەریش لە جـیـهـــانی ئیسلامیدا دەستی پێ کرد، ئەوا کێشەکان خۆبەخۆ چارەسەر دەبن).

دواجــار "برۆنۆ ئـیـتـیـیـان" خـەم لـەوە دەخـوات کـە نەوەیەکی گـەورە لە خـۆرهـەڵاتنـاسـان نـەمـان و دوای خـۆیان گـۆڕەپانەکـەیان بۆ پـسـپـۆڕانی کـاروباری تیـرۆر و راوێژکـاران و نووســەرە پلە دەکـان چۆڵ کـرد. ئیـتـر سەردەمی "جاک بێرک و مەکسیم رۆنسۆن و هنری لاوست و هنری کۆربان" و گەورە زانایانی وەک ئەوان بەسـەرچوو. ئەوانە هـەر بە راستی ئیسلامیـان دەناسـی و دەیانزانی چۆن چۆنی حـەقـیـقـەتـەکـانی بۆ خـەڵکی ئـەورووپا و خۆرئاوا بەگشتی باس دەکەن.

## مەسیحییەت و ئاینەکانی تر

ئیسلام، هندۆیزم، بوودایزم

لەم ساڵانەی دواییدا وا ڕاهاتووم کە هەر بە تەنیا فەیلەسووفانی خۆرئاوا نەخوێنمەوە، بگرە لەگەڵ ئەوانیشدا تیۆلۆجیست و زانایانی ئاینیش بخوێنمەوە. ئاین بە پێچەوانەی ئەوەی ئێمە پێمان وایە لە ئەوروپادا کۆتایی نەهاتووە، بگرە وەکو قۆناغی بەر لە مۆدێرنە و ڕۆشنگەری هەموو کایەکانی پاوان نەکردووە و خۆی لە هەموو شتێک هەڵناقورتێنێت.

هەندێک پێیان وایە ئەم دۆخە لە یەک کاتدا لە بەرژەوەندی دین و دنیاشە، چونکە ئەمە کارێک دەکات کە هەریەکەو بەکێشە تایبەتییەکانی خۆیەوە خەریک بێت. واتە سیاسەتمەداران وایان لێ هات بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی کۆمەڵگاوە خەریک بن و پیاوانی ئاینیش سەرقاڵی باسوخواسە ڕۆحانی و ئاینییەکان بن و ئاین بە سیاسەتکردن و بەرژەوەندییە کاتییەکانەوە پیس نەکەن.

لە بەرئەمە باس و لێکۆڵینەوە ئاینییەکان لە ئەوروپادا زۆر گەشەیان کرد و تەنانەت توێژێک لە زانایانی بواری تیۆلۆجیا پەیدابوون کە لە ڕووی قووڵبینی و خوێندەوارییەوە، هیچیان لە توێژی فەیلەسووفان کەمتر نییە. تەنانەت هەندێ جار کە بەرهەمی ئەوانە دەخوێنیتەوە، وا هەست دەکەیت هی فەیلەسووفەکانە نەک هی پیاوانی ئاینی بێت! لە نێو ئەوانەشدا دەتوانین تیۆلۆجستی ئەڵمانی "هانزکۆنگ– hans kuny" بە نموونە بهێنینەوە.

لە ئێستاشدا کتێبەکانی بۆ سەر زمانی فڕەنسایی وەردەگێڕدرێت و

دواین کتێبیشی بەم ناونیشانەیە: (لە پێناو تیۆلۆجیایەک بۆ سەدەی بیست و یەک)*.

ئەم پیاوە خەریکی کێشە گشتییەکانە و ئەوەی بەلایەوە گرینگە داهاتووی جیهانە، نەک بە تەنیا خەمی ئەڵمانیا و ئەورووپای بێت. لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات تیۆلۆجیایەکی ئایینناسیی نوێ فۆرمەلە بکات کە شایەنی پێشکەوتنی زانست و فیکر بێت، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا. "کۆنگ" بە پێچەوانەی پیاوە ئاینە دۆگما و تەقلیدییەکانەوە، پێیوایە هەر سەردەمە و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی بۆ ئاین هەیەو بەم پێیەش ناکرێت دنیابینی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست بەسەر مرۆڤەکانی سەدەی بیست و یەکدا بسەپێنین. ئەمەش مانای وایە کە ئایینناسی (یاخۆ تیۆلۆجیا) وەکی هەر زانستێکی تری وەک: (فیزیا و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و... هتد)، گەشە دەکات و دەگۆڕێت. ئەو لێکدانەوانەی لە ئێستادا ئێمە بۆ تێکستە ئاینییە مەزنەکان یاخۆ بۆ کتێبە پیرۆزەکانی دەکەین، هەمان ئەو لێکدانەوە و شرۆڤەکارییە نییە کە پێشینانمان لە سەردەمانێکدا دەیان کرد، ئەو سەردەمانەی تێگەشتن و مەعریفەی مرۆڤ زۆر سەرەتایی و کرچ و کاڵ بوو. ئەو هەرا گەورەیەی هەنووکە لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەتی شیزۆفرینیایەی کە کارەکتەری عەرەبی- ئیسلامی دووچاری بووە. واتە ئەو سەردەم و ڕۆژگارەی تێدا دەژین گۆڕاوە و بەرەوپێش چووە، بەڵام تێگەیشتنمان بۆ ئاین هاوشانی ئەم گۆڕان و بەرەوپێشچوونە نییە، بگرە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چۆن بووە وەها ماوەتەوە.

ئێمە تا ئێستاش لە ناخماندا بیر و بۆچوونی نا مێژوویی و نا ئەقڵانیمان سەبارەت بە ئاین هەڵگرتووە، ئەم بۆچوونانەش لەگەڵ ئەقڵییەتی زانستی و فەلسەفی سەردەمدا. کەوتووەتە ناکۆکییەکی روون و ئاشکراوە.

* Hans Kung et al., Le christianisme et les religtions du monde: Islam, hindouisme, bouddhisme, paris, seuil, 1986.

لەبەر ئەمەیە ئەو باڵە توندڕۆیەی ناومان، شەڕی خۆی لە دژی خۆرئاواو مۆدێرنە ڕاگەیاندووە، بەڵام لە خۆرئاوا سەیرکردنی ئاین لەگەڵ گۆڕان و بەرەوپێشچوونی مەعریفەی گشتی کۆمەڵگەدا گۆڕانی بە سەرداهاتووە و بەرەوپێش چووە. لەبەر ئەوە وەک جاران، ئەو ناکۆکییە قووڵ و توندوتیژەی نێوان پیاوانی ئاینی و کۆمەڵگە بەگشتی نەماوە. پیاوانی ئاینی خۆیان ئیتر کاتۆلیک مەزهەب بن یان پرۆتستانت مەزهەب، لە مەعریفەی زانستی تێگەیشتوون و تەنانەت لە پێناو نوێکردنەوەی تێگەیشتنیان بۆ ئاین سوودێکی زۆریان لێ بینیوە. هەروەها توانیویانە بە پشتبەستن بەو مەعریفە زانستییە، تیۆلۆجیایەکی نوێ فۆرمەلا بکەن کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ زانست و فەلسەفە و سەردەمدا، دووچاری پێکدادان و کێشە نەبێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لە ڕابردوودا بەر یەک نەکەوتوون و دووچاری کێشە نەبوون، چونکە کێشەی نێوان کڵێسای مەسیحی و زانستی مۆدێرن، کێشەیەکی قووڵە و کەس نییە گوێ بیستی نەبووبێت.

چیرۆکی "گالیلۆ" لەگەڵ پاپا و پیاوانی ئاینیدا بەناوبانگە، هەروەها چیرۆکی "داروین"و چەندین بەسەرهاتی تر کە کتێبەکانی مێژوو تۆماری کردوون. بەڵام دواجار پیاوانی ئاینی ناچاربوون لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەدا پێک بێن و واز لەو هەڵوێستانەی پێشوویان بهێنن. ئیتر لێرە بەدواوە پیاوانی ئاینی لە ئەوروپا، دژایەتی پێشکەوتن و دۆزینەوەکانی زانستییان نەکرد و وەکی جاران ئازادیی بیرکردنەوەیان بە حەرام نەدەزانی و سانسۆریان نەدەکرد، وەکی ئەوەی تا ئێستاش لای ئێمە ڕوو دەدات. بەڵام من بۆچی ئەم هەموو قسەیە دەکەم؟ ئەڵبەت بۆ ئەوەیە مەسەلەکان بخەمەوە سیاقی خۆیان و هەروەها بۆ ئەوەشە سەرەتایەکی گونجاو باس بکەم، بۆ خستنە ڕووی ئەم کتێبە گرینگ و قەوارە گەورەیەی "هانزکۆنگ" کە ٦٢٠ لاپەڕە دەبێت.

پرۆفیسۆر "هانز کۆنگ" مامۆستای زانستی تیۆلۆجیای مەسیحییە لە

زانکۆی تۆبنگن لە ئەڵمانیا و بابەتی کتێبەکەی تایبەتە بە دیالۆگی نێوان ئاینەکان. بیرۆکەی ئەم بابەتەشی ئەوکاتە بۆ هات کە بانگهێشتی ئەو هاوڕێیانەی خۆی کرد کە هەریەکەیان پسپۆڕە لە یەکێک لە ئاینەکاندا، ئەم بانگهێشتەشی بۆ ئەوە بوو بزانێت ئەگەری دیالۆگێکی راستەوخۆ لە نێوان ئەو ئاینە مەزنانەدا هەیە کە بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی باوەڕی پێیانە. لە نێو ئەوانەشدا خۆرهەڵاتناسی مەزن "جۆزیف ڤان ئیس"ی تێدابوو کە بە یەکێک لە گەورەترین خۆرهەڵاتناسەکانی خۆرئاوا دادەنرێت لەمرۆدا. ئەڵبەتە "ڤان ئیس" لەم دیالۆگەدا وەکی نوێنەر و شارەزایەکی ئاینی ئیسلام بەشدار بوو. هەروەها چەند پرۆفیسۆرێکی تریش بەشداری ئەو دیالۆگەیان کرد، وەک: "پرۆفیسۆر هێنریش ڤۆن ستیتنکرۆن" پسپۆڕ لە ئاینی هندۆسی و "پرۆفیسۆر هانیز بیشیرت" پسپۆڕ لە ئاینی بوودابیدا. ئەمانە هەموویان مامۆستان لە زانکۆی تۆبنگن. "هانزکۆنگ" گوێ بیستی قسەی هەموویان بوو، لەبارەی ئەو ئاینانەی شارەزایی تەواویان تێدا هەیە. پاشان ئەو وەک مەسیحییەک کەوتە دیالۆگ و مشتومڕکردن لەگەڵیاندا. لەم سەر و بەندەشدا دەیویست لە نێوان تێکڕای ئەو ئاینانە و مەسیحییەتدا، خاڵی هاوبەش و هێڵی پێوەندی بدۆزێتەوە. ئەم دیالۆگە زۆر قووڵ و ڕاشکاوانە، بووە مایەی دۆزینەوەی ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت، لە پێناو گەیشتن بە ئاشتییەکی راستەقینە لە نێوان ئاینەکاندا و هەروەها بۆ تێپەڕاندن و دەرچوون لە قۆناغی ململانێی مەزهەبی و ئاینی و شەڕ و ماڵوێرانی.

"هانزکۆنگ" پێیوایە مادامەکی ئاینزاکانی مەسیحییەت لە ئەوروپا (بەتایبەت ئاینزای کاتۆلیکی و پرۆتستانتی)، توانییان لە ڕێی دیالۆگ و گفتوگۆوە لە ناوەخۆیاندا پێک بێن، کەواتە بۆچی ناکرێت ئاینە مەزنەکانی وەک ئیسلام و مەسیحییەت و هندۆسی و بوودابییەت و یەهوودییەت پێک بێن و هەمان شت بکەن؟ وەکی ئاشکرایە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک

کاتۆلیک و پرۆتستانت له شەڕێکی بێ ئاماندا بوون لەگەڵ یەکتری و خوێنێکی بێشومار له نێوانیاندا رژا، بەڵام پێشکەوتنی زانست و فەلسەفە له ئەوروپادا ناچاری کردن دەست بە دیالۆگ بکەن و کێشە تیۆلۆجییەکانی بە ڕێگە چارەی ئاشتییانە یەکلایی بکەنەوە. لێرەوە "هانز کۆنگ" دەیەوێت ئەم ئەزموونە بگشتێنێت و بەرفراوانی بکات، بۆ ئەوەی نەک هەر ئاینزاکانی مەسیحییەت، بگرە تەواوی ئاینەکانیش بگرێتەوە.

له ڕاستیدا ئەمە بۆ خۆی بۆچوونێکی بوێرانە و بەجێیە، هەروەها بەڵگەی فراوانیی هزری ئەم تیۆلۆجیستە مەزنەیە و نیشانی دەدات کە چەند پەرۆشی چاکە و دروستکردنی پێوەندیی دۆستانەیە له نێوان سەرجەم مرۆڤەکاندا. "هانز کۆنگ" له پێشەکی کتێبەکەیدا بەراوردکارییەک له نێوان دوو جۆر دیالۆگدا دەکات (دیالۆگێک لەسەر ئاستێکی بەرتەسک لەگەڵ دیالۆگێکدا لەسەر ئاستێکی بەرفراوان) و دەڵێت: (ئەگەر دیالۆگی نێوان ئاینە مەزنەکان بە گفتوگۆی نێوان ئاینزاکانی مەسیحییەت له خۆرئاوادا بەراورد بکەین، دەبینین یەکەمیان له سەرەتاکانیدایە و رەنگە هێشتا هەر دەستیشی پێ نەکردبێت، ئەمە له کاتێکدا دیالۆگی دووەمیان لانی کەم له ساڵی ١٩٣٠ دەستی پێ کردووە و هەنگاوی گەورەشی ناوە. کەواتە پێویستە له سەرمان ئاینەکان له یەکتر نزیک بکەینەوە، وەک چۆن ئاینزاکانی مەسیحییەت لێک نزیک بوونەوە. پێویستە هەمان ئەزموون دووبارە بکەینەوە، بەڵام لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر. ئەمەش مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی له جیهاندا سەقامگیر بێت).

له قسەکانی ئەم تیۆلۆجیستە منەوەرەوە تێ دەگەین کە گیر و گاز و بە شەڕهاتن لەسەر کێشەی مەزهەبی، له وڵاتانی پێشکەوتووی خۆرئاوادا کۆتایی پێ هاتووە و ئاسەواری نەماوە. ئەمەش بەهۆی ئەو هەوڵە زۆرانەی، له پێناو نزیککردنەوەی ئاینزاکانی مەسیحی له یەکتری و نەهێشتنی ناکۆکییە کوشندەکانی نێوانیان بەخەرج درا. پرۆسەیەکی لەم جۆرەش

هەروا ئاسان و بێ کێشە نەبوو. لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە پێشکەوتنی زانستی و مادی و رۆشنگەری فەلسەفی لە ئەوروپادا، رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە خاوکردنەوەی گرژیی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکاندا. بەداخەوە لە جیهانی ئیسلامیدا شتێکی وا نییە کە دوو ئاینزا سەرەکییەکەی ئیسلام (سوننە و شیعە)، لە یەکتر نزیک بکاتەوە.

ئەو جیاوازییە مێژووییەی لە نێوان کۆمەڵگەکانی ئەوروپا و کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا هەیە، لێرەدایە. خۆ جیاوازی هەر بەتەنیا لە بواری زانستی ئەتۆم و گەردوون و تەکنۆلۆجیا و فەلسەفەدا نییە، بگرە لە زانستی ئاینیشدایە! کەواتە دواکەوتن یان نابێت یان کە بوو لە هەموو بوارەکاندا دەبێت، بە هەمان شێوە پێشکەوتنیش هەروایە. بۆیە ئەوە راست نییە کە دەڵێت: (ئێمە لە رووی ئاینییەوە پێشکەوتووین، بەڵام لە رووی تەکنۆلۆجییەوە لە دواوەین. نەخێر ئێمە لەسەر هەردوو ئاستەکە دواکەوتووین). لەبەر ئەوە "هانز کۆنگ" مۆجیاریمان دەکات کە نابێت رێگری بکەین لەوەی رەخنەی مێژوویی بەسەر تێکستە پیرۆزەکانماندا پراکتیزە بکرێت، وەکی ئەوەی بە درێژایی چەندین سەدە مەسیحییەکان لە خۆرئاوادا کردیان، چونکە ئەمە شتێکە چار نییە و هەر دەبێت روو بدات.

مێژوو پێمان دەڵێت فێندەمێنتالیزمی یەهوودی ئەگەرچی لە هەوڵی سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی "سپینۆزا"دا بوو، بەڵام دواجار شکستی هێنا. دەکرێت هەمان شتیش لەبارەی فێندەمێنتالیزمی کاتۆلیکییەوە بوترێت، چونکە ئەمیش هەوڵی دا "ریچارد سیمۆن"ی فرەنسایی سەرکوت بکات کە دەیویست میتۆدی مێژوویی بە سەر تەورات و ئینجیلدا پراکتیزە بکات. هەروەها فێندەمێنتالیزمی پرۆتستانتی هەوڵی سەرکوتکردنی کەسێکی دا بەناوی "ریما رۆس"ە وە. ئەم "ریما رۆس"ە یەکەم کەس بوو زاتی ئەوەی کرد ئینجیل بەپێی زانستە زمانەوانی و مێژووییەکان لێک بداتەوە. هاوکات فێندەمێنتالیزمی پرۆتستانتی هەمان هەڵوێستی لە بیرمەندی بەناوبانگی

ڕۆشنگەری "لیسینگ" یش هەبوو، بەڵام تێکڕای ئەم هەوڵی سەرکوتکردن و تۆقاندنانە مایەپووچ بوو، چونکە بزاوتی زانست سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست و هەڕەشانە، هەر درێژەی بە کاروانی خۆی دا و ئەمەش کڵێسای مەسیحی ناچار کرد دواجار دان بە میتۆدی مێژوویدا بنێت و کاری پێ بکات. لەم بارەیەوە بڕوانە بڕیارەکانی کۆڕی بەناوبانگی کڵێساکان، بەناوی کۆڕی ڤاتیکانی دووەم (١٩٦٢- ١٩٦٥). ئاخۆ دوای بەرخورد و سەرسەختییەکی زۆر، ئاینی مەسیحی لە ئەوروپا ملکەچی بزاوتی زانست و سەردەم بوو؟ بێگومان. ئەمەش کارێک بوو لە بەرژەوەندی ئەودا بوو. چونکە گەر بهاتبایە و ئەو هەموو پێشکەوتن و پەرەسەندنەی لە بەرچاو نەگرتایە، ئەوا راستگۆیی خۆی لە دەست دەدا و هەموو ئەوروپاییەکانیش لێی دەتەکینەوە. تۆ ناتوانیت رێز لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤ نەگریت و بۆچوون و بیروباوەڕی ئێکسپایەربوویان بەسەردا بسەپێنیت. پیاوانی ئاینیش ناتوانن ئەقڵی گەنجەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن، گەربێت و هەر بە زمانی سەدەکانی ناوەڕاست بیاندوێنن.

ئەڵبەتە ئێمە کە ئەم قسانە دەکەین مەبەستمان کۆمەڵگە ئەوروپاییەکانە، نەک کۆمەڵگە ئیسلامییەکان. بەڵام بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەقڵییەتی زانستی یاخۆ فەلسەفی تا ئێستاش لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا ئەقڵییەتی زاڵ نییە، وەکی ئەوەی لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و هۆڵەندا و... هتد، هەیە. هاوکات تا هەنووکە ئەقڵییەتی کۆنی ئاینیی، دڵخوازی ملیۆنان گەنجی کۆمەڵگەکانی ئێمەیە. ئەم دۆخەش هەر وا دەمێنێتەوە، گەر بێت و بەشێوەیەکی گونجاو فیکری مۆدێرن لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا بڵاو نەبێتەوە و کۆلێجگەلێک دانەمەزرێت کە بەشێوەیەکی ئەقڵانی ئاینی تێدا بخوێنرێت، وەکی ئەوەی لە ئەوروپادا هەیە. لە پاڵ کۆلێجەکانی شەریعە و پەیمانگا ئاینە تەقلیدییەکاندا، پێویستە چەند کۆلێجێکیش بۆ خوێندنی کۆمەڵناسیی ئاین و رەگەزناسیی ئاین و مێژووی بەراوردکاری ئاینەکان

بکرێتەوە. بەم جۆرە دەکرێت وێنەیەکی تری ئاین پێشکێش بکرێت، جیاواز لەو وێنە تەقلیدییە سەدان ساڵە هەیە و دووبارە دەبێتەوە. گەر ئەمانەمان کرد، ئەوا دەشێت بۆ یەکەم جار تێگەیشتنێکی ئەقڵانیمان لە بارەی ترادسیۆنی ئیسلامییەوە هەبێت. ئەم تێگەیشتنە ئەگەر تەشەنەی سەند و بڵاو بووەوە، ئەوا شۆڕشێکی رۆشنگەری بەرپا دەبێت و هەموو دنیای ئیسلام رووناک دەکاتەوە.

ئەو لاپەڕانەی "هانز کۆنگ" لەم کتێبەدا بۆ ئیسلامی تەرخان دەکات، گرینگە و شایەنی ئەوەیە هەموو موسڵمانێک کە دەربایسی تێگەیشتنی ترادسیۆنی ئیسلامییە بە شێوازێکی نوێ، بەوردی بیخوێنێتەوە. "کۆنگ" بە درێژایی کتێبەکەی خەریکی بەراوردکردنی رەوتی مەسیحییەکانی ئەوروپایە بەرەوتی موسڵمانە هاوچەرخەکان. لە رێی ئەم بەراوردکارییەوە زۆر شتمان بۆ روون دەبێتەوە و لەوە تێ دەگەین، بۆچی ناتوانین لەگەڵ سەردەمەکە و لەگەڵ مۆدێرنەدا هەڵبکەین و خۆمان بگونجێنین. لای ئێمە لانی کەم بۆ ماوەی هەزار ساڵێک دەبێت ئایینناسی وەستاوە، ئەمە لە کاتێکدا ئایینناسی لە ئەوروپا لانی کەم سێ شۆڕشی تیۆلۆجی بەخۆیەوە بینیوە:

١- شۆڕشی ریفۆرمی ئاینی لە سەدەی شازدەمدا، لەسەر دەستی "مارتن لۆتەر"و "ئیراسموس".

٢- شۆڕشی رۆشنگەری لە سەدەی هەژدەدا، لەسەر دەستی گەورە فەیلەسووفانی وەک: "ڤۆلتێر و کانتۆ و رۆسۆ و دیدرۆ و.. هتد".

٣- پراکتیزەکردنی میتۆدی مێژوویی بەسەر تەورات و ئینجیلدا لە سەدەی نۆزدەمدا و دروستبوونی تیۆلۆجیایەکی لیبراڵی کە شایەنی سەردەمی ئەقڵ و مۆدێرنە بێت.

لە ڕاستیدا من لە یادم چوو باس لە سەدەی حەڤدەم و پراکتیزەکردنی

میتوودی مێژوویی بکەم لەلایەن "سپینۆزا"وە بۆ یەکەم جار، ئەم کارەشی بەسەر تێکستەکانی یەهوودییەت و مەسیحییەتدا کرد و لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا هات: (وتارێک لەبارەی تیۆلۆجیا و سیاسەت). "سپینۆزا" بەم کتێبە کۆتایی بە سەدەکانی ناوەڕاست هێناو سەرەتاکانی زانستی نوێی ئاینی هێنایە ئارا. هەموو ئەم ڕووداوە گەورانەی ئەوروپا بە خۆیەوە بینی، تا ئیستا لە جیهانی ئیسلامیدا روویان داوە؟ دواجار هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەو تێزە و شیکارییانەی "هانز کۆنگ" لێرەدا دەیخاتە روو، زۆر گرینگ و پڕبایەخە و هیوادارم زانایانی موسڵمان دەیانخوێندەوە و قسەو باسیان لە سەر دەکرد و هەڵوێستیان لێ وەردەگرت.

## عەلمانییەت لە بەردەم هەڕەشەی

## فێندەمێنتالیزمی یەهوودی و مەسیحی و ئیسلامیدا

لە نووسینی ئەم کتێبەدا*، هەریەک لە خاتوو "کارۆلین فۆریست" و "ڤیامیتاڤینێر" بەشدار بوون. "کارۆلین فۆریست" رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگە، بەهۆی ریپۆرتاجە مەیدانییە گەورەکانییەوە و چەندین ساڵە بە بزاوتە ئاینییەکانەوە خەریکە، بەتایبەتیش سەرقاڵی باڵی ڕاستڕەوی ئاینی ئەمەریکاییە. خاوەنی کتێبی (ئیمان دژ بە هەڵبژاردن)ە کە لە ساڵی ٢٠٠١دا چاپ کراوە. (ئیمان دژ بە هەڵبژاردن) مەبەست لێی بیر و باوەڕی دۆگماتیستییە کە هەموو هەڵبژاردنێکی ئازاد و خۆبەخۆیانەی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە. هەرچی "ڤیامیتاڤینێر"یشە، ئەوا لە لبنان لەدایک بووە و لە سەنتەری نەتەوەیی فرەنسا بۆ توێژینەوەی زانستی کاری کردووە. زۆر بە چاکی ئاگەداری هەلومەرجی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و شارەزاییشی لە بزاوتە مەسیحییە توندڕۆیەکانی ئەوروپادا هەیە. ئەمەش بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ تا لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان فێندەمێنتالیزمی مەسیحی و فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی تێ بگات. "ڤینێر" لەگەڵ شارەزایی لە فێندەمێنتالیزمی مەسیحی و ئیسلامیدا، ئاگەداری فێندەمێنتالیزمی توندڕۆی یەهوودیشە لە ناوەوە و دەرەوەی ئیسرائیلدا. بە هەوڵ و کۆششی هەریەک لەم دوو توێژەرە، ئەم کتێبە گرینگە هاتە بەرهەم کە بەشێوەیەکی ورد، بەراوردکاری لە نێوان ئەو سێ بزاوتە ئسووڵییە پەڕگیرەدا دەکات.

* Caroline fourest et fiametta Venner, Tirs Croisees. La laicite a lepreuve des integrismes juif, chretien et musulman, paris, fayard, 2005.

لە سـەرەتای کتێبـەکەیاندا "کارۆلین فۆریست" و "ڤیامیتا ڤینێر" دەڵێن: (سەرەوەختێک پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر روویان دا، جیـهان هەستی بە هەڕەشــە و مــەترســیــیــەکی نوێ کــرد کــە ئەویش هەڕەشــە و مــەترسی فـێندەمـێنتـالیـزمی ئیـسلامـیـیـە، بەڵام تا ئێـسـتـا درک بـەو هەڕەشـە و مـەترسییانە نەکراوە کە فێندەمێنتالیزمی مەسیحی و فێندەمێنتالیزمی یەهوودی دروستی دەکەن). شایەنی باسە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە، جـیـهـان هـەسـتی بە بـووژانەوەی بزاوتـە ئـسـوولیـە توندڕۆ و دەمارگیرەکان کردووە. "جیل کیبل"ی فرەنسایی و خاوەنی کتێبی (جیهاد)، ئەمــە بـە تۆڵەســەندنەوەی ئاین بۆ خـۆی نـاوزەد دەکــات. واتە لـەو ســاتە مێژووییەدا مەسیحی و یەهوودی و موسڵمان، دەست دەکەن بەوەی پێگە لەدەستچووەکانی خۆیان وەرگرنەوە و دەست بە پەلهاویشتن بکەن. پێشتر ئایدیۆلۆجیای نەتەوایەتی و لیبراڵیزم و مارکسیزم لە جیهاندا باڵا دەست بوون و ئێــســتــاکــەش ســەرەی ئاینە، بۆ ئەوەی تۆڵەی خــۆی بکاتەوە و سـەرلەنوێ بگەڕێتەوە ناو کایەکە. ئەمە ناوەڕۆکی کتێبی (جیهاد)ی "جیل کیبل"ە.

لەڕاستیدا بووژاندنەوەی فێندەمێنتالیزمی ئاینی، ئیتر ئیسلامی بێت یان یەهوودی یاخۆ مەسیحی، لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو و نزیک لە یەک ڕووی دا. بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسرائیلدا پارتە ئاینییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێناو ئەمەش بووە مایەی شکستی پارتی کار و سەرکەوتنی حزبی لیکۆد. ساڵێک دوای ئەوە، واتە لە ساڵی ١٩٧٨ کاردیناڵ "کارۆل وایتێلا"ی خەڵکی وڵاتی پۆڵەندا، بەناوی "یۆحەنا پۆڵسی دووەم"ەوە، بوو بە پاپای مەسیحییەکانی جیهان. لەگەڵ هاتنیشیدا بیر و بۆچوونێکی ڕادیکاڵی وەهای هێنا کە لەگەڵ ئەو ئاقارە لیبراڵییەی لە دوای کۆڕی دووەمی بەناوبانگی کڵێسای کاتۆلیکی هاتبووە ئارا، نەدەگونجا. ئەم پاپایە دەیویست پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئاقاری

دۆگماتیستیدا ئاسایی بکاتەوە و لە تەواوی دەسکەوتەکانی کۆڕی کڵێسای کاتۆلیکی پەشیوان بێتەوە کە تایبەت بوون بە ئازادیی بیر و باوەڕ و ژیانی جنسی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا، ئەو جیهانە مۆدێرنەی بەرهەمی فەلسەفەی رۆشنگەری و شۆڕشی فرەنسایییە. واتە ئەم پاپایە یەکێک بوو لە پاپا توندڕۆکان.

هاوکات سالی ١٩٧٩ بووژاندنەوەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی و فێندەمێنتالیزمی پرۆتستانتی ئەمەریکایی بەخۆ بینی. لە مانگی شوباتی ئەو ساڵەدا ئایەتوڵڵا "خومەینی" کۆماری ئیسلامی لە ئێران ڕاگەیاند و لە هەمان ساڵیشدا لە ئەمەریکا و بە شێوەیەکی فەرمی ڕاسترەوی ئاینی لەدایک بوو، ئەمەش مانای سەرەتای دەسپێکردنی فێندەمێنتالیستە پرۆتستانتییەکان بوو، بەسەر ژیان و سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوەوە و دەرەوەدا. بەڵام پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر وای کرد هەمووان چاویان لەسەر فێندەمێنتالیزەی ئیسلامی بێت و فێندەمێنتالیزمی یەهوودی و مەسیحی وەلاوە بنێن. لەم سەروبەندەدا کەوتنە سەر باسوخواسی پێکدادانی شارستانییەتەکان یاخۆ ململانێی نێوان خۆرئاوا و ئیسلام یان شەڕی خێر و چاکە دژ بە شەڕ و خراپەکاری، بەپێی لێدوانی "بۆش" و دەستەودایەرەکەی. بەڵام حەقیقەتی مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە لەبەردەم شەڕ و ململانێیەکی تردایین، واتە تەواوی بزاوتە ئسوولییە ئاینییەکان (لە یەهوودی و ئیسلامی و مەسیحی)، لە شەڕێکی کراوە و بێ ئاماندان لەگەڵ عەلمانییەتی لیبراڵی و ئەقڵانی. ئەمە ناوەڕۆکی ئەو شەڕ و ململانێیەیە کە ئێستا لە ئارادایە، نەک بە تەنیا شەڕی نێوان ئیسلام و خۆرئاوا بێت. دەبێت ئەوە بزانین کە عەلمانی و ئەوانەی لیبراڵیی ئیماندارن لە هەموو جێگەیەکدا هەن، هەروەها ئەم قسەیەش بۆ فێندەمێنتالیستە پەڕگیرەکانیش ڕاستە.

کەواتە ئیتر بۆچی فێندەمێنتالیزمەکانی تر فەرامۆش دەکەین و تەنیا

چاومان لەسەر فێندەمێنتالیزمی ئیسلامییە؟ هەردوو نووسەری ئەم کتێبە باس لەوە دەکەن کە چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوان فێندەمێنتالیزمی یەهوودی و مەسیحی و ئیسلامیدا هەیە. هەریەک لەمانە بێ ئەندازە ڕقیان لە یەکە و چاویان بە یەکتری هەڵنایەت، لەبەرئەوەی هەریەکەیان پێیوایە حەقیقەتی ڕەها لای ئەوە. فێندەمێنتالیستی یەهوودی پێیوایە ئەو یەکەم کەسە وەحی یەکتاپەرستی بۆ هاتووەتە خوارێ، کەواتە تەنیا بیروباوەڕی ئەو ڕاستەو هەرچی لە دوای ئەوەوە هاتووە پووچ و بەتاڵە. هاوکات فێندەمێنتالیستی مەسیحیش پێیوایە، حەقیقەتی ڕەها تەنیا لە مەسیحدا بەرجەستە دەبێت. فێندەمێنتالیستی ئیسلامیش باوەڕی وایە ئیسلام دواین وەحی و کۆتایی هەموو ئاینەکانە و هەر ئەویش بە تەنیا ڕاستە و بێ کەموکوڕییە. هەموو ئەم فێندەمێنتالیستە پەڕگیرانە یەک ڕیزن لە دژی ئاقاری عەلمانیی لیبراڵی، لەبەرئەوەی هەڵگرانی بیر و باوەڕی ئەو ئاقارە بە گەندەڵ و خراپەکار و بێ باوەڕ دەزانن. هەروەها وەک یەک سەرکۆنەی مۆراڵ و ئازادیی فیکری و سیاسی و جنسی، جیهانی مۆدێرن دەکەن. بۆ نموونە تەواوی فێندەمێنتالیستە دینییەکان دژی ئازادیی ژنانن و لەگەڵ حیجابکردنەدان. هەروەها هەموویان دژی ئەوەن وەچەخستنەوە دیاری بکرێت و مافی لەباربردن هەبێت. هاوکات دژی ئازادیی بیروڕان و هەموویان خەڵکانی جیهانی مۆدێرن تەکفیر دەکەن، لەبەرئەوەی نوێژ ناکەن و ڕۆژوو ناگرن و سرووت و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان بەجێ ناهێنن. لەلایەکی ترەوە تێکڕای فێندەمێنتالیستەکان، دژی مۆدێرنە و ئازادی و دیموکراسی و فەلسەفەی ئەقڵانی و ڕۆشنگەرین و کۆی ئەو شتانە بە گڵاو و کاری شەیتان دەزانن! فێندەمێنتالیستەکان پێیان وایە یاسای یەزدان (واتە شەریعەتی یەهوودی یاخۆ مەسیحی یان ئیسلامی)، لە سەروو یاسای مرۆڤ و ئەو جاڕنامە گەردوونییەی مافی مرۆڤەوەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨دا ڕایگەیاند. سەرەڕای جیاوازی نێوان ئەو شەریعەتە ئاسمانییانە،

بەڵام هەریەکەیان پێیوایە شەریعەتی خۆی ڕاستە و پیرۆزە.

پاشان هەردوو نووسەر نموونەی زیندوومان لە مەڕ کۆکبوونی فێندەمێنتالیستە دینییەکان بەردەست دەخەن، بەتایبەت لەسەر مەسەلەگەلێکی هەستیاری وەک مەسەلەی ژنان. لەم بارەیەوە دەڵێن: (فێندەمێنتالیستی یەهوودی بەیانییان کە لە خەو هەڵدەستێت ئەم دۆعایە دەخوێنێت: سوپاس بۆ خوا کە بە ژن دروستی نەکردم!). شایەنی باسە تەورات کە کتێبی پیرۆزی یەهوودییەکانە، هیچ شتێکی وای تێدا نییە کە ڕێگە لە ژنان بگرێت نەخوێنن و خۆیان ڕۆشنبیر نەکەن، تەنانەت لە بواری ئاین و تیۆلۆجیاشدا. بەڵام دواتر ئەوەی ڕێگە بەوە نادات حاخامەکانن، نەک شتێکی تر. ئەم قسانەش بۆ ئیسلام و مەسیحییەتیش ڕاستە. مەسیح خۆی لایەنگری ژنان بوو، بەڵام مەسیحییە دەمارگیر و توندڕۆکان لە دژیانن. پێغەمبەری ئیسلام داکۆکی لە ژن دەکرد و دەیویست ژیانیان چاکتر بکات، بەڵام موسڵمانانی هاوچەرخ لە دژیانن. واتە خوێندنەوەیەکی دۆگماتیستانە بۆ قورئان و ئینجیل هەیە. ئەگەرچی لە پاڵ ئەمەشدا خوێندنەوەیەکی لیبراڵییانە و کراوەش هەیە، بەڵام دەمارگیر و توندڕۆکان بە توندی دژایەتی دەکەن.

سەبارەت بە حیجاب پۆشینیش، نووسەرانی ئەم کتێبە پێیان وایە توندڕۆکان پابەندی ئەو مەبەستە سەرەتاییانە نابن کە لە قورئاندا هاتووە. قورئان تەنیا داوای داپۆشینی سەر و سنگی ژنان دەکات، بەڵام دەمارگیر و توندڕۆکان دەیانەوێت لە تەپڵی سەریەوە تا نووکی پێی داپۆشراو بێت!. کەواتە قورئان زۆر لە دەمارگیرەکان لیبرالتر و کراوەتر و هیومانیترە. بابزانین کتومت قورئان چی دەڵێت؟ ئایەتی ٣١ لە سورەتی (نوور) دەڵێت: (وقل للمؤمنات يغضضن من ابصارهن ويحفظن فروجهن ولا يبدين زينتهن الا ما ظهر منها وليضربن بخمرهن على جيوبهن). (الجيوب) لێرەدا بە مانای سنگ و گەردن و مەمک دێت، نەک سەروقژ وەکی ئەوەی هەندێ موسڵمان بە

هەڵە پێیان وایە. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە پێغەمبەر زۆر لە موسڵمانانی ئەمڕۆ پێشکەوتووتر بووە. سەرەڕای ئەوەش بۆ یەکەم جار حیجاب لە تەوراتدا هاتووە نەک لە قورئاندا. تەنانەت دەتوانین بڵێین حیجاب بەر لە تەوراتیش لە یاسای "حامورابی"دا باسی هاتووە! کەواتە حیجاب تایبەتمەندییەکی ئیسلامی نییە.. هەریەک لە دەمارگیر و پەڕگیرانی ئیسلامی و یەهوودی خوازیارن ژنان حیجاب بپۆشن، بۆ ئەوەی سەرنجی پیاوان بەلای خۆیاندا ڕانەکێشن.

لەلایەکی ترەوە نووسەرانی ئەم کتێبە زۆر بەتوندی دەکەونە رەخنەگرتن لە رەوشی ژنان لە وڵاتی عەرەبستانی سعوودیە لەبەرئەوەی دوای رووخانی ڕێژیمی تاڵیبان لە ئەفغانستان، هیچ ڕێژیمێکی تر لە جیهاندا نییە وەکی عەرەبستانی سعوودیە ژنان بچەوسێنێتەوە. یاسایەکی سۆسیۆلۆجی هەیە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە سەرمایەداری لەگەڵ بەرەو پێشچوونیدا بەرەو دیموکراسی دەچێت، بەڵام ئەمە بەسەر وڵاتێکی وەک عەرەبستانی سعوودیەدا جێبەجێ نابێت و ئەم وڵاتە ناچێتە ژێر باری ئەو یاسایەوە. سەرەڕای بوونی ئەو پارە زۆرە لەو وڵاتەدا و سەرباری ئەو بزاوتە مۆدێرنە لە رووی تەلارسازی و ئاوەدانی و بازرگانی و پیشەسازییەوە، بەڵام بارودۆخی ژنان هەروەکی خۆیەتی. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە مەزهەبی وەهابی لە وڵاتدا بالادەستە.

مەزهەبی وەهابی بە شێوەیەکی زۆر دۆگماتیستانە تەفسیری قورئان و ئیسلام دەکات و لەمەشدا لە ڕێبازەکانی تر جیاوازترە، بەتایبەت لەو ڕێبازانەی کە کەمەکێک کراوەترن، وەک ڕێبازی: (شافعی و مالکی و حەنەفی). یاسای خێزان لە سعوودیەدا زۆر دڵڕەقە بەرامبەر بە ژنان. بۆ نموونە پیاو نەک هەر مافی ئەوەی هەیە چوار ژن بێنێت، بگرە دەتوانێت لە هەر کاتێکدا خۆی ویستی بێت، ژنەکەی یاخۆ تەواوی ژنەکانی تەڵاق بدات. بەڵام ژن ناتوانێت داوای تەڵاق بکات، مەگەر دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر

نەبێت، ئەویش قبوولکردنی لە ئەگەر و نەگەردایە. هاوکات ساڵانە لەو وڵاتەدا ١٢٧٧٥ حاڵەتی تەڵاق ڕوو دەدات. سەرەکیترین هۆکارێکیش بۆ تەڵاق لە سعوودیەدا فرەژنییە، چونکە ژنی یەکەم رازی نابێت ژنی تری بەسەردا بهێنرێت و کە ئەوەش رووی دا داوای تەڵاق لە مێردەکەی دەکات. لە کاتێکیشدا کە تەڵاق دەدرێت، بۆ ماوەی سێ مانگ نەبێت بۆی نییە داوای نەفەقە لە مێردەکەی بکات. دوای ئەوە دەبێت پەنا بەرێتە بەر خانەوادەکەی بۆ ئەوەی مەسرەفی بکێشن. هاوکات بۆی نییە منداڵەکانی لای خۆی گل بداتەوە. گەورەترین کێشەیەک لە عەرەبستانی سعوودیەدا تێکەڵبوونە. لەوێ قەدەغەیە کوڕ و کچ تێکەڵ بەیەکتر بن، تەنانەت لە قۆناغی منداڵیشدا. ئەمەش سەرەکیترین هۆکارێکە کە رێ لەوە دەگرێت ژن بچێتە سەرکار یاخۆ بە تەنیا لە ماڵ بچێتە دەر.

هەر لە درێژەی نووسینەکەیاندا خاتوو "کارۆلین فۆریست" و "ڤیا میتا ڤینێر" دەڵێن: (سەرەڕای هەموو ئەو یاسایانەی لە دژی ژنانن لە وڵاتی عەرەبستانی سعوودیەدا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نیوەی دەرچووانی زانکۆ ژنانن! بەڵام ئەم سەرکەوتنە مەزنەی ژنانی سعوودیە بەدەستی دێن، لە ژیانی رۆژانەدا هیچ کاریگەرییەکی نییە، واتە لە بازاڕی کار و خزمەتکردنی وڵاتدا ڕەنگ ناداتەوە). جیاکردنەوەی نێر و مێ لەو وڵاتەدا، هەندێ جار کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، وەکی ئەوەی لە مانگی ئاداری ٢٠٠٢دا ڕووی دا. لە قوتابخانەیەکی کچاندا ئاگرێکی گەورە کەوتەوە و ئاگر کوژێنەوەکان درەنگ کەوتن، لەبەرئەوەی پاسەوانی قوتابخانەکە (کە پیاوێکی تەمەن ٦٢ ساڵان بوو)، دەرگای لەسەر داخستبوون. ئاگرەکە ١٥ کچە خوێندکاری سووتاند کە زۆربەیان لەبەردەم دەرگای دەرەوەدا سووتابوون و لە هەوڵی چوونە دەرەوەدا بوون، بەڵام لەبەرئەوەی دەرگاکە ئەوەندە قایم داخرابوو، بواری هەڵهاتنیان نەبوو. زیاد لەوەش، ئەگەرچی پیاوانی ئاگر کوژێن درەنگ گەیشتن، بەڵام هەندێک لە پۆلیسە ئیماندارەکان، رێگەیان نەدا دەستبەجێ

کچەکان بێنەدەر، تا حیجاب نەپۆشن و لەچک نەکەن. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی زۆرتریان لێ بسووتێت. سەیر بکەن دەمارگیری ئاینی دەشێت چی بکات!

ئەم مەسەلە تراجیدییە هەڵایەکی گەورەی لە سعوودیەدا نایەوە و بووە مایەی تووڕەکردنی زۆربەی رۆژنامەنووس و رۆشنبیرە لیبراڵییەکان. لەناو ئەوانەشدا "رائد سعود"ی رۆژنامەنووس کە وتارێکی توندی بە زمانی ئینگلیزی لە رۆژنامەی Arab Newsدا نووسی. دوای خوێندنەوەی ئەم وتارە زانیمان ئەو خوێندنگایە هەشت سەد کچە خوێندکاری تێدا بووە و تەنیا رێگایەکی دەرچوونی هەبووە. دەرگای ئەم رێگەیەش لە دەرەوە دادەخرێت نەک لە ناوەوە! واتە زۆر ئەگەری ئەوە هەبوو کە تەواوی ئەو کچە خوێندکارانە بسووتانایە و لەوێدا بمردنایە. ئەم رۆژنامەنووسە بوێرە سێ مانگ دوای ئەو رووداوە، وتارێکی لە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا نووسی و تێیدا دەڵێت: (چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشانە ئەوەیە پیاوی سعوودی ئەقڵ و بیرکردنەوەی خۆی فراوانتر بکات، لەسەر کۆمەڵگەی سعوودیش پێویستە بزانێت کە ناتوانێت دەستبەرداری بەهرە و توانای نیوەی دانیشتووانەکەی بێت. ئەم وڵاتە گەر دەیەوێت گەشە بکات و بەرەو پێش بچێت، ئەوا دەبێت هێزو لێهاتوویی ژنانی بە کەم نەگرێت. لە زۆربەی زۆری وڵاتانی کەنداودا دەبینین چەندین ژن گەشتوونەتە پلەی وەزیر یان باڵیۆز، ئیتر بۆچی دەبێت ئەوە بە ژنی سعوودیە رەوا نەبینرێت؟). شایەنی باسە ئەم رۆژنامەنووسە نەیوێرا ئەو وتارەی لە (عەرەب نیوز)دا بڵاو بکاتەوە، بگرە لە دەرەوە و لە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا بڵاوی کردەوە. خۆشبەختانەش ئەو رۆژنامەیە دەستەبژێری کۆمەڵگەی سعوودی دەیخوێننەوە.

پاشان هەردوو نووسەر بەشێکی زۆر گرینگ لە کتێبەکەیان تەرخان دەکەن بۆ فێندەمێنتالیزمی پرۆتستانتی لە ئەمەریکا. لەم بەشەدا "فۆریست" و "ڤینێر" باس لەوە دەکەن کە: (سەرەڕای ئەوەی لە دەستووری ئەمەریکادا

کڵێسا لە دەوڵەت جیا کراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەلمانییەت بە مانا ئەوروپاییەکەی هەرگیز نەبووەتە بەشێکی گرینگ لە کولتووری گەلی ئەمەریکی. لێرەشدا جیاوازییەکی زەق لە نێوان ئەقڵییەتی ئەوروپایی و ئەقڵییەتی ئەمەریکاییدا دەبینرێت. بەڵام پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان مەسیحییە لیبراڵییەکان لە ئەمەریکا، لەگەڵ ئەو مەسیحییە دۆگماتیست و پەڕگیرانەی لە ولایەتەکانی باشووردا نیشتەجێن. ئەڵبەتە لە ڕووی ژمارەوە لیبراڵەکان زۆر لە فێندەمێنتالیستەکان زیاتر و زۆرترن. فێندەمێنتالیستەکانیش کەمینەیەکی گەورەن و حسابیان بۆ دەکرێت و لە ١٥٪ بۆ ١٨٪ی کۆی دەنگدەرانی ئەمەریکا پێکدێنن. کەواتە ئەمانە لە کاتی هەڵبژاردندا هێزێکی گەورەن یاخۆ لۆبییەکی راستەقینەن. هەر ئەمانەش بوون توانییان شکست بە جۆرج بوشی باوک بهێنن و نەهێڵن بۆ دووەم جار پۆستی سەرۆکایەتی بەدەست بێنێتەوە، لەبەرئەوەی زیاد لە پێویست عەلمانی بوو، ئەمەش بە پێچەوانەی رۆناڵد ڕیگان و جۆرج دەبلیو بوشەوەیە).

وەک چۆن لە جیهانی ئیسلامیدا هەندێ شێخ هەن بوونەتە ئەستێرەی سەر شاشەکانی تەلەفزیۆن، وەکی "محەمەد متوەلی شەعراوی" و "یوسف قەرزاوی"، لە ئەمەریکاشدا قەشەی هاوشێوەی ئەمانە هەن و وەک ئەوان کۆنەپەرست و دەمارگیرن. بەناوبانگترینیشیان "جێری فالۆیل" و "پات رۆبرتسۆن" و چەند کەسێکی ترن. ئەمانە لانی کەم چوار سەد کەناڵی تەلەفزیۆنیان لە سەرتاسەری ئەمەریکادا بۆ خۆیان پاوان کردووە و بەردەوام لەو کەناڵانەوە بە شێوەیەکی دۆگماتیستانەو توندڕۆیانە تەفسیری ئینجیل دەکەن، تەفسیرێک کە دژ بە دنیای تازە و جیهانی مۆدێرنە. بۆ نموونە ئەمانە دژ بە پرۆسەی لەباربردن و یەکسانی نێوان ژن و پیاون و داوا دەکەن نوێژی مەسیحی لە خوێندنگەکاندا بکرێتە شتێکی ئیجباری، هەروەها سەرلەنوێ کار بەو یاسا ڕەگەزپەرستانەیە بکرێت کە جیاوازی لە نێوان ڕەش پێست و سپی پێستدا دەکات. ئەوان پێیان وایە نابێت لە قوتابخانە و

ناو میترۆ و شەمەندەفەرەکاندا، تەنانەت لە چێشتخانە و گازینۆکانیشدا، ڕەش پێستەکان لە تەنیشت سپی پێستەکانەوە بن و لەگەڵیاندا دابنیشن. بگرە دەبێت ڕەشەکان لە جێیەکدا بن و سپی پێستەکانیش لە جێیەکی تردا، چونکە ڕەش پێستەکان پیسن و ڕەزایان گرانە!. هاوکات ئەمانە داوا دەکەن ئەو کتێبانەش قەدەغە بکرێن کە زۆر ڕۆشنگەر و پێشکەوتنخوازن. لەگەڵ ئەمانەشدا هێرش دەکەنە سەر ئەو بەرنامانەی ناو تەلەفزیۆن کە لە خوا و دینداریـیەوە دوورن و داوا دەکەن لە کاتی وەرزشکردندا کچان و کوڕان تێکەڵ بە یەکتر نەکرێن. لەلایەکی ترەوە داوا دەکەن لە خوێندنگەکاندا لە جێگەی تیۆریای "داروین"، ئەو شتانە بە خوێندکاران بوترێت کە لە تەوراتدا هاتووە و باس لە چۆنیەتی دروستبوونی گەردوون و جیهان دەکات. چونکە پێیان وایە تەورات لە زانستی نوێ گرینگترە. ئیتر دەمارگیری هەیە شان لە شانی ئەمە بدات؟

جیاوازی نێوان فێندەمێنتالیزمی پرۆتستانتی لە ئەمەریکا و فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی ئەوەیە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەو هێزە هێزی دیکەی لەبەردەمدایە و هەر کاتێک پێویست بکات، لە ئاستی خۆیدا ڕای دەگرن. لە ئەمەریکا هێزە لیبراڵییەکان زۆر بەهێزن، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا لاوازن و ناوێرن زۆر دەنگ بەرز کەنەوە. بەم جۆرە فێندەمێنتالیستەکان باڵادەستن و کەس ناوێرێت بە ئاشکرا دژایەتییان بکات، چونکە دژایەتیکردنی ئەوان، مانای دژایەتیکردنی خواو پێغەمبەر و قورئان دەگەیەنێت! پاشان هەردوو نووسەر دەپرسن بۆچی فێندەمێنتالیستە پرۆتستانتەکانی ئەمەریکا پشتگیری لە ئیسرائیل و جوولەکە دەکەن؟ چونکە پێیان وایە گەڕانەوەی جوولەکە بۆ فەلەستین کارێکی پێویستە، بۆ ئەوەی "مەسیح" جارێکی تر دەرکەوێتەوە.

لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە "بن لادن" و فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی، بوونەتە دوژمنی هاوبەشی مەسیحییەکانی ئەمەریکا و جوولەکەکانی

ئیسرائیل. لەبەر ئەوە هاوپەیمانێتی نێوان ڕاستی توندڕۆی ئیسرائیلی بەسەرکردایەتی "ئەریل شارۆن" و ڕاستی توندڕۆی ئەمەریکی، بە ڕابەرایەتی کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکان توندوتۆڵتر بووە. لەبەر ئەوە لە ئێستادا "فرانکلین گراهام"ی کوڕی "بیلی گراهام" کە ڕقی زۆری لە جوولەکە بوو، بووەتە یەکێک لە سەرسەختترین دوژمنی موسڵمانان. لە دوای پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر ئەم پیاوە لە لێدوانێکدا وتی: (خوای موسڵمانان خوای ئێمە نییە و لە خوای ئێمە زۆر جیاوازە. پێشمەوایە ئیسلام لە ناوەڕۆکدا ئاینێکی شەڕانگێزە!). بەم جۆرە فێندەمێنتالیستەکان کەوتنە جۆشدان و دنەدانی یەکتری. بۆیە دەتوانین بڵێین: (جوولەکە و مەسیحییەکانیش بن لادنی خۆیانیان هەیە و هەمان دنیابینیی ئەویان هەیە). لە ڕاستیدا فێندەمێنتالیستەکان دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کۆمەک بەیەکتر دەکەن. تەواوی فێندەمێنتالیزمەکانی جیهان یەک دوژمنی هاوبەشیان هەیە، ئەویش: (هیومانیزمی سیکولاری و فەلسەفەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنەیە).

سەبارەت بە بارودۆخی وڵاتانی عەرەبیش هەردوو نووسەری ئەم کتێبە دەڵێن: (ئەو هەلومەرجە دژوارەی لە وڵاتانی عەرەبیدا هەیە، لە بارە بۆ ئەوەی بزاوتە توندڕۆیەکان تێیدا گەشە بکەن. سەرانی وڵاتانی عەرەبی هەر لە هاتنە ئارا و سەرکەوتنی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی بەرپرس نین، بە هۆی پشتگیریکردنیان لە جەهل و نەزانین و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی خوێندنی کۆن و بەسەرچوو، بگرە لەبەرئەوەی لە حوکمڕانیکردنیاندا دیکتاتۆرن و لە ڕووی ئابوورییەوە گەندەڵن و هیچ ئومێد و ئاسۆیەکیشیان بۆ میللەتەکانیان نەهێشتووەتەوە). هەموو ئەم شتانە لە دوا ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە و دەڵێت: (هەرچەندە وڵاتانی عەرەبی سامانیان زیادی کردووە و دەوڵەمەندتر بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی ئەو وڵاتانە بە شێوەیەکی زۆر ترسناک کەرتی تەندروستی و پەروەردە و

خوێندنیان فەرامۆش کردووە). هاوکات ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە: (وزە و توانایەکی مرۆیی زۆر لە وڵاتانی عەرەبیدا هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئازادیی هەڵبژاردن و نەبوونی مەعریفەی زانستی و هەژموونی زانستە ئاینییەکان، ئەم وزە و توانایانە خنکێنراون و خەفە بوون. هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە وزە و توانای ژنان کە نیوەی کۆمەڵگە پێکدێنن، بە تەواوەتی پەک خراوە). پاشان ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماری زۆر وردترمان بە ژمارە بەردەست دەخات و دەڵێت: (پێویستە ئەوە بزانین کە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتانی عەرەبی ٢٨٠ ملیۆن کەسە و لەم ژمارەیەش ٦٥ ملیۆنیان نەخوێندەوارن و خوێندن و نووسین نازانن. هەروەها لە کۆی ئەو ژمارەیە ١٥ ملیۆن منداڵ ناچنە قوتابخانە. ئەم دیاردەیەش تا بێت بەرەو خراپتر دەچێت، لەبەرئەوەی خەرجی وڵاتانی عەرەبی بۆ کەرتی پەروەردە و خوێندن لە بری ئەوەی زیاد بکات کەمی کردووە. لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ٢٠٪ ی بودجە بۆ بواری پەروەردە و خوێندن بوو، بەڵام لە ئێستادا بووەتە تەنیا لە ١٠٪).

سەرەڕای ئەوەش بەشداری ژنان لە ژیانی ئابووری و سیاسیدا زۆر لاوازە و لەسەر ئاستی جیهان لە نزمترین ئاستدایە، تەنانەت لە خوار ئەفریقاشەوەیە. لە وڵاتانی عەرەبیدا ٢٢ ملیۆن بێکار هەیە. بەم جۆرە هەژاری لە زیادبووندایە و لە دەوروبەری شارە گەورەکانی وەک: (قاهیرە و خەرتووم و جەزائیر و دارلبەیزا و.. هتد)، لە هەڵکشاندایە. ئەمەش زەمینەیەکی لە بارە بۆ گەشەکردنی زیاتری بزاوتە توندڕۆیەکان و دەرکەوتنی زۆرتری وتاربێژە سەلەفییە دۆگماتیستەکان. لە وڵاتێکی وەک پاکستاندا سەیر دەکەین سیاسەتێکی ڕاستەقینە بۆ پەروەردە و فێرکردنی گشتی لە گۆڕێدا نییە و دەوڵەت وەک پێویست بە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی هەڵناستێت. لەبەر ئەوە قوتابخانە دۆگماتیستەکانی قورئان خوێندن تەشەنەیان سەند و تالیبانیان لێ پەیدا بوو، واتە بوونە مایەی دروستکردنی

یەکێک لە هەرە بزاوتە ئسوولّییە تاریکخواز و داخراوەکان لە جیهاندا. لە پاکستاندا ئەم قوتابخانانە تاکە شوێن پێشوازی لە منداڵی هەژاران دەکەن و خواردنیان دەدەنێ و پەنایان دەدەن. کەواتە ئیتر بۆچی پێمان سەیرە کە ئەوانە گـوێڕایەڵی ڕێنومـایی و بەرنامـەی خـوێندنیـان دەبن و دوای دەرچوونیان، پێوەندی بە بزاوتە جیهادی و تیرۆرستییەکانەوە دەکەن؟ ئەوانە لەو قـوتابخـانانەدا مـێشکیـان بە بیـر و بۆچوونەکـانی "ئیبن تەیمیـە" و "مەودوودی" و "سەید قوتب" و دەیان تیۆرسینی توندڕۆی تر دەئاخنرێت.

هەردوو نووسـەری ئەم کـتـێبـە دان بەوەدا دەنێن کـە وڵاتانی عـەرەبی، خاوەنی ئەو هێزانەیە بتوانن وڵاتەکانیان نوێ بکەنەوە و بەرەو دیموکراسی و ئەقـڵانییـەتیـان بەرن، هەر ئەمـانـەش دەتوانن ئەقـڵـیـیـەتی سـەدەکـانی ناوەڕاست کـە "بن لادن" و "زەواهری" و "زەرقـاوی" نوێنـەرایەتی دەکـەن، لە ناوچەکەدا نەهێڵن و وڵاتەکانیانی لێ پاک بکەنەوە. کەواتە ئەم پرۆسـەیە بە توێژێکی رۆشنبیر لە سیاسەتمەداران و بیریاران ئەنجام دەدرێت، نەک بە تۆپ و بۆمـبـای ئەمـەریکاییـیەکـان. چونکە گـۆڕانی ڕاسـتـەقـینە ئەوەیە بەشێـوەیەکی خۆبەخۆ و سروشـتی لەناوخۆوە دێت، نەک ئەوەی لە دەرەوە دێت و بە زەبری هێز دەسەپێنرێت. هەر لە درێژەی نووسینەکەیاندا هەردوو توێژەر دەڵێن: (لە ناوچەی خـۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خـۆرئاوای عـەرەبیـدا، گۆڕانێک بەڕێوەیە. خەڵکی ئەو ناوچانە بەهۆی کەناڵە ئاسـمـانییـەکانەوە، خەریکە پەی بە مـانای رەخنە دەبات و دەم لە رەخنە دەدات. کەناڵی جەزیرە سـەرەڕای جـەوهەری کـۆنسـێـرڤـاتیـڤی و کـۆنەپەرسـتـانەی هەندێ لە بەرنامـەکانی، بەڵام شتێکی باشـە و دەتوانێت گۆڕان دروست بکات. لە ڕێی ئەم کەناڵەوە بۆ یەکەم جار خەڵکی ئەو وڵاتانە بینییان بە بەرچاوی خۆیانەوە و بێ هیچ ترس و سڵـەمینـەوەیەک، رەخنە لە سـەرکـردەکانیـان دەگـیرێت و سەرکۆنە دەکرێن. هەروەها بۆ یەکەم جار لە ڕێی ئەم کەناڵەوە بە شێوەیەکی ئازاد، گوێ بیستی قسە و باس بوون لەبارەی سیاسەت و کولتوور و ڕێژیمە

حوکمڕانەکان و ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵاتانی عەرەبی. کەواتە لەدایکبوونی ئەم کەناڵە شۆڕشێک بوو لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریی عەرەبیدا، خۆشبەختانە چەند کەناڵێکی تریش کەوتنە لاساییکردنەوەی).

دەتوانین بڵێین ئەم گۆڕانکارییە تازانە لە ناوخۆی وڵاتانی عەرەبییەوە دروست بوون و پاڵەپەستۆی دەرەکی دروستی نەکردن. بێگومان توێژی ڕۆشنبیرانیش بە دەنگ ئەم گۆڕانکارییانەوە چوون. بۆ نموونە لە کۆنگرەی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا کە لە مانگی تەمووزی ۲۰۰۳دا لە شاری قاهیرە بەسترا، زیاتر تەئکیدی لەو ئاقارە ڕەخنەییە ئازادە کردەوە. ئەوە بوو لەلایەک شاعیری ناسراوی میسری "ئەحمەد عەبدولمعتی حیجازی"، داوای جیاکردنەوەی ئاینی لە سیاسەت کرد لە وڵاتانی عەرەبیدا. "حیجازی" لەم بارەیەوە وتی: (ئێمە زیاد لە خۆرئاوا و مەسیحییەکان، پێویستمان بەم جیاکردنەوەیە هەیە). هەروەها "جەمال بەننا"ی برای "حەسەن بەننا"، بە پێچەوانەی ئیخوان موسلمینەوە داوای عەلمانییەت دەکات و ڕێبازێکی ریفۆرمخوازانە و ڕۆشنگەرانەی گرتووەتەبەر. "جەمال بەننا" دەڵێت: (دەسەڵات ئاین دەشێوێنێت. ئیسلام ئاینە، نەک ئاین و دەوڵەت بێت. فیکری ئیسلامیش تەنیا لە سایەی سیستەمێکی عەلمانیدا گەشە دەکات و دەبووژێتەوە). لەگەڵ ئەمانەیشدا ڕۆشنبیری سوودانی "حەیدەر ئیبراهیم" دەنگی لێ هەڵبڕی و داوای لە هاوزمانانی خۆی کرد کە خۆڕەخنەکردن پەیڕەو بکەن. ئەو لە قسەکانیدا دەڵێت: (کۆمەڵگەکانی ئێمە زۆر خۆشییان بە گۆڕان نایەت. هەروەها ئێمە یەکێکین لەو میللەتانەی بەردەوام کێشە و گرفتەکانی خۆمان دەدەینە پاڵ پلانی دەرەکی، ئەمەش چاکترین ڕێگەیە بۆ خۆ دزینەوە لە بەرپرسیارێتی و خەتابارکردنی خەڵکانی تر لەو کێشانە. لە ڕاستیدا ئێمە تا هەنووکە دەستەوستانین لەوەی بە ئاشکرا ڕووبەڕووی کێشەکانی خۆمان ببینەوە. لەبەر ئەوە بەردەوام خۆرئاوا و ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم تاوانبار دەکەین و خۆمانی لێ دەردەکەین).

له کـۆتاییـدا نموونەیەک بـاس دەکـەین کـە نیـشـانی دەدات، لە وڵاتـانی ئیسلامیدا رەخنەگرتن چ گوناهێکە و چ باجێکی گەورەی هەیە. رۆژی ٢٧ی ئاخۆری ٢٠٠٣، سەرنووسەری رۆژنامەی (الوطن)ی عەرەبستانی سعوودیە لە پۆستـەکەی لابرا، لەبەرئەوەی لە وتارێکیدا رەخنەی لە رۆڵ و کاریگەری تێزەکانی "ئیبن تەیمیە" گرتبوو لەسەر بزاوتە جیهادییە ڕادیکاڵییەکان. لەو وتارەیدا سەرنووسەر نووسیبووی: (ئەو پیاو کوژانە چۆن دەستیان چووە خوێنی موسڵمانان و منداڵانەوە؟ ئەوانە بۆ ڕاییکردنی ئەو کارە دزێوەیان پشتیان بە فتوایەکی ئیبن تەیمیە بەستووە کە دەڵێت: گەر هاتوو کافرەکان لە پشت موسڵمانانەوە خۆیان شاردەوە بۆ ئەوەی گیانی خۆیان بپارێزن، ئەوا مافی ئەوەمان هەیە کە ئەو موسڵمانانە بکوژین تا دەستمان بگاتە کافرەکان!). لەسەر ئەم فتوایە، سەرنووسەری رۆژنامەی (الوطن) رەخنەی ئاڕاستەی "ئیبن تەیمیە" کرد، لەبەرئەوەی قسەکانی پێچەوانەی حەدیسێکی پێغەمبەرە کە رێگە لە کوشتنی ژن و منداڵ دەگرێت. پاشان هەر ئەم سەرنووسەرە لەو وتارەیدا هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو پیاوە ئاینییە موحافیزکارانەی میوزیک قەدەغە دەکەن، بە بیانووی ئەوەی ئەخلاق خراپ دەکات و مرۆڤ لە خوا دوور دەخاتەوە. هەروەها هەموو ئەو کتێبە مۆدێرنانەش بە حەرام دەزانن کە باس لە زانست و فەلسەفە دەکەن. بە بۆچوونی سەرنووسەری رۆژنامەی (الوطن)، ئەمانە لە پشت ئەو تیرۆریستانەوەن کە کۆمەڵگەی سعوودییان شپرزە کرد و بوونە هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر سەروەری و یەکەتی نیشتمانیی ئەو وڵاتە.

## جیهاد دژ بە ئەمەریکاییکردنی جیهان

لە ئێستادا "بینیامین باربێر"ی نووسەری ئەم کتێبە* بە یەکێک لە ڕۆشنبیرە دیارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەژمێردرێت. لە ڕووی گرینگی و نێوبانگیشەوە هیچی لە "فرانسیس فۆکۆیاما و سامۆئیل هنتنگتۆن و نەعوم چۆمسکی" کەمتر نییە.. ڕەنگە وەکو ئەوان نێو و نێوبانگی لە ناو ئێمەدا نەبیستراببێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە ڕووی گرینگییەوە لەوان کەمترە."باربێر" لە بەرەی دژ بە "هنتنگتۆن"دایە. لە کاتێکدا "هنتنگتۆن" تەنیا ڕەخنە لە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی دەگرێت ئەو دێت و لەگەڵ ڕەخنەکردنی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیدا، ڕەخنەش ئاراستەی ئیمپریالیزمی بازرگانی و پاوانخوازی ئەمەریکا دەکات.

"باربێر" پێیوایە تەنیا یەکێک لەو دوولایەنە گوناهبار نییە، بگرە هەردوولایان گوناهبارن و هەریەکەیان هەڵەی خۆی هەیە.. شارستانییەتی خۆرئاوا وەکو "فۆکۆیاما و هنتنگتۆن" باسی لێ دەکەن، بێ کەموکوڕی نییە و ئەو هەراو پشێوییە زۆرەشی جیهانی تەنیوە، بە تەنیا بەرهەمی تەقینەوەی دەمارگیری ئاینی و مەزهەبی و ئەتنییەکان نییە، بگرە لە هەمان کاتدا بەرهەمی پەلهاویشتن و پاوانخوازیی بەجیهانیبوونی سەرمایەداریی چاوچنۆکە کە جگە لە قازانج و بەرخۆری مادی و بووژاندنەوەی بازاڕی بازرگانی، هیچی تر نازانێت و دەرباسی هیچ نییە.

"بینیامین باربێر" پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نیویۆرک و

* Benjamin R. Barber, Djihad versus Mc world. Mondialisation et integrism contre la democratie, Paris, Hachette, 2001.

یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی نزیکە لە "بیل کلینتۆن"ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا. هەروەها سەر بە باڵە ڕۆشنگەرەکەی ڕۆشنبیرانی ئەمەریکایە، نەک سەر بەباڵی ڕاسترەوی موحافیزکار بێت کە "هنتنگتۆن" یەکێکە لەوان یاخۆ لە ڕیزی لیبراڵییە ڕاسترەوەکاندا بێت وەکو "فرانسیس فۆکۆ یاما". شایەنی باسە ئەو وەختەی دوو فڕۆکەکە خۆیان کێشا بە سەنتەری بازرگانی جیهاندا، "باربێر" وانەی بە خوێندکارەکانی دەوتەوە لە زانکۆی نیویۆرک و لەودیو پەنجەرەی هۆڵەکەوە، بە زیندوویەتی دیمەنی ڕووداوەکەی بەچاوی خۆی بینی. ئەم ڕووداوە لێکدانەوە و بۆچوونەکانی ئەویان سەلماند، سەبارەت بەوەی کێشە و ململانێیەکی یۆنیڤێرسالی هەیە لە نێوان هێزی جیهاد و کولتووری خۆرئاواییدا. مەبەستی "باربێر" لە جیهاد کۆی ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەیە کە دژایەتی مۆدێرنە دەکەن، ئەڵبەتە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیش لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەدایە کە بەم کارە هەڵدەستن. بەڵام نەک تەنیا ئەوان، بگرە بە بڕوای ئەو فێندەمێنتالیزمی جوولەکە و مەسیحی و هندۆسی و.. هتد، دژایەتی مۆدێرنە و فەلسەفەی ڕۆشنگەری دەکەن.

ئەگەر کێشە و ململانێیەک لە نێوان فێندەمێنتالیزمی جیهادی و بەجیهانیبوونی سەرمایەداریدا (بەشێوە ئەمەریکاییەکەی) هەبێت، ئەوا دەکرێت بڵێین لە نێوان هەردوولایاندا تێکەڵاوبوون و پێکداچوونیش هەیە. ئەمەش بۆ خۆی مایەی سەرسڕمانە.. ئێمە وامان دەزانی فێندەمێنتالیزمی ئەرسۆدەکسی لە بەرەیەکە و بەجیهانیبوونی سەرمایەداریش لە بەرەیەکی ترە، بەڵام واقیع وانالێت. بۆ نموونە ئەوانەی پەلاماری نیویۆرک و واشنتۆنیان دا، سەلماندیان لە تەحەکومکردن بە ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیا چەند لێهاتوو و شارەزان. ئەوانە دەتوانن ئەنتەرنێت و ئامرازەکانی زانیاری تازە و فڕۆکە تیژڕەوەکان و مۆبایل و.. هتد، بە باشترین شێوە بەکاربهێنن. دەرکەوت ئەوانە منداڵێکی گەمژە و هیچ نەزان نین، بگرە خەڵکانێکن

لێهاتووییەکی زۆر و زیرەکییەکی لە ڕادە بەدەریان هەیە. هەر بۆیە دەزانن چۆن چۆنی ئامێر و ئامرازەکانی سیستەمی سەرمایەداری خۆرئاوا بەکاربهێنن، لە پێناو تێکوپێکدان و وێرانکردنی ئەو سیستەمەدا.

لێرەوە "باربێر" دەگاتە ئەوەی بڵێت: (فێندەمێنتالیستەکان بە ئەقڵ سەر بە جیهانی مۆدێرنن، بەڵام بە ڕۆح لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین). ئەم دووفاقێتییەش مایەی سەرسوڕمانە، بەڵام دەتوانین ئەم حاڵە وەها لێکبدەینەوە کە فێندەمێنتالیستەکان تەکنۆلۆجیای خۆرئاوایان پێ قبووڵە، بەڵام بێز لەو فەلسەفە زانستی و ڕۆشنگەرییە دەکەنەوە کە بووە مایەی خوڵقاندنی ئەو تەکنۆلۆجیایە. واتە ئەوان بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا تەنیا بۆ یەک مەبەست بە حەڵاڵ دەزانن، ئەویش بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆجیا تیۆلۆجی و تاریکخوازییەکەی خۆیانە. بۆ ئەم کارەشیان هەموو شتێک بە حەڵاڵ دەزانن و هەموو ڕێگایەک دەگرنەبەر، تا بیر و بۆچوونی خۆیان بگەیەننە تەواوی دنیا.

فێندەمێنتالیستەکان بۆیە دژایەتی مۆدێرنە دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە، لەبەرئەوەی بە قەناعەتی ئەوان بەرهەمی کوفر و دەستی کافرانە. بەڵام ئەوەی ئەوان پەسندی دەکەن، ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیایە و ئەوەشی تەرێزی لێ دەکەن ڕۆحی تەکنۆلۆجیایە (واتە فیکری فەلسەفی و زانستییە) کە بە مەترسییەکی گەورەی دەزانن بۆ سەر عەقیدە و بیر و باوەڕی خۆیان.. لەبەرئەوەیە ئامادەن تەواوی ئامێر و ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیای مۆدێرن، بۆ مەبەستی وێرانکردنی کولتووری خۆرئاوایی بەکاربهێنن. بەڵام لێرەشدا جێی خۆیەتی باس لەوە بکەین کە بەجیهانیبوونی سەرمایەداری، خاڵییە لە هەر ڕەهەندێکی ئینسانی و ئەخلاقی و بەشێک لە ناهەمواریی هەلومەرجی دنیای ئەمڕۆش لە ئەستۆی ئەودایە. هەر لەبەر ئەمەشە "باربێر" لە ناونیشانی کتێبەکەیەوە، هێرش دەکاتە سەر هەردوولایان و ڕەخنە لە هەردووکیان دەگرێت.

ئەوەتا بە ئەمەریکاییکردنی جیهان شان بە شانی هەژاری و بێکاری و ناعەدالەتی و نەبوونی یەکسانی ڕێ دەکات و هەستی ئەوەت تێدا دروست دەکات کە تۆ قوربانیی دەستی بازاڕی نێو دەوڵەتیت، پاشان هەست دەکەیت پێشوەخت چارەنووست لەلایەن ئەو هێزە نادیارانەوە دیاری دەکرێت کە لە پشتی پەردەوەن یاخۆ لە ڕێگەی پەنجەنان بە دووگمەیەکدا ئەو کارە دەکەن. بۆیە گەر ئاڕاستەی بەجیهانیبوون ڕێک نەکەینەوە، ئەوا شەڕ لە دژی بزاوتە ئسوولییە توندڕۆیەکان سەرکەوتوو نابێت.

فێندەمێنتالیستی جیهادی ڕقی لە ئەوی ترە، لەبەرئەوەی خاوەن بیروڕا و ئاین و ئاینزایەکی ترە. لێرەوە سڕینەوە و تەنانەت کوشتنیشی بە کارێکی شەرعی و ڕەوا دەزانێ، تەنیا لەبەرئەوەی سەر بەو حەقیقەتە موقەدەسە نییە کە ئەو بڕوای پێیەتی. بە بڕوای فێندەمێنتالیزم کەسێکی وا هەر بوونی نییە، چونکە وەکو خەڵکی دەڵێت: (ئیمانی لە دڵدا نییە). بۆیە کەسێکی وا بە نەفرەت دەکرێت و وەکو دەعبا یان وەکو نەبوو لێی دەڕوانرێت. لێرەوە کوشتن و تیرۆرکردنی ئەوانە (بە تاک یان بە دەستەجەمعی) مەسەلەیەک نییە، بگرە ئەنجامدەرانی پێیان وایە کارێکی حەڵاڵە و خوا پێی خۆشە.

بێگومان هەموو فێندەمێنتالیستێک پێیوایە تەنیا ئاین و بیر و باوەڕی خۆی ڕاستەو ئاینەکانی تر گومڕان، بەڵام بۆ تەنیا ساتێک چییە بیر لەوە ناکاتەوە کە فێندەمێنتالیستەکانی تریش کتومت وەکو ئەو بیر دەکەنەوە. بۆ نموونە: فێندەمێنتالیستێکی کاتۆلیکی پێیوایە تەنیا بیر و باوەڕی خۆی ڕاستەو خواش تەنیا ئەوەی بەلاوە پەسندە. ئەم حاڵەتەش لای فێندەمێنتالیستێکی یەهوودی یان هندۆسی یاخۆ بوودایی و کۆنفۆشیۆسی و... هتد، هەیە. هەرچی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیشە، تەنیا وەکو ئامێرێکی بەرخۆری و ژمارەیەک لە مرۆڤ دەڕوانێت و تەنیا خەم و خولیاشی فراوانکردنی بواری بازرگانی و قەبەکردنی کۆمپانیاکانیەتی لە سەرتاسەری جیهاندا. دەرەنجامی ئەم پرۆسەیەش چ ماڵوێرانی و نەهامەتی

و برسیەتییەکی لێ دەکەوێتەوە، بۆ ئەو گرینگ نییە و گوێی ناداتێ.

ئەوەی لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئافەرۆز دەکرێ و هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت مرۆڤە، ئەگەرچی سرینەوەی مرۆڤ لە نێوان ئەو دوولایەنەدا جیاوازە. سیستەمی سەرمایەداری (لانی کەم لە ڕووی تیورییەوە) کوشتنی مرۆڤ حەڵاڵ ناکات، لەبەرئەوەی سەرمایەداری ئایدیۆلۆجیایەکی تیۆلۆجی نییە، بگرە ئایدیۆلۆجیایەکی مادیی ڕووتە. بێگومان ئەو فەیلەسووفانەی بەم دواییانە دەستیان دایە ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنەی خۆرئاوایی ئەو مەسەلانەیان بە ڕوونی دەبینی، ئەوەتا دەڵێن: (ئاشکرایە ئەقڵ و زانست و تەکنۆلۆجیا شتگەلێکن کە بەڕاستی لە خزمەتی پێشکەوتندان، بەڵام ڕەنگە خزمەت بە چەوساندنەوە و ئیمپریالیزمیش بکەن). ئەمەش مانای وایە کە مۆدێرنە برێتییە لە دیاردەیەکی دیالەکتیکی و لە گۆڕانبوونی بەردەوامدایە، بەڵام لە بەرامبەردا خەسڵەتی سەرەکی فێندەمێنتالیستی ئاینی دۆگما ئەوەیە کە دیالەکتیکی نییە و تەواوی شتەکان لە ڕوانگەی دووانەی ڕەش و سپییەوە دەبینێت.. بۆ نموونە ئەو وەکو فەلسەفەیەکی عەلمانیی کافر سەیری ڕۆشنگەری دەکات. لێرەوەیە کە کۆی شارستانییەتی خۆرئاوا لە دیدی ئەواندا شارستانییەتێکی بەد و پڕ خراپەکارییە، جگە لە بەرهەمە تەکنۆلۆجییەکانی نەبێت.

هەر لە دووتوێی ئەم کتێبەیدا "باربێر" نموونەگەلێکی ترمان لەبارەی تێکەڵبوونی ئەقڵییەتی فێندەمێنتالیستی و بەجیهانیبوونی ئەمەریکاییەوە نیشان دەدات، ئەو بەجیهانیبوونە ئەمەریکاییەی چەند ساڵێکە بە ئامێر و ئامرازەکانی زانیاری و وێنە و چێشتخانە و زنجیرە تەلەفزیۆنی و مۆسیقا میللییەکانییەوە، هەموو جیهانی پڕ کردووە.. هەر بۆ نموونە مەلاکانی ئێران کە خەڵکی هان دەدەن بۆ جیهاد، خۆیان لە ماڵەوە و لە ڕێی تەلەفزیۆنەکانیانەوە سەیری زنجیرە تەلەفزیۆنی (دیناستی) ئەمەریکایی دەکەن، یان کلێسای ئەرسۆدەکسی ڕووسی کە لە دوای هەرەسی

کۆمـۆنیـزمـەوە دەیەوێت سـەرلەنـوێ ڕەواج بۆ ئاینی کـۆن و ئسـوولّـی پەیدا بکات، هەر خـۆی هاوکـاری سـەرمـایەدارەکـانی ئەمـەریکا دەکـات بۆ ئەوەی بازاڕی زیاتر بـۆ ئاوی کـانزایی پـەیدا بکات و لەو شـووشـە پیـرۆزانـەی بنێت کە لەسـەریان نووسـراوە: (ئاوی کـانیـاوە پیـرۆزەکـان!). هـەمـوو ئەمـانەش بۆ ئەوەیە، ئەو خەڵکە سادە و ئیماندارە سەری تێ بکەن و جگە لەوە شتێکی تر نەکرن. بەم جۆرە (سەرمایەداری و فێندەمێنتالیزم، مۆدێرنە و کۆنەپەرستی، ماتریالیزم و ڕۆحانییەت) تێکەڵ بە یەکتری دەبن.

لەلایەکی تـرەوە نەتەوەپەرسـتـەکـانی سـربسـتـان، کراسـی (ئەدیداس)یان لەبەر دەکـرد و گـوێ بیـسـتی گـۆرانـیـیـەکـانی "مـادۆنا" دەبوون و پـاشـان دەکەوتنە بۆمـبـارانکردنی خـەڵکی سـڤیلی بۆسنیا لە سـەرایـیـڤـۆ. هـەرچی جوولەکە توندڕۆ نازیزیستە نوێیەکانیشـە، خاڵی هـاوبەشی نێوانیان ئەوەیە کە هـەردوولایان مـیوزیکی (ڕۆک)ی ئەمـەریکایی بەکاردێنن، بۆ ئـەوەی پەیامە (پیرۆزەکانی) خۆیانی پێ بگەیەننە نەوەکانی دوای خۆیان! فێندەمێنتالیستە ئیسلامییەکانیش، لێزانانە کەوتنە بەکارهێنانی بڵندگۆ و کاسێتی تەجیل و تەنانەت ئەنتـەرنێت و نوێتـرین ئامـێری زانیـاری، هـەمـوو ئەمـانـەش لە پێناو گـەیاندنی بیـر و بـــــــۆچوونە مـەزن و وتارە ئاگـــــــرینییەکان بوو، بە خـەڵک و بە جـەمـاوەر.. بێگومـان ئەم تێکەڵییـە سـەیر و سـەمـەرەیەی نێوان نـــــوێترین ئامـرازی تەکنۆلۆجی و کۆنترین و دواکـەوتووترین جـۆرەکانی بیـرکـردنەوە، یەکـێکە لـە هەرە خـەسـڵـەتە دیار و ئاشکراکـانـی ڕۆژگـاری ئەمرۆمان.

پێ دەچێت گەیشـتبین بە سـەردەمی عـاجبایەتی و پڕ سـەیر و سـەمەرەترین قـۆناغ.. جـارێکی تر بە بیـری دێنمـەوە کـە چەمکی (جـیـهـاد) وەکـو لە ناونیشانی کتێبەکەدا هاتووە مەبەست لێی بە تەنیا جیهادی ئیسلامی نییە، بگرە تەواوی ئەو فێندەمێنتالیستـە ئاینییانـەیە کە مۆدێرنەیان قـبووڵ نییە.. تەنانەت نووسـەر باس لە جیهادی ئەمەریکایی دەکات و بەراوردی دەکات بە

جیهادی ئیسلامی. چونکه گەورەترین کاری تیرۆریستی لە مێژووی ئەمەریکادا (جگە لە یازدەی سێپتەمبەر)، ئەوە بوو کە ڕاستڕەوێکی توندڕۆی ئەمەریکایی لە (ئۆکلاهۆما سیتی) ئەنجامی دا و سەدان قوربانی لێ کەوتەوە. ئەوانە هەمان ئەو دروشمانەیان هەڵگرتبوو کە توندڕۆیە ئیسلامییەکان بەرزیان کردووەتەوە، بەڵام بۆچی میدیاکانی خۆرئاوا تەنیا باس لە تیرۆرزمی ئیسلامی و توندڕۆی ئیسلامی دەکەن؟ یان بۆچی کەمینەیەکی توندڕۆ تێکەڵ بە زۆرینەیەکی میانڕەوی موسڵمانان دەکەن؟ ئەم کارە کێ دەیکات و بۆ بەرژەوەندی کێیە؟

لە بەشێکی تری ئەو کتێبەدا "باربێر" دەنووسێت و دەڵێت: (دەوروبەری ساڵی ١٩٢٨ شێخ حەسەن بەننای دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین، کەوتە ئیدانەکردنی ئەو تەوژمی ئیلحاد و بێباوەڕییەی ڕووی لە وڵاتی میسر کرد و پێیوابوو ئەو تەوژمە سەرەتایەکە بۆ لاوازکردنی پایەکانی ئەخلاق و ئاین، بە بیانووی ئازادی فیکری و فەردانییەتەوە. لۆمەی خۆرئاواییەکانی دەکرد کە چۆن ئافرەتەکانیان بە ڕووتوقووتی ڕەوانەی میسر دەکەن، یان بۆچی مەی و فیلمی سینەمایی و سەماو ڕۆژنامە و گەمە بێتام و شتە ناشیرینەکانی خۆیانمان بۆ دەنێرن). بەم جۆرە شێخ "حەسەن بەننا" پێش سەردەمی بەجیهانیبوونی ئەمەریکایی کەوت و بەرلەوەی ڕوو بدات و سەرتاپای جیهان بگرێتەوە، بەچاوی خۆی بینی. ئەو پێی وابوو شالاوی کولتووری ئەوروپایی بۆ سەر میسر و تەواوی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی، زۆر لە شالاوی سەربازی و کۆلۆنیالیستی مەترسیدارترە.. ئەو درکی بەوە کردبوو ئەوەی کۆلۆنیالستی ڕاستەوخۆ نەیتوانی بە ئەنجامی بگەیەنێت، شالاوی کولتووری جێبەجێی دەکات. ڕەنگە بتوانرێت لەشکرە سەربازییەکان لەسەر سنوور ڕابگیرێن و نەهێڵرێت ئاودیو ببن، بەڵام بیر و بۆچوون سنوور بەزێنە و ڕێی پێ ناگیرێت.

ئەم قسانەی "حەسەن بەننا" هیچی لە قسەی پیاوانی ئاینی مەسیحی لە

ئەوروپا و ئەمەریکا جیاوازتر نییە و لە قسەی پاپاکانی ڤاتیکان دەچێت. لەم بارەیەوە و بۆ سەلماندنی ڕاستیی قسەکانمان نموونە بە یەکێک لە سەرکردەی بزاوتە پرۆتستانتییە توندڕۆیەکانی وڵاتی ئینگلستان دێنینەوە کە ناوی "براین"ە. ئەم پیاوە زۆر بە توندی کەوتە ئیدانەکردنی شانۆ، چونکە بە بڕوای ئەو شوێنێکی وا برەو بە خراپەکاری و بەدڕەوشتی دەدات، دەیوت شانۆگەرییەکان پڕیەتی لە دیمەنی بێ بڕوایی و ئەو سۆز و ئارەزووانەی ئەخلاقی خەڵکی خراپ دەکەن. هەروەها پێی وابوو ژیانی مۆدێرن پڕیەتی لەو دیاردانەی پێچەوانەی ژیانی پڕ فەزیلەتی مەسیحییە، وەکو: (سەماکردن و قومار و میوزیکی پۆپ و دیاری کریسمس و زۆر پێکەنین و... هتد). تەواوی ئەم شتانەش لە زیکری خوا غافڵمان دەکەن. ئەم قسانەی "براین" زۆر جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ قسەی سەرکردە فێندەمێنتالیستەکانی ئەمەریکایی وەک: "بات ڕۆبێرتسۆن و بات بۆکانان" کە داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ ئەو بەها خێزانییانەی لە ئەمەریکای سەدەی نۆزدەمدا باڵادەست بوو. هەروەها داوا لە خەڵکی دەکەن سەردانی کڵێسا بکەن و سرووتە ئاینییەکانیان جێبەجێ بکەن، هاوکات سەرلەنوێ نوێژکردن بگەڕێنرێتەوە ناو خوێندنگەکانی ئەمەریکا، پاش ئەوەی سیستەمی عەلمانی بە بڕیارێک ئەو کارەی لە خوێندنگەکاندا قەدەغە کرد. بە کورتییەکەی ئەوانە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژگاری زێڕینی (مەسیحی - پرۆتستانتی) ئەمەریکا.

"باربێر" دواجار بەوە کۆتایی بە قسەکانی دێنێت کە بڵێت: (بەڵێ مۆدێرنە تەنانەت لە ناوجەرگەی ئەمەریکاشدا کە دڵی زیندووی سەرمایەداری و بەجیهانیبوون و مۆدێرنەیە، دوژمنی سەرسەختی هەیە! ئەوانە ڕقیان لەو کولتوورە دنیاییەیە کە باڵی بەسەر کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا کێشاوە و ئەوانیش پێیان خۆش بێت یان نا لەناویدا ژیان دەگوزەرێنن). بەڵام چارەسەر چییە بۆ ئەوەی لە هەریەک لە هەڕەشە و مەترسی فێندەمێنتالیزمی ئاینی و بەجیهانیبوونی سەرمایەداری چاوچنۆک قوتارمان

بێت؟ بێگومان چارەسەر ئەوە نییە لە بەجیهانیبوون بکشێینەوە و خۆمان دوورەپەرێز بگرین، بگرە لەوەدایە بەجیهانیبوون وا لێ بکەین زیاتر و زۆرتر دیموکراسی تر و دادپەروەرانەتر و مرۆڤانەتر بێت. چونکە سەرمایەداری هەر هەمووی خراپ و بێکەڵک نییە، بگرە گەلێک ئیجابییاتی تێدایە کە چاوپۆشی لێ ناکرێت، گەر وانەبوایە چۆن دەیتوانی بەسەر سیستەم و ئایدیۆلۆجیاکانی تردا سەربکەوێت.. تەنیا کارێک پێویست بێت بیکەین، ڕاستکردنەوەیەتی و بەرگرتنە لە لادان و سەرەڕۆییەکانی. هەرچی پێوەندی بە ئاینیشەوە هەیە، ئەوا دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو جەوهەرە ڕۆحانی و ئەخلاقییەیدا کە لەسەرو هەموو شتێکەوەیە، لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆجیا توندڕۆینەی خۆیان دەبەنەوە سەر ئاین و وەک زمانحاڵی ئاین قسە دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا کاری ئەوان خیانەتکردنە دەرهەق بە ناوەڕۆکی پەیامی ئاینی و شێواندنی مانا ڕۆحییە جوانەکانی ئاینە.

## داخرانی جیهانی ئیسلامی

فەیلەسووفی ئەڵمانی "فردریک نیچە" دەیوت: (بیریاران پزیشکی شارستانییەتەکانن و شارستانییەتەکانیش وەکی مرۆڤ نەخۆش دەکەون، هەر بۆیە ناو بەناو بیریارانێک دێن بۆ ئەوەی نەخۆشی شارستانییەتەکان دەستنیشان بکەن و گەر بۆشیان کرا چارەسەری بۆ بدۆزنەوە). لە ئێستادا هەموو لایەک کۆکن لەسەر ئەوەی شارستانییەتی ئیسلامی دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بووە. لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا زیاد لە ڕووناکبیرێکی ئیسلامی هەوڵی دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشییەی داوە، بەڵام بێ ئەنجام بووە. پێدەچێت نەخۆشییەکە زۆر لەوە سەختتر بێت وەک ئەوەی ئێمە مەزەندەی دەکەین، یان ڕەنگە پشکنینی ئەو ڕۆشنبیرانە سەرپێیی بووبێت و بەس نەبێت، هەر بۆیە نەمانتوانیوە سەرچاوەی ئەو دەرد و نەخۆشییە دەستنیشان بکەین. وەکی ئاشکرایە لە زانستی پزیشکیدا نیوەی چارەسەرکردن دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەیە، بگرە لە خودی چارەسەرکردنەکەش گرینگترە، لەبەرئەوەی گەر ئێمە لە دیاریکردنی نەخۆشییەکەدا بە هەڵەدا چووین، ئەوا زۆر بە ئاسانی نەخۆشەکە دەکوژین! چونکە دەرمانی شێرپەنجە لە دەرمانی شەکرە جیاوازە و هی شەکرەش بۆ نەخۆشی دڵ دەست نادات. کەواتە با خۆمان لەو دەستنیشانکردنە خێرا و بەپەلەیە بەدوور بگرین کە خەریکە لێرە و لەوێ و بێ هیچ شارەزاییەک و بێ هیچ میتۆدێکی کارا و مۆدێرن تەشەنە دەکات و بڵاو دەبێتەوە.

ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی، دەستنیشانکردنێکی بوێرانەیە کە بچێتە ناو ناخی شتەکانەوە و لە ناوەڕاستی ڕێدا ڕانەوەستێت. ئێمە پێویستمان

به دەستنیشانکردنێکە بێ ئەملا و لاکردن و بێ ترس و سڵەمینەوە لەم و لەو، شتەکان بەناوی خۆیانەوە ناو بنێت. پێموایە ئەو کتێبەی ئێستا لەبەردەستمدایە*، بەو ئاقارەدا دەڕوات. نووسەرەکەی بیریار و سیاسەتمەداری ئێرانی "فەرەیدوون هوەیدا"یە. "هوەیدا" لە دیمەشق لەدایک بووە و لە بەیروتی پایەتەختی لبناندا گەورە بووە. لە نێوان سالآنی ١٩٧١ بۆ ١٩٧٩ باڵوێزی ئێران بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. گرینگترین کتێبەکانی: (عەرەب چی دەوێت؟)، ئەم کتێبە بە زمانی فرەنسایی نووسراوە و لە کاتی خۆیدا هەڵلآیەکی گەورەی نایەوە.

بابزانین تێزەی سەرەکی ئەم کتێبە نوێیەی "فەرەیدوون هوەیدا" چییە؟ دەتوانین تێزەی سەرەکی کتێبەکەی بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: (شارستانییەتی ئیسلامی لە چوار سەدەی سەرەتایدا گەیشتە لووتکە، بەلآم لە دوای سەدەی دوازدەمی زاینییەوە پاشەکشەی کرد و خەفە بوو. شارستانییەتی ئیسلامی لە سەرەتادا یەکێک بوو لە شارستانییەتە مەزنەکان. ئەگەر شارستانییەتی ئەوروپای مۆدێرنی لێ هەڵبوێرین کە بۆری تەواوی شارستانییەتەکانی تری دایەوە، دەتوانین بڵێین شارستانییەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا قیبلەگای مرۆڤایەتی بووە). بەلآم بۆچی وا کتوپڕ ئەم شارستانییەتە دوای ئەو سەرەتا بە بڕشتە، چەقی بەست و پووکایەوە؟ لەبەرئەوەی لە سەدەی دوازدەمەوە بیر و باوەڕێکی دۆگماتیستی وا هاتە ئارا و بالآ دەست بوو کە زانست و فەلسەفە و هەروەها ئاقاری ئەقلآنی لە فیکری ئاینیدا (واتە ڕێبازی موعتەزیلەکان بە شێوەیەکی سەرەکی)، ڕامالّی.

دەبینین نووسەری ئەم کتێبە ڕق و تووڕەیی خۆی بەسەر ئەو دۆگمابوونە تیۆلۆجی و فیکرییەدا دەڕێژێت کە لە سەدەی دوازدەمدا ڕووی دا و، هەر ئەوەش بە بەرپرسیاری هەموو ئەو ماڵوێرانییە دەزانێت کە ئەمڕۆ بە

* fereydoun horeyda, Lislam bloque, paris, Robert lafont, 1992.

دەستییەوە گرفتارین. کەواتە "هوەیدا" ڕەگوڕیشەی ئەم دەرد و پەتایە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەشت سەدە لەمەوبەر. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو دەرد و پەتایە زۆر قووڵ و تولانییە و چارەسەریشی هەروا ئاسان نییە.

هەرەسهێنانی شارستانییەتی ئیسلامی زیاد لە هۆکارێکی هەیە:

١- هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی: بە تایبەت دارمانی ئەو چینە بۆرجوازییە بازرگانەی بەغدا، دوایی گۆڕانی ڕێگا بازرگانییەکان و دوورکەوتنەوەی لەو ناوچەیە. ئەم چینە بۆرجوازییە پشتیوانی بیرکردنەوەی ئەقڵانی بوو، ئیتر فەلسەفی بوایە یان زانستی.

٢- هۆکاری سیاسی: وەک لاوازیی دەسەڵاتی مەرکەزی کە برێتی بوو لە دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی و پەیدابوونی چەندین دەسەڵاتی لۆکاڵی جیاجیا کە لە خەلافەت یاخی بوون و لەگەڵ یەکتریدا کەوتنە کێشە و ململانێ.

٣- هۆکاری فیکری: وەک پەشیمان بوونەوە و پاشەکشەی "ئەبو حەسەنی ئەشعەری" لە بیر و باوەڕەکانی موعتەزیلە و پێوەندیکردنی بە ڕێبازە دۆگماتیستەکانەوە. واتە "ئەشعەری" لە وتەزای (خوڵقاندنی قورئان) کە تایبەت بوو بە موعتەزیلەکان پەشیمان بووەوە و دایە پاڵ نەیارەکانیان کە دەیانوت قورئان ئەزەلییە و نەخوڵقێنراوە.

وا بۆ نزیکەی هەزار ساڵێک دەچێت ئەم تێزەیە باڵا دەستە و لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا چەسپیوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە. سەرکەوتنی ئەو تێزەیەش وای کرد قورئان ببێتە دەقێک لە دەرەوەی کات و شوێندا بێت، واتە بووە شتێکی بان مێژوویی. بەمجۆرە مانای دەق کڵۆم دراو هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی نوێ لە داهاتوودا بوو بە کارێکی دژوار و مەحاڵ.

وەکی ئاشکراشە لای هەمووان پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی لێکدانەوە

و شـرۆڤـەکـردن، کـارێکی پێـویسـتـە لە پێناو راگـەشتن بەو گـۆڕانکـارییـە نوێیـانـەی رۆژ لـە دوای رۆژ دێتـە ئـارا. لـەبەر ئـەوە تـا ئێـسـتـا هیـچ شرۆڤـەکارییـەکی مێژوویی بۆ قـورئان نەکراوە، مـەگەر لە زمانە بیـانییـەکانی وەک ئینگلیزی و فرەنسایی و ئەڵمانیدا نەبێت، بەڵام کەس زاتی ئەوە ناکات ئەم توێژینـەوانە تەرجـەمـە بکات، ئەمـەش دەبێـتـە مـایەی ئەو داخـرانە ترسناکـەی ئەمڕۆ ئێمـە بە دەسـتیـەوە گـرفـتـارین. دوای "ئەشـعـەری"، ئەبو حـامـدی غـەزالی" هـات، ئەم پیـاوە هێندەی تر هـەڵوێست و بۆچـوونەکـانی "ئەشـعـەری" چەسپـاند و گـورزێکی کـوشندەی لە فـەلسـەفە وەشـاند. دوای ئەویش "ئیبن تەیمیە" هات کە دەیوت: (من تمنطق فقد تزندق).

پاشـان "فـەرەیدوون هـوەیدا" ئەم پـرسـیـارە دەکـات: (ئەشـعـەری دەیوت چی؟). "ئەشعەری" یەکێک بوو لەوانەی بوونی ئەو یاسا سروشتیانەی ڕەت دەکردەوە کە ئاڕاستـەی گەردوون دەکرا و پێی وابوو ئەوە لەگەڵ ناوەڕۆک و ڕۆحی قـورئـاندا نـاکـۆکـە. هەروەها دەیوت پێـوەندی هـۆکـارییـەتی بەو بەرەنجامانەی لە سروشتدا تێبینی دەکەین، ناگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک یاسای فـیـزیکی و لـە ڕێی زەرووڕەتەوە دروست نابێت، بگرە تەنیـا سـەرچاوەکـەی ویست و ئیـرادەی یەزدانە و بە پێی خـواسـتی ئەو ڕوو دەدات. بیرکردنـەوەیەکی لەم جۆرە سـەرەنجام بە نـەفیکردنی یاسـای هۆکـارییـەتی کـۆتـایی دێت. دواتر کـە "غـەزالی"یش دێت، هـەمـان شت دەکـات. بە ئافـەرۆزکـردنی هۆکـارێتی، هەرچی ئـەقڵ و لۆجیـک هـەیە وەلاوە دەنرێت و هەرکـاتێکیش ئەمـە ڕووی دا، ئەوا داخڵ بە سـەردەمی چەقـبـەستن و غـەیبانییـەت و هـەرەمـەکێتی دەبین. پرۆسـەیەکی واش دەبێتە مـایەی مـەرگی هەموو شـارستـانییەتێک. وەکی دەزانین شـارستـانییەتی ئەوروپـایی ئەو کاتە توانی هەسـتێتـەوە و سـەر پێی خۆی بکەوێت کە بیـرکردنـەوەی غـەیبـانی تیۆلۆجی، لەناو مـەسیحییەتدا ڕامـاڵی و ئیعتیباری بۆ چەمکی هۆکارییەتی گەڕاندەوە.

له چوار سەدەی سەرەتای هاتنی ئیسلامدا، موسڵمانان له ڕێی وەرگێڕانی زانست و فەلسەفەی یۆنانییەوە بە دوای یاساکانی هۆکارێتیدا دەگەڕان، تا گەیشتنە ئەوەی لەسەر دەستی "خەوارزمی" زانستی جەبر بدۆزنەوە و هەروەها گەشە بە بواری گەردووناسی و کشتوکاڵ بدەن، تەنانەت گەیشتنە ئەوەی سووڕی خوێنیش بدۆزنەوە! هاوکات موعتەزیلەکان دەستیان کرد بە دامەزراندنی تەفسیرێکی ئەقڵانی بۆ قورئان و لەم سەروبەندەشدا کەوتنە جیاوازیکردن لە نێوان دوو جۆر تەفسیردا، تەفسیری حەرفی لەگەڵ تەفسیری مەجازیدا. هەروەها فەیلەسووفەکان لە هەوڵی دامەزراندنی لۆجیک ناسیدا بوون لە زمانی عەرەبیدا، بەڵام دواتر ئەو عەقیدە دۆگماتیستییە هاتە ئارا و هەموو ئەم شتانەی ڕامالّی و بەربەستێکی لە بەردەم ئەو دەسپێکە نموونەییەدا دانا.

بەم جۆرە فەقیهە دۆگماتیستەکان سەرکەوتن و کایەی رۆشنبیریی ئیسلامییان بۆ خۆیان پاوان کرد، دوای ئەوەی بە بیانووی دەستدرێژیکردنە سەر ئیرادەی یەزدان، زانا و فەیلەسووفەکانیان وەدەرنا. لە ڕاستیدا ئەوانە هەرگیز ویستی ئەوەیان نەبوو دەست لە کاری یەزدان وەربدەن و دەستدرێژی بکەنە سەر ئیرادەی ئەو، بگرە دەیانویست ئەو یاسایانە بدۆزنەوە کە خوا لە گەردووندا دایناون و خودی قورئانیش فەرمانیان پێ دەکات پەی بەو یاسایانە بەرن و بیاندۆزنەوە، وەکو ئەوەی "ئیبن روشد" لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (فصل المقال فيما بين الشريعة والحكمة من الأتصال) سەلماندی. بەڵام وەکی پێشتریش باسمان کرد، دواجار ئەوەی سەرکەوت تەفسیری نائەقڵانی بوو بۆ قورئان بەسەر تەفسیری ئەقڵانیدا. قورئان زیاد لە شوێنێکدا داوامان لێ دەکات ئەقڵمان بەگەڕ بخەین: (افلا يعقلون؟ افلا يتفكرون؟).

پاشان لە سەدەی دوازدەمدا شتێکی ترسناک ڕووی دا کە هەرچییەک لە ئەقڵ و زانست لای موسڵمانان مابوو لەناوی برد، ئەو شتەش

دەستێکەڵکردنی فەقیـهەکان بوو لەگەڵ توێژی حوکمڕانەکاندا، لە پێناو دیسـپلینکردنی کۆمـەڵگە و بەرگـرتن لە سـەرهەڵدان و هاتنە ئارای هەر بیرکردنەوەیەکی تازە، بە بیانووی ئەوەی هەموو شتێکی نوێ بیدعەیە. بەم جـۆرە بزاوتی گـەشـەکردن و بەرەو پێشـچوونیان پەک خست و لە هەوڵی ئەوەشدا بوون مێژوو ڕابگرن. لە ڕاسـتیدا ئەم کارەشیان بۆ چووە سەر و توانییـان بە تەواوەتی مێـژوو ڕابگرن. ئەم پرۆسـەیەش بە درێژایی هەشت سەدە درێژەی کێشـا و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمـان بەردەوامە. کەواتە ئێمە میراتییەکی قورسمان بۆ ماوەتەوە و نازانین چۆن لە ژێر باری دەرچین. ئەو حـاڵەتی بـە بنبـەست گـەیشـتنی فـیکرییـەی لە سـەدەی دوازدەمـدا بەسـەر جیهانی ئیسلامیدا هات، هەر بە تەنیا ئاینزای سوننەی نەگرتەوە، بگرە بۆ ئاینزای شیعەش هەمان شت بوو. ئەم دوو ئاینزایە لە دژی یەکتری دروست بوون و مـێـژوویەکی درێژیشـە هەریەکـەیان خـۆی بە نوێنەری ئیسـلامی ڕاستەقینە دەزانێت و ململانێش لەسەر ئەمە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

دابڕانی نێوان ئەم دوو ئاینزایە گەشتووەتە ئاستێک، وەکی ئەوەی سەر بەیەک ئاین نەبن و یەک قورئان و یەک پێغەمبەریان نەبێت. ئێمە میراتگری هەموو ئەم شتانەین، بۆیە دەبێت ئەوانە لێک شیـتاڵ بکەین، تا بتوانین لە پشت ئەو هەموو خەراباتەوە ترووسکاییەک ببینین. لەبەرئەمەشە نووسەر لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا هەوڵ دەدات باس لە هەڵکشـان و داکشـانی شـارسـتانییـەتی ئیسـلامی بکات و لە دواین بەشـەکانیشدا دێتە سـەر باسکردنی ئەو ئامـرازانەی دەبنە مـایەی کـردنەوەی ئەم داخـرانە یـان هیچ نەبێت دروستکردنی کەلێنێک تێیدا. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە دەبێت ئەم پرۆسـەیە بە شـێنەیی ئەنجـام بدرێت و پەلەی تیـا نەکـرێت. دەبێت شێلگیرانە و هەنگاو بە هەنگاو ڕاستییەکان بۆ موسڵمانان روون بکەینەوە تا حەقیقەتی کەلەپووری خۆیان بۆ ئاشکرا بێت و لەو درۆزنە هوشیارییە قـوتاریان بێت کـە بۆ سـەدان سـاڵ دەچێت کـۆتی کـردوون. ئەو کـات بە

چاوێکی تر سەیری کەلەپووری خۆیان دەکەن، وەک ئەوەی بۆ یەکەم جار بێت بیبینن و چاویان پێی بکەوێت. هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو میتۆدە مێژووییە مۆدێرنانەوەیە کە زانایان بەسەر کەلەپووری ئیسلامیدا پراکتیزەی دەکەن، پاش ئەوەی بەسەر کەلەپووری مەسیحیدا لە ئەوروپا جێبەجێ کرا گرینگی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو.

لەگەڵ پراکتیزەکردنی میتۆدە مێژووییە مۆدێرنەکان بەسەر کەلەپووری ئیسلامیدا، لە هەموو ئەو خەیاڵپڵاوانە رزگارمان دەبێت کە وەک موقەدەسێک و وەک حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر، لە ناخماندا جێی خۆی کردبووەوە. ئەو کات بۆ یەکەمین جار خۆری ڕاستی لە جیهانی ئیسلامی هەڵدێت. هەروەها لە ڕێی بەراوردکردنی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی بە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی و میکانیزمی کارکردنی هەریەکەیان، چەندین خاڵی لێکچوومان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە نێوانیاندا هەیە. ئەو کات گاف گاف ڕووەو دامەزراندنی ئەوە دەچین کە پێشتر بە زانستی بەراوردکاری فێندەمێنتالیزمەکان ناودێرم کردبوو. ئەم زانستەش توندڕۆیی و پەڕگیری ناداتە پاڵ تەنیا ئاینێک، بگرە ئەو حاڵەتە لە ناو هەموو ئاینێکدا دەستنیشان دەکات.

ئەوەی "فەرەیدوون هوەیدا" لەم کتێبەیدا زیاد لە جارێک تەئکیدی لێ دەکاتەوە ئەوەیە کە لە قورئان و پەیامی ئیسلامدا، شتێک نییە ڕێ لە پێشکەوتنی زانست و زانین بگرێت، وەکی ئەوەی هەندێ لە دوای لێکچەرە بەناوبانگەکەی "ئەرنست ڕینیان"ەوە پێیان وابوو.. لە ڕاستیدا ئەوەی ئەم وێنە ناچێزەی لەسەر ئیسلام دروست کرد، ئەو تەفسیرە دۆگماتیستەیە بوو کە لە جیهانی ئیسلامیدا و لە کۆتاییەکانی سەدەی دوازدەمدا سەرکەوت، کارێک کە بووە مایەی پاشەکشەکردنی شارستانییەتی ئیسلامی و دەرگا داخستن بە ڕووی هەموو ئیجتهاد و نوێبوونەوەیەکدا.

ئەگەر ئیسلام وەکی هەندێک خۆرهەڵاتناس و رۆشنبیرانی خۆمان باسی دەکەن، دژی پێشکەوتنی زانست بوایە، ئەوا ئەو شارستانییەتە لە چوار سەدەی یەکەمدا دروست نەدەبوو. کەواتە شتێکی ترسناک لە سەدەی دوازدەمدا رووی داو ئێمە تا ئەم ساتە وەختەش باجەکەی دەدەین. نووسەری ئەم کتێبە بەرپرسیارێتی ئەم دۆخە دەخاتە ئەستۆی "غەزالی"، هەرچەندە دان بەوەشدا دەنێت کە لە رووی رۆحی و ئاینی و تەنانەت ئەدەبیشەوە مەزن و شکۆمەند بووە. "غەزالی" یەکێک بوو لەوانەی داوای دڕاندن و تووڕهەڵدانی کتێبە فەلسەفییەکانی دەکرد، تەنانەت خۆی سەرپەرشتی سووتاندنی کتێبەکانی "ئیبن سینا"ی کرد کە لە پاڵ "ئیبن رۆشد"دا یەکێکە لە ناوە دیارەکانی فیکری جیهانی.

"غەزالی" دوای ئەو قەیرانە دەروونییە بەناوبانگەی تووشی بوو، خووی دایە تەسەوف و پەرگیری و تەرێزکردن لە ژیانی دنیا. مۆجیاری خوێندکارەکانی دەکرد کە تەنیا گرینگی بە بابەت و مەسەلە ئاینییەکان بدەن، چونکە بەمە دەتوانن ژیانێکی سەرفراز و ئاسوودە لەو دنیا بەدەست بێنن. هاوکات داوای دەکرد زانستی فیزیا و کیمیا و زانستە سروشتییەکان بە شێوەیەکی گشتی فەرامۆش بکەن. هەروەها هۆشیاری دەدانێ خۆیان لە فەلسەفە بپارێزن، لەبەرئەوەی لە خوا دووریان دەخاتەوە و تووشی کوفر و بێ باوەڕییان دەکات. تا ئێستاش ئەم دۆخە لە جیهانی ئیسلامیدا جێگیرە، بەتایبەت لەلای فێندەمێنتالیستەکان و پیاوە ئاینییە کۆنسێرڤاتیڤەکان و تێکڕای خەڵک.

ئەم هەڵوێستە کە بە چاوی گومانەوە سەیری فەلسەفە و زانستە سروشتییەکان دەکات، بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لای مەسیحییە ئەوروپاییەکانیش لە ئارادا بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەردەمی ڕێنیسانسدا لێی تەکینەوە، تا لە سەردەمی رۆشنگەریدا بە تەواوەتی خۆیان لێ قوتار کرد. بەڵام لای ئێمە تەواوی شارستانییەتێک دووچاری خۆکوژیی کولتووری

بوو. له کۆتاییيەکانی سەدەی دوازدەمدا فەلسەفە لە ئیسپانیاشدا مرد، دوای ئەوەی سەدەیەک بەر لەوە لە خۆرهەلاّت کۆتایی هاتبوو. ئیتر لەو قۆناغەدا بڕیاری سووتاندنی کتێبەکانی زانست و فەلسەفە درا لە ئەندەلوس و لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا. بۆیە مەسیحییەکانی ئەوروپا ناچاربوون ئەوەندەی دەتوانن ئەو دەستنووسانە لە فەوتان ڕزگار بکەن و وەریانگێڕنە سەر زمانی لاتینی و بیانکەنە توێشوویەک بۆ ڕێنیسانسی داهاتوویان!

بەم جۆرە لەگەڵ کۆتاییهاتنی سەدەی دوازدەمدا، ئەرسۆدەکسییەت تەواوی جیهانی ئیسلامی تەنی. لە عێراق و ئێران کتێبەکانی "ئیبن سینا" و "فارابی" و لە ئەندەلوس کتێبەکانی "ئیبن روشد" و "ئیبن باجە" یان دەسووتاند و لە ولاّتی سووریاش "سەلاّحەدینی ئەیووبی" فەرمانی پاکتاوکردنی "سەهرەوەردی" عارف و فەیلەسووفی دا. لە قورتوبەش بە کتێب گڕی ئاگرەکانیان خۆش دەکرد. لێرەدا مەبەستمان لە کتێب، ئەو دەستنووسە گرینگ و دەگمەنانەیە کە لە ناو ئەو کتێبخانە گەورانەدا هەڵگیرابوون، ئەو کتێبخانانەی خەلیفەکانی ئەمەوی لە ئەندەلووسدا دروستیان کردبوو.

بەڵێ پرۆسەیەکی خۆکوژی کولتووری کەم وێنە لە مێژوودا ڕووی دا و فەقیهەکان و پیاوانی دەسەلاّتیش هانی بە ئەنجام گەیشتنی ئەو پرۆسەیان دەدا. ئەم دوو توێژە، هەرچی دەسکەوتی زانستی و فەلسەفی شارستانییەتی ئیسلامی هەبوو، هەر هەموویان تووڕدایە سەرە نوێلکی مێژووەوە. ئەمانە دەیانوت: (هەموو ئەو ڕاستییانەی پێویستن بۆ ئەوەی مرۆڤی ئیماندار لە ئاخیرەتدا سەرفراز بێت و دەرگاکانی بەهەشتی لەبەردەمدا بکرێتەوە، لە قورئاندا هەیە و باس کراوە، لەبەر ئەوە چ پێویستی بەو کتێب و ترۆهاتانەی تر هەیە کە مرۆڤ لە خوا دوور دەخەنەوە؟). بەلاّم کێشەکە ئەوەیە قورئان فەرمانمان پێ دەکات چاومان بکەینەوە نەک دای بخەین. هەروەها حەدیسێکی پێغەمبەریش (د.خ) هەیە داوامان لێ دەکات

خواستی فێربوون و زانستمان هەبێت، ئەگەر سەرچاوەکەشی لە وڵاتێکی دووره دەستی وەک وڵاتی چینیش بێت! سەرەڕای ئەوەش ئەگەر کتێبە پیرۆزەکان فێرمان بکەن چۆن چۆنی بگەینە ئاسمان و ڕێنوێنی و بەرچاو ڕوونیمان لەو بارەوە بدەنێ، ئەوا وەکی "گالیلۆ" لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت پێمان ناڵێن ئاسمان چۆنە و چییە، چونکە قورئان کتێبێک نییە لەبارەی فیزیاناسی و کیمیاناسی و ماتماتیکەوە، وەکی ئەوەی کەسانی نەفام و جادووباز پێیان وایە، بگرە لە جەوهەردا قورئان کتێبێکە بۆ ڕێنماییکردنی ڕۆحی و ئەخلاقی. ئەم تێگەشتنە هەڵەیە لە قورئان و لە ناوەڕۆکی پەیامی قورئانی، جیهانی ئیسلامی تەنییەوە و لە بزاوتی زانستی و دینامیکییەتی ئەفراندن دای بڕی. بەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەیبینین و ئەزموونی دەکەین. کەواتە هۆکاری کێشە و قەیرانەکانمان بەر لەوەی دەرکی بێت، ناوەخۆیییە و پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە، ئەمەش بەرپەرچی ئەو بۆچوونە چەوتەی عەرەبە ئایدیۆلۆجیستەکان دەداتەوە کە زیاد لە پەنجا ساڵە باسی دەکەن و دەیڵێنەوە.

لە کۆتایی کتێبەکەدا نووسەر داوا دەکات کۆتایی بەم دۆخی داخرانە بهێنرێت، دۆخێک کە ماوەی هەشت سەدەیە ئەرسۆدەکسییەتی دۆگماتیستی بەسەریدا سەپاندووین، گەر ئەمەشمان کرد ئەوا لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا، فیکر و تەواوی وزە و توانا داهێنەرەکان ئازاد دەبن.

## جیهاد لە ئیسلامدا

لەگەڵ هەڵکشانی بزاوتە ئسوولیـیە توندڕۆیەکـان لە چارەکە سـەدەی ڕابردوودا و تا ساتەوەختی ئێستا، بابەتی جیهاد بووەتە جێ باسوخواسی توێژەر و ئەکادیمیستەکان. لەم سەروبەندەشدا پرسیارگەلێکی جۆرەوجۆر لە مەڕ ئەم بزاوتانەوە دەکرێت، وەک ئەوەی: پێوەندی ئەم بزاوتە جیهادییانە، بە جیهادی یەکەمەوە چییە کە ئیسلام لە سەرەتاکانی دروستبوونیدا ئەزموونی کرد؟ ئاخۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئەو بزاوتانە دەیکەن، پێوەندی بە خودی جیهادەوە هەیە، یاخۆ لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و پێدراوەکاندا مەسەلەکە گۆڕانی بەسەردا دێت؟ ئاخۆ ئەو بزاوتانەی ئەمڕۆ مافی ئەوەیان هەیە هەمان ئەو مەشرووعییەتە بدەن بە خۆیان کە لە سەردەمی پێغەمبەر یان لە سەردەمی خەلیفەکانی راشدین و فتووحاتدا هەبوو؟ یان تەنانەت دەتوانین بڵێین مانای جیهاد لە سەردەمی پێغەمبەر و قورئاندا، هەمان ئەو مانایەی دەبێت کە فەقیهەکان لە قۆناغی دواتردا (واتە لە سەردەمی عەباسیدا) پێیان بەخشی؟ ئەمە هەندێک لەو پرسیارانەیە کە ئەم کتێبە گرینگەی لە بەردەستماندایە دەیانوروژێنێت*. کتێبەکە خۆرهەڵاتناسی فرەنسایی "ئەلفرید مۆرابیا" نووسیویەتی. "مۆرابیا" ساڵی ١٩٣١ لە قاهیرە لەدایک بووە و ساڵی ١٩٨٦و لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی ئەم کتێبە قەوارە گەورە و گرینگەی تەواو کرد و ناوی وەک توێژەرێکی زانستی ئاست بەرز تۆمار کرد.

جیاوازی لێکۆڵینەوە خۆرهەڵاتناسییەکان (بەتایبەت ئەوانەی ئەکادیمین و

* alfrd mora bia, le gihad dans l. islam medieval , paris, albino michl, 2003.

به شـێـوەیەکـی بابەتی و ئاست بەرز نووسـراون)، چیـیـە لـەگـەڵ ئەو وتار و لێکۆڵینەوە ئیسلامییە تەقلیدییانەی بازاڕ و کتێبخـانەی وڵاتانی عەرەبییان پڕ کردووە؟ بێگومـان جیـاوازی نێوانمان لەو مـیـتـۆدە مـێژووییـیـەدایە کـە لە باس و لـێکۆڵینەوەکـانـدا پەیڕەو دەکـرێت. بەشـێـوەیەکی گـشـتـی باس و لێکۆڵینەوەکانی ئێمە نوقمی غەیبانییەتە و حەقیقەتەکانی مێژوو فـەرامۆش دەکـــات یاخـــۆ تەواو دەیانســـڕێتـــەوە، بـەڵام وتـار و لێکۆڵینەوەکـــانـی خـۆرهەڵاتناسـی تا رادەیەکی زۆر پەیڕەوی مـیـتـۆدی مـێـژوویی دەکـات و دەیەوێت ســەر لەبەربەســەر کـەلەپووری ئیـسـلامـیـدا پراکـتـیـزەی بکات. بەرەنجامی کارێکی لەم جۆرەش ئەوەیە شـتگەلێکمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لەوەوبەر شـاراوە بـووە. رەنگە هەندێک بەم قـسـانەم جـاڕس بن و بڵـێن ئەها چۆن داکـۆکی لە خـۆرهەڵاتناسی نەعلەتی دەکـات، ئەو خـۆرهەڵاتناسـیـیـەی خۆشی بە چارەمان نایەت و دژایەتیمان دەکات!

دەزانم هەمـان ئەو قـەوانە سواوە لێ دەدەنەوە کە سـەدان جار گـوێمـان لێ بووە و بێزار بووین. ئەم پڕوپاگەندانە جیـهـانی ئیسـلامی تەنیوە و، تەنانەت لەناو ئایدیۆلۆجیستە عـەرەبەکانیشدا هەیە، ئەوانەی لافی مۆدێرنە لێ دەدەن و فڕیان بەسـەر مۆدێرنە و جیهانی مۆدێرنەوە نییە. بەڵام من گوێ بەو شتانە نادەم و پرکـێـشی زیاتر دەکەم و دەڵێم: (ئـەگـەر کـاتی پێـویسـتم دەبوو، ئەوا چەند سـاڵێکم لـە تەمـەنـی خـۆم بۆ نـووسـیـنـی کـتـێـبـێک تـەرخـان دەکـرد بـەم ناونیشانە: سـتـایشکردنی خـۆرهەڵاتناسی!. مەبـەسـتیشم خـۆرهەڵاتناسـیی زانسـتی ئاست بەرزە، نەک خـۆرهەڵاتناسـیـیـەکـی رووکـەش و بەدگومـان. خـۆ ئەگـەر دەسـەڵاتێکی سیـاسـی یان رۆشنبـیـریشم هەبوایە، ئەوا دەسـتـبـەجێ بڕیارم دەدا بـە دامـەزراندنـی سـەنتـەرێکی توێژینەوە کـە بەرنامـەی کـاری وەرگـێـڕانـی تەواوی بەرهـەمـە مـەزنەکــانـی خــۆرهـەڵاتـنـاسـی ئـەڵمــانـی و ئەنگلـۆسـەکسـۆنی و فـرەنسـایی و ئـیـتـاڵی بێت بـۆ سـەر زمـانی عـەرەبی). ئەوکـات دەکـەوینە بژارکـردنی کـۆی ئەو نووسـینانە بۆ ئەوەی بزانین کـامـیـان

باشە و کامیان خراپە، کامیان بەکەڵک دێت و کامیان بە کەڵک نایەت، کە ئەمەشمان کرد سوود لە باشەکانیان وەردەگرین و واز لە خراپەکانیشیان دێنین. دوای ئەم پرۆسەیە تێ دەگەین تا چ ئاستێک خۆرهەڵاتناسی خزمەتی گەورەی بە باس و لێکۆڵینەوەی عەرەبی و ئیسلامی کردووە و پاش ئەوەش لە مانا و ئەرزشی میتۆدی مێژوویی حاڵی دەبین و دەزانین چۆن چۆنی لە بڕیارە پێش وەختەکان و بیر و بۆچوونە هەڵەکان و لەو ئەقڵییەتە غەیبانی و مەزهەبییانە قوتارمان دەکات کە لە منداڵیمانەوە لە سەری ڕاهاتووین. ئەوکات پرۆسەی گەورەی ئازادی کولتووری عەرەبی دەست پێ دەکات، کە هەنووکە لە پای خۆ دووبارەکردنەوە و جوینەوەی بەردەوام بە بنبەست گەیشتووە.

لێرەدا هێندە بەسە گەر تەنیا بیر لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی بکەینەوە کە زانیاریگەلێکی بێشوماری لەسەر کەلەپووری خۆمان تێدایە و بەزمانی ئینگلیزی و فرەنسایی چاپ کراوە، کەچی تا ئێستاش وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی. وەک نموونەیەک لێرەدا دەتوانین باس لە بەرهەمە گەورە و گرانەکانی خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی "جۆزیف ڤان ئیس" بکەین لەبارەی تیۆلۆجیا و کۆمەڵگەوە لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا. ئەمە کتێبێکە باسوخواسی مەعریفی زۆر گرینگی تێدایە، سەرەڕای چەندین بەرهەمی بێشوماری تر، بەڵام داخۆ کێ ئاگای لێیان هەیە؟.

با لێرە بە دواوە بێینە سەر باسی ئەم کتێبەی "ئەلفرید مۆرابیا" لەبارەی (جیهاد لە ئیسلام)دا. ئەم کتێبە خۆرهەڵاتناسی ناسراو "ڕۆجێ ئەرنالدیز" پێشەکی بۆ نووسیوە و تێیدا دەڵێت: (ئەم لێکۆڵینەوەی ئەلفرید مۆرابیا، بەرهەمی مێژوونووسێکی پسپۆڕە، واتە مێژوونووسێک کە حەقیقەتە مێژووییەکان بە هێند دەگرێت و حسابی خۆیان بۆ دەکات. کەواتە ئەو وەکی مێژوونووسێک ناتوانێت بڵێت جیهاد بە چەمکە ئیسلامییەکەی لە هیچەوە هاتووە، چونکە ئەم چەمکە لە هەڵسوکەوت و ترادسیۆنی عەرەبی

بەر لە ئیسلامدا پێشینەی هەبووە. بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام خێڵ و هۆزەکانی عەرەبی لە شەڕی بەردەوامدا بوون لەگەڵ یەکتری، ئەمەش بەرلە هەر شتێ بۆ ئەوە بوو دەست بەسەر ڕێگەی بازرگانی کاروانچییەکاندا بگرن. تێکستگەلێکی شیعری و پەخشان ئامێزهەن کە ستایشی ئەو شەڕانە دەکەن و تا ئێستاش ماون. دەتوانین کۆمەڵێک پێوەندی و لێکچوون لە نێوان پاڵنەری دەروونیی جیهاد لە سەردەمی ئیسلام و پاڵنەری دەروونی لە پێش ئیسلامدا دیاری بکەین. قارەمانەکانی سەردەمانی پێش ئیسلام پێیان وابوو هێزگەلێکی بان- سروشتی پشتیوانیانە، وەکی چۆن موسڵمانان پێیان وابوو لە جەنگی بەدردا فریشتەکان پاڵپشتیان بوون. جەنگاوەرانی بەر لە ئیسلام لە کاتی دژوار و نەهەماتیدا پشوودرێژ بوون و دانیان بە خۆیاندا دەگرت، دوای سەرهەڵدانی ئیسلامیش موجاهیدەکان پشوودرێژ و دانبەخۆدا گرتوو بوون. کەواتە لە نێوان ئەو دوو قۆناغەدا بەردەوامێتییەک هەیە و مێژوونووس دەتوانێت ئاشکرایان بکات و بیکاتە کەرەسەی باس و لێکۆڵینەوە. بەڵام لە بەرامبەریشدا دابڕان لەنێوان ئەو قۆناغەدا هەیە و دەتوانین بڵێین دوای سەرهەڵدانی ئیسلام، شتێکی تازە هاتە ئارا کە ئەویش بڵندەگی ئیلاهی بوو. بە پێچەوانەی شەڕوشۆڕی عەرەبەکان لە سەردەمی جاهلیدا، لە سەردەمی هاتنی ئیسلامدا شەڕ لە پێناوی خوادا دەکرا، بەم جۆرەش ڕەوایەتییەکی ئاسمانی و ئیلاهی کرا بە بەری جیهاددا، ئەمە لە کاتێکدا جیهاد لەوەوبەر جەنگ و شەڕوشۆڕێکی سەربازیی پەتی بوو).

نووسەری ئەم کتێبە چەند لاپەڕەیەکی گرینگ تەرخان دەکات بۆ ئەوەی خاڵی جیاواز و هاوبەشی شەڕوشۆڕ لە نێوان سەردەمی جاهلی و سەردەمی ئیسلامدا نیشان بدات. لەم چەند لاپەڕەیەشدا هەموو ئەو شتانە دێنێتەوە ناو مێژوو دەیانکاتەوە بە مێژووکرد، چونکە تەواوی ئەم شتانە لە سەردەستی فوقەها و نەوە یەک لە دوایەکەکانی موسڵمانان، هەموو

ڕەهەندێکی مێژووییان لە بەر داماڵرابوو. بەم جۆرە مێژووی سەرەتاکانی ئیسلام ڕوویەکی تازەی خۆیمان نیشان دەدات، کە پێشتر پێی ئاشنا نەبووین. ئەمەش بەرهەمی پرۆسەی پراکتیزەکردنی میتۆدی مێژووییە بەسەر کەلەپووردا.

"مۆرابیا" دوای ئەوەی باسی چەمکی جیهاد دەکات لە سەردەمی پێغەمبەردا، دێتە سەر باسکردنیشی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین و فتووحات و تا دەگاتە سەردمی ئەمەوییەکان. لێرەشدا ئێمە پێمان وایە کە چەمکی جیهاد لە سەردەمی پێغەمبەریشدا وەکی خۆی ماوەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا بێت. بەڵام مەنهەجییەتی مێژوویی پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێت چونکە زۆر شت هەیە گۆڕاوە و وەکی خۆی نەماوەتەوە. گرینگترینیان ئەوەیە کە موسڵمانان بۆ یەکەمین جار خۆیان لە بەرامبەر نەتەوەگەلێکی تری غەیرە عەرەبیدا بینییەوە، بەتایبەتیش فارسەکان و ڕۆمە بیزەنتییەکان. ئیتر ئەو کات لەژێر پاڵەپەستۆی فتووحاتدا، تیۆریایەکی گشتی بۆ جیهاد لە ئیسلامدا فۆرمەلە بوو. بێگومان ئەم تێورِیایەش سەرچاوە لە پێغەمبەر و قورئانەوە دەگرێت، بەڵام وردەکاریی زۆرتر و ڕەگەزی زیاتر لە خۆی دەگرێت کە پێشتر لە ئارادا نەبووە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە مێژوو کار دەکاتە سەر عەقیدە و بیر و باوەڕ، وەک چۆن عەقیدەش کاریگەری لەسەر مێژوو دەبێت و ئاڕاستەی دەکات. یەکەمین بەشی گەورەی ئەم کتێبەش کە ناونیشانەکەی (جیهاد لە مێژوودا)یە، لێرەوە هاتووە. واتە جیهاد شتێکی بان- مێژوویی نییە یاخۆ شتێک نییە لە دەرەوەی مێژوودا بێت، وەکی ئەوەی فێندەمێنتالیستەکانی ئەمڕۆ پێیان وایە. لەم باسەی "مۆرابیا"دا تێ دەگەین کە جیهاد لە قورئاندا چەمکێکی کراوە بووە بەسەر ڕەهادا (واتە کراوە بووە بەسەر ڕەهای یەزداندا)، بەڵام لە سەردەستی فەقیهەکان بووە بە شتێکی دەمارگیری کە ئامانجی سەرەکی پەلکێشی و دامەزراندنی ئیمپراتۆریا بوو.

لێرەدا و دوای ئەو پێشەکییە، جێی خۆیەتی پانۆرامایەکی گشتی لەبارەی بەشە سەرەکییەکانی کتێبەکەوە پێشکێش بکەم. ئەم کتێبە کراوە بە چوار بەشەوە و هەر بەشێکیشی لە چەند نەسکێک پێکهاتووە. یەکێک لە نەسکەکانی بەشی یەکەم ئەمە ناونیشانەکەیەتی: (نیمچە دوورگەی عەرەب لە قۆناغی پێش ئیسلام و پێگە و پلەوپایەی شەڕ لەو سەردەمەدا). بە کورتییەکەی لەم بەشەدا نووسەر دەیەوێت بڵێت: (ئێمە ناتوانین لە مانای جەنگ یان جیهاد لە دوای هاتنی ئیسلامەوە تێ بگەین، ئەگەر لە ماناکانی ئەو چەمکە بەر لە هاتنی ئیسلام حاڵی نەبین). لێرەدا سەرنج دەدەین "مۆرابیا" سەرقاڵی باسکردنی مێژووی دێرینی عەرەبە، بەتایبەت لە ناوچەی حیجاز و مەککەدا کە مەڵبەندی سەرهەڵدانی ئیسلام و دەرکەوتنی پێغەمبەرە. دوای ئەوە باس لە ژیانی خێڵەکی و هێرش و پەلاماردانی هۆزەکان و رۆحی تۆڵەسەندنەوە دەکات. هەروەها دێتە سەر باسکردنی ئەو ئاینەی لەو کاتەدا لە ئارادا بووە و لەگەڵ ژیانی سیاسیی ئەو سەردەمەدا. هاوکات باس لە هەبوونی ئاینە یەکتاپەرستییەکان دەکات لە نیمچە دوورگەی عەرەبدا، بەرلەوەی پانۆرامایەکی گشتی لەبارەی ژیانی شاری مەککەوە لە سەروبەندی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا بخاتە ڕوو.

دوای ئەوە لەم نووسینەی "مۆرابیا"دا سەرنج دەدەین کە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا، جیاوازی لە نێوان دوو قۆناغی ژیانی پێغەمبەردا دەکات:

قۆناغی مەککە: لەم قۆناغەدا پێغەمبەر هەر بەتەنیا خەڵکی بەئاگا دەهێنایەوە و بەرچاوڕوونی دەدانێ و جیهاد و شەڕکردن ئەو قورساییە گەورەی نەبوو لەلای .

قۆناغی مەدینە: لەم قۆناغەیاندا پێغەمبەر ناچار دەبێت بۆ بەرگریکردن لە خۆیی و گرووپەکەی، پەنا بەرێتە بەر خۆ چەکدارکردن، ئیتر لێرەدا چەمکی جیهاد زیاتر دەردەکەوێت و خۆی فەرز دەکات.

شایانی باسە لە قۆناغی سەرەتادا ئەوەی هەبوو جیهاد بوو بە مانا رۆحی و ئەخلاقییەکەی، بەڵام دواتر ئەوەی زاڵ بوو جیهاد بوو بەمانا شەڕ ئامێزەکەی. بەم جۆرە دەبینین چەمکی جیهاد لەژێر پاڵەپەستۆی رووداوە مێژووییە یەک بە دوایەکەکاندا فۆرمەلە بووە، واتە بیر و باوەڕێک نییە لە دەرەوەی شوێنەکاندا بێت، وەکی ئەوەی ملیۆنان لە موسڵمانانی ئەمڕۆ پێیان وایە. تەنانەت هەڵوێست لە (أهل الكتاب) واتە جوولەکە و مەسیحییەکان، بە دوو قۆناغی تەواو جیاواز کراو تێپەڕ بووە. لە قۆناغی یەکەمدا واتە لە قۆناغی (مەککەییدا) دەبینین تا رادەیەکی زۆر قورئان ستایشیان دەکات، بەڵام لە دووەمیاندا (واتە لە مەدینەدا) هێرشێکی سەختیان دەکاتە سەر، دوای ئەوەی لە مەدینەدا رووبەڕوویان دەبێتەوە (بەتایبەت جوولەکە). بەڵام هەڵوێستی لە مەسیحییەت هێورترە و بەو ئەندازەیەی جوولەکە توندوتیژ نییە، ئەویش لەبەر هۆکارگەلێکی مێژوویی کە ئاشکرایە.

لێرەدا نووسەر زۆر بە دوور و درێژی باس لە بنەماکانی جیهاد دەکات لە تێکستە پیرۆزەکانی ئیسلامدا، واتە لە قورئان و حەدیسدا بەشێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ سیرەی پێغەمبەردا، ئەمەش ناونیشانی بەشی دووەمی ئەم کتێبەیە. ئەم بەشە بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێت کە بریتین لە: جیهاد لە قورئان و جیهاد لە حەدیس و سیرەی پێغەمبەردا. بەشی سێیەم تایبەتە بە تیۆریایەکی گشتی بۆ جیهاد و باس لەوە دەکات کە چۆن لەسەر دەستی هەردوو بنەماڵەی ئەمەوی و عەباسییەکان، ئەم چەمکە فۆرمەلە بوو. نووسەر لێرەدا باس لە چۆنیەتی دروستبوونی فیقە و سەرهەڵدانی بیر و باوەڕی جیهاد و ئەو فەلەسەفەیەی جیهاد دەکات کە لەسەر ئەم بنەما سەرەکییەی لای خوارەوە دروست بووە و دەڵێت: (ئاین لای خوا تەنیا ئیسلامە و هیچی تر). هەروەها جیاوازییەکی گەورە و سەرەکی لە نێوان ئیماندار و کافر، موسڵمان و ناموسڵمان یاخۆ لە نێوان– دار الاسلام– و

دار الحرب- دا دەکات. هەر لێرەدا نووسەر نەسکێکی دوور و درێژ تەرخان دەکات بۆ ئەهلی زیمە و ئەو پێگەیەی فیقهی ئیسلامی بۆی دەستنیشان کردوون. نووسەر دان بەوەدا دەنێت کە ئەو پێگەیەی فیقهی ئیسلامی بە ئەهلی زیمەی بەخشیبوو پێگەیەکی باش بوو. هەروەها بە بەراورد بە سەدەکانی ناوەڕاست کەمەکێک لێکبووردنی پێوە دیار بوو، بەڵام بێگومان ئەم شتە بۆ سەردەمی مۆدێرن ناگونجێت کە سەردەمی مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و فەلسەفەی هیومانستیی گەردوونییە.

چوارەم بەش کە دوایین بەشی کتێبەکەیە تەرخانە بۆ جیهادی ناوەکی، مەبەست لەم جیهادەش جیهادکردن نییە لە دژی دوژمنی دەرەکی، بگرە جیهادە لە دژی دەروون و حەز و ئارەزووە ناوکۆییەکانی مرۆڤ و ئەمەش جیهادکردنە لە دژی ئەو مەیلە شەڕانگێزانەی لە ناخماندان. پێغەمبەریش لە حەدیسێکی بەناوبانگیدا ئەمە ناو دەنێت جیهادی گەورە و فەزڵی دەدات بەسەر جیهادی بچووکدا کە دژی دوژمنی دەرەکییە. جیهادی گەورە کە جیهادی ناو کۆییە جیهادێکی رۆحانی و ئەخلاقییە و دەبێتە مایەی پاکژکردنەوە و رامکردنی دەروون و حەز و ئارەزووەکان. ئەم جۆرەی جیهادکردن، بزاوتە توندڕۆکانی ئەمڕۆ فەرامۆشی دەکەن و قسەی لەسەر ناکەن، ئەگەرچی لە قورئان و حەدیسدا باسی لێ کراوە. بزاوتە توندڕۆیەکانی ئەمڕۆ لە قورئان تەنیا ئەو ئایەتە شەڕخوازانە وەردەگرن کە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا و پلان و بەرنامەکانیاندا یەک دەگرێتەوە، لە بەرامبەریشدا ئایەتی تر پشتگوێ دەخەن کە پڕیەتی لە سۆز و بەزەیی.

بە بۆچوونی نووسەری ئەم کتێبە جیهادی ناوکۆیی شتێکی تریش دەگرێتەوە، ئەویش دابەشبوونی نەتەوەی ئیسلامە بە سەر خۆیدا و هەڵگرتنی چەکە لە دژی یەکتری. ئەمەوییەکان دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتە دەست لە هەوڵی ئەوەدا بوون رەواج بۆ ئەم تێزە تیۆلۆجییە پەیدا بکەن کە دەڵێت: بەرژەوەندیی ئاین و بەرژەوەندیی دەوڵەت یەک شتە و ناکرێت لە یەک

جیا بکرێتەوە. بەم جۆرە ئەمەوییەکان ئاین و شکۆمەندیی باڵای ئاینیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار هێنا، لە پێناو ئەوەی رەوایەتییەکی ئیلاهی بە حوکمڕانیکردنەکەیان ببەخشن. ئەمەش بووە مایەی رک و تووڕەیی ئەو پیاوە ئاینییە لە خواترسانەی، ئەو کارەیان بە جۆرێک لە هەلپەرستی سیاسی و ئەتکردنی ئاین دەزانی. بەڵام دواجار ئەم تێزەیە سەرکەوت و خۆی بەسەر رەوتی مێژوودا سەپاند و تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان هەر بەردەوامە. تەواوی ئەو بنەماڵانەی دوا بەدوای یەک حوکمڕان بوون، هەر لە ئەمەوییەکان و عەباسییەکانەوە تا سەلجووقی و فاتمی و عوسمانییەکان، هەموویان لافی ئەوەیان لێ داوە کە بەناوی شەرعی خواو ئاینی راستەقینەوە حوکم دەکەن. تەنانەت دەیانوت گوێڕایەڵیکردنی سوڵتان و بەجێهێنانی فەرمانەکانیان، جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر و گوێڕایەڵیکردنی ئەوانە!.

زۆربەی فەقیهەکان ملیان بەم بۆچوونە دا و تەسلیمی ئەمری واقیع بوون، ئیتر لە ترسی زوڵم و ستەمکاری فەرمانڕەوایان بووبێت یاخۆ لە بەرژەوەندیی موسڵمانان بووبێت تا فیتنە و دووبەرەکییان تێ نەکەوێت. یان رەنگە بۆ رووپامایيکردن بووبێت بۆ خەلیفە و دەسەڵاتداران، یاخۆ لەوانەیە هەموو ئەمانە بووبێت پێکەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانان بەسەر چەندین ئاینزاو دەستەی جیا جیادا دابەش بوون، هەر لە سوننە و شیعە و... هتد، تێکڕای ئەمانەش کەوتنە دژایەتیکردنی یەکتری و شەڕی گەورە لە نێوانیاندا بەرپا بوو. کاریگەریی ئەم دابەشبوون و لێکترازانەش تا ئەمڕۆ بە ئاشکرا دیارە. ململانێی سەرەکی نێوان ئەم ئاینزایانە لەسەر چەمکی ئیسلامی ڕاستەقینە بوو.. بێگومان هەر ئاینزایەش لافی ئەوەی لێ دەدا کە جگە لەو کەس حەقیقەتی ئاینی لەلا نییە. بۆ سەپاندنی بیر و بۆچوون و یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیش، کۆیان لەوە نەکردووەتەوە کە زیاد لە جارێک پەنا بەر چەک بەرن و بەزەبری هێز ئەو مەسەلانە کۆتایی پێ بێنن.

بەم جۆرە موسڵمانان لە جیهادکردن لە دژی (أهل الكتاب)ەوە واتە لە دژی دەرەوە، بایاندایەوە بۆ جیهادکردن لە دژی ناوەوە، واتە دەستیان کرد بە جیهادکردن لە دژی ئەو ئاینزا ئیسلامییانەی دیکە کە نەدەچوونە ژێرباری ئیعترافکردن بە حکومڕانی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان. لەم کاتەدا ئەوەی بیرکردنەوەی خەڵکی داگیر کردبوو، باسوخواسی ئەو گرووپە بوو کە سەرفراز دەبن و ناچنە ئاگری دۆزەخەوە. ئەڵبەتە هەر ئاینزایە و لایەنگرانی پێیان وابوو (تا ئێستاش هەروایە) کە تەنیا خۆیان سەرفراز دەبن و ئەوانی تر دەچنە دۆزەخ!. بەهەرحاڵ، کێشەی گەورە و گرینگ ئەوە بوو: کێ حەقیقەتی ڕەها و پیرۆزی لەلایە؟ یاخۆ کام ئاین یان کام مەزهەب نموونەی ئاینی ڕاستەقینەیە و دەبێتە مایەی سەرفرازی لە ڕۆژی قیامەتدا؟. "ئەبو عەلای مەعەڕی" لە چەند دێرە شیعرێکی بەناوبانگیدا، ئەم مەسەلەیەی بەم جۆرە باس کرد بوو:

في اللاذقية ضجة ... مابين أحمد والمسيح
هذا بنا قوسٍ يدق ... وذا بمأذنة يصيح
كـــل يؤيـد دينه ... يا ليت شعري ما الصحيح!

ڕەنگە ئەم چەند دێرە شیعرە بۆ یەکەم جار لە مێژووی زمانی عەرەبیدا، بووبێتە بەردی بناغەی ئەو شتەی هەنووکە پێی دەڵێن مێژووی بەراوردکاریی ئاینەکان. بەڵام لە ئەقڵییەتێکەوە دەرچووە کە ئەقڵییەتی سەدەکانی ناوەڕاستە و ئەم ئەقڵییەتەش ڕێگە بە کردنی پرسیارێکی لەو جۆرە نادات. لەبەرئەوەی بۆ خەڵکانی ئەو سەردەمانە بیرکردنەوە لەو مەسەلانە شتێکی مەحاڵ بوو، تەنانەت تا ئەمڕۆش لای توێژێکی بەرفراوانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هەر یاساغ و قەدەغەیە. قەیرانی گەورەی هۆشیاری ئیسلامیی هاوچەرخیش لێرەدایە. چونکە لەلایەک ناتوانێت دەستبەرداری بیر و باوەڕی جیهاد بێت کە فەقیهەکان لە سەردەمی کلاسیکدا فۆرمەلەیان

کـرد، لەبەرئەوەی بـە تێـپـەڕبوونی کـات بووە شـتـێکی پیـرۆز و مـوقـەدەس، ئەگەرچی دواجار فەقیهەکانیش مرۆڤن!. لەلایەکی تریشـەوە ئیسلامی ئەمڕۆ ناتوانێت جـیـهـاد لە دژی کـافـران رابگەیەنێت کـە زۆربەی زۆری مـرۆڤـایەتی دەگـرێتـەوە، تەنیـا لە حـاڵەتێکدا نـەبێت ئەگـەر بیـانەوێت شـوێن "بن لادن"و دەسـتـەو تاقـمـە سـەرەڕۆکەی بکەون... ئەی کەواتە کـار چییـە و چی بکەین؟ کـار ئەوەیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قـورئان خـۆی، لەبەرئەوەی دەقـاودەق و بە دیاریکراویش لە سـوورەتی بەقـەرەدا تەئکیـد لەوە دەکـاتەوە کـە: (ان الذين آمنوا والذين هادوا والنصاري والصـابئين من يؤمن بالله واليوم الآخـر وعمل صالحا فلهم أجرهم عند ربهم ولاخوف عليهم ولاهم يحزنون).

دەکـرێت ئـەم ئاخـۆتە بکرێتـە بـەردی بناغـەی دامــەزراندنی ئەوەی پێی دەوترێت زانسـتـی بەراوردکـاری ئاینەکـان و بگرە دەکرێت ببێتـە مـایەی: (لێکبووردن و برایەتی لە نێوان مرۆڤەکان و ڕێگەنەدان بە تەکفیرکردنی هیچ کەس بـەهۆی جیاوازیـی ئاین و بیر و باوەڕەوە). رەنگە هـەندێک بڵێن: (بەڵام خـۆ چەند ئایەتێکی تر هەن کـە بـە پێـچـەوانەی ئەوەوەن و ئەهلی کـیـتـاب تەکفیـر دەکەن). منیش لە وەڵامدا دەستبەجێ پێیان دەڵێم: (ئەوە راسـتـە، بەڵام پێویستە ئەو ئاخۆتانە بخەینەوە ناو سیاقە مێژووییەکەی خۆیانەوە و ئەو کۆسپ و دژوارییانەش لـە بەرچاو بگرین کە پێغەمبـەر لە هـەندێ قۆناغی ناهـەمــواردا روو بەڕوویـان بووەوە. کــەواتـە ئەو ئایـەتانـە بەرهـەمـی کــات و هـەلومـەرجێکی تایبەتین و نابێت وەکی خۆیان و دەقـاودەق بەسـەر سـەردەمـە نوێیـەکاندا پراکتیزەیان بکەین). لێرەدا دەگـەینە مـەسـەلەی هێرمـۆنیتیکا و نێـو لێکدانەوە. لە ڕاسـتـیـدا قـورئان پێویسـتـی بە لێکدانەوەیەکی مـێژوویی مـۆدێرن هـەیـە، کـارێک کـە ئێـسـتـا نەکـراوە، وەکی ئەوەی لەگـەڵ تەورات و ئینـجیلدا کرا. هـەرکاتێک ئەو پرۆسـەیە روو بدات، ئەوا خـۆ بەخـۆ تەواوی کێشـە و گرفتـەکان چارەسـەر دەبن. بـەڵام داخۆ ئەوە کـەی ڕوو دەدات و کێ دەوێرێت بەو کارە هـەستێت؟ رەنگە ئەوەی بتوانێت کـارێکی لەم جۆرە بکات،

تەنیا گەورە خۆرهەڵاتناسەکان بن، وەک نووسەری ئەم کتێبە و کەسانی تریش. بەڵام داخۆ ئێمە دەوێرین ئەو بەرهەمانە وەرگێڕینە سەر زمانی میللەتانی ئیسلامی؟ سەیرکە تەنانەت وەرگێڕانیش قەدەغەیە!.

ئاگادارم ئێرانییەکان و تورکەکان بوێریی ئەوەیان تێدایە و بێ هیچ ترس و دوودڵییەک، خەریکی وەرگێڕانی نوێترین باسوخواسە خۆرهەڵاتناسییەکانن. تۆ بڵێی ئەوان بەر لە عەرەب پەی بە تێگەیشتنی ئەقڵانی و ڕۆشنگەرانەی ئاین بەرن و عەرەب دوایەمین کەس بن کە فێر دەبن و ڕا دەبن؟ ئێمە بۆ بەم هەموو شێوە دۆنکیشۆتییانە، دژایەتی بزاوتی مێژوو دەکەین و ئەم کارە لە بەرژەوەندی کێدایە؟

## کۆتایی فێندەمینتالیزمی ئیسلامی !

کتێبێک بەزمانی فرەنسایی و بەهیچ زمانێکی تر شک نابەم، شان بدات لەشانی ئەم کتێبەی* "جیلٚ کیبلٚ " و وەک دیاردەیەکی مەزن تاوتوێی فێندەمینتالیزم بکات و لێکی بداتەوە.. شایەنی باسە "کیبل" هەر لە زووەوە لێهاتوویی فیکریی خۆی سەلماند، بەتایبەتی لەو کاتەوەی کتێبی (پێغەمبەر و فیرعەون- لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ڕەگ و ریشەی بزووتنەوە فێندە مێنتالیستەکان)ەوە لە ساڵی ١٩٨٤دا بە چاپ گەیاند. دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨٧ (کووچەکانی ئیسلام)ی بڵاو کردەوە و لە ساڵی ١٩٩١ کتێبی (تۆڵەی یەزدان)ی بەچاپ گەیاند. مەبەست لە (کووچەکانی ئیسلام) ئەو گەڕەک و شوێنانەیە لە دەوروبەری شاری پاریس و لیۆن و مەرسیلیا و شارەکانی تری فرەنسا و ئەوروپا کە پەنابەرانی موسڵمانی تێدا نیشتەجێن.

کتێبەکەی تریشی "تۆڵەی یەزدان" باس لەگەڕانەوەی سەرلەنوێی ئیمانداری تەقلیدی دەکات بۆ ناو ژیان، ئەوە لەکاتێکدا کە پێمان وابوو مرۆڤایەتی لە سەردەمی مۆدێرنە و عەقلانییەت و پیشەسازی و تەکنۆلۆجیادا، ئەو مەسەلەیەی تێپەڕاندووە. "جیلٚ کیبلٚ " لەم کتێبە تازەیەیدا (جیهاد)، توانیویەتی بگاتە ئاستێکی باشی لێکدانەوەی مەسەلەکان و وەک پێویستیش دەستی بەسەر بابەتی کتێبەکەیدا شکاوە. ئەوەش وامان لێ دەکات بڵێین تەواوی لێهاتوویی و شارەزایی خۆی لێرەدا چڕ کردووەتەوە تا ئەم کتێبە قەوارە گەورەیەی پێ بەرهەم بهێنێت، کتێبێک

* Gilles Kepel, Jihad: expansion et decline de Iislamisme, paris, Gallimard, 2000.

که نزیکەی پێنجسەد لاپەڕەیەک دەبێت.

"کیبل " لە دووتوێی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا سەرنجێکی پانۆرامایی هەمەلایەنی زۆربەی زۆری ئەو بزاوتە فێندەمێنتالیستیانە دەدات کە بەتەواوی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بڵاو بوونەتەوە. دەکرێت بڵێین: لەم کتێبەدا هیچ شتێکی لەبیر نەچووە، ئەوەتا باس لە بزووتنەوەکانی (التكفير والهجرة) و جیهاد و کۆمەڵی ئیسلامی لە میسر دەکات. هەروەها بەشێوەیەکی ورد و لەسەر خۆش باس لە پێوەندییە سلبی و ئیجابییەکانی ئەو بزووتنەوانە دەکات، بە دەزگای ئاینیی رەسمییەوە کە بریتییە لە (ئەزهەر). لەگەڵ ئەمانەشدا دێتە سەرباسی بەرەی ئینقازی ئیسلامی لە جەزائیر و بزووتنەوەی فێندەمێنتالیزم لە وڵاتی ئوردون و پێوەندیی بە سیستەمی پاشایەتیی لەو وڵاتەدا، هەروەها باس لە بزووتنەوەی فێندەمێنتالیزم لە پاکستان و تورکیا و مالیزیا و ئێران و سوودان و فەلەستین و...هتد، دەکات.

دوای ئەوە "جیل کیبل " لە ڕێی تێزێکی تۆکمە و کۆنکرێتییەوە شتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. رەنگە ئەمە بەلاتەوە پەسند بێت یان پەسندی نەکەیت، بەڵام ناکرێت گومان لە ڕاستیی ئەو بۆچوونانەی یاخۆ لەو توانا زانستییەی بکەیت کە ئەو تێزەیان بەرهەم هێناوە. تایبەتمەندیی ئەم کتێبەشی لەوەدایە کە لە کاتی لێکدانەوەکانیدا، میتۆدی سۆسیۆلۆجی پەیڕەو دەکات.. "کیبل " تەنیا بەوەندەوە ناوەستێت بەشێوەیەکی تیۆریی ئەبستراکت بیروڕا و بۆچوونی فێندەمێنتالیستەکان بخاتەڕوو، بگرە هەموو ئەوانە دەبەستێتەوە بەو هەلومەرجە دیموگرافی و ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییەی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا لە ئارادایە. پێمـوایە لەم رووەوە "کیبل " سوودی لە مەنهەجییەتی "پییر بۆردیۆ" و تێرم و زاراوەکانی ئەو وەرگرتووە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبارەی هەلومەرجی بزووتنەوە فێندەمێنتالیستەکان لە هەر وڵاتە و بەجیا پێشکێش بکات و پاشان

بەراوردیان بکات بەو هێزە عەلمانی و سیاسییانەشی کە لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا هەن. بەم پێیە لێکۆڵینەوەی ئەو لە دیاردەی فێندەمینتالیزم، زۆر جار واقیعی و عەقڵانی دێتە بەرچاو و دەتوانێت قەناعەت بەخوێندکارانی بکات. ئاشکرایە زیادبوونی بێ حەد و حیسابی ژمارەی دانیشتووان دوای شەستەکان و پاشان بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری، هەموو ئەمانە بوونە مایەی سەرهەڵدانی بزاوتە فێندەمینتالیستەکان.

تێزی سەرەکیی ئەم کتێبەی "جیل کیبل " بەم جۆرەیە: ئەو بزووتنەوە ئوسوولییانەی لە ماوەی چارەکە سەدەی رابردوودا لە کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا شوێنپێی خۆیان قایم کرد و سەرکەوتنی جەماوەریی گەورەیان بەدەست هێنا، لە ئێستادا ئەستێرەی بەختیان لە ئاوابووندایە و بەرەودواوە دەچن، بەڵام ئاخۆ هۆکاری ئەمە چی بێت؟

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ئەم توێژە کۆمەڵایەتییانەدا هەبوو: بۆرجوازییەتێکی ئیماندار لە شارەکان لەگەڵ ئەو گەنجانەی بەدەست هەژاری و نەبوونییەوە دەیانناڵاندا، هەروەها ئەو توێژەش کە لە گەڕەکە میللی و دووره دەستەکانی شاره گەورەکانی وەک (قاهیرە، جەزائیر، دار البیضاء)دا دەژیان، سەرەڕای خوێندکارانی زانکۆکان کە لە ڕۆشنبیرانی بزاوتە فێندەمینتالیستەکان بوون.

ئەم سێ توێژە بوون لە هەشتاکان و نەوەتەکاندا توانییان ئەو جەماوەرە بێ شومارە لە دەوری بزاوتە فێندەمینتالیستەکان کۆ بکەنەوە و هەر ئەمانیش بوون هەندێک جار کەم تا کورتێک ئەو بزاوتانەیان لە کورسیی دەسەڵات نزیک کردەوە، وەک ئەوەی لە میسر دوای تیرۆرکردنی "ئەنوەر سادات"، یاخۆ لە جەزائیر دوای سەرکەوتنی (FIS) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ ڕووی دا. بەڵام دوای ئەوەی هەندێک کەسی توندڕۆ و بەتایبەت لە گەنجە هەژار و دەستکورتەکان پەنایان بردە بەر کاری

تیرۆریستی و تەقاندنەوە، بۆرجوازەکان لەو کارانەیان سڵەمینەوە و هێدی هێدی لێیان دوورکەوتنەوە. بەم جۆرە ئەو بزووتنەوەیە بوو بەدوو بەشەوە: بەشێکیان توندڕۆ و شەڕەنگێز کە دەیویست بەهەر ڕێگەیەک بووە بگاتە دەسەڵات، لەگەڵ باڵێکی میانڕەودا کە کەم تا زۆر بەرژەوەندی و ئابووری و گوزەرانێکی باشی هەبوو نەیدەویست لە دەستیان بدات و سەرکێشییەک بکات کە سەرەنجامی دیار نەبێت.

بەبۆچوونی "جیڵ کیبڵ " ئەم کەرتبوونە بووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی بزووتنەوە ئوسوولییەکان ئامانجەکانیان بەدیی بهێنن و بگەنە دەسەڵات. بەکورتییەکەی "کیبڵ " دەیەوێت بڵێت: دابەشبوونی فێندەمینتالیزم بەسەر دوو باڵی میانڕەو و توندڕۆدا، ئەو بزووتنەوەیەی زۆر لاواز کردووە. لەم سەروبەندەدا تەنیا بزووتنەوەی ئوسوولیی ئێرانی توانی بگاتە دەسەڵات، لەبەرئەوەی توانی هەموو چین و توێژەکان (هەر لە بۆرجوازییەتی شارەکانەوە تا ئەو نەدار و هەژارانەی نیشتەجێی گەڕەکە مىللییەکانی شارەکانن و تەنانەت توێژی ڕۆشنبیرە عەلمانییەکانیش)، هەر هەموویان لەژێر سەرکردایەتیی "خومەینی"دا کۆ بکاتەوە. ئەمەش بۆخۆی موعجیزەیە، لەبەرئەوەی کەم ڕووی داوە سەرکردەیەکی کاریزمی توانیبێتی لانی کەمی تەواوی کۆمەڵگە لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

سەرکردەی تەواوی بزووتنەوە ئوسوولییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە هەوڵی ئەوەدا بوون هەمان ئەزموونی "خومەینی " لەوڵاتانی خۆیاندا دووبارە بکەنەوە، بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبوون. دوای بیست ساڵ حوکمڕانیی ئاینی لە ئێران، دەبینین سەرەتاکانی دابەشبوون و لێکترازان لە نێوان ئەو چین و توێژانەدا دەستی پێ کردووە کە"خومەینی " توانی لە ساتەوەختی شۆڕشە جەماوەرییەکەیدا یەکیان بخات. دواجاریش ئاشکرا بوو کە حوکمڕانیی پیاوانی ئاینی لە ئێران مایەی نائومێدییە، هەر بۆیە تەواوی ڕۆشنبیرە عەلمانییەکان و بەشێکی زۆری چینی هەژاران لەو پرۆژەیە

جیابوونەوە، بەتایبەتی کاتێک بێ هیوا بوون و هەلومەرجی مادییان باشتر نەبوو. هەروەها بەشێکی زۆری چینی ناوەند کە"کیبڵ " بەبۆرجوازییەتی ئیمانداری شارەکانیان ناودەبات و بریتین لە (بازرگانەکانی ناو بازاڕ)، ئەوانیش لەو پرۆژەیە تەکینەوە.. سەرەنجامی حوکمی دیسپۆتیزمی و سەرکوتکارانەی پیاوانی ئاینی، گەورە بوون و بەرفراوانبوونی باڵی ریفۆرمیستەکانی لێ کەوتەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی "محەمەدی خاتەمی" بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەڵبژێردرێت و کاندیدی باڵی موحافیزکارەکانیش لە بەرامبەریدا شکست بهێنن. پاشان ئەو بۆچوون و دروشمە دۆگما و پەڕگیرانە کاڵ بوونەوە، بەڕادەیەک لاوانی ئێران دوای تاوانەکانی ١١ی سێپتەمبەر وەک هاوسۆزی نیشاندانێک بۆ گەلی ئەمەریکایی، رژانە سەر شەقامەکان و ڕێ پێوانیان ساز کرد. دە ساڵ پێش ئێستا کێ بەبیریدا دەهات شتی وا لە ئێراندا ڕوو بدات؟

"جیل کیبڵ " پێی وایە دەسەلاتگرتنە دەست لە وڵاتی ئێران و سوودان لەلایەن فێندەمینتالیستەکانەوە، شتێکی زۆر چاک و بەسوود بوو بۆ بزاوتی ئازادیخوازیی دیموکراسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بەڵام ئەمە چۆن؟ ئەمە بەو مانایە کارێکی باش بوو کە توانی خراپی و نالەباریی فێندەمینتالیستە توندڕۆیەکان ئاشکرا بکات و ئەو وەهمە گەورەیەش نەهێڵێت کە لە سەرەتاوە لە دەوریان هەڵچنرابوو.. فێندەمێنتالیستەکان لەبەرئەوەی بەزمانی ئەو فەرهەنگە ئاینییە کۆنە قسەیان دەکرد کە لەسەر ئاستی میللی بەچاوی رێزەوە سەیری دەکرێت و بە شتێکی پیرۆزی دەزانن، ئەوا توانیبوویان خۆیان وەک رزگارکەری میللەت و تاکە چارەسەری کێشەکان نیشان بدەن.. ئەمانە توانییان لە سەرەتادا ملیۆنان کەس مۆبێلێزە بکەن، بەڵام بەگرتنەدەستی دەسەلات و ئەو هەڵە کوشندانەی لەناو خۆیاندا بەیەکتریان کرد و دواتر دەرهەق بە نەیارەکانیشیان ئەنجامیان دا و دوای ئەوەش فرتوفێڵیان لە بواری سیاسیدا وەک هەر حیزبێکی سیاسیی تر

پەیڕەو کرد، هەموو ئەمانە بووە مایەی ئەوەی ئەو قودسییەتەیان نەمێنێت و حەقیقەتیان ئاشکرا بێت.

بەکورتییەکەی پرۆژەی فێندەمینتاڵیزم شکستێکی گەورەی هێنا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵدا. لەبەر ئەم هۆیەش ئێمە لە ئێستادا چووینەتە قۆناغی (پاش فێندەمینتاڵیزم)ەوە. زۆر کەس بەگژ ئەم تێزەی "کیبڵ "دا چوونەوە و پێیان وا بوو زیاد لە پێویست گەشبینیی پێوە دیارە، تەنانەت هەندێکیان کەوتنە گاڵتەپێکردنی دوای ئەوەی ڕووداوە تیرۆریستەکەی ١١ی سێپتەمبەر ڕووی دا و پرسییان: ئەی لێکۆڵیاری مەزن؛ کوانێ پاشەکشە و کاڵبوونەوەی فێندەمینتالیزم؟ ئەزیزم ئەوەتا تائێستایش فێندەمینتالیزم لە هەڵکشاندایە و تۆش دەڵێیت بەرەو لەناوچوون دەچێت.. ئەم قسانە ڕاست نین، برۆ و تێزەکانت بگۆڕە یان لانی کەم دەستکارییان بکە.

نەیارانی "کیبڵ " پێیان وابوو ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر، سەرلەبەر تێزەی سەرەکیی کتێبەکەی ئەو بەدرۆ دەخاتەوە. پێموایە ئەوانەی ئەو ڕەخنانە ئاڕاستەی "کیبڵ " دەکەن ڕاست دەکەن و لە هەمان کاتیشدا بەهەڵەدا چوون. ڕاست دەکەن ئەگەر مەبەستیان لەوە ئەوە بێت کە پاڵنەر و وزەیەکی مێژوویی لە پشت بزاوتە ئوسوولییەکانەوە هەیە و تاهەنووکەش ئەو سەرچاوەیە وشکی نەکردووە و هەر ماوە، بەڵام لەوەدا بەهەڵەداچوون ئەگەر پێیان وابێت ناوبانگیی بزاوتە ئوسوولییەکان خراپ نەبووە، بەهۆی ئەو تاوان و کاری تیرۆریستییانەوە کە لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا لە ناوەوە و دەرەوەدا ئەنجامیان داوە و تائێستاش لە سەری بەردەوامن. هەر بۆیە درەنگ یان زوو دەبێت باجی نەک هەر ئەخلاقی، بگرە باجی سیاسیی ئەو تاوانانەیان بدەن.

ئەو قسانەی "جیڵ کیبڵ " فەلسەفەی "هیگڵ " و تێڕوانینی ئەوم بۆ مێژوو

بیـر دەهـێنێـتـەوە، چونکە "هیگڵ " پێی وابوو مـێـژوو هەندێک جـار لە دەرگەکانی پشتەوەی یاخۆ لە بەدترین گۆشەکانییەوە رەوت دەکات و لەو کاتانەیشدا هەرچی رق و چەپێنراوەکانی ناخییەتی دەتەقێنێتەوە و لە دەست دەردەچێت، بەڵام خۆ تا هەڵە نەبێت راستی ئاشکرا نابێت و خراپە نەبووایە بە چاکە ئاشنا نەدەبووین.. ئەگەر بزاوتە توندڕۆیەکان نەگەیشتنایەتە کورسیی دەسەڵات و ماوەیەک حوکمڕانییان نەکردایە، ئەوا تا ئێستاش گیرۆدەی وەهمی ئەوان دەبووین یاخۆ جەماوەری جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەداخی ئەوانەوە بوون و بڕوایان بەڕاستی و دروستیی چارەسەرەکانی ئەوان دەبوو. کەواتە دەبوو ئەو باجە گەورە بدرێت بۆ ئەوەی شتەکان روون و ئاشکرا بن. هەر دەبوو بەقۆناغی فێندەمینتالیزمدا تێبپەڕینایە، تاکو ئەو وەهمە گەورانە بڕەوینایەتەوە و رێگای ئایندەمان لەبەردەمدا بکرایەتەوە. بەم پێیە "جیل کیبڵ" راست دەکات کە دەڵێت؛ ئێمە پێمان ناوەتە ناو قۆناغی (پاش فێندەمینتالیزم).

"کیبڵ" دوا بەشی کتێبەکەی (مەبەست کتێبی جیهادە)، بەم نەفەسە گەشبینە نووسیوە و تێیدا باس لەوە دەکات کە بەناچاری ئاراستەی گەلانی ئیسلامی رووەو دیموکراسی دەچێت، ئەویش دوای کۆتاییهاتنی ئەو تەوژمی ئوسوولییەی تەکفیری مۆدێرنەی دەکرد. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە سەرکردەی گرووپە فێندەمینتالیستەکانیش وازیان لە قەناعەتەکانی رابردووی خۆیان هێناوە و هەنووکە باس لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکەن، تەنانەت قبووڵیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو رۆشنبیرە عەلمانییانەیشدا بکەن کە تا دوێنێ بە کوفر و ئیلحاد تاوانباریان دەکردن.

هەندێک لە سەرکردە ئوسوولییەکان هەست دەکەن توندڕۆیی و کاری تیرۆریستی بە بنبەست گەیشتووە و ئەو ئەندامە توندڕۆیانەش مایەی هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر تەواوی بزاوتی ئیسلامی، لەبەر ئەوە هەندێک لەوانە ناچار بوون لە رێی پەیڕەوکردنی چەند چەمکێکی شارستانیی

خۆرئاواوه نێوبانگیی خۆیان باش بکەن و سیمایان جوان بکەن. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی هەندێکیان داوای ئەوه بکەن خوێندنەوەیەکی رۆشنگەرانه بۆ ئیسلام بکرێت! هەنگاوێکی لەم جۆرەش مایەی دڵخۆشییه و پێشوازیی لێ دەکرێت، بەمەرجێک راستگۆیانه بێت و تەنیا پرۆسەیەکی تاکتیکی یان سیاسی نەبێت. لای خۆمەوه پێم وایه بەم زووانه ئاقارێکی عەقڵانیی رۆشنگەر له سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا سەر هەڵدەدات و له سەرەتاشدا وەک پەرچەکردارێک دەبێت دژ بەو رەوته فێندەمینتالیزمه تاریکخوازەی بەدرێژاییی چارەکه سەدەیەک بەرۆکی گرتبووین.. هەر واش بووه دوای هەموو تاریکییەک روناکی دێت، بەڵام مەسەلەکه هەر وا ئاسان نییه و لەماوەی شەو و رۆژێکدا سەر ناگرێت.

ئەزموونی رۆشنگەریی ئەوروپایی بۆمانی سەلماند شەڕکردن لەگەڵ خودی خۆتدا قورسترین و تاقەتپڕووکێنترین جۆری شەڕه.. وا سەرەتای شەڕی خودی عەرەبی ئیسلامی لەگەڵ خۆیدا دەستی پێ کرد یان خەریکه دەست پێ دەکات که بێگومان گرینگترین شەڕی سەدەی بیست و یەکەم دەبێت. ئیتر له دوای ئەمەوه ڕابوونی ڕاستەقینه روو دەدات که ڕابوونی عەرەبیی ئیسلامییه و ئەم پرۆسەیەش بەهەڵهاتنی ئەو خۆرەتاوه دەچێت، خۆرەتاوێک که له دێرزەمانەوه چاوەڕوانیین.

## جیل کیبل و فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی

جارێکی تر "جیل کیبل" ئەوە دەسەلمێنێ کە یەکێکە لە پسپۆڕە گرینگەکانی بواری بزاوتە ئسوولییە ڕادیکالییەکان، نەک هەر لەسەر ئاستی فرەنسا، بگرە لەسەر ئاستی جیهانیش. دوای کتێبە قەوارە گەورەکەی لەبارەی (جیهاد)ەوە کە تێیدا باسی لە هەڵکشان و تەشەنەسەندن و پاشان داکشان و گلۆر بوونەوەی بزاوتە ئسوولییەکانی کردبوو، ئێستا بە کتێبێکی نوێوە* دێتەوە مەیدان. ئەم کتێبە تەواوکەری کتێبی پێشوویەتی، بەڵام لەمەیاندا پڕکێشیی زیاتر دەکات، بە تایبەت کاتێک ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوە تازانە لە بەرچاو دەگرێت کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ ڕوویان داوە. شایەنی باسە ساڵی ٢٠٠٠ بەرواری دەرچوونی کتێبی (جیهاد)ە. ئەڵبەتە گرینگترین ڕووداوێکیش دوای ئەو مێژووە، ١١ی سێپتەمبەرە. بەڵام دەتوانین ١١ی ئاداری مەدریدیشی سەربار بخەین، چونکە لەو ڕۆژەدا فێندەمێنتالیستەکان تاوانێکی قێزەونیان لەژێر ناوی (پەلاماری ئەندەلوس)دا ئەنجام دا!

لەم کتێبەیدا "کیبل" هەوڵی ئەوە دەدات هۆکاری ئەو ڕووداوە لە هەموو لایەکییەوە تاوتوێ بکات و خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ ئەو مەسەلەیە بکات. لەم پێناوەشدا لەو هۆکارە ناوەخۆیی و دەرەکیانە دەپێچێتەوە کە بووە مایەی ئەو هێرشە تیرۆریستییەی نەک بە تەنیا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بگرە هەموو جیهانی هەژاند. بۆ ئەوەی بگاتە ئەمەش، "کیبل" لەو دۆخە ناهەموارە دەکۆڵێتەوە کە پاش شکستی ئۆسلۆ بەسەر کێشەی فەلەستین ئیسرائیلدا دێت. هاوکات لە هۆکاری هاتنە پێشی موحافیزکارە

* gilles kepel, fitna: Guerre au caurde lislam, paris, Gallimard, 2004.

نوێیەکانیش دەکۆڵێتەوە کە چۆن لە واشنتۆندا گەیشتنە لووتکەی دەسەلات و ئەمەش ناو دەنێت (شۆڕشی موحافیزکارە نوێیەکان). لە ڕاستیدا ئەوانە موحافیزکاران نین، لەبەرئەوەی موحافیزکار کەسێکە پارێزگاری لەو هەلومەرجە دەکات کە لە ئارادایە و هەرگیز ناخوازێت بیگۆڕێت، بەلام موحافیزکارە نوێیەکانی ئەمەریکا دەیانەوێت هەموو دنیا بگۆڕن، بە تایبەت ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست. کەواتە چۆن دەتوانین ناوی موحافیزکارانیان لێ بنێین؟

هەرچۆنێک بێت ئەم ناوە بەوانەوە لکا و ئێستا بەسەر زمانی هەمووانەوەیە و ناشکرێت بگۆڕدرێت. بێگومان بەرپرسیارێتی موحافیزکارەکان بەتایبەتیش بەرپرسیارێتی "ڕیچارد بێل" لە ئاڵۆزبوونی زیاتری بارودۆخی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، شتێکە نکوولی لێ ناکرێت. بەشێکی زۆری ئەم کتێبەی "کیبل" تەرخانە بۆ باسوخواسی بزاوتە ئسوولییە ڕادیکاڵەکان، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بیری نەچووە باسی هەلومەرجی ئەمڕۆی عێراقیش بکات کە تەواوی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. چارەنووسی یەکلاییکردنەوەی کێشەی عێراق، ڕەنگە ناوچەکە و تەواوی جیهانیش بگۆڕێت، چونکە هێزە فاشستی و تاریکەکان لەوێدا لە شەڕێکی بێئاماندان لەگەڵ هێزە پێشکەوتووخواز و هیومانستییەکاندا. بەر لەوەی باس لە تێزە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە بەنرخە بکەم، ناونیشانی نەسکەکان بەرچاو دەخەم، بۆ ئەوەی خوێنەر زانیارییەکی لەبارەی قەوارەی گشتیی کتێبەکەوە هەبێت. دەسپێکی کتێبەکە دوای پێشەکی بەم ناونیشانەیە: (شکستی ڕێکەوتنامەی ئۆسلۆ).

دوای ئەوە شەش بەشی تر دێت لەگەڵ پاشەکییەکدا. ناونیشانی یەکەمین بەش ئەمەیە: (شۆڕشی موحافیزکارە نوێیەکان). تیایدا نووسەر کورتە باسێکی مێژوویی لەبارەی هەڵکشانی ئەم ئاقارە فیکرییە سیاسییەوە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پێشکێش دەکات، هەر لە شەستەکانی

سەدەی ڕابردووەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان. ئەم ئاقارەش دابڕانێکی گەورەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا دروست کرد، سیاسەتێک کە لەسەر کاری دیبلۆماتی شێلگیرانە و واقعبینیی "هنری کیسنجەر" و "جۆرج بۆش" و "کۆلن پاوڵ" دامەزرابوو، بەلام لەگەڵ هاتنی موحافیزکارە نوێیەکاندا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێ دەنێتە قۆناغێکی تازەوە، ئەویش قۆناغی گۆڕینی هاوسەنگی هێزە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بە زۆر و بە زەبری هێز وەک چۆن "ڕۆنالد ریگان" بە زەبری هێز ئیمپراتۆریەتی شەڕی لەناو برد. تا ئێستاش سەرکێشیی موحافیزکارە نوێیەکان لە عێراقدا بەردەوامە و درێژەی هەیە، سەرەڕای چاکە و خراپەکانی. ئەمانە پێیان وایە دەبێت هێزی لەبن نەهاتووی ئەمەریکا لە پێناو بلاوکردنەوەی دیموکراسیدا بە سەرتاسەری جیهاندا بە گەڕ بخرێت.

نەسکی دووەمی ئەم کتێبەش ئەم ناونیشانەی هەیە: (لێدانی دوژمنی دوور). ئەم دەستەواژەیە لە کتێبێکی کەسی دووەمی ناو قاعیدە و تیۆرسینی سەرەکیی بزاوتە ڕادیکاڵییە توندڕۆیەکان "ئەیمەن زەواهری"یەوە وەرگیراوە. لێرەدا "کیبڵ" شیکارییەکی وردی کتێبی (فرسان تحت رايه النبي) "ئەیمەن زەواهری" دەکات و تەنانەت تێزە سەرەکییەکەی خۆشی لەسەر دادەڕێژێت. پوختەی تێزەکەشی بەم جۆرەیە: فێندەمێنتالیستە خوێن ڕێژەکان دوای ئەوەی لە گۆڕینی بارودۆخی ناو وڵاتانی عەرەبی نائومێد بوون و نەیانتوانی دوژمنی نزیک – واتە ڕێژیمە حوکمڕانەکان ڕامالن، بڕیاریان دا دەست لە دوژمنی دوور واتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوەشێنن، چونکە ئەمانە ئەمەریکا بەوە تاوانبار دەکەن کە پشتیوانی لە دەسەلاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی دەکەن. ئەم بۆچوونە ئەگەرچی سەرلەبەر ڕەتی ناکەمەوە، بەلام دەبێت بڵێم کە زۆریش قەناعەتی پێ نەهێنام. بەلام من ئەو بۆچوونەی ترم بەلاوە چاکترە کە هەر لەم کتێبەدا هاتووە و دەڵێت: دوای ئەوەی موجاهیدە ئەفغانییەکان بەسەر لەشکری سووردا سەرکەوتن و وڵاتیان لێ پاک

کردنەوە، ئەمەش بووە هۆی هەرەسهێنانی یەکەتی سۆڤیەت، "بن لادن" و "زەواهری" و ئەوانەی وەک ئەوان وان، پێیان وابوو ئەوان ئیمپراتۆریای کۆمۆنستییان رووخاندووە، لەپای ئەمەشدا پێیان وابوو دەتوانن ئیمپراتۆریایەکی تریش برووخێنن کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، بەلام ئەمانە ئەوەیان لە بیر چوو کە ئەمەریکا یەکەتی سۆڤیەت نییە.

سەروەختێک ئسوولییەکانی قاعیدە دەستیان لێ وەشاند، ئەمەریکا لە دۆخی هەلکشان و ئەوپەڕی هێز و دەسەلاتدا بوو، لە کاتێکدا یەکەتی سۆڤیەت لە دۆخی لە بەریەک هەلوەشانەوە و گلۆربوونەوە و کوژانەوەدا بوو. بەلام ئەمانە لەبەرئەوەی ئەقلییەتیان ئەقلییەتێکی غەیبانی و یۆتۆبیستانەیە، بۆیە نەیانتوانی لە بزاوتی مێژوو تێبگەن و لە هاوکێشەی هێز لە جیهانیشدا حالی بن. پاشان پێیان وابوو بە هێزیی لێکدانەوەکەی کیبلیش لێرەدایە –، دەستوەشاندن لە ئەمەریکا لە گەرمەی راپەڕینی دووەمدا، وا دەکات جەماوەری جیهانی ئیسلامی و عەرەبی جۆش بدات و بکەونە شوێن ئەمانە. ئەم بیرکردنەوەیە تا رادەیەک بیرکردنەوەیەکی ئەقلانییە و لە سەرەتاشدا ئەوەی ویستیان بۆیان هاتە دی، بەلام زوو بە زوو ئەو شەڕەیان دۆڕاند، دوای ئەوەی جەماوەری عەرەبی و ئیسلامی لێیان تەکینەوە.

ڕێکخراوی قاعیدە دوای ئەو ڕووداوە فیتنە و ئاشووبێکیان لەناو جیهانی ئیسلامیدا دروست کرد و خەلک بوون بە دوو بەشەوە: ئەوانەی لایەنگر بوون لەگەل ئەوانەی دژیان بوون. لەناو ئەوانەی دژیان بوون کەسانی ئسوولیی میانڕەو یاخۆ ئەقلانییان تێدایە، وەکی "یوسف قەرزاوی" و کەسانی تریش. "قەرزاوی" و زۆربەی فەقیهە گەورەکان، بە ئاشکرا سەرکۆنەی پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەریان کرد. ئەگەرچی "بن لادن" و گرووپەکەی ئەمانە تاوانبار دەکەن بەوەی لە خزمەتی دەسەلاتدان و لە ڕێژیمە حوکمڕانەکانەوە نزیکن، بەلام جەماوەری ئەمان هیچی لە جەماوەری قاعیدە کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت. بەهەرحال "بن لادن" توانی فیتنەیەک لەناو جیهانی ئیسلامیدا

بنێتەوە کە تا ئێستاش بە دەستیەوە گیرۆدەین و قوتارمان نەبووە لێی. نەسکی سێیەمی کتێبەکە باس لە چۆنیەتی ڕاوەدوونانی قاعیدە دەکات لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە، ئەگەرچی تا ئێستا نەیانتوانیوە بە یەکجارەکی لەناویان بەرن. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە دوای دوو ساڵ و نیو لە پەلاماردانەکانی ١١ی سێپتەمبەر، خۆیان ڕێکخستەوە و تەقینەوەکانی ناو مەدریدیان ئەنجام دا. ئەمەش گەورەترین پەلاماری تیرۆریستییە کە تا ئێستا لە ئەوروپادا ڕووی دابێت، لەبەرئەوەی قوربانییەکانی نزیکەی دووسەد کەسێک دەبوون، لەگەڵ هەزاران بریندار و کەم ئەندام.

نەسکی پێنجەم تەرخانە بۆ بارودۆخی عێراق و نەسکی شەشەمیش کە دوا بەشی کتێبەکەیە باس لە (شەڕی ئەوروپا) دەکات، واتە باس لەو شەڕە دەکات کە ئێستا لە نێوان دوو ئاقار لە ئیسلامی ئەوروپاییدا لە ئارادایە: ئاقارێکیان لەگەڵ کرانەوە و مۆدێرنەدان و ئاقارەکەی تریشیان دۆگما و داخراون. دواجار پاشەکی کتێبەکە بەم سەرباسە دێتە کۆتایی: (لەودیوی جیهاد و ئاشووبەوە). من هەست بە ڕووگیری دەکەم کاتێک نەسک بە نەسکی ئەم کتێبە هەڵدەدەمەوە، بەبێ ئەوەی بتوانم بچمە ناو لێکدانەوە قووڵ و چڕ و پڕەکانی "جیڵ کیبڵ"ەوە، ئەویش بەهۆی کەم دەرفەتییەوە. من پێموایە هەر بەشێکی ئەم کتێبە پێویستی بە ڕەشکردنەوەی چەندین لاپەڕە هەیە، بۆ ئەوەی تێزەکەی شرۆڤە بکەین و ڕەخنەی لێ بگرین. ئەگەر ئەمە بۆ بەشێکی بێت، دەبێت بۆ تەواوی کتێبەکە بڵێین چی؟ بەڵام هیوادارم زوو بە زوو وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی و ئەو کات خوێنەرانی ئێمە دەتوانن بە چاکی سوود لە تێزە و بۆچوونە مەعریفییەکانی ببینن.

من هاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەی نووسەردا کە دەڵێت: (ئەو شەڕەی ئێستا لە ئەوروپادا هەیە، شەڕێکە لە نێوان ئیسلامی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە لەگەڵ ئیسلامی تاریکی و پەرگیریدا. ئەم شەڕەش کاریگەریی گەورەی لەسەر وڵاتانی ئیسلامی دەبێت و هەر بە تەنیا کاریگەری لەسەر ڕەوەندی ئیسلامی

له ئەوروپا جێ ناهێڵێت. ئەو هەرایەی بەم دواییەیانە لەسەر مەسەلەی حیجاب لە فرەنسا ڕووی دا، دواتر بەرەنجامی پۆزەتیڤانەی دەبێت. پێویستە ئەوە بزانین کە سەربەخۆییی فیکری وەختێک دێتە دی کە مشتومڕی گەرم و بێ ئامان ڕوو بدات، ئەم پرۆسەیەش بێتە مایەی ڕوونکردنەوەی ئەسڵی کێشەکان بە شێوەیەکی چاکتر و ڕەوانتر).

لێرەدا دەبێت بڵێین، پێویستە "جیڵ کیبڵ" ڕۆڵی ئاقاری ڕۆشنگەری و مۆدێرنە لە ناو وڵاتانی ئیسلامیدا لە بەرچاو بگرێت و فەرامۆشیان نەکات، چونکە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئەوانەش هەن، ئەگەرچی دەنگیان وەک دەنگی فێندەمێنتالیستەکان بەرز نییە و هەموو کەس گوێبیستیان نابێت. کەواتە دەبێت کۆک بین لەسەر ئەوەی کە ڕۆشنگەری لە ناوەخۆ و دەرەوە دێت، نەک تەنیا لە دەرەوە بێت. بەڵام ئەوە ڕاستە کە ڕۆشنگەرانی ئێمە لە دەرەوە، پەراوێزێکی گەورەتر و بەرفراوانتریان هەیە بۆ جموجۆڵ و چالاکی لەچاو ڕۆشنگەرانی ناوەوەدا. چونکە ئەوانەی دەرەوە لە وڵاتانێکی دیموکراسیی ئازاددا دەژین کە پارێزگاری ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین و رەخنە دەکەن، ئەمەش بە پێچەوانەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیەوەیە. کەواتە دوور نییە رزگاربوون لەسەر دەستی ڕۆشنگەرانی دەرەوەوە بێت، واتە لەوانەوە بێت کە نیشتەجێی پاریس و بەرلین و لەندەن و مەدرید و برۆکسل و ئەمستردام و جنێف و تەنانەت نیویۆرک و... هتد. لە ئێستادا دیاسپۆرای ئیسلامی بە تەواوی جیهاندا بڵاو بووەتەوە و ژمارەی ئەندامانیان تەنیا لە ئەوروپای خۆرئاوادا بە ملیۆنان کەس ئەژمار دەکرێت. ئەرکی گەیاندنی ڕۆشنگەری بە ملیارێک کەس لە ئەستۆی ئەوانەدایە، ئەویش بەهۆی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان لەگەڵ شارستانییەتی مۆدێرندا. بەڵام ترسناکتر و سەیرترین شت ئەوەیە لەناو جەرگەی کۆمەڵە پۆست مۆدێرنەکاندا، کەسانی فێندەمێنتالیستی پەڕگیر دەبینیت کە بە ئارەزووی خۆیان دێن و دەچن و بێ باکن لە هەموو شتێ! بەڵێ من لەسەر هێڵە گشتییەکانی تێزەو

نووسینەکانی ئەم کتێبە، لەگەڵ "جیل کیبل"دا کۆک و هاوڕام و منیش وەکی ئەو ئومێدەوارم جیهانی ئیسلامی، لە دەست ڕژێمە ستەمکارەکان و ئۆپۆزسیۆنە ئسوولییە توندڕۆیەکان قوتاری بێت، چونکە چارەسەر نە بەویان دەکرێت و نە بەمیان. ئەوەی چارەسەری پێ دەکرێت لە جێیەکی ترە. ئەم هێزەی ئێمە لە سۆراخیداین، تەنیا لە ڕێگەی ململانێ و مەرگەساتی تراجیدییەوە دروست دەبێت و دێتە بوون.

حەزم دەکرد "کیبل" لەم کتێبەیدا بەراوردکارییەکی بکردایە لە نێوان فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیی شەڕانگێز، لەگەڵ ئەو فێندەمێنتالیزمە مەسیحییەی کە تا سەدەی نۆزدەم لە ئەوروپادا هەبوو، ئەویش وەکی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی شەڕانگێز و پەڕگیر بوو. گەر بهاتبایە و ئەوەی بکردایە، ئەوا ناوی کتێبەکەی دەگۆڕی و لە بری (شەڕ و ئاشووب لە ناوجەرگەی ئیسلام)دا دەبوو بڵێت: (قەیرانی هۆشیاری ئیسلامی لەگەڵ خۆیدا و لەگەڵ مۆدێرنەی جیهانی لەیەک کاتدا). پێویستە ئێمە کێشەی فێندەمێنتالیزم لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەر بکەین، لەبەرئەوەی خواستی وایە لەناو قەفەزەکانی ڕابردوودا زیندانیمان بکات.. ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات قەیرانی موسڵمانانە لەگەڵ مۆدێرنەدا، وەکی ئەوەی ئەوروپا لە ماوەی نێوان سەدەی شازدە و نۆزدەدا پیا تێپەڕی. ئێمە ئێستا لە هەلومەرجێکی مێژوویی دژواردا دەژین و ناتوانین لە چاوترووکانێکدا خۆمان لە وتەزا مەزهەبییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست پاک بکەینەوە.. "جیل کیبل" خۆی باش دەزانێت سەرکەوتنی مۆدێرنە لە ئەوروپادا چەند قوربانی و چەند کاتی ویست و ئەم پرۆسە دژوارە چەندی خایاند؟ ڕەنگە ئەم قسانەی من هەندێ ناهەقی تێدا بێت دەرهەق بە "جیل کیبل"، لەبەرئەوەی ئەو بە فیعلی لە کۆتایی کتێبەکەیدا باسی لە ئاینزای کاتۆلیکی مەسیحی کردووە. بەڵام باسکردنێکی زۆر خێرا، سەرەڕای گرینگیشی. ئێمە لە ڕێی ئەم بەراوردکارییەوە دەتوانین بە چاکی لە دیاردەی فێندەمێنتالیزم لە ئیسلامدا

حاڵی ببین. بەڵام گەر بێت و هەر خۆمان بپەستێنینە ناو چوارچێوەی یەک کەلەپوور، ئەوا توانای ئەوەمان نابێت بە باشی لێی تێ بگەین.

دواجار حەزم دەکرد "کیبڵ" ئاماژەی بۆ ئەوە بکردایە کە پراکتیزەکردنی ڕەخنەی مێژوویی بەسەر تێکستە ئیسلامییەکاندا، لەلایەن چەند توێژەرێکی بوێری ئیسلامییەوە کە لە ئەوروپا نیشتەجێن کاری بۆ کراوە. ئەی نەمانوت ڕۆشنگەری لە ئەوروپاوە جیهانی ئیسلامی ڕووناک دەکاتەوە و لەوێوە خۆری ڕۆشنگەری لێ هەڵدێت؟ پاشان خۆ ئەوروپاش چۆن لەو قەیرانەی هۆشیاریی مەسیحی ڕزگاری بوو کە بە درێژایی سێ سەدە بڕستی لەبەر بڕی؟ بێگومان لە ڕێی پراکتیزەکردنی ڕەخنەی مێژوویی بەسەر تێکستە پیرۆزەکانیدا، ئەو تێکستە پیرۆزانەی لە پێناو پاساودانەوەی کوشت و بڕی مەزهەبی بێ ئاماندا بەکار دەهێنران، وەکی ئەوەی لە ئێستادا "بن لادن" و "زەواهیری" و "زەرقاوی" دەیکەن. ئەوانەی قەسابخانە بەناوبانگەکەی سانت بارتیلمیان لە فرەنسا دژ بە پرۆتستانتەکان لە سەدەی شازدەدا ئەنجام دا کێ بوون؟ ئەڵبەتە ئەو فێندەمێنتالیستە کاتۆلیکییانە بوون کە لە ڕووی دەمارگیری و دڕندەیی و داخرانەوە هیچیان لە "بن لادن" و گرووپەکەی کەمتر نەبووە.

من پێموایە ١١ی سێپتەمبەر هات بۆ ئەوەی، نهێنی مێژوو ئاشکرا بکات، ئەم نهێنییەش شتێک دەڵێت ناتوانم لێرەدا بیدرکێنم، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم ئەم ڕووداوە هەندێک لەو حەقیقەتە شاراوانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پتر لە هەزار ساڵە بێدەنگی لێ کراوە و داپۆشراوە. هۆشیاریی ئیسلامیش دەبێت توانای ئەوەی هەبێت شان بداتە بەر ئەم ئەرکە و ڕووبەڕووی ئەو کێشانە بێتەوە.

## خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

## لە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە بۆ ئیمپراتۆریای ئەمەریکایی

ئەم کتێبە (خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی لە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە بۆ ئیمپراتۆریای ئەمەریکایی)*، سێ کەس نووسیویانە. یەکەمیان رۆژنامەنووسی ناسراوی فرەنسایی "جان لاکۆتێر"ە کە یەکێکە لەوانەی شارەزاییەکی زۆریان لە کاروباری وڵاتانی عەرەبیدا هەیە. ئاشنایەتی "لاکۆتێر" لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، چونکە لەو قۆناغەدا لەگەڵ هاوسەرەکەی لە میسردا ژیاوە و دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ "جەمال عەبدولناسر"دا هەبووەو ئاگاداری هەواڵ و رووداوەکانی شۆڕشی یۆلیۆ بووە. لە ماوەی ئەم نیو سەدەیەدا، زیاد لە کتێبێکی لەبارەی "عەبدولناسر"و کۆمەڵگەی میسری و "حەبیب بۆرقێبە"ی سەرۆکی توونس و کاروباری خۆرئاوای عەرەبی نووسیوە.

دووەمیان، رۆژنامەنووسی لبنانی "غەسان توینی"یە کە یەکێکە لە بەناوبانگترین رۆژنامەنووسانی عەرەب. ئەم پیاوە بەپلەی یەکەم کەسایەتییەکی سیاسییە و دامەزرێنەری دەزگەی بە ناوبانگی (النهار)ە لە بەیروت. سێیەمیشیان، "جیرار خوری "یەو رەنگە لە چاو ئەو دووانەی تردا کەمتر نێوبانگ و شۆرەتی هەبێت، بەڵام لە رووی مەعریفەی زانستی و پسپۆڕی لە کاروباری لبنان و خۆرهەڵاتی ناوەڕستدا هیچی لەوان کەمتر

* jean lacouture, ghassan tueni, Gerard d. khoury , umsiecle pour rien: le moy-en- orient arabe del,empire ottoman alempire americain, paris, albino michel, 2005.

نییە. "جیرار خوری " قوتابی قوتابخانەی مێژووناسی فرەنساییە کە بە قوتابخانەی (بڵاوکراوەی ساڵانە) بە ناوبانگە، "خوری " دەروێشی یەکێک لە سیمبوولە مەزنەکانی ئەو قوتابخانەیە کە "جۆرج دوبی "یە. ساڵی ١٩٩٣ کتێبێکی بە ناونیشانی فرەنسا و خۆرهەڵاتی عەرەبییەوە بە چاپ گەیاند، ساڵی ١٩٩٨ کتێبێکی تری بڵاو کردەوە کە گفتوگۆیەکی دوور و درێژە لەگەڵ خۆرهەڵاتناسی ناسراو "مەکسیم رۆدنسۆن" بەناوی (لە نێوان ئیسلام و خۆرئاوا)دا.

پرسیاری سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە: (بۆچی پرۆژەی ڕێنیسانسی ئیسلامی - کە لە سەرەتایدا واتە نیوەی یەکەمی سەدەی ئومێدێکی زۆری لێ دەکرا-، شکستی هێناو سەرکەوتوو نەبوو؟ چی وای کرد تا ئەو پرۆژەیە لەبار بچێت و وڵاتانی عەرەبیش بگەنە ئەو دۆخە پڕ قەیرانە و ناهەموارەی ئەمڕۆ؟ بۆچی پرۆژەیەکی رابوونخوازی وا گەورە، بە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری و سەدام حسێن کۆتایی هات؟ بۆچی وڵاتێکی وەک تورکیا پرۆژە رابوونخوازییەکەی تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنی بە دەست هێنا؟ تەنانەت ئێرانیش، ئەگەرچی هێشتا لەوێش ململانێی نێوان فێندەمێنتالیست و ریفۆرمخوازەکان یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام عەرەب شکستیان هێنا و سەرکەوتوو نەبوون؟). ئەمە هەندێک لەو پرسیارانەیە کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدایە، بەڵام ئاخۆ وەڵامی پێویستیان دراوەتەوە و بەوردی پەنجە خراوەتە سەر کێشەکان؟ دەتوانین لە کۆتایی ئەم خستنەڕووەدا، ئەوە ببینین کە کتێبەکە توانیویەتی ئەوە بکات یان نا.

لە دەسپێکی کتێبەکەدا "غەسان توینی " دەیەوێت پرۆژەی ڕێنیسانسی عەرەبی بخاتەوە ناو سیاقە مێژوویییەکەی خۆیەوە، ئەمەش وەکی وەڵامدانەوەیەک بۆ پرسیارەکەی "جان لاکۆتێر". ئەم کتێبە لە سەرەتایەوە تا کۆتایی بریتییە لە دیالۆگی نێوان سێ کەس، ئەگەرچی "غەسان توینی " زیاد لەوانی تر وەڵام دەداتەوە و بەشداری قسە و باسەکان دەکات. خاوەنی

خانەی (النهار) و یەکێک لە گەورە چاودێرانی کایەی سیاسی و ئایدیۆلۆجی عەرەبی بۆ ماوەی زیاد لە نیو سەدە، دەڵێت: (بە بۆچوونی من مێژووی تازەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ محەمەد عەلی پاشادا دەست پێ دەکات کە توانی کەڵک لە کاریگەریی لەشکرکێشییەکەی ناپلیۆن پۆناپارت بۆ سەر میسر وەرگرێت. کەواتە مێژووی تازەی ناوچەکە وەکی زۆرجار باس دەکرێت، لەگەڵ هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨ دەست پێ ناکات. ئیمپراتۆریای عوسمانی بەر لە دەرکەوتنی محەمەد عەلی و دەسکەوتەکانی و کرانەوەی بەسەر جیهانی مۆدێرندا، جیهانێکی داخراو بوو بەسەر خۆیدا و لە کاریگەرییەکانی خۆرئاوا و دەسکەوتەکانی تەرێزی دەکرد). هەروەها "توینی " پێی وایە: (گەورەترین ڕووداوێک کە بووە مایەی شلۆقکردنی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەرکەوتنی محەمەد عەلی و برایم پاشای کوڕی بوو، لەگەڵ فەتحکردنی سووریا و پاشانیش بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ فرەنسادا. دوای ئەمانە بەریتانیا هاتە ریزەوە بۆ کێبڕکێکردن لەگەڵ فرەنسا و قوتارکردنی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە قەیرانەکانی . دواجاریش هاوپەیمانێتییەک لە نێوان پێنج زلهێزەکەدا دروست بوو: کە ئەوانیش فرەنسا و ئینگلتەرا و رووسیا و نەمسا و ئەڵمانیا بوون. دواتر لە ساڵی ١٨٦٤دا ئیتاڵیاش هاتە ناو هاوپەیمانێتییەکەوە).

لە قسەکانی "غەسان توینی "یەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خۆرهەڵات لە سایەی ئیمپراتۆریایەکی نەخۆش و داهێزراودا، لە خەونێکی غەفڵەتزەدەیی قووڵدا بووە و تەنیا لەژێر کاریگەریی شۆکی دەرەکیشدا، واتە لەژێر کاریگەریی شۆکی وڵاتانی ئەوروپادا بە ئاگا هاتووەوە، چونکە ئەو وڵاتانە لەو سەروەختەدا لەوپەڕی شکۆمەندی و توانا و لێهاتوویی‌دا بوون. ئەو هێزە زەبەلاحە بوو کە خۆرهەڵاتی کۆنی لە خەونی چەندین ساڵەی بە خەبەر هێنا. خۆرهەڵات لە سایەی ئیمپراتۆریایەکدا بوو کە بەدرێژاییی مێژووی چوار سەدە لە حوکمڕانی، هیچ دەسکەوتێکی زانستی یان فەلسەفی پێشکێش بە

مرۆڤايەتی نەكرد! لەلايەكی ترەوە "غەسان توينی " دەڵێت: (ئێمە بۆ ئەوەی لە هۆكار و بنج و بناوانی ڕێنيسانسی عەرەبی تێ بگەين، ئەوا پێويستە ئەم شتانە بەهێند وەربگرين: تازەكردنەوەی زمانی عەرەبی، وەرگێڕان لە زمانی فرەنسايی و ئينگليزييەوە، هێنانی يەكەم چاپخانە، لەگەڵ چاپكردنی كتێب و بڵاوكراوە. ئەم بزاوتە ڕۆشنبيرييەش بە درێژايی سەدەی نۆزدەم، تا دەهات تەشەنەی دەسەند و لە زيادبووندا بوو).

"جيرار خوری" بۆ تەئكيدكردنەوە لەو قسانەی "غەسان توينی" دەڵێت: (بۆ زياتر تێگەيشتن لە ڕێنيسانسی عەرەبی، پێويستە ئەو ڕۆڵە گرينگە لە بەرچاو بگرين كە فرەنساييەكان لە ميسردا گێڕايان. بير و باوەڕی شۆڕشگێڕانە و يەكسانی و تێكڕای ئەو دروشمانەی تری شۆڕشی فرەنسايی، بێگومان كاريگەريی خۆيان لەسەر محەمەد عەلی و برايم پاشای كوڕی بەجێ هێشت. وەكی ئاشكراشە هەندێك لە نوێنەرانی فەلسەفەی پۆزەتڤستی لەسەر ڕێبازەكەی سان سيمۆن، ڕوويان كردە ميسر و ماوەيەك لەوێدا ژيانيان بەسەر برد. هاتنی ئەمانەش بووە مايەی برەوسەندنی بيركردنەوە و تەشەنەسەندنی هۆشياری لەناو ميسر و تێكڕای ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانيدا. بەم جۆرەش بير و باوەڕی نەتەوايەتی و پێشكەوتن لە ناوچەكەدا بڵاوبوونەوە).

بەڵام وەكی "غەسان توينی" دەڵێت: (ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەيە عەرەب بۆ يەكەمين جار بە ڕووی ئەو زانستە نوێيەدا كرانەوە كە لە ئەورووپاوە هاتبوو، هەروەها كەوتنە بايەخدان بە دۆزينەوە و داهێنانە نوێيەكان. لەگەڵ ئەمانەشدا چەند كۆوارێك پەيدابوون كە بۆ يەكەمجار لە زمانی عەرەبيدا، پوختەی تيۆريا زانستييەكانی لە بورای فيزيا و كيميا و بايۆلۆجيادا بڵاو كردەوە. ئەم كۆوارانە بە شێوەيەك باسيان لە چۆنيەتی دۆزينەوەی كارەبا دەكرد، وەكی ئەوەی باس لە دروستبوونی جيهانێكی تەواو نوێ بكەن). (بێگومان غەسان توينی لێرەدا باس لە كۆواری – المقتطفی يەعقووب

صـەرووف و چەند کـۆوارێکی تر دەکـات، بەڵام بەبـێ ئەوەی ناویان بێنێت).
لەلایەکی ترەوە "غـەسـان توینی" دەڵێت: (بزاوتە ئەدەبـیـیـەکـانی سـووریا و لبنان و مـیـسـر و وڵاتانی تری خـۆرهـەڵاتی عـەرەبی، مـەرجـەعـیـان ئەو بیـر و بۆچوونـانە بوو کـە لە شـۆڕشی فـرەنسـاییـیـەوە سـەرچاوەیان دەگـرت. لەم سـەروبەندەدا نووسـەران و شـاعـیـران شـیـعـر و نووسـیـنیـان بۆ رووخـانی باسـتـیل دەنووسـی، وەکی سـومـبـولێک بـۆ ئازادی و سـەرفـرازی گـەلان).
"جـیـرار خـوری "یش لای خـۆیەوە قـسـەکـانی "توینی" دووپات دەکـاتەوە و پێیـوایە ناوچەی خـۆرهـەڵاتی ناوەڕاست، ئاقـارێکی ئەقـڵانی بـەخـۆیەوە بینی کـە بـەرهـەمی فـەلسـەفـەی رۆشنگەری بوو. ئەم ئـاقـارە لە ئـیـمـپـراتۆریای عـوسمـانی و وڵاتانی مـیـسـر و لبناندا بڵاو بووەوە. دەتوانین ئەم حـاڵەتەش بە (بزاوتی ئەقڵ ) ناودێر بکەین، بزاوتێک کە لە دژی شـوناسـی تەقلیـدیی کـۆن بوو، شوناسێک کە تەنیا لەسەر ئینتیمای ئاینی و مەزهەبی دامەزرابوو.

لێـرەدا "جـان لاکـوتێـر" ئەم پرسـیـارە دەورووژێنێت: (بەڵام بـەجـۆرێک لە جۆرەکـان ئەو رابوونە شکستی هێنا؟). "غـەسان توینی"یش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: (ئـەو بزاوتـە بۆیـە شـکـسـتـی هـێـنا، چونکە سـەرەنجـام دەبوو بگەشـتـایەتە ریـفـۆرمـێکی ئاینیی راسـتـەقـینە، بەڵام ئەم ریفـۆرمـە نـەکرا و جەوهـەری کێشـەکـەش لێرەدا)یە. لەبارەی ئەو قسـانەی "توینی"یەوە دەتوانین بڵێین: (بەم جۆرە سـەرلەنوێ گەڕاینەوە سەر خاڵی سفر و دوای تێپەڕبوونی سەد و پەنجا سـاڵ، تا ئێستاش هـەر لە شوێنی خۆماندا دێین و دەچین!. وا گـەڕاینەوە سـەر ئەو پرسـیـارە سەرەکییـەی هـەوڵمـان دا خـۆمـانی لـێ نەدەین یاخـۆ لە کاتی خـۆیدا نەمـانـتوانی ڕووبەڕووی ببینەوە. من کە ئەمـــە دەڵێم، لە هـەمـان کـاتیـشـدا داوای لێبووردن لە تەواوی رابوونخـوازەکـانمان دەکەم. هـەر لە رەفـاعـە رافع تەهـتـاوییـەوە بـۆ خـەیرەدین توونـسـی و جـەمـالـەدینی ئەفغـانی و محـەمـەد عەبدەو عەلی عـەبدولرازق و تەها حسـێن و... هتد، بەڵام ئەمـانە نەیانتوانی کێشـەکە چارەسـەر بکەن. ئـەمانە هـەریەکە و بە شێوازی

تایبـەتیی خـۆی هـەرچی لە توانایاندا بووە کـردوویانە، کـەچی ئـــــەم هەوڵانەیان هەمووی بەهەدەر چوو. وا ئێمە سەرلەنوێ دەست بەو پرۆسەیەی ئـــــەوان دەکـەینەوە، بـەڵام تۆ بڵـێی ڕۆژێک سـەرکـەوتن بەدەست بێنین؟ بێگومـــان دەتوانین، بـەڵام ڕەنگە دوای مـــاوەیەکی دوور و درێــــــژ. ئەم پرۆسەیە قورس و گرانە و بزاوتە ئـسووڵییـەکانیش داخراون و تـاهەنووکەش کێش و قورساییەکی سۆسیۆلۆجی گەورە و گرانیان هەیە و جەماوەرێکی بەدبەخت و چارەڕەشی زۆریش، لایەنگرییان دەکەن و لەگەڵیاندان).

کـەواتە شکسـتی ڕۆشنگەری یاخـۆ ڕێنیـسـانسـی عـەرەبی، هۆکـاری سـۆسـیـۆلۆجی (واتە هۆکـاری کۆمـەڵایەتی و ئـابووری)ی خـۆی هـەیە. ئێـمـە نابێت هەر تەنیا لەسەر ئاستی فیکری یان تیۆری ئەو کێشەیە باس بکەین وەک هەندێ دەیکەن، چونکە جیهان هەر بە تەنیا ئایدیا و تیۆرە ئاڕاستەی ناکات، بگرە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئـابووریش ئەم ڕۆڵە دەگێڕن و ئەمـەش لە سـاتەوەخـتی "کـارل مـارکس"ەوە شـتـێکی ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام لێرەدا پێوستە دان بەوەدا بێنین کە دووەم هۆکاری شکست هێنانی ڕێنیسـانسی عەرەبی (کە نووسـەرانی ئەم کتێبە و بەتایبەتیش غەسان توینی تەئکیدی لێ دەکەنەوە)، دروستبوونی قـەوارەی دەوڵەتی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا. لەمـەڕ دروسـتـبوونی ئەم قـەوارەیە لە نـاوچەی خۆرهـەڵاتی نـاوەڕاسـتـدا، بۆچوونی جیاواز لە نێوان عەرەب و ئـەوروپاییەکاندا هەیە. ئـەم جیـاوازییـەش "جـان لاکوتێر" بەم شـێوەیە تەعبیـری لێ دەکات: (لەنێـوان ئێمـەو ئێوەدا- واتە لەنێـوان ئەوروپاییـەکان و عـەرەبدا، جیـاوازییـەکی زۆر هەیە سـەبارەت بە پڕۆژەی دەوڵەتی ئیسـرائیل لە ناوچەکەدا. بۆ ئەوروپاییـەکان دوای شـەڕی دووەمی جیـهانی و هۆلۆکۆست، ئەو پڕۆژەیە کاری خێر و قـەرەبووکردنەوەی هۆلۆکۆست بوو، بەڵام بۆ عەرەب خراپەکاری و پێشێلکردنی ڕێز و حورمەتی نیـشـتـیمـانێکی پیـرۆز بوو. هەروەها لەو کـاتەدا تەواوی ئەوروپا، هـاوسـۆز بوون لەگەڵ گەڕانەوی جوولەکە بۆ فەلەستین). لە ئێسـتـادا کە ئیسـرائیل

بووەتە ئەمری واقیع لە ناوچەی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبێت لەبری شەڕ و پێکدادان ئاشتی بەرقەرا بێت، ئەمەش بەو هێزە ئەقڵانییانە دەکرێت کە لەناو ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیدا هەن. لەم پرۆسەیەشدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت و ئاشتی بەسەر هەردوولادا فەرز بکات. تەواوی ئەو بیریارانەی نییەتی خێریان هەیە، لە ئەورووپا و ئەمەریکا و وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت لەناو ئیسرائیلیشدان، خەون بەوەوە دەبینین کە دواجار دەنگی ئەقڵ زاڵ بێت، بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرا بێت و گەلانی ناوچەکەش بپرژێتە سەر شەڕی گەشەپێدان و پێشکەوتن و بیناکردنی شارستانییەت.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا، بەشێک بۆ پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر و هۆکارەکانی و بەرپرسیارێتی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا تەرخان کراوە. لەم بەشەدا لێکدانەوە و شیکاریی گونجاوی لەسەر ئەو ڕووداوە تێدایە و هەر لەوێشدا "جان لاکوتێر" پرسیارێک دەورووژێنێت و دەڵێت: (ئاخۆ بەڕاستی بن لادن نوێنەرایەتی ئیسلام دەکات و دەتوانین بڵێین ئەو میراتگری مێژووی سێ چارەکە سەدەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامییە، ئەو فێندەمێنتالیزمەی پرۆژەکەی جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدەی بۆ نوێکردنەوە و مۆدێرنیزەکردنی ئیسلامی لەبار برد؟). "غەسان توینی " وەڵام دەداتەوە و لە وەڵامدانەوەکەشیدا سەرنجمان بۆ لای ئەو ناکۆکییە زەقە ڕادەکێشێت کە لەناو بزاوتە ئسووڵییە ئیسلامییەکاندا هەیە. بۆ نموونە "بن لادن" و گرووپەکەی لەلایەک نوێترین تەکنۆلۆجیای سەردەمییان لە بەردەستدایە، بەڵام لەلایەکی ترەوە خاوەنی دواکەوتووترین ئایدیۆلۆجیا و دۆگماترین ئەقڵیەتن. بێگومان ئەمەش بۆ خۆی مایەی سەرسوڕمانە، لانی کەم بۆ یەکەم جار و لە سەرەتادا. بەڵام گەورەبیریاران هەر زوو درکیان بەم حاڵەتە کرد، کاتێک ئاشکرایان کرد کە فێندەمێنتالیستەکان کۆلێجە زانستی و تەکنۆلۆجی و پزیشکییەکانیان لەناو

زانکۆکـانی وڵاتانی عـەرەبیـدا پڕ کـردووە، ئەمـە لە کـاتێکدا ژمـارەیان لە کۆلێجەکانی ئاداب و فەلسەفە و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کەمترە. لە پای ئەم حاڵەتەشدا ئەو بیریارانە دەیانپرسی: (چۆن دەبێت کەسێک تیۆریاکانی زانست و فیزیای خوێندبێت، کەچی فێندەمێنتالیستێکی دەمارگیر بێت؟ یان بۆچی دەمـــارگـــیـــرە توندڕۆیەکـــان ســـەودا لەگـــەڵ تەواوی داهێنانە تەکنۆلۆجییەکاندا دەکەن کە خۆرئاوا دەیاندۆزێتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی فیکری و ئینسانی و ژیاری، فەلسەفە و پێشکەوتنی خۆرئاوا رەت دەکەنەوە؟ بەمانایەکی تر ئاخۆ ئەمە جۆرێک لە شیزۆفرینیا نییە کە ئسووڵییەکان تووشی هاتوون، لەبەرئەوەی یەک ڕووی شارستانییەتی مۆدێرنیان پێ پەسندە و ڕووەکەی تری سەرلەبەر رەت دەکەنەوە؟).

وەڵامی گەورە بیریاران و لە ناویشیاندا "محەمەد ئەرکۆن" ئەوەیە کە ئەم ناکۆکییەی تووشی شۆکمان دەکات، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا، لەمەڕ دیاردەی ئاینی، فکرێکی رەخنەیی لە ئارادا نییە. ئەم حاڵەتەش لەو کاتەوە بەردەوامە کە فەلسەفە دووچاری شکست هات و فیکری تیۆلۆجی و غەیبانی جێگەیان گرتەوە. کەواتە نابێت سەرمان لە شتێک سڕبمێنێت کە پاساوی بابەتی لەسەر زەمینی واقیع هەبێت. رۆشنبیری ئێستای فرەنسایی یان ئەوروپایی، کێشەی توندڕۆیی و دەمارگیری ئاینی نییە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک بیریاری گەورە و مەزنی لە پشتەوە وەستاوە، نموونەکانیان وەک: (ئیراسموس و سپینۆزا و لایبنتز و مالبرانش و جان جاک رۆسۆ و ئیمانوێل کانت و هیگڵ و مارکس و....). بەڵام ئاخۆ رۆشنبیری عەرەبی چی لە پشتییەوە وەستاوە؟ بێگومان دەتوانین بڵێین هیچ شتێک.

بە درێژاییی ئەم کتێبە دەبینین "غەسان توینی " زیاد لە جارێک، دەست دەخاتە سەر برینەکان و دەیسەلمێنێت کە بیریارێکی رۆشنگەری گەورەی عەرەبە. زیاد لە شوێنێکیشدا هەوڵ دەدات هەلومەرجی فێندەمێنتالیزمی

مەسیحی لە خۆرئاوادا، بە بارودۆخی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لای خۆمان بەراورد بکات. جیاوازیش لە نێوان ئەم دووانەدا ئەوەیە کە رێنیسانس لای ئێمە نەیتوانی ولاتەکانمان لە سەردەمی فێندەمێنتالیزم دەرباز بکات، لە کاتێکدا رێنیسانسی ئەوروپایی ئەوەی کرد و سەرکەوتوو بوو. ئاینزای کاتۆلیکی لە سەردەمانی رابردوودا توندڕۆ و دەمارگیر بوو، تەنانەت دادگاکانی پشکنینیشی دادەنا و کۆی لەوەش دەکردەوە کە زەندیق و بێ باوەڕەکان لە ئاگردا بسووتێنێت!.. بەلام دواجار ملی دا بە بزاوتی زانست و سەردەمەکە و بەسەر دنیادا کرایەوە، هەروەها دەستی کرد بە تازەکردنەوەی بیروراکانی و کەوتە شەنوکەوکردنیان. بەم جۆرە ئاینزای کاتۆلیکی بوو بە ئاینزایەک بتوانێت لەگەڵ دنیای مۆدێرندا هەڵبکات، ئەم حاڵەتەش ولاتانی ئیسپانیا و پورتوگالیشی گرتەوە. ئەگەرچی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی تا کۆتاییی دەسەلاتی "فرانکۆ" و "سەلازار"یش، هاوپەیمانی ستەمکاران بوو. تەنانەت دادگاکانی پشکنینیش تا سەدەی نۆزدەم بەردەوام بوو، هەرچەندە لە زۆر زووەوە لە فرەنسادا نەمابوو. وەکی ئاشکراشە فرەنسا ولاتێکە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کاتۆلیک مەزهەبن.

ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت هەموو ولاتێک هەلومەرجی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە کە رەنگە پرۆسەی ئازادیی فیکری خێراتر بکات یاخۆ دوای بخات و رێگری لێی بکات. من لە تووڕەبوون و نەمانی ئۆقرەیی "غەسان توینی" تێ دەگەم کە دەڵێت: (هەنووکە موسڵمانان مەسیحییەکان ناکوژن، بەلام رووداوەکان پێمان دەڵێن: لە ئێستادا موسڵمانان یەکتری دەکوژن. تراجیدیای ئیسلامیش لێرەدایە). "توینی" لێرەدا باس لە تیرۆرکردنی رۆشنبیران و زانایان دەکات لە: (جەزائیر و میسر و ئێران و پاکستان و سوودان و... هتد). هەر لە درێژەی قسەکانیدا "توینی" دەڵێت: (پێویستە ئیسلامی ئەمڕۆ قەڵەمبازێک بدات و شەش سەدە ببڕێت، بۆ ئەوەی لە تاریکییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بێتە دەرێ و داخڵ بە رووناکییەکانی

سەردەمی مۆدێرن بێت. دەبێت ئیسلامی ئەمڕۆ لەو مشتومڕە نەزۆکەی نێوان سوننە و شیعە دەرچێت و داخڵ بە گفتوگۆ و مشتومڕێکی بە بڕشتتر بێت کە ئەویش ململانێ و مشتومڕی رابردوو و ئێستا، فێندەمێنتالیزم و مۆدێرنەیە. پێویستە سەرەنجام مەسەلەی عەلمانییەت بێتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی لە دەست ئەو زیندانە مەزهەبی و ئاینییە رزگارمان بێت کە بڕستی لە بەر برین و خوێنێکی زۆری پێ ڕشتین).

دوا شت کە دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە من لەگەڵ ناونیشانی کتێبەکەدا نیم و پەسندی ناکەم، چونکە سەدەی بیستەم سەدەیەکی بەتاڵ و پووچگەرانە بوو. پێویست بوو خۆمان تاقی بکەینەوە و رابین و بکەوین و هەوڵنووتێین و.... هتد. رێگەی ئازادی و سەرفرازی دوور و درێژە و ئەزموونی ئەوروپاش چاکترین بەڵگەیە. فرەنسا سەدەیەکیش دوای شۆڕشی ١٧٩٨، هەر بەدەست کێشەی فێندەمێنتالیزمی کاتۆلیکییەوە گرفتار بوو. چونکە کاتۆلیکە توندڕۆیەکان بە بەردەوامی هەر لە دژایەتیکردنی بەرەی عەلمانی و مۆدێرنەدا بوون، تا ئەوکاتەی دڵنیابوون ناتوانن لەسەر ئەو دژایەتیکردنە بەردەوامبن و تەسلیم بوون. بەم جۆرە و دوای ماوەیەکی زۆر لە بەربەرەکانێ و دژایەتیکردن، پرانسیپەکانی شۆڕش و جمهوریەتی فرەنسایان قبوڵ کرد. بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، فتوایەک لە پاپای رۆما وەرگیرا. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر لە گۆشە نیگای فەلسەفەی مێژووی هیگڵییەوە سەیری شکست و نسکۆ بکەین، ئەوا دەبینین ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەوگرانی هەیە. چونکە ئەگەر شکست نەبوایە سەرکەوتن نەدەبوو، ئەگەر هەڵە نەبوایە ئەوا ڕێگەی ڕاستمان نەدەدۆزییەوە.

نابێت ڕواڵەتی ئێستای جیهانی عەرەبی و ئیسلامی چەواشەمان بکات. چونکە لە پشت ئەو ڕواڵەتەوە شتی تر خۆی مەڵاس داوە کە رەنگە دواتر خۆیان بەیان بکەن. دوای ئەم تەوژمە ئسوولییەی لە سی ساڵی ڕابردوودا سەرقاڵی کردین، چاوەڕێ دەکەم بەم زووانە تەقینەوەیەکی تر ڕوو بدات و

تەوژمێکی نوێ بێتە ئارا، بەڵام پێویستە پێشوەخت خۆمانی بۆ ساز بدەین و ئامادەباشی بۆ بکەین. دەبێت لەکایەی ئیسلامیدا فیکرێکی نوێ لەبارەی کەلەپووری ئاینی بێتە ئاراوە، فیکرێکی رەخنەیی وا کە توانای بەگەڕخستنی رێنیسانسێکی نوێی هەبێت، رێنیسانسێک کە لە رووی گرینگییەوە هیچی لەوەی سەدەی نۆزدەم کەمتر نەبێت.

ئەمجارەیان ئەگەر رێنیسانسێک دروست بێت، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت و هەرگیز ناهێڵێن جارێکی تر شکست بێنێت!... مێژوو پرۆسەیەکی دیالەکتیکییە و پێویستی بە نێگەتڤ هەیە تا پۆزەتیڤ دروست بێت و دەبێت خراپ هەبێت بۆ ئەوەی چاک دروست بێت. مێژوو پێویستی بەوەیە خۆی لەو پەنگخواردنەوە مێژووییانە بەتاڵ بکاتەوە کە بە درێژاییی چەندان سەدە کەڵەکە بوون و کۆبوونەتەوە. ئەوەی ئێستاش لە جیهانی ئیسلامیدا روو دەدات ئەمەیە. کەواتە با چاوەڕوان بین تا قۆناغی تەقینەوە و خۆخاڵیکردنەوە و گڕکانە ترسناکەکان کۆتاییان دێت.

## داهاتووی ئیسلام لە فرەنسا و ئەورووپادا

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ژمارەی ئەو موسڵمانانەی ئێستا لە ئەوروپا دەژین، لانی کەم پانزە ملیۆن کەس دەبن. ئەمە گەر بێت و ئەو کۆچبەرە نایاساییانەشی سەربار بخەین کە بەشێوەیەکی ناشەرعی چوونەتە ئەو کیشوەرەوە و لای دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت ناونووس نەکراون. لە ئەوروپا گەورەترین رەوەندی ئیسلامی لە وڵاتانی فرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیادان، هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان بەسەر وڵاتانی بەلجیکا و هۆڵەندا و ئیسپانیا و ئیتاڵیا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا دابەش بوون. رەوەندی ئیسلامی لە فرەنسا، زیاتر خەڵکی باکوری ئەفریقا و ئەفریقایی ڕەش پێستی تێدایە.. بەڵام لە ئەڵمانیا، زۆرینە تورکن و لە بەریتانیاش هندی و پاکستانی زاڵن.

ئەو موسڵمانانەی ماوەیەکی زۆرە یان زۆر نییە لە ئەورووپادا دەژین، بێگومان دەکەونە ژێر کاریگەریی مۆدێرنە و کولتووری چواردەوریان، ئەمەش وا دەکات تێگەیشتنیان بۆ ئاین تازە بێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا بێت. شایەنی باسە ئەو رەوەندە ئیسلامییەی لە ئەورووپادا دەژی هەمووی دەستکورت و کرێکار نییە، چونکە زۆرێکیان توانیویانە سەرکەوتوو بن لە ژیاندا و بگەنە ئاستێکی بەرز. بۆ نموونە پزیشک و ئەندازیارو بزنس مان و رووناکبیر و ئەکادیمیست و رۆژنامەنووسیان تێدا هەڵکەوتووە، تەنانەت لە هەندێ وڵاتدا بوونەتە ئەندام پەرلەمان و وەزیریش.

هەندێ لە توێژەران پێیان وایە ئەم رەوەندە ئیسلامییە بە خێر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، وەک چۆن ئەوانیش دەتوانن خێر لە ئەوروپا ببینن و لە

دەسکەوتە گرینگەکانی بەهرەمەندبن. ئەمان دەتوانن خوێنی تازە بکەنەوە بە بەر ئەوروپای پیــردا، لە بـەرامــبــەریشــدا ئەوروپا فــیکری ئـەقــڵانی و مـەدەنیـیەتیان پێ دەبەخشـێت. هەڵسوکـەوتی ڕۆژانەی ئەم ڕەوەندە گەورەیە لەگـەڵ مـۆدێرنەی ئـەوروپاییـدا، وا دەکـات ئیـسـلام و مـۆدێرنە لەیـەک نزیک بکاتەوە و ڕۆڵی بەرچاویشی دەبێت، لە گواستنەوەی مـۆدێرنە بۆ ناو جیهانی ئیسـلامی. هاتنی مـۆدێرنـەش یارمـەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی مـوسـڵـمـانان لەو قـەیرانە کـوشـندەیە ڕزگـاریـان بێت کـە بەدەسـتـیـەوە دەناڵێنن. بەتایبـەت قـەیرانی تەشـەنەسـەندنی ئاقـارە ئسووڵییـە توندڕۆیەکان کە بەدرێژاییی ئەم سی ساڵەی ڕابردوو، بڕستیان لەبەر جیهانـی ئیسلامی بڕیوە. ئەم قسانەی ئێستا دەیکەم، لە پەڕاوێزی دەرچوونی کتێبێکدایە* کە بەم دواییيانە لەسەر ئەم مەسەلەیە لە پاریس چاپ کراوە.

ئەوانـەی بەشـدارییـان لـە نووسـینی ئـەم کـتـێـبـەدا کـردووە کـۆمـەڵێک لێکۆڵیـاری پسـپـۆڕن، لەوانـە: "جیل کیبل " مـامـۆسـتـای پەیمانگەی زانسـتـە سـیـاسـیـیـەکـان لە پاریس و خـاوەنی کـتـێـبگـەلێکی زۆرە لەبارەی بزاوتە ئسووڵییەکانەوە، یەکێک لەو کتێبانەی کتێبی (جیهاد)ە کە لەساڵی ٢٠٠٠دا چاپ کـرا. یەکـێکی تر لە بەشـداربووان "ئۆلیـڤێ ڕوا"یە. "ڕوا" بـەڕێوەبەری توێژینەوەیە لە سـەنتـەری نەتەوەیی فـرەنسـا بـۆ توێژینەوەی زانسـتی و پسـپـۆڕی ئەم لە بواری ئیسـلامـی سیاسـیدایە لە وڵاتانی ئەفـغـانسـتـان و پاکسـتـاندا. دواین دوو کـتـێبی "ڕوا" کە لە پاریس چاپ کراون بەم ناوانەن: (ئیسلام لە سەردەمی گلۆباڵدا، لەگەڵ وەهمەکانی ١١ی سێپتەمبەر).

سـێـیـەم بەشـداربووی ئـەم کـتـێـبـە "عـەبدولڕەحـیم لەمـشـیـشی"یە کـە مـامـۆسـتـای زانسـتـە سـیاسـیـیەکـانە لە زانکۆی بیکاردی لە باکوری شـاری پاریس. "لەمـشیـشی " بە ڕەگەز مـەراکیشـییە و پسـپـۆڕە لە بواری کێشـە و

* Michel Wieviorka (Sousla Directionde), L,Avenir de L,islam enfranceeten Europe, Paris, Balland, 2003.

گرفتـەکانی ئیسـلامی هاوچەرخدا و خاوەنی چەندین کتێبە. لەوانە: (بۆ ئەوەی لە ئیسـلامی سـیاسی تێبگەین- ٢٠٠١)، (جـوگرافیـای سیـاسـی بزاوتە ئسـوولّیـیـەکـان- ٢٠٠١)، (ئیـسـلام- خـۆرئاوا، ئـیـسـلام- ئەوروپا: پێکدادانی شارستانییەتەکان یان پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی کولتوورەکان- ٢٠٠٠). هـەروەهـا "ئەحـمـەد جـابەڵلا"ی بەرێوەبەری پەیمانگەی زانسـتـە مـرۆڤـایەتیـیـەکـان لە پاریس و مـامـۆسـتـای فـیـقـهی ئیـسـلامـی و ئەندامی ئەنجـوومـەنی ئەوروپایی بۆ فـتـواو توێژینەوە، یەکێکی تـرە لە بەشـداربووانی کتێبەکە. لەگەڵ کەسـانی تری وەک: "کریستیـان جامـبێ " پسپۆڕ لە بواری فـەلسـەفەی ئیـسـلامی و "مـحەمـەد ئەرکۆن" کە پێویستی بـە ناسـاندن نییـە، هـەروەهـا " نیلـۆڤـەر گـوڵ " خـانمـە توێژەری تـورکی و "فـەرهـاد خـەسـرەو خـافـار"ی توێژەری ئێرانی و "جان رۆبێر هنری " و "ریمی لیڤۆ" و چەندانی تر.

"جیڵ کیبڵ " لە سەرەتای باسەکەیدا دەپرسێت: ( ئاخۆ تیرۆر لە ئیسلامی هـاوچـەرخـدا شـتـێکی لاوەکی و کـاتیـیـە، یاخـۆ ئـاقـارێکی بەهێـز و هەمیشـەییـیە؟). لە وەڵامدا دەڵێت: (من لەو بۆچوونـە هەرزەگۆیە بە دوورم کە مـوسـڵـمـانان و تیـرۆر وەک دوو ڕووی دراوێک سـەیر دەکات، بەڵام ناکـرێت بەبێ باسکردنی کێشەی تیرۆر باس لە بارودۆخی ئەو موسڵمانانە بکەین کە لە ئەوروپادان و لەگەڵماندا دەژین. باسکردنی ئەم مەسەلەیەش بۆ ئێمە و بۆ مـوسـڵـمـانانیش باشـە). هەر لە درێژەی قسەکانیدا "کیبڵ " دەڵێت: (ڕاستـە زۆرێک لەوانەی کردەوە تیـرۆریسـتـەکـانیـان ئەنجـام دا، لە کـووچە و گـەڕەکـە هـەژارەکـانی خۆرئاواوە هـاتبوون، بەڵام تا لە ئەفغـانسـتـان و هـەندێ جـێگەی تردا مێشکیان نەشۆردن بەو کارە هەڵنەسـتان.. ئەم گەنجانە لە سەربازگەی مەشـقپێکردنی مـوجاهیـدیندا مەشقیان پێ دەکرێت و مـێشکیـان پڕ دەکرێت لە بیـر و بۆچـوونی هـەڵە، ئەمـەش پاڵیـان پێـوە دەنێت بۆ ئـەوەی کـاری توندوتیـژی ئـەنجـام بدەن، وەک تەقـاندنەوەی کۆگـا بازرگـانییـە گـەورەکـان و

میترۆکان و... هتد).

"جیل کیبل " پێیوایه بزاوته ئسووڵییه هاوچەرخەکانی ئیسلام دوو بەشن: بەشێکیان توندوتیژ و رادیکاڵین، هەر ئەمانەش بوون کە تەقینەوەکانی ١١ی سێپتەمبەر و ئەندۆنیسیا و کردەوە تیرۆریستەکانی تری جیهانیان ئەنجام دا. بەشی دووەمیان میانڕەو و ئەقلانین، چاکترین نموونەشیان حیزبی عەداله و گەشەپێدانە لە تورکیا. ئەم حیزبە بەڕابەرایەتی "رەجەب تەیب ئەردۆگان" هەڵبژاردنەکانی تورکیایان بردەوە و یەکێک لە دروشمەکانیشیان برێتییە لە نزیککردنەوەی نێوان ئیسلام و مۆدێرنە. تەنانەت یەکەمین شتێک کە "ئەردۆگان" داوای کرد، قبووڵکردنی تورکیا بوو وەک ئەندامێک لە ریزەکانی یەکەتی ئەوروپادا، ئەو یەکەتی ئەوروپایەی کە بەهاکانی تەواو دژی بەهاکانی فێندەمێنتالیزمی توندڕۆیە و دۆگماتیستە. کەواتە لێرەدا پرسیاری گرینگ ئەوەیە: ئاخۆ ئاشتبوونەوەی مێژوویی لە نێوان ئیسلام و مۆدێرنەدا ڕوو دەدات و پێک دێن؟ بێگومان ئەگەر شتێکی لەو جۆرە ڕوو بدات، ئەوا دەبێتە مایەی پەراوێزخستنی ئەو ئاقارە رادیکاڵە توندوتیژەی لەمرۆدا گەمەکاری سەرەکی کایەکەیە.

"جیل کیبل " پێیوایە هێشتا کات زووە بۆ ئەوەی باس لە مەسەلەیەکی وا بکەین، چونکە تا ئێستاش کایەی ئیسلامی پڕی گێرمە و کێشەیە و کراوەیە بەسەر هەموو ئەگەرەکاندا. بۆیە ناتوانین بڵێین ئاقاری ئەقلانی میانڕەو بە ستایلی "ئەردۆگان" و "عەبدڵڵا گول" و "محەمەد خاتەمی " و "جەمال بەننا"، شەڕیان لە دژی ئاقاری توندڕۆ بە ستایلی "بن لادن" و "زەواهری " یەکلایی کردووەتەوە و گرەویان لێ بردوونەتەوە. نەخێر ئەم شەڕە زۆری ماوەو وا بەزوویش یەکلایی نابێتەوە. "کیبڵ" وەکی ئەوەی ئێمە زیاد لە شوێنێکدا باسمان کردووە، پێیوایە ئەوەی لەناو جیهانی ئیسلامیدا بەربڵاوە، بیر و بۆچوونە تەقلیدییەکان و کتێبە کۆن و زەردەکانە، نەک بیروڕای نوێخواز و تازەگەرەکان. لە ڕاستیدا ئەو کتێبە تازانەی لەبارەی ئاینەوە هەن، تەنیا

بەدەست دەستەبژێرێکی کەم دەگات. کەوابێت ئیتر چۆن ئاقاری ئەقڵانی دەتوانێت بەسەر ئاقاری توندڕۆیاندا زاڵ بێت؟ لەلایەکی ترەوە "جیل کیبل " باس لە حەقیقەتێکی تر دەکات و دەڵێت: (کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان بە تایبەتیش کەناڵی جەزیرە، بەردەوام فیکری تەقلیدی و مەزهەبی پەخش دەکەن، بەڵام بە ستایلێکی هونەریی مۆدێرن! بەم جۆرە جیهانی عەرەبی تەنیا ڕواڵەتەکانی مۆدێرنە وەردەگرێت و هەرچی ناوەڕۆکیشیەتی ڕەتی دەکاتەوە!). گەر بزانین کەناڵە ئاسمانییەکان بوونەتە خۆراکی ڕۆژانەی بینەری عەرەبی، ئەوا تێ دەگەین چ زەرەر و زیانێک دەگەیەنن و چ ماڵوێرانییەک جێ دەهێڵن. کەناڵە ئاسمانییەکان راستەوخۆ و لابەلا بانگەشە بۆ توندوتیژی و دەمارگیری دەکەن و تەنانەت هەندێ کەناڵ، کوژرانی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا و تیرۆرکردنی خاتوو "عەقیلە هاشمی "، بە چالاکییەک لە چالاکییەکانی مقاوەمەی عێراقی ناوزەد دەکەن!.

من زۆر لە "جیل کیبل " زیاتر لەو کەناڵە ئاسمانییانە تووڕەم، بەڵام چی بکەین؟ خۆ بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو کەناڵانە تەعبیر لە رای گشتی بەشێکی زۆری هاولاتییانی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکەن، بەتایبەت ئەو خەڵکانەی تا ئێستاش لە پاشماوەی سەردەمە تاریکەکان رزگاریان نەبووە. لەلایەکی ترەوە ئەم کەناڵانە تەعبیر لە هەست و نەستی راستیی توندڕۆی عەرەبی دەکەن کە تائەمڕۆ کەس نەیوێراوە ئەو ئاقارە شەڕانگێزە داخراوە لێک- شیتاڵ بکات و رەخنەی لێ بگرێت. لێرەدا نابێت تەواوی ئەو کەناڵانە سەرکۆنە بکەین و ڕاست و چەپێک بەسەر هەموویاندا بهێنین، چونکە هەندێ جار مافی قسەکردن بە نوێنەرانی باڵی رۆشنگەر و ئەقڵانی ناو کایەی رۆشنبیری عەرەبیش دەدەن.

"جیل کیبل " باسەکەی بە پێشنیازێکی زۆر عەمەلی کۆتایی پێ دێنێت کە مایەی خۆشحاڵیی من بوو. پێشنیاز دەکات ئاشتییەکی دادپەروەرانەی

ڕاستەقینە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بێتە ئارا، بەڵام ڕەنگە هەندێ بڵێن جا ئەوە خۆ شتێکی تازە نییە و هەرچی هەیە و نییە داوای ئەوە دەکات. من لە وەڵامی ئەوانەدا دەڵێم: (ئەوەی تازەیە لە پێشنیازەکەی کیبلدا ئەوەیە کە داوا لە توێژی ڕووناکبیرانی ئەوروپا دەکات زۆر بۆ سەرکردە سیاسییەکانی وەک شیراک و بلێر و شرۆیدەر و... هتد، بهێنن بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە سەربگرێت. ئەمەش هەر لە پێناو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ناکات، بگرە لە پێناو فەرەنسا و ئەوروپاشدا ئەو کارە دەکات. چونکە بە ئاشکرا دیارە کە جیل کیبڵ ترسی ئەوەی هەیە درەنگ یان زوو، ئەوروپا باجی کێشەی نێوان عەرەب- ئیسرائیل بدات). من پێموایە تا ئەم کێشە ئەزەلی و ماڵوێرانکەرە چارەسەر نەکرێت، ڕەوەندی عەرەبی و ئیسلامی بەفیعلی تێکەڵ بە کولتووری ئەوروپایی نابن و خۆیان بە بەشێک لەو کۆمەڵگەیانە نازانن. کێشەی عەرەب- ئیسرائیل هەر بە تەنیا مەترسی بۆ سەر ئاشتیی مەدەنی کۆمەڵگەی لبنانی و میسری و سووری نییە، بگرە گەیشتووەتە ئەوەی هەڕەشە لەسەر ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی فرەنسایی و ئەڵمانیایی و ئینگلیزیش دروست بکات.

لەمڕۆ بەدواوە ئەورپاییەکان ناتوانن بڵێن: ئەم کێشەیە دوورە لە ئێمە پێوەندیمان پێوەی نییە. دووەم پێشنیاز کە "جیل کیبڵ " دەیخاتە ڕوو، بریتییە لە بەتەنگ هێنانی کەسانی توندڕۆ لەناو ئەو ڕەوەندە ئیسلامییەی لە فرەنسا و سەرتاسەری ئەوروپادا هەن. ئەگەرچی ئەم توندڕۆیانە کەمینەن، گەر بە زۆرینەی ئەو موسڵمانە میانڕەوانەیان بەراور بکەین کە بە هێمنی دینداریی خۆیان دەکەن و منداڵەکانیشیان لە پێناو داهاتوویەکی باشتردا پەروەردە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەمینەیە زۆر ئاژاوەگێڕ و سەر بەگۆبەندن. ئەمەش وا دەکات ئەو زۆرینەیەش بە خۆیانەوە بەدناو بکەن و وێنەی ئیسلامیش لای خۆرئاواییەکان بشێوێنن. توندوتیژانەی ئەم کەمینە ئەو کارە توندڕۆیەی ئەنجامیان دەدا، بەخراپ دەشکێتەوە و ئەوان بەبێ

ئەوەی هیچ گوناهێکیان هەبێت باجەکەی دەدەن! بە هۆی کۆمەڵێک کەسی توندڕۆ و دەمارگیرە، لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکادا هەموو موسڵمانێک بووەتە جێگەی گومان و ناوبانگی خراپ بووە.

لەلایەکی ترەوە توێژەری مەراکشی "عەبدلڕەحیم لەمشیشی" بە هەمان ئاقاری "جیل کیبل" کار دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی جیاوازتر. "لەمشیشی " وەکی "جیل کیبل " لەناو ئەو رەوەندە ئیسلامییەی ئەوروپادا، جیاوازی لە نێوان دوو باڵی سەرەکیدا دەکات. باڵێکیان زۆرینەن و بە ئاشتی و ئارامی لە ئەوروپا و بەتایبەتیش لە فرەنسادا دەژین. ئەم باڵە لە رەوەندی ئیسلامی، رێز لە یاسای ئەو وڵاتانە دەگرن، بەبێ ئەوەی دەستبەرداری شوناس و تایبەتمەندیی خۆیان بن. باڵەکەی تریان کەمینەیەکی توندڕۆن و لەو گەڕەکە هەژارنشینانەدان کە لە دەوروبەری پاریس و شارە گەورەکانی تردان. ئەمانە بێکار و پەڕاوێز خراو و بێ ئاسۆن. بۆیە هەندێکیان دەبنە دز و جەردە و رێبواران رووت دەکەنەوە، هەندێکی تریشیان بەشێوەیەکی دۆگماتیستانە دەگەڕێنەوە بۆ شوناسی ئاینیی خۆیان و ڕق لەو کۆمەڵگەیە هەڵدەگرن کە تێیدا دەژین. بەم جۆرە ئەمانە دەبنە نێچیرێکی ئاسان بۆ سەرکردەی گرووپە توندڕۆیەکان و ئەوانیش کۆنترۆڵیان دەکەن و ئامادەیان دەکەن بۆ جێبەجێکردنی کردەوە تیرۆریستییەکان. بێگومان بەرلەوەی رەوانەی کارە خۆکوژییەکانیان بکەن، هەندێ پارەیان دەدەنێ و لەو سەربازگانەی کە بە سەربازگەکانی ئەفغانستان دەچێت مەشقیان پێ دەکەن و مێشکیان بۆ دەشۆن...

لێرەدا "عەبدولڕەحیم لەمشیشی" هەندێ لە بەرپرسیارێتی ئەم بارودۆخە دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی ئەوروپایی، لەبەرئەوەی هیچ شتێکی وا ناکەن بۆ ئەوەی گەشە بەو گەڕەکە هەژارانە بدەن و هەلی کارکردن بۆ ئەو گەنجە بێچارانە بدۆزنەوە. ئەمە مانای وایە کە دیاردەی تیرۆر و توندوتیژی نابێت هەر بە رێگەی پۆلیس و گرتنەبەری رێوشوێنی ئەمنی چارەسەر بکرێت،

بگرە پێویستــە لە ڕووی ئابووری و کـۆمـەڵایەتی و مـرۆییشــەوە چارەســەر بکرێت. زۆرێک لەو گــەنجـانەی لایان دا و بوونە کــەسی توندڕۆ، دەکـرا لەو کارانە دوور بخرانایەتەوە گەر بهاتایە ئاسـۆیەکی بچووکیان لە بەردەمدا بکرایەتەوە.

دواجــار دێمــە ســەر بـابەتی توێژەری فـرەنـسـایی "جـان ڕۆبێـر هـنری"، خاوەنی کتێبی (جەزائیر بەرەو کوێ دەچێت؟- ٢٠٠١). باسـەکەی "ڕۆبێر هنری " تـەرخـانە بـۆ مـەســەلەی پێـوەندیی نێوان یەکـەتی ئەورووپا و وڵاتانی باشــووری دەریای ســپی ناوەڕاست (واتـە وڵاتانی عــەرەبی ئیـســلامی لە مـەراکیشـەوە تا تورکیا). پوختـەی تیـۆریاکەی ئەمیش لە یەک پرسیاردا کۆ دەبێتەوە: ئاخۆ دەبێت ئەورووپا لەناو سنوورە جوگرافییەکەیدا بەسەر خۆیدا دابخـرێت، یاخـۆ پێـویسـتــە لە ســەری ئەو وڵاتە هـەژارانەش بەرێتــە ناو بەهەشتەکەی خۆیەوە؟ ئەگەر ئەورووپا هەر بە خۆپەرستی مایەوە و ترسی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی نەڕەوییەوە، ئەوا پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ڕووکـەشـانە دەبێت، بەڵام گـەر بێت و بکرێتـەوە و دەسـتـبـەرداری خـۆپـەرســتی و چاوچنۆکی بێت، ئەوا ئامــێـزی بۆ ئەو مـیـللەتە هـەژارانە دەکـاتەوە کـە هـەر بە تەنیـا لە تەلەفـزیۆنـەکانەوە ژیـانی پڕ عـەیش و نۆش و بەرخـۆری خۆرئاواییـەکان دەبینن. بەداخـەوە ئەو کێشـە مێژووییـانەی لە شـەڕی خاچ پەرستەکانەوە دەست پێ دەکات و تا ئەمڕۆش بەردەوامە، ڕێگرە لەوەی هـیـچ نـزیکبــوونـەوەیەکی جــدی لـەنێــوان وڵاتـانی کــەنـاری باکــور و باشووری دەریای سپی ناوەڕاستدا ڕوو بدات.

## فرەنسا و عەلمانییەت

نووسەری ئەم کتێبە*، توێژەری فرەنسایی "گی کوک"ە. "کوک" دەرچووی بەشی فەلسەفەیە و پێشتر لە یەکێک لە کۆلێجەکانی زانکۆی ڤێرسای مامۆستا بووە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆواری بەناوبانگی (ئیسبری) بووە. زۆربەی نووسینەکانی پێشووتری تەرخان بووە بۆ لێکدانەوە و تاوتێکردنی ئاینەکان، بەتایبەتیش چارەنووسی مەسیحییەت و داهاتووی لە خۆرئاوادا، دوای ئەوەی بەهۆی سەرکەوتنی مۆدێرنەی فەلسەفی و زانستییەوە، زۆرێک لە سەنگ و قورسایی خۆی لە دەست دا. واتە مەسیحییەت دوای ئەو وەرچەرخانە، وەک جاران دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگە ئەوروپاییەکاندا نەما. لەلایەکی ترەوە یەکێکی تر لەو کایانەی جێی بایەخی "کوک"ە و گرینگی زۆری پێ دەدات، فەلسەفەی سیاسییە. لە دواین کتێبیدا کە ئێمە لێرەدا خوێندنەوەی بۆ دەکەین و دەیخەینە ڕوو، "گی کوک" باس لە مەسەلەیەک دەکات کە تا ئەمڕۆش توێژی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی فرەنسا پێیەوە سەرقاڵن، ئەویش مەسەلەی عەلمانییەت و پێوەندییەتی بە دەوڵەتەوە لە سایەی سیستەمی کۆماریدا، ئەو سیستەمەی لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٧٨٩ لە فرەنسادا بەرقەرارە.

نووسەر کتێبەکەی دەکات بە چوار بەشەوە و هەر بەشەی چەند نەسکێکی لێ دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە پێشەکی و پاشەکییەکیشی هەیە. بەشی یەکەم تەرخانە بۆ تاوتوێکردنی چەمکی عەلمانییەت، بەو پێیەی سەرەکیترین پرەنسیپی کۆمەڵگەی فرەنساییە لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا. پێشتر

* g uh cob, laicite etrepudlib ue. le lien necessa ire, paris, lefelin- kiron, 2005.

به درێژاییی چەندین سـەدە، ئاینی مـەسـیـحی و بەتایبـەتیش ئاینزای کـاتۆلیکی، مـەرجـەعی سـەرەکیی کۆمـەڵگەی فـرەنسـایی بـوو، هـەر ئەویش دەیتـوانی ڕەوایەتی ئیـلاهی بە پاشـاکـانی فـرەنسـا و تێکڕای سیـسـتـەمی سـیـاسی ئەو وڵاتـە ببـەخـشـێت و شـەرعـیـیـەتی تەواویان بداتێ. وەکی ئاشکراشـە لە فـرەنسـادا پادشـا سێبـەری خـودا بووە لەسـەر زەوی، بەڵام لە دوای شـۆڕشی فرەنساییەوە ئەم مەرجەعییەتە نەماو مەشرووعییەتێکی نوێ جـێگەی گـرتەوە. مـەشـرووعـیـیـەتێک کـە لەسـەر فـەلسـەفـەی ڕۆشنگەری و سـەروەریی گـەل و مـافـەکـانی مـرۆڤ و هـاووڵاتیـبـوون دامـەزرابـوو. واتە لە ڕابردوودا مەشرووعییەت لە ئاسمانەوە دەهاتە خـوارێ بۆ سەر زەوی، بەڵام لە سـەردەمی مـۆدێرنە و عـەلمانیـیـەتدا ئەوە گـۆڕا و گـەل بوو بە سـەرچاوەی ڕەوایەتی و مـەشـرووعـیـیـەت. لێـرەدا سـەرنج دەدەین نووسـەر دەچێتـە زۆر وردەکـارییـەوە و بـە جـۆرێک بـاس لە عـەلمانیـیـەت دەکـات، وەکی ئەوەی گرینگترین ئایدیایەک بێت کە مۆدێرنە لەگەڵ خـۆیدا هێنابێتی. دەبێت ئەوە چاک بزانین کە هیچ نوێگەرییەک بەبێ عەلمانییەت (واتە بەبێ ئازادیی ئاینی و پلورالیزمی ئاینی )، نابێت و عەلمانییەتیش بەبێ مۆدێرنە بوونی نابێت.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە باس لەو کۆسپ و تەگەرانـە دەکات کە لە بەردەم سـیسـتـەمی کـۆمـاری عەلمانیی مـۆدێرن، لە فـرەنسـادا دروست بوون. ئەم سیستەمە هەروا لە پڕێکدا دروست نەبوو، بگرە کێشە و ململانێی زۆری لێ کەوتەوە، بەتایبـەت لە نێوان دوو هێزە سـەرەکییـەکەی ئەوسـای فرەنسـادا کە برێتیی بوون لە کاتۆلیک مـــــەزهەبەکان لەگەڵ کـــــــۆماری خوازەکان. کـــــــاتۆلیک مـەزهەبەکـــــان لایـــــەنگری سـیـسـتـەمی پاشـایەتی و سـەردەمی کـۆن بـوون، بەڵام کـــۆمـاری خـوازەکـان دژی ئەوانـە بوون و دەیانـویسـت لە ســـەر دار و پەردووی ئـەو ســیــســتــەمــە بەســەرچووە، سـیسـتـەمێکی دیموکـراسیی مـۆدێرن بێننـە ئارا. بەشی سێیـەم، باس لە مـەسـەلەی پەروەردە و عـەلمانییـەت دەکات.. شـایەنی بـاسە عـــــەلمانییـەت

تەنیا ئەوکات لە ناو ڕیزەکانی گەلی فرەنسادا بڵاو بووەوە و تەشەنەی سەند کە قوتابخانەی مۆدێرن لەو وڵاتەدا دامەزرا، ئەم قوتابخانانەش لە ڕێی بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونی زانستی و فەلسەفییەوە کەوتنە دژایەتیکردن و بەرپەرچدانەوەی قسە و باسی قەشە و پیاوانی کڵێساکان.

بەشی چوارەم و کۆتایی کتێبەکە، باس لە پێوەندیی نێوان عەلمانییەت و ئاین دەکات. و نووسەر پێیوایە ئەم پێوەندییە بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕ بووە:

یەکەم: قۆناغی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە سەدەی نۆزدەمەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم.

دووەم: ساتەوەختی ئێستا کە داوای هێنانە ئارای عەلمانییەتێکی کراوە و بەرفراوان دەکات، بەجۆرێک دیالۆگکردن لەگەڵ ئاین و پیاوانی ئاینیدا پەسند بکات.

ئەمە پانۆرامایەکی گشتیی کتێبەکە بوو، بالێرە بە دواوە بە دوور و درێژی باس لە وردەکارییەکانی بکەین. هەر لە سەرەتاوە "گی کوک" دەڵێت: (تا ئێستاش زۆربەی زۆری خەڵکی فرەنسا وا لە عەلمانییەت گەیشتوون کە دەبێت ئایدیایەکی پەڕگیر و توندڕۆ بێت. واتە دژایەتی ئاین بە گشتی و مەسیحییەت بەتایبەتی بکات. ئەمەش شتێکی ئاساییە، لەبەرئەوەی عەلمانییەت دوای شەڕێکی دژوار و بێ ئامان لە دژی مەسیحییەت و پیاوانی ئاینی، توانی جێ پێی خۆی بکاتەوە. بەڵام هەنووکە مەسەلەکان گۆڕاون، هەرچەندە ئەم گۆڕانە تا ئێستاش لەناو جەماوەری بەرفراوانی خەڵکدا ڕەنگی نەداوەتەوە و قبوڵ نەکراوە).

ئێمە گەر بێت و بە چاکی لە عەلمانییەت بگەین، دەزانین کە عەلمانییەت دژایەتی ئاین ناکات، بگرە لەگەڵ تەواوی ئاینەکاندا هەڵدەکات، بەڵام لایەنگیری هیچ ئاینێک ناکات و فەزڵی هیچ یەکێکیان بەسەر ئەوانی تردا

نادات، واته دان به هیچ ئاینێکدا نانێت وەک ئاینی فەرمیی دەوڵەت. عەلمانییەت وەک یەک مامەڵە لەگەڵ ئاینزای پرۆتستانتی و کاتۆلیکیدا دەکات لە فرەنسا، ئەگەرچی پروتستانت مەزهەبەکان لەو وڵاتەدا کەمینەن و تەنیا لە (٣٪)ی گەلی فرەنسا پێکدێنن، بەڵام کاتۆلیک مەزهەبەکان زۆرینەی گەلی فرەنسان و ڕێژەیان لە (٩٠٪) دەبێت. هاوکات هەمان مامەڵەش لەگەڵ ئاینی یەهوودی و ئیسلامیشدا دەکات، لەبەرئەوەی عەلمانییەت پێیوانییە ئاینی زۆرینە یان مەزهەبی زۆرینە، چاکترین و پەسندترین ئاین و ئاینزایە. ئەگەر کاتۆلیک مەزهەبەکان پێیان وایە، ئاینزاکەی خۆیان لە هەموو ئاین و ئاینزایەک چاترە، ئەوا پرۆتستانتەکانیش هەمان بۆچوونیان دەرهەق بە ئاینزاکەی خۆیان هەیە.. کەواتە دەوڵەتی عەلمانیی فرەنسا، خۆی ناخاتە ناو ئەم مشتومڕە تیۆلۆجییەوە و پێیوایە تەواوی ئاین و ئاینزاکان بەڕێزن و پێویستە وەکی یەک سەیر بکرێن و ڕێزیان لێ بگیرێت.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا "گی کوک" دەڵێت: (دەوڵەت لایەنگری هیچ ئاین و ئاینزایەکی ناو کۆمەڵگە ناکات و وەک دەزگایەکیش لە ساڵی ١٩٠٥ لە کڵێسا جیا بووەتەوە، بەڵام بۆچی؟ لەبەرئەوەی دەوڵەت دەیەوێت وەک یەک و بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵ تەواوی هاووڵاتییاندا بکات. هیچ هاووڵاتییەک لە هاووڵاتییەکی تر چاکتر و باشتر نییە، لەبەرئەوەی سەر بەم یان بەو ئاین و ئاینزایە، نەخێر ئەوەی فەزڵی هاووڵاتییەک بەسەر هاووڵاتییەکی تردا دەدات، توانا و لێهاتوویی تایبەتیی خۆیەتی لەگەڵ ئەو شتانەی پێشکێش بە کۆمەڵگە و بەرژەوەندیی گشتی دەکات. لە رابردوودا، واتە لە سەردەمی بەرلە بەرپابوونی شۆڕشی فرەنساییدا، کاتولیک مەزهەبەکان هاووڵاتی پلە یەک بوون، لەبەرئەوەی کاتۆلیکییەت ئاینزای زۆرینەی خەڵکی فرەنسا بوو. لەلایەکی ترەوە پرۆتستانتییەکان چەوساوە و پەڕاوێزخراوبوون و لە پلە و پایەکانی دەوڵەت بێبەش کرابوون، لەبەرئەوەی کاتۆلیکەکان وەک ئاینزایەکی گومڕا و سەرلێشێواو سەیری ئاینزای پرۆتستانتییەتیان دەکرد. بەڵام دوای

شۆڕشی فرەنسایی و دروستبوونی سیستەمی کۆماری - عەلمانی، تەواوی هاووڵاتیان وەک یەکیان لێ هات و لەلایەن دەوڵەتەوە بەیەک چاو سەیر دەکرێن. جیاوازی سەرەکیش لە نێوان سیستەمی فیودالّی تیۆلۆجیی کۆن لەگەڵ سیستەمی عەلمانیی مۆدێرندا، لێرەدایە. با وەک نموونەیەک توێژی سیاسەتمەدارانی فرەنسا وەربگرین. ئەم توێژە زۆربەی ئەندامانی بەڕەچەڵەک پرۆتستانت مەزهەبن، واتە سەر بە ئاینزای کەمینەن. سەرەک وەزیرانی پێشووتر لیۆنێل جۆسپان پرۆتستانتییە، هەروەها میشێل رۆکار و پییرجۆکس و.... هتد. هەرچی جاک شیراکیشە، ئەوا بە ڕەچەڵەک کاتۆلیکییە، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایە بۆ سەرکۆماری کانید نەکراوە، بەڵکو وەک نوێنەری پارتێکی سیاسی کە پارتی دیگۆلییەکانە بۆ ئەو پۆستە دیاری کراوە. کەواتە مەسەلەی ئاین و مەزهەبگەرایی لە فرەنسا، کاریگەری لەسەر سیاسەت نییە).

نووسەر پێیوایە ئەرکی دەوڵەتی کۆماری ئەوەیە، هاووڵاتییانێک دروست بکات کە لە ئەرک و مافدا یەکسان بن و وەلائیان بۆ فرەنسا لەسەروو هەموو وەلائێکی ئاینی و مەزهەبی و ئتنیکییەوە بێت. هاووڵاتییانی فرەنسا بەر لە هەرشتێک دەبێت فرەنسایی بن، بەڵام پێشتر وا نەبوو، واتە بەرلەوەی فرەنسی بوونایە کاتۆلیکی بوون، بەو مانایەی دەرگیربوونی ئاینی و مەزهەبی لەسەروو ئینتیمای نەتەوەیییەوە بوو. پرۆتستانت مەزهەبێک، بە هاووڵاتییەکی فرەنسایی پلە دوو یان پلە سێ دەدرایە قەڵەم. ئەم بەرەو پێشچوونە لە پڕێکدا لە کۆمەڵگەی فرەنساییدا رووی نەدا، بگرە تەواوی سەدەی نۆزدەمی ویست تا هاتە دی. ئەویش سەروەختێک ڕووی دا کە کاریگەریی پیاوانی ئاینی لەسەر کۆمەڵگە کەم بووەوە و کاریگەریی فەیلەسووفانی رۆشنگەری وەک: "ڤۆلتێر دیدرۆ و رۆسۆ" و... هتد، زیادی کرد. نووسەر پێیوایە ساڵی ١٧٨٩ دابڕانێکی سەرەکی و چارەنووسساز لە مێژووی فرەنسادا دروست دەکات، نەک ساڵی ١٩٠٥ کە مێژووی

جیاکردنەوەی کڵێسایە لە دەوڵەت. شۆڕشی فرەنسایی کە لە ساڵی ١٧٨٩ ڕووی داو جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی ڕاگەیاند، توانی فەلسەفەیەکی سیاسیی نوێ دابمەزرێنێت، فەلسەفەیەک تێیدا مرۆڤ وەک خۆی بەرز دەنرخێنرێت، بەدەر لەوەی ئەسڵ و فەسڵی چییە و سەر بە چ ئاین و ئاینزاو ڕەگەزێکە.

هەرچەندە ئینگلتەرا بە هەمان ئازادیی ئاینی و سیاسی گەیشت، بەڵام ئەمە نەبووە مایەی کۆتاییهێنان بە سیستەمی پاشایەتی و پەیرەوکردنی سیستەمی کۆماری. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئینگلتەرا لە فرەنسا کەمتر مۆدێرنتر و دیموکراسیتر بووە، نەخێر بەپێچەوانەوە زیاتر دیموکراسیتر بووە، لەبەرئەوەی سیستەمی پاشایەتی لە ئینگلتەرا سیستەمێکی دەستووری بووە و بەناوی هیچ ڕەوایەتییەکی ئیلاهییەوە حوکمی نەکردووە. مەشرووعییەت لە ئینگلتەرادا لە دەستی میللەتدا بووە و توانیویەتی بە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، شکست بە پارتێکی سیاسی بێنێت و یەکێکی تر سەربخات. کەواتە گرینگ ئەوە نییە سیستەمی حوکمڕانیکردنەکە پاشایەتییە یان کۆماری، گرینگ جۆری ئەو داوودەزگایانەیە کە لەناو ئەو سیستەمەدا کار دەکەن. لەبەر ئەوە دەبینین نموونەییترین سیستەمی حوکمڕانی لە جیهاندا، سیستەمی پادشایی – دیموکراسییە لە وڵاتانی باکوری ئەوروپادا، واتە لە هۆڵەندا و سوید و دانیمارک و... هتد.

تەواوی ئەم کۆمەڵگەیانەش کۆمەڵگەی عەلمانین، بەڵام بە شێوازی جیا جیا. هەرچەندە لە ئینگلتەرا ئاینی دەوڵەت ئاینزای ئەنگلیکانی – پرۆتستانتییە و وڵاتی سویدیش پرۆتستانتی لۆتەرییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سوید و ئینگلتەرا دوو وڵاتی عەلمانی نین، چونکە ئازادیی ئاینی لە هەردووکیاندا بۆ سەرجەم هاووڵاتیان و بۆ تەواوی ئاین و ئاینزاکان، بەبێ جیاوازی فەراهەم کراوە. هاوکات ئەو ئازادییە بۆ بێ باوەڕانیش هەیە. مرۆڤ لەو وڵاتانەدا بۆی هەیە بێ باوەڕ بێت و لە ژێر

چەتری هیچ ئاینێکدا نەبێت، بۆ کەسیش نییە لەسەر ئەو کارەی سزای بدات یان بیچەوسێنێتەوە یاخۆ سووکایەتی پێ بکات.

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە چەندین رێگەمان لە بەردەمدایە بۆ گەیشتن بە عەلمانییەت، نەک تاکە رێگەیەک. نووسەر پێیوایە عەلمانییەت لە یەکێک لە پێناسەکانیدا، بریتییە لە پلورالیزم و ئازادیی ئاینی. هەر کۆمەڵگەیەک ئازادیی بیر و باوەڕ و پەیڕەوکردنی یان نەکردنی سرووت و رێوڕەسمەکان بۆ هاووڵاتییانی دەستەبەر بکات، ئەوا کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە. هەروەها هەر کۆمەڵگەیەک رێگە بە تەواوی ئەو ئاین و ئاینزایانە بدات کە لە چوارچێوەیدا دەژین، بە ئازادی رێوڕەسمی خۆیان جێبەجێ بکەن و شوێنی خواپەرستی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، ئەوا کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە. هەر کۆمەڵگەیەک رێگری ئەوەت لێ نەکات بە ئازادی ڕای خۆت بڵێیت و ئەوەی دەتەوێت بیگەیەنیت (بەمەرجێک ئەو شتانە مەیلی رەگەزپەرستی و مەزهەبی تێدا نەبێت)، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە، بەم پێیە دەتوانین بڵێین تاکە کۆمەڵگەیەک کە بە فیعلی رێزی ئاینەکانی تێدا دەگیرێت، کۆمەڵگەی عەلمانییە. عەلمانییەت رێز لە هەموو ئاینەکان دەگرێت نەک تەنیا ئاینێک، واتە بە تەنیا رێز لەو ئاینە ناگرێت کە ئاینی زۆرینەیە و لەو وڵاتەدا باڵادەستە. ئەوەش بۆخۆی پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەیە کە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە و پێیوایە عەلمانییەت واتە کوفر و بێ باوەڕی!

بە بڕوای نووسەری ئەم کتێبە، هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەم بۆچوونە سەقەتە ئەوەیە کە عەلمانییەت دوای ململانێیەکی تاڵ و دژوار نەبێت لەگەڵ پیاوانی ئاینی کاتۆلیک مەزهەبدا، لە فەرەنسادا جێی خۆی نەکردەوە و نەچەسپی. پیاوانی ئاینی کاتۆلیکی لە سەرەتادا، ئەوەیان رەت دەکردەوە ئاینزای ئەوان بخرێتە ریزی ئاین و ئاینزاکانی ترەوە و بەیەک چاو سەیر بکرێن، چونکە پێیان وابوو ئاینی ئەوان (یان ئاینزای ئەوان)، راستە و

هەرچی ئاین و ئاینزاکانی تریە دروستکراو و ساختەن. گەروا بێت چۆن دەبێت ئاینزای کاتۆلیکی لە ریزی ئەوانەدا دابنرێت؟ بەدرێژیی سەدەی نۆزدەم، پیاوانی ئاینزای کاتۆلیکی لەسەر ئەم هەڵوێستەیان سوور بوون و سەرسەختانە داکۆکییان لێ دەکرد. دوای بەخەرجدانی رەنجێکی زۆر و هەوڵێکی بێشومار، رازی بوون بە بەهاکانی جمهوریەت و ئەو سیستەمە نوێیەی لە دوای شۆڕشی فرەنساییەوە هاتە ئارا. لەبەر ئەوە عەلمانییەتی فرەنسایی بە شێوەیەکی پەڕگیر و توندوتیژانە هات، چونکە ململانێیەکی خوێناویی توندی لەگەڵ پاپای رۆما و قەشەکانی ئاینزای کاتۆلیکیدا هەبوو کە مێژوویەکی دوور و درێژ لە کۆمەڵگەی فرەنساییدا بالادەست بوون. فێندەمێنتالیزمی کاتۆلیکی زۆر شەڕانگێز و توندڕۆ بوو، سەرسەختانە دژایەتی ئایدیای مۆدێرنە و لیبراڵیزم و دیموکراسی دەکرد و لەم پێناوەشدا چەندین فتوای جۆرەوجۆری لە دژ دەرکردن.

هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا "گی کۆک" دەڵێت: (بەم جۆرە دەتوانین بڵێین عەلمانییەتی فرەنسایی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەر ئەمەشە لە عەلمانییەتی ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئەوانی تر جیا دەکاتەوە. لە وڵاتانی پرۆتستانتیدا رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژ لە نێوان پیاوانی ئاینی و بەهای عەلمانییەتی نوێدا دروست نەبوو، چونکە پرۆتستانتییەکان پاپایان نییە. لەبەر ئەوە عەلمانییەتی فرەنسایی زیاد لە عەلمانییەتەکانی دی رادیکاڵانەتر بوو، عەلمانییەتێک دەیویست فێندەمێنتالیزمی دەمارگیر لە رەگوڕیشەوە هەڵبکەنێت). بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە سیستەمی عەلمانی فرەنسایی وەک یەک دان بە تەواوی ئاین و ئاینزاکان دادەنێت و رێگەیان پێ دەدات، بەو پەڕی ئازادییەوە سرووت و رێوڕەسمەکانی خۆیان بەجێ بێنن. ئەمەش پێچەوانەی ئەو سیستەمە بێ باوەڕییەیە کە "ستالین" ویستی لە یەکەتی سۆڤیەتی جاراندا بیسەپێنێت و سیستەمێک بوو بە فیعلی دژی ئاینەکان بوو. تەنانەت کەوتە چەوسانەوەی پیاوانی ئاینی و کڵێسا و

مـزگـەوتەکـانی داخـست، بەبیـانووی ئەوەی ئەوە شـتـێکی رەجـعی و کۆنەپەرسـتـانەیە، هاوکات رێگەی لە هەمـوو سرووت و رێورەسـمێکی ئاینی گرت! پاشـان خەڵکی ئەو سیستەمە کۆمۆنیستییەی ئەوروپای خۆرهەڵاتیان لەگەڵ ئەو سـیسـتـەمـە عـەلمانییـەی ئەوروپای خۆرئاواو ئەمـەریکای باکوردا تێکەڵ کرد و، پێیان وابوو هەردووکیان یەک شتن! ئەمـەش بۆخۆی هەڵەیەکی گـەورە و کـوشندەیە، بەڵام کێ دەتوانێت ئەمـە لە مـێـشکی عـەرەب و موسڵـمانان دەربهێنێت؟! کێ دەتوانێت تێیـان بگەیەنێت عـەلمانییـەت واتە رێزگرتن لە هەموو ئاینەکان، نەک برێتیی بێت لە کوفر و بێ باوەڕی ؟!

نووسەری ئەم کتێبە جیاوازی لە نێوان عـەلمانییەت و عەلمانییەتی پەڕگیردا دەکـات و دەڵێت: (گـۆڕان و سـەرهـەڵدانی عـەلمانیـیـەت لە یادەوەریی دەسـتـەجـەمـعی فـڕەنسـیدا، پێوەسـتـە بە زنجـیرەیەک شـەڕ و ملـمـلانێی فـەلسـەفـیـیـەوە. وەکی ئاشکراشـە فـەلسـەفـەی رۆشنگەری توانی تیـۆریای عـەلمانییـەت فۆرمـەلە بکات و کۆمـەڵگەی عـەلمانیی کراوە بێنێتـە ئارا. ئەو کۆمـەڵگە عـەلمانییـە کراوەیەش لەسـەر بنەمـای بیرکردنەوەی ئازاد دروست بووبوو. بیرکردنەوەی ئازادیش باوەڕ بە هیچ شتێک ناکات، ئەگەر بێت و بە شـێوەیەکی عـەقڵانی و عـەمـەلی نەسـەلمێنرێت.. بۆ ئەوەی باوەڕت پێ بکەین، هەرئەوەندە بەس نییە شکۆ و گەورەیی پێشینان بەکاربهێنیت. جاران هەر ئەوەندە بەس بوو مـرۆڤ بڵـێت: پاپا وای وت یاخـۆ فـلانە قـەشـە ئەمـە قـسـەیـەتی، تا بێ سێ و دوو خـەڵک هەمـووی باوەڕی پێ بکات، بەڵام لە رۆژگاری مۆدێرنەدا ئەوە نەماوە و هەمـوو قسـە و باسێک ملکەچی پێوەری ئەقڵ و لۆجیکە).

هەنووکە و لە سایەی سیستەمی عەلمانییەتدا، مرۆڤ ئەو مافەی هەیە بڕوا بێنێت یان نەیهێنێت، سرووت و رێورەسمـە ئاینییەکان جێبەجێ بکات یان نەیکات، چونکە ئەمانە شتی تایبـەتین و لە نێوان مرۆڤ و خـوا خۆیدایە و کـەس بەنیـیـەتی کـەسـی تر نازانێت مـەگـەر خـوا نەبێت. کـەس لە سـایەی

سیستەمی عەلمانیدا بۆی نییە لەوی تر بپێچێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو کەسە نوێژ ناکات و رۆژوو ناگرێت و هاتوچۆی کڵێسا ناکات. ئەم شتانە تایبەتین و بۆ کەس نییە قسەیان تێدا بکات.. لە کۆمەڵگە عەلمانی و مۆدێرنەکاندا، بۆت هەیە گەر ویستت ئاین یاخۆ ئاینزای خۆت بگۆڕیت، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگە یان دەوڵەت دەستت بۆ بەرن و لەسەر ئەو کارە سزات بدەن. بۆ نموونە هونەرمەندی گەورە "مۆریس بیجار" ماوەیەکی زۆرە بووەتە موسڵمان، بەڵام تا ئێستاش بەچاوی رێزەوە سەیر دەکرێت و بەها و پێگەی خۆی لە ناو کۆمەڵگەی فرەنساییدا لە دەست نەداوە. ئەو کۆمەڵگەیە ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە زۆرینەی مەسیحییە، بەڵام لە ئێستادا کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە. هاوکات خۆرهەڵاتناس "ڤانسان مۆنتێل"یش هەمان شتی کرد و دوای ئەوەی ئاشنایەتییەکی تەواوی لەگەڵ کولتوور و ترادسیۆنی رۆحی ئیسلامدا پەیدا کرد، ئیسلامبوونی خۆی راگەیاند، بەبێ ئەوەی پلە و پایەی خۆی لەناو زانکۆدا لە دەست بدات. دەتوانین لەم بارەیەوە نموونەی زیاتر و زۆرتر بەردەست بخەین. لێرەوەیە کە جیهانی خۆرئاوا، وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بە دەمارگیری و نالێبووردەیی لە ڕووی ئاینییەوە تاوانبار دەکات.. تۆ دەتوانیت چەندین مزگەوتی جوان و گەورە لەگەڵ ئەو سەنتەرە ئیسلامییانەی لەگەڵیدایە، لە زۆربەی پایەتەختە مەزنەکانی خۆرئاوای وەک: (پاریس و لەندەن و رۆما و برۆکسل)دا دروست بکەیت، بەڵام بۆت نییە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا تاکە کڵێسایەک چییە بکەیتەوە!

هەرچۆنێک بێت، نووسەری ئەم کتێبە زۆر تەئکید لەم بۆچوونە دەکاتەوە: (عەلمانییەت واتە ئازادیی ئاینی و ئیعترافکردن بەبوونی فرە بیر و باوەڕی لەناو یەک کۆمەڵگەدا. هەروەها پێکەوە ژیانی برایانە و دۆستانە لە نێوان تەواوی هاووڵاتییاندا، بەبێ گوێدانە ئەوەی موسڵمانن یان مەسیحین یاخۆ جوولەکەن یان بوودایین یاخۆ هندۆسین و... هتد. چونکە سەرجەم ئاینەکان

له ناوەڕۆکدا یەکن، ئەگەرچی لە سرووت و ڕێوڕەسمەکانیاندا جیاوازن. ناوەڕۆکی هەموو ئاینەکانیش تەئکید لە بەها ئەخلاقی و ڕۆحییەکان دەکەنەوە. هیچ ئاینێک نییە کوشتن و درۆ و دزی و فرت و فێڵکردن بەڕەوا بزانێت). بەڵام عەلمانییەتی پەڕگیر رقی لە ئاین و ئیماندارانە و دەیەوێت گەر بۆی بچێتە سەر، هەست و سۆزی ئاینی لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا نەهێڵێت. ئەمەش ئەو عەلمانییەتەیە کە ئەم کتێبە سەرکۆنەی دەکات و بە ڕاستی نازانێت. لەم بارەیەوە "گی کوک" دەڵێت: (بەم پێیە مارکسیزم عەلمانییەتێکی توندڕۆیە و وەکی یەک لە هەموو ئاینەکان داخ لە دڵە. لەبەر ئەوە پێویستە لە نێوان عەلمانییەت و عەلمانییەتی توندڕۆدا جیاوازی بکەین و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ یەکدا تێکەڵیان نەکەین).

دوای ئەم مەسەلانە نووسەر دێتە سەر باسکردنی ئەو ململانێیەی لە ئێستادا لەسەر بالاپۆشیی ئافرەتان لە ئارادایە و بە درێژاییی چەند مانگی رابردوو کۆمەڵگەی فرەنسایی بەخۆیەوە خەریک کردبوو. لە سەرەتاوە نموونە بە قسەیەکی "جیل کیبل " دێنێتەوە کە دەڵێت: (گەر دەمانەوێت کۆچبەرانی ولاتەکەمان بگەنە بەها یۆنیڤێرسالیەکانی فیکر، ئەوا نابێت بهێڵین نیشانە و سیمبولی ئاینی و مەزهەبی لە قوتابخانەدا هەبێت. واتە نابێت ڕێگە بدەین بالاپۆشی و خاچ و سیمبوله ئاینییەکانی تر لە قوتابخانەدا هەبن و ئینتیمای ئاینیی خوێندکاران ئاشکرا بکەن). وەکی دەزانرێت "جیل کیبل " پسپۆڕە لە کاروباری ئیسلامیدا و لە ئێستادا بە یەکێک لە گەورە خۆرهەلاتناسانی فرەنسا ئەژمار دەکرێت. هەر بۆیە لە سەروبەندی تاوتوێکردنی کێشەی حیجاب لە فرەنسادا، سەرۆک "جاک شیراک" رای سپارد تا وەک ئەندامێک لە لێژنەی بە عەلمانیکردنی فەزای گشتیدا کار بکات. هەروەها لەلایەن حکوومەتەوە راسپێردراوە تا سیاسەتی فەرەنسا بۆ ولاتانی عەرەبی ڕوون بکاتەوە، لەبەرئەوەی زۆر بە چاکی ئاگەداری ولاتانی خۆرهەلات و خۆرئاوا و کەنداوی عەرەبییە."گی کوک"

پێیوایە هۆکاری قەدەغەکردنی هەموو نیشانە و سیمبولێکی ئاینی لە شوێنە گشتییەکانی فەرەنسادا، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەیە خوێندکاران لە یەک چوارچێوەدا کۆ بکەنەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ ئاین و رەگەز و کولتوورێکن. وەکی ئاشکرایە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان، ئامانجیان پەروەردەکردن و پێگەیاندنی هاوولاتی چاکە بۆ داهاتوو. بۆیە دەبێت بەر لە هەرشتێک، وەلائیان بۆ فرەنسا هەبێت، نەک بۆ ئەم یان ئەو ئاین و ئاینزا بێت. سەرەڕای ئەوەش دابەشبوونی ئاینی و مەزهەبی دەبێتە مایەی دروستبوونی دوژمنایەتی و توندوتیژی لە نێوان خوێندکاراندا، چونکە هەر کەسە و خوێن گەرمانە دەکەوێتە داکۆکیکردن لە ئاینی خۆی و رقهەڵگرتن لە شوێنکەوتووانی ئاین و ئاینزاکانی تر. هیچ دەوڵەتێکیش کە بە تەنگ پاشەڕۆژی نەوەکانییەوە بێت و دەربایسی یەکەتی نیشتمانیی وڵاتەکەی بێت، دۆخێکی لەو جۆرە ناخوازێت. کەس نایەوێت لەناو کۆمەڵگەکەیدا گرووپبەندی دروست بێت و هەر دەستە و تاقمەش خۆی لەوانی تر جیا بکاتەوە.

ئاشکراشە سیستەمی جمهووریی فرەنسایی، پێشتر توانیویەتی تەواوی ئەو رەوەندە جیا جیایانەی ڕوویان لەو وڵاتە کردووە، ئیتر ئیتاڵی بووبێت یان ئیسپانی یاخۆ پۆڵۆنی یان پورتوگالی، هەموویان ئاوێتەی کۆمەڵگەی فرەنسایی بکات. بەڵام هەنووکە بە زەحمەت دەتوانێت ئەوە لەگەڵ ڕەوەندی عەرەبی یاخۆ ئیسلامیدا بکات، لەبەرئەوەی ئەم رەوەندە سەر بە ئاینێکی جیاوازە و تەنانەت ئاینێکە لە ڕووی مێژووییەوە، رکابەری ئاینی خۆرئاوایە کە مەسیحییەتە. هاوکات تەشەنەسەندنی بزاوتە رادیکالییەکان لە تێکڕای جیهانی ئیسلامیدا ئەم پرۆسەیە ئەوەندەی تر قورستر دەکات، بەتایبەت دوای پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر. قوتابخانە گشتییەکانی فرەنسا هەموو کات شوێنی ئاوێتە و ئامێزانکردن و دروستکردنی هاوولاتییانی داهاتوو بووە، ئەویش لە ڕێی خوێندکارانی منداڵ و تازە پێگەیشتووانەوە.

کەواتە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتدا نییە دنەی مەیلی تایفەگەری بدات و ئەو مەیلە لە ناخی خوێندکارەکانیدا بچێنێت، لەبەرئەوەی ڕۆژێک دێت ئەوە دەبێتە مایەی شەڕی ناوەخۆیی، بۆ نموونە وەکی ئەوەی لە لبنان و چەند شوێنێکی تری جیهاندا ڕووی دا.

نووسەر پێیوایە زۆربەی زۆری ڕەوەندی ئیسلامی، کەسانی بێوەین و دەیانەوێت تێکەڵ بە کۆمەڵگەی فرەنسایی بن و وەکی تێکڕای هاووڵاتییان هەلومەرج و بژێوی ژیانیان چاکتر بکەن، واتە ئەم ڕەوەندە ئیسلامییە کێشە و سەرئێشەی ناوێت و بە دوایدا ناگەڕێت.. بەڵام لەناو ڕەوەندی ئیسلامیدا کەمینەیەکی دەمارگیر و پەڕگیر هەیە، ئەمانەش ئەو فێندەمێنتالیست و ئەکتیڤیستە سیاسییانەن کە بەگشتی دەرگیری دەرەوەن و پێوەندییان لەگەڵ ڕێکخراو و وڵاتانی دەرەوەدا هەیە. ئەمانە پێیان وایە عەلمانییەتی فرەنسایی لاواز بووە و دەکرێت لە ڕێی ڕەوانەکردنی چەند کچێکی باڵاپۆشەوە بۆ قوتابخانەکان، کەلێنی تێ بکرێت. ئەم مەسەلەیە لە سەرەتادا قوتابخانەکانی فرەنسا و تەنانەت وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانیشی شپرزە کرد و نەیاندەزانی لەگەڵ ئەم دیاردە سەیر و لە ناکاوەدا چۆن ڕەفتار بکەن. ئاخۆ ئەو کچە خوێندکارە منداڵانە دەربکەن لەبەرئەوەی حیجابیان کردووە، یاخۆ ڕێگەیان پێ بدەن بەو جلوبەرگانەوە بچنە قوتابخانەکانەوە. بەڕێوەبەری خوێندنگەکان و هەروەها وەزارەتی پەروەردەش، لە ئاست ئەم دیاردەیە دۆش دامـــان و نەیاندەزانی چی بکەن. لەم ســەروبەندەدا توندڕۆیەکان ئەو دۆخە ناجێگیرەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی کیژانی باڵاپۆشی زیاتر و زۆرتر ڕەوانەی خوێندنگەکان بکەن. ئەم هەنگاوەشیان بەمەبەستی تاقیکردنەوەی لایەنە بەرپرسەکانی فرەنسا بوو، تابزانن پەرچەکرداریان دەبێت یان نا. سەرەنجام هەندێ لایەنی بەرپرس هەڵوێستیان لەو دیاردەیە گرت و چەند کچێکیان لە خوێندنگەکاندا دەرکرد، بەمەش کێشەکە تەقییەوە و بوو بە مەسەلەیەکی عەرەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتی. تا دواجار لە

پەرلەمانی فرەنساوە بڕیارە یاسایەک دەرچوو، کە پۆشینی هەموو سیمبولێکی زەقی ئاینی لە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە دەکات.

نووسەر لە شوێنێکی ئەم کتێبەدا باس لەوەش دەکات ئەو کچانەی خۆیان داپۆشیبوو، بە ڕقەوە سەیری هاوپۆلە موسڵمانەکانی تریان دەکرد کە داپۆشراو نەبوون و تەشەر و تانەی ئەوەیان لێ دەدان کە ئەوانە بە هیچ جۆرێک موسڵمان نین!! ئەڵبەتە ئەم شتەش لە فرەنسادا قابیلی قبووڵ نییە.

ڕاستە لەو وڵاتەدا تۆ ئازادیت لەوەی سروووت و ڕێورەسمی ئاینی خۆت بەجێ بێنیت، بەڵام مافی ئەوەت نییە زۆر بۆ ئەو کەسانە بێنیت کە ئەو شتانە پەیرەو ناکەن. وڵاتی عەلمانی وڵاتی ئازادیی ئاینییە، نەک سەرکوتکردن و چەپاندنی ئاین. لە ئەورووپا زەبر و زۆر لە دینداریکردندا نییە و کەسیش مافی ئەوەی نییە منداڵەکانی ناچار بکات بەجێبەجێکردنی ڕێورەسمی ئاین کە خۆی پێی ڕازی نەبێت و بە قەناعەتەوە نەیکات، چونکە ئەمانە مەسەلەی شەخسین و تەنیا پێوەندی بە نێوان مرۆڤ و خوای خۆیەوە هەیە. خواش خۆی دەتوانێت لەو کەسە بپێچێتەوە نەک مرۆڤ. کەواتە ئەوەی حیجاب دەپۆشێت بۆی نییە هەڕەشە لە یەکێکی تر بکات کە حیجاب ناپۆشێت و هاو پۆلیەتی، یاخۆ لە قوتابخانەیەکدان پێکەوە یان دانیشتووی یەک گەڕەکن. پێدەچێت هەندێک کەسی توندڕۆ تۆمەتی سۆزانییان دابێتە پاڵ ئەو کیژانەی حیجاب ناپۆشن و بە دڵی ئەوان خۆیان ناگۆڕن، هەر بۆیە هەڵوێستی حکوومەت لەمەدا زۆر توند بوو. شایەنی باسە زۆرینەی خوێندکارە موسڵمانەکانی فرەنسا بالاپۆش نین و ئەوانەی بالاپۆشن کەمینەیەکن ژمارەیان لە سەرتاسەری فرەنسادا، لە چەند خوێندکارێک تێناپەڕێت. بەڵام ئەوانەی حیجاب ناکەن، بە سەدان هەزار کەس مەزەندە دەکرێن.

هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا "گی کوک" دەڵێت: (دوای ماوەیەک بۆمان دەرکەوت کێشەی حیجاب زۆر لەوە مەترسیدارترە کە ئێمە بیرمان لێ دەکردەوە و پرۆسەیەکە بەنهێنی فێندەمێنتالیستەکان نەخشەی بۆ دەڕێژن، تابتوانن لە ڕێیەوە خۆیان بئاخننە ناو ڕەوەندی ئیسلامی لە فرنسا و کۆنترۆڵیان بکەن، پاشان بۆ ئەوەی بەگژ یاساکانی جمهووریەت و عەلمانییەتی مۆدێرندا بچنەوە. کەواتە لە پشت ئەم پرۆسەیەوە ئامانجی سیاسی هەیە و شتێکی خۆ بەخۆ و بێگوناه نییە. ئەم پرۆسەیە وەکی باسی دەکەن مەسەلەیەکی ئایینی روون نییە. سەرەڕای ئەوە هەندێک لەو کیژانە دانیان بەوەدا ناوە کە ئەوان لەلایەن باوک و براو مەلای مزگەوت و هەندێ فێندەمێنتالیستی توندڕۆوە، ناچارکراون حیجاب بکەن و خۆیان داپۆشن. لێرەوە حکوومەتی فرەنسا درکی بەوە کرد کە لە ئێستادا ململانێیەکی توند لەناو ڕەوەندی ئیسلامیدا هەیە و ململانێکەش لە نێوان بزاوتی ئیخوان موسلمین و توندڕەوەکانە لەلایەک، لەگەڵ ئاقاری ئەو موسڵمانە ئەقڵانییانەی تەبان لەگەڵ مۆدێرنە و یاسا و ڕێساکانی مۆدێرنەدا، بەڵام بەبێ ئەوەی دەستبەرداری شوناسی ئیسلامیی خۆیان بن. ئەمانە بە شێوەیەکی زۆر کراوە و لیبرالانە شرۆڤەی ئیسلام دەکەن و وەکی ئیخوان و توندڕۆیەکان دەمارگیر و داخراو نین. تێگەیشتنی موسڵمانانی عەلمانی بۆ ئیسلام، جیاوازە لە تێگەیشتنی موسڵمانە فێندەمێنتالیستەکان. موسڵمانانی عەلمانی وەک پەیامی سۆز و بەزەیی و لێکبووردن لە ئیسلام دەڕوانن، نەک پەیامی شەڕ و جیهادکردنی بەردەوام بێت لە دژی ئەوانەی موسڵمان نین. بە بۆچوونی ئەمان سەرجەم مرۆڤایەتی شایەنی سۆز و بەزەیی یەزدانن، گەر چاکەکار و راستگۆ و دڵ و دەروون پاک بن. دواجار ئاینیش ڕەفتار و هەڵسوکەوتە، نەک شتێکی تر).

"گی کوک" لەسەر قسەکانی بەردەوامە و دەڵێت: (کەواتە نابێت لە ئاست ئەم ململانێیەی ناو ڕەوەندی ئیسلامی لە فرەنسا دەستەوستان بین، بگرە

پێویسته یارمەتی ئەو باڵەیان بدەین کە کراوە و ئەقڵانییە، گەر نا ئەوا باڵە توندڕۆیەکە بە سەریدا زاڵ دەبێت. ئەمەش نە فرەنسا بۆی قبووڵ دەکرێت، نەهیچ وڵاتێکی ئەوروپایی. ئێمە لەگەڵ ئیسلامی ڕۆشنگەری و ئەقڵانیداین، نەک لەگەڵ ئیسلامی دواکەوتوو و دەمارگیردا، وەک ئیسلامی بن لادن و خومەینی و تاڵیبان و نموونەکانیان). هەروەها وەکی نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت: (نابێت لە بەردەم ئیخوان موسلمین و توندڕۆیەکاندا چۆک دابدەین، چونکە ئەوانە تەنیا کەمینەیەکی بچکۆلەن لەناو ڕەوەندی ئیسلامیدا، هەرچەندە دەنگیان زوڵاڵە و هاشوهووشیان زۆرە. هاوکات دەبێت ئەو وتەزایەی فێندەمێنتالیستەکان بەرپەرچ بدەینەوە کە دەڵێت: ئێوە دژی حیجاب پۆشین، کەواتە ئێوە دژی ئیسلامن! ئەمە وتەزایەکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی ئیسلام لە حیجاب پۆشیندا کورت ناکرێتەوە... ئیسلام کولتوورێکی گەورە و بەهایەکی ئەخلاقی و ڕۆحیی زۆر بەرفراوانە و هەر بە تەنیا لە یاساغکردن و سنووردارکردنی کار و ئازادییەکاندا قەتیس ناکرێت. ئەمە بۆخۆی تێگەیشتنێکی ڕووکەش و میکانیکییانەیە بۆ ئیسلام. هەروەها پێویستە لەسەر ئەو کەسەی دێتە وڵاتەکەمانەوە و دەیەوێت لەسەر خاکی ئێمە بژی، ڕێز لە یاساکانمان بگرێت و پابەند بێت پێیانەوە، گەرنا ئەوا کەس زۆری لێ ناکات لامان بمێنێتەوە. ئێمە سەدەکانی ناوەڕاست و ئیماندارییی زۆرەملێیی و ناچاریمان تێپەڕاند، دوای ئەوەی بە درێژاییی چەندین سەدە بە دەستیەوە گرفتار بووین. کەواتە ئێمە ئارەزووی ئەوەمان نییە بگەڕێینە دواوە و ناچاریش نین خواست و داواکاری ئەو فێندەمێنتالیستانە جێبەجێ بکەین کە لەناو مزگەوتەکانی وڵاتەکەماندا، بە ئاشکرا دژایەتی شارستانییەتی خۆرئاوا دەکەن و تانە و تەشەری لێ دەدەن! هاوکات دژایەتی ئەو ئازادیی ئاینی و فرە بیر و باوەڕییە دەکەن کە لە کۆمەڵگەکانماندا هەیە و تۆمەتی بێ باوەڕی و کوفر و مادەپەرستی دەدەنە پاڵمان. تەنانەت هەندێکیان بانگەشەی کوشتنمان دەکەن،

لەبەرئەوەی ئێمە مەسیحین یاخۆ ئێمە کافر و بێ باوەڕین. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئێمە لە بۆچوونی ئەواندا تاوانبارین. بەم پێیە ئەوانە لای ئێمە جێگەیان نابێتەوە و نابێت ڕێگەیان پێ بدەین یاساکانی خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن. ئەوان لە سەریان پێویستە یان ڕێز لە یاساکانمان بگرن یاخۆ بچنەوە وڵاتی خۆیان. نابێت ڕێگەی ئەوەشیان پێ بدرێت ئەوەی لە مێشکیاندایە و بیری لێ دەکەنەوە، بەسەر ئەو بەشەی تری ڕەوەندی ئیسلامیدا فەرزی بکەن، کە بەوپەڕی هێمنی و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دوور لە هەراوزەنا دینداری خۆیان دەکەن). لە کۆتاییدا "گی کوک" دەڵێت: (من وەک خۆم کەسێکی مەسیحی کاتۆلیک مەزهەبم، بەڵام ڕێبەوە نادەم کڵێسا دەست لە کاروباری گشتی و سیاسەتی دەوڵەت وەر بدات. هەروەها ڕێگە نادەم کڵێسا یاساکانی خۆی بەسەر دامەزراوەکانی خوێندندا بسەپێنێت، وەک چۆن ڕێگە بە فێندەمێنتالیستە ئیسلامییەکانیش نادات ئەو کارە بکەن.. دەبێت خوێندنگە لە هەموو پڕوپاگەندەیەکی ئاینی بە دوور بێت، ئیتر مەسیحی یان ئیسلامی یاخۆ یەهوودی بێت).

"گی کوک" وەک مەسیحییەکی ئیماندار داکۆکی لە سیستەمی عەلمانی دەکات، لەبەرئەوەی تاکە سیستەمێکە ڕێگە دەدات بەوپەڕی ئازادییەوە مرۆڤ تەواوی وزە و تواناکانی خۆی بە گەڕ بخات. هەروەها سیستەمی عەلمانی سیستەمی ئازادیی فیکری و بیرو باوەڕەکانە و تاکە سیستەمێکیشە خوێندکاران پێکەوە کۆ دەکاتەوە و جیاوازی لە نێوانیاندا ناکات، ئەمە لە کاتێکدا سیستەمی فێندەمێنتالیزمی ئاینی تۆوی ڕق و دەمارگیری لەناو خوێندکارانی یەک خوێندنگەدا دەچێنێت و وایان لێ دەکات وا هەست بکەن کە تەواو لە یەکتر جیاوازن، نەک هەر ئەوەندەش، بگرە وا بزانن لە داهاتوودا دەبنە دوژمن و نەیاری یەکتری، چونکە موسڵمان ناکرێت متمانە بە مەسیحی و جوولەکە بکات، وەک چۆن ئەوانیش متمانە بە موسڵمان ناکەن. کەواتە فرەنسا هەرگیز ڕێگە بەوە نادات تۆوی

دووبەرەكی لەناو خوێندكارەكانیدا بچێنرێت، چونكە ئەوانە نەوەی دوارۆژ و دروستكەری داهاتووی ئەو وڵاتەن. بۆیە دەبێت یەكتریان خۆش بوێت و بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە لەگەڵ یەكتریدا هەڵبكەن نەک ڕق لە یەكتری هەڵگرن، لەبەرئەوەی ئەمیان لە بنەماڵەیەكی مەسیحییە و ئەویان ئیسلامییە و ئەوتریان یەهوودییە. لە فەرەنسادا تەنیا هاووڵاتی فەرەنسی هەیە و هەمووشیان هاووڵاتی پلە یەكن.

## ئیسلام لە فرەنسا

(ئیسلام لە فرەنسا)*، رەنگە گرینگترین کتێبێک بێت تا ئێستا لە فرەنسادا دەرچووبێت و باسی ئیسلام و موسڵمانان بکات لەو وڵاتەدا. "ئیڤ شارل زرکا"ی فەیلەسووف سەرپەرشتی کتێبەکەی کردووە. "زرکا" بەڕێوەبەری بەشە لە سەنتەری نەتەوەیی فرەنسا بۆ توێژینەوەی زانستی، هەروەها مامۆستای فەلسەفەی سیاسیی نوێ و هاوچەرخیشە لە زانکۆی سۆربۆن-پاریسی یەکەم. لەم ماوەی دوایشدا کتێبێکی بە ناونیشانی (تۆلێرانسی سەخت-٢٠٠٤) لە پاریس بەچاپ گەیاند. ئەم کتێبەی ئێستا لەبەردەستی ئێمەدایە و دەمانەوێت قسە و باسی لەبارەوە بکەین (ئیسلام لە فرەنسا)، لە حەوت سەد لاپەڕەی قەوارە گەورە زیاترە و دەیان توێژەری فرەنسایی و عەرەبی و ئیسلامی تێیدا بەشدار بوون. لەوانە: (روشدی عەلیلی، محەمەد ئەرکۆن، فەتحی بن سەلامە، ئەلیزابیس بادینتەر، عەبدە فیلالی ئەنساری، مەکسیم رۆنسۆن- کە بەم دواییانە کۆچی دوایی کرد-، ئۆلیڤێی روا، جیل کیبل، مالک شبل، دۆمێنیک ئۆرڤوا، ماکس گالۆ، جاکلین شابی، ئەلفرێد لویس دۆبریمار، بێرنار ستازی، برۆنۆ ئیتیان، کریستیان جامبێ و ..... چەند کەسێکی تر).

بە کورتییەکەی هەموو ئەوانەی لە دوور و نزیکەوە پێوەندییان بە هەلومەرجی وڵاتانی ئیسلامی و باسوخواسی ئیسلامییەوە هەیە، لەم کتێبەدا بەشدار بوون. زۆربەی زۆریشی یان بەشێوەی گفتوگۆیە یاخۆ بە

* Yves charles Zaraka (sous la direction de), L Islam en France, Paris,p.u.f, 2004.

نووسینی وتاری ئاساییبه. ئەو پرسیارەی ئەم کتێبە لە سەرەتاوە دەیکات ئەوەیە: (ژمارەی موسڵمانان لە فرەنسادا چەندە؟). وەکی ئاشکرایە ئەم پرسیارە لەم ماوانەی دواییدا بووەتە کێشەیەکی سیاسی و هەندێک ژمارەکە زۆر گەورە دەکەن و هەندێکی تریش کەمی دەکەنەوە. هەروەها ئەمانەش پێوەندی بە هۆکاری سیاسی و هەڵبژاردنەوە هەیە. هەندێک دەڵێن ژمارەی موسڵمانان لەو وڵاتەدا دەگاتە پێنج تا شەش ملیۆن کەس، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە ژمارەکە زۆر لەوە کەمترە.

کەواتە دەبێت ژمارەی راستەقینەیان چەند بێت؟ بەپێی دواین ئامار کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا کرا، دەری دەخات ژمارەی حەقیقی موسڵمانان لە فرەنسادا (سێ ملیۆن و شەشسەد و پەنجا هەزار) کەسە. بەڵام ئەم ژمارەیە ئەو فرەنسایییانە ناگرێتەوە کە بوون بە ئیسلام و موسڵمانبوونی خۆیان ئاشکرا کردووە. هەروەها ئەو کەسانەش ناگرێتەوە کە سەر بە کەمینە بچووکەکانن. بەم پێیە رەنگە ژمارەی گشتیان بگاتە چوار ملیۆن کەس و بەم شێوەیەی لای خوارەوە دابەش بوون:

- جەزائیرییەکان، ملیۆنێک و چوار هەزار کەسن.
- توونسییەکان، چوار سەد و حەڤدە هەزار کەسن.
- وڵاتانی ئەفریقایی، سێسەد و سی و نۆ هەزار کەسن.
- تورکەکان، سێسەد و سێزدە هەزار کەسن.

"جیل کیبل " کە لە کتێبەکەدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کراوە دەڵێت: (هەنووکە لە فرەنسادا ٥٪ بۆ ٨٪ ی دانیشتووانەکەی خەڵکانی بە رەگەز ئیسلامین. بەڵام دابەشکردنی خەڵک لەسەر بنەمای مەزهەبی، شتێکە لە فرەنسادا قەدەغەیە، لەبەرئەوەی عەلمانییەت ئاین وەک مەسەلەیەکی شەخسی سەیر دەکات و دەوڵەت بۆی نییە دەخالەتی تێدا بکات. هاووڵاتی لە فرەنسا هاووڵاتییە، ئیتر سەر بە هەر ئاین و مەزهەبێک بێت. لە فرەنسا

لەبەرئەوەی دەوڵەتێکی عەلمانییە، هاووڵاتیبوون و ئینتمای ئاینی تەواو لێکتر جیا کراونەتەوە و ئەمەش بە پێچەوانەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەوەیە کە تا ئێستاش چەمکی هاووڵاتیبوون، بە مانا مۆدێرنەکەی تێیاندا نەڕسکاوە و دروست نەبووە).

هەر لەو دیمانەیەدا "کیبڵ " ئەو هەڵوێستەی وەزیری ناوەخۆی پێشووی فرەنسا "نیکۆلا سارکوزی "، بەلاوە سەیرە کە رازی بووە ئامادەی ئەو کۆنفرانسە بێت کە فیدراسیۆنە ئیسلامییەکانی فرەنسا سازیان دابوو. لەم بارەیە پرسیارێک دەکات و دەڵێت: (چی ڕووی دەدا گەر وەزیری ناوەخۆ ئامادەی کۆنفرانسێکی سیاسیی بەرەی نیشتمانی بووایە کە جان ماری لۆپێنی ڕابەری ڕاستڕەوە توندڕۆیەکانی فرەنسا سەرکردایەتی دەکات؟). سەرەڕای ئەوەش "سارکوزی " موسڵمانە عەلمانی و لیبراڵییەکانی تووشی شۆک کرد، کاتێک فێندەمێنتالیستەکانی بەر ئەوان خست و ئەوانی بە شایستەتر زانی. موسڵمانە لیبراڵەکانی فرەنسا کە ئەو هەڵوێستەیان بینی، لەبەر خۆیانەوە دەیانوت: (گەر ئێمەش ریشمان لێ بەردایەتەوە و حیجابمان بپۆشیایە، ئەوا دەوڵەت بایەخی زیاتری پێ دەداین!). ئەم قسانەی "جیڵ کیبڵ " پێمان دەڵێت: (پێویستە دەوڵەتی فرەنسی بایەخ بەو موسڵمانە لیبرالانە بدات کە لەگەڵ عەلمانییەت و مۆدێرنە و سەردەمەکەدا کۆکن، لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆر لەوە زیاترە کە جەنابی وەزیر مەزەندەی دەکات).

لەلایەکی ترەوە خۆرهەلاتناسی مەزن "مەکسیم رۆنسۆن" لە وتارێکیدا بە ناوی : (تاعوونی مەزهەبییەوە)، فرەنسا لەو پەتایە وریا دەکاتەوە کە خەریکە لەسەر خاکەکەی بڵاو دەبێتەوە و بڵاو بوونەوە و تەشەنەسەندنیشی بە بۆچوونی ئەو، دەبێتە مایەی ئەوەی لە داهاتوودا یەکەتیی نیشتمانی ئەو وڵاتە بخاتە مەترسییەوە. سیستەمی عەلمانی فرەنسایی لەسەر بنەمای ئاینی و رەگەزی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا ناکات، بگرە بەو پێیە لەگەڵیاندا دەجووڵێتەوە کە هاووڵاتین و لەبەردەم یاسادا چون یەکن و پێویستە هەر بەو

شێوەیەش بمێننەوە. تۆ لە فەرەنسادا بەرلەوەی مەسیحی یان موسڵمان یاخۆ یەهوودی بیت، فەرەنساییت و ئینتمای نەتەوەیی (یاخۆ ئینتمای رەگەزنامە) بەسەر ئینتمای ئاینی و مەزهەبیدا زاڵ دەبێت، چونکە ئەمانە مەسەلەیەکی شەخسی و تایبەتین. بەم جۆرە پێکهاتەی یەکەتیی نیشتمانی لە فەرەنسادا دوای شۆڕشی ١٧٩٨ دروست بوو، بەمەش فەرەنسا بەسەر دابەشبوونی مەزهەبی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکاندا زاڵ بوو.

پاشان "رۆدنسۆن" هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (من بۆ خۆم ماوەیەکی زۆر لە لبناندا ژیاوم و دەزانم پەتای مەزهەبی چییە و چۆن چۆنی دەبێت بە خۆرە و کۆمەڵگە وێران دەکات و دەبێتە مایەی شەڕی ناوخۆیی. لە لبناندا بتەوێت و نەتەوێت مەسیحیت، لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی مەسیحیدا هاتوویتە دنیاوە. موسڵمانیشیت، لەبەرئەوەی خانەوادەکەت خانەوادەیەکی ئیسلامییە. ئیتر هەرگیز بۆت نییە لەم چوارچێوە مەزهەبییە بێیتە دەر، تەنانەت ئەگەر ویستی شتێکی واشت هەبێت. لەو وڵاتەدا تۆ تەنانەت ئەگەر کۆمۆنیست و لیبراڵی و عەلمانیش بیت، خەڵک هەر لەسەر بنەمای ئەوەی تۆ سوننی یان مارۆنی یان شیعە یان درزیت، سەیرت دەکەن و مامەڵەت لەتەکدا دەکەن. واتە لە لبناندا مەسەلەی ئینتمای مەزهەبی، لە هاتنە دنیاتەوە تا مردنت بەدواتەوەیە و لێت نابێتەوە).

"مەکسیم رۆدنسۆن" بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بۆ فەرەنساییەکان روونتر بکاتەوە، لەبەرئەوەی هەنووکە ئەوان بە کێشەیەکی وا نامۆن و سەیرە بەلایانەوە، ئەوا دەڵێت: (مەزندەی شتێکی وا بکەن گەر جۆرج مارشێ لبنانی بوایە، یاخۆ ئەو سیستەمە مەزهەبییەی لبنان لە فەرەنسادا بووایە. دەزانن چی دەقەوما؟ خەڵک ئەو کات دەیانزانی مارشێ نوێنەری زۆرینەی کاتۆلیک مەزهەبەکانە، ئەگەرچی ئەو ڕابەری پارتی کۆمۆنیستە و دوور و نزیک پێوەندی بە ئاینزای کاتۆلیکییەوە نییە! واتە مارشێ لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی کاتۆلیکی فەرەنسی بووە، ئەوا ئینتیمای مەزهەبی هەر لێ

نەدەبووەوە تا مردن، ئەگەرچی مولحدیش بێت. ئەمەش وا دەکات ئینتیما مەزهەبییەکەی بەسەر ئینتیما کۆمۆنیستییەکەیدا زاڵ بێت).

هەروەها ئەگەر بە پێی پێودانگەکانی کۆمەڵگەی لبنانی یاخۆ هەر کۆمەڵگەیەکی تر بێت کە لەسەر بنەمای مەزهەبی دروست بووبێت، ئەوا "فرانسوا میتران" هەر لە "میشال رۆکار"ی دەبردەوە، لەبەرئەوەی رۆکار سەر بە کەمینەی پرۆتستانت مەزهەبەکانە. ئاخۆ ئێمە ئەم پێودانگانەمان بۆ فرەنسا دەوێت؟ ئاخۆ ئەمە هاوولاتیبوونی راست و دروستە؟ یان ئاخۆ فرەنسا بە درێژایی چەند سەدەیەک خەباتی کرد لە پێناو ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە مەزهەبییە کۆنەی، بەر لە بەرپابوونی شۆڕش لە ئارادا بوو؟. پاشان "رۆدنسۆن" دەپرسێت: هەموو ئەمانە چی دەگەیەنێت؟ ئەوە دەگەیەنێت کە هاوولاتی لبنانی، بەر لەوەی لبنانی بێت مارۆنی یان شیعی یان سوننی یاخۆ درزییە. بەم جۆرەش ئینتمای مەزهەبی بەسەر ئینتمای نەتەوەیی و ئینتمای رەگەنامەدا زاڵ دەبێت. بۆ نموونە دەوڵەتی لبنانی لەو وڵاتەدا ناتوانێت ئەندازیارێکی مارۆنی دابمەزرێنێت، گەر یەکسەر بە دوای ئەودا ئەندازیارێکی سوننە مەزهەبیش دانەمەزرێنێت. تەنانەت ئەگەر ئەو ئەندازیارەش، خاوەنی هیچ توانا و لێهاتوویەکیش نەبێت! ئەمەش بۆ ئەوە دەکەن تا هاوسەنگی مەزهەبی لە وڵاتدا رابگرن، لەبەرئەوەی دەوڵەتی لبنانی لەسەر ئەو بنەمایە دروست بووە. ئاخۆ ئێمە ئەمەمان بۆ فرەنسا دەوێت؟ گەر وا بێت و ئەمە رووبدات، ئەوا مانای کۆتاییهاتنی پێشکەوتن و شارستانییەتی فرەنسا دەبێت). "رۆدنسۆن" لەسەر قسەکانی بەردەوامە و دەڵێت: (لە لبنان ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکانیش، هەر لەسەر بنەمای مەزهەبی دیاری دەکرێن و هەر ئاینزایە و بەشی تایبەتی خۆی هەیە. من کاتێک لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، لەو وڵاتە بووم مەزهەبگەرایی خەفە بوو، واتە پێکەوە ژیان و هەڵکردن لەگەڵ یەکدا مومکین بوو. بەڵام چەند ساڵێک دوای ئەوە ئاگری مەزهەبگەرایی

تەنییـەوە و تەڕ و وشكی پێكەوە سـووتـاند و بووە مـایەی وێرانبـوونی لبنان.
كەواتە وریا بە فرەنسا!).

بەڵام توێژەری ناسراوی بواری ئیسلامیی سیاسی یاخۆ فێندەمێنتالیزم، "ئولیڤێ ڕوا" دەپرسێت و دەڵێت: (ئاخۆ ئیسلام لە ئاینەكانی تر جیاوازترە؟ ئاخۆ لە ناو ئەو ئاینانەی كە لە فرەنسادا هەن، هەر بە تەنیا ئیسلام كێشە دەنێتەوە؟). لە وەڵامدا دەڵێت: بێگومان نا. پێویستە بزانین كە سیستەمی عـەلمانی لە بنەڕەتدا دژی ئاینی مـەسـیـحی دروست بوو، دوای ئەوەی جـەنگێكی بێـئـامـانی لە دژی ئاینزای كـاتۆلیكی بەرپا كـرد كـە ئاینزای زۆرینەی فرەنسـاییيەكانە، بەڵام فرەنساییيەكان یادەوەرییان كزە و بە هۆی باڵادەستیی سیستەمی عەلمانی بەسـەریانەوە بە درێژاییی سەدەیەک، هەموو ئەو شـتـانەیان بیرچووەتەوە. بەڵام لە نەوەكانی پێشوو بپرسن لە ڕابردوودا چی ڕووی داوە و مەسەلەی چەسپاندنی عەلمانییەتیش چەند دژوار بووە؟ لەو نەوەیە بپـرسن عـەلمانیـیـەت چ پەرچەكـردارێكی لەلای پیـاوانی ئاینی و فێندەمێنتالیستە مەسیحییەكان دروست كرد، بە تایبەتیش كـاتۆلیک مـەزهـەبەكـان! ئەوانە لە سـەرەتادا عـەلمانییـەتیـان بە هەمـوو شێوەیەک ڕەت كردەوە و پێیـان وابوو، هاتنی عەلمانییـەت بە مانای كۆتاییـهاتنی ئاینە. كە ئەمـانـەتان كـرد، ئەوسـا لە پەرچەكـرداری تووڕەی فـێندەمـێنتـالیـزمـە ئیسلامییەكان لە ئێستادا تێ دەگەن. كەواتە هەموو ئاینێک بەبێ هەڵاوێرد، بەرامبـەر عـەلمانیـیـەت و دیموكراسی و ئازادیی بیروڕاو مـافـەكـانی مرۆڤ دوودڵ و نیگەرانە و ئەمـەش هەر بە تەنیـا ئاینی ئیـسـلام ناگـرێتـەوە. لە كاردینالّ "ڕاتزنجیر" بپرسین كە بەرپرسی كاروباری ئاینییە لە ڤاتیكان**، ئەوا لە وەڵامدا پێتان دەڵێت: (حەقیـقـەت یەک حـەقیـقـەتە و ئەویش تەنیا لە ئاینی مەسیحیدا هەیە). گەر ئەو پرسیارە لە شێخی ئەزهـەریش بكەن، ئەوا

** لە ئێستادا پاپای ڤاتیكانە، بەناوی پاپا بندیكتۆسی شازدەوە

هەمان وەڵامتان دەداتەوە، بەڵام ئیسلام لە جێگەی مەسیحییەت دادەنێت. لە گەورە حاخامەکانی جوولەکەش بپرسن، هەمان شتتان پێ دەڵێن. کەواتە فێندەمێنتالیزمی ئاینی، هەر هەمووی یەکێکە و جیاوازی لە نێوانیاندا نییە.

هەموو فێندەمێنتالیستێکی ئیماندار پێت دەڵێت: (یاسای ئیلاهی لەسەروو یاسای مرۆڤەوەیە). هەر لەبەر ئەوە فێندەمێنتالیستی ئیسلامی یاساکانی جمهووری فەرەنسی ڕەت دەکاتەوە و پابەندی شەریعەتی ئیسلامی دەبێت. کاتۆلیک مەزهەبێکیش بەر لە سەد ساڵ لە ئێستا، واتە بەر لەوەی عەقڵی گەشە بکات و عەلمانییەت پەسند بکات، واتە ڕازی بێت بە جیاکردنەوەی کایەی سیاسی لە کایەی ئاینی، هەر هەمان شتی دەکرد. کەواتە پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان یاسای دەوڵەتێکی عەلمانی لەگەڵ یاسای ئاسمانیدا، ئەویش لەبەر بوونی چەندان مەزهەب و ئاینی جیاجیا. ئەمە لە کاتێکدا یاساکانی جمهووریەتی فرەنسا یەک شتە و وەک یەکیش بەسەر هەموو کەسێکدا جێبەجێ دەبێت کە لەسەر خاکی ئەو وڵاتەدا بژی.

وەکی "ڕوا" دەڵێت: (ئێمە ناتوانین یاسایەک بۆ جوولەکە و یاسایەکی تر بۆ مەسیحی و یەکێکی تر بۆ موسڵمانان و ئەوی تر بۆ بوودییەک دابنێین. ئێمە کار بە یاسایەک دەکەین کە بۆ هەمووان بێت). ئەو فێندەمێنتالیستە ئیسلامییانەی لە فرەنسا نیشتەجێن، لەوانەش "تاریق ڕەمەزان" خەریکن لەوە تێ دەگەن. "تاریق ڕەمەزان" لای خۆیەوە داوای لە موسڵمانانی ئەو وڵاتە کرد، ڕێز لە یاساکانی دەوڵەتی فەرەنسی بگرن و دەستبەرداری کارکردن بە شەریعەتی ئیسلامی بن. "ئۆلیڤێ ڕوا" هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (سەروەختێک نیکۆلا سارکوزی گرینگی بە فیدراسیۆنە ئسوولییەکانی ناو فرەنسا دا، بە تایبەتی فیدراسیۆنی نەتەوەیی موسڵمانانی فرەنسا FNMF، لەگەڵ فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە فرەنسا Uolf، ڕووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بووەوە.. ئەم دوو ڕێکخراوە لە ئیخوان موسلمینەوە نزیکن و نوێنەرایەتی توێژێکی

بەرفراوانی موسڵمانانی فرەنسا دەکەن و دوو ڕێکخراوی زۆر سیاسین. لێرەوە ناکرێت دەوڵەت گرینگییان پێ نەدات و فەرامۆشیان بکات. سەرەڕای ئەوەی ئەم بڕیارەی سارکوزیش باگراوندی سیاسیی خۆی هەیە. سارکوزی سەروەختێک بڕیاری دا ئەو ڕێکخراوانە بەشداری ئەو گفتوگۆیانە بکەن کە لەمەڕ ڕێکخستنی کاروبارەکانی ڕەوەندی ئیسلامی لە فرەنسا لە ئارادا بوو، ئەوا دەیویست بە تیرێک دوو نیشانە بپێکێت، یەکەمیان کەسە توندڕۆیەکانی ناو ئەو ڕێکخراوانە کۆنترۆڵ بکات و دووەمیشیان ئەو ڕێکخراوانە بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامیدا بەکار بهێنێت. کەواتە سارکوزی دەزانێت چی دەکات و بەو ئەندازەیە گەمژە و هەڵەشە نییە وەکی هەندێک پێیان وابوو. سەرەنجامیش ئەوە کە ئاراستەی ئەو ڕێکخراوانە دەکات، نەک ئەوان جڵەوی ئەویان کردبێت. سەرەڕای ئەوەش ئەمە تاکە ڕێگەیەکە بۆ گۆڕینی عەقڵییەتی فێندەمێنتالیستەکان و بۆ ئەوەی وایان لێ بێت لە مۆدێرنە تێ بگەن و بەشێوەیەکی شێلگیرانەتر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. هەر کاتێک ئەم ڕێکخراوانە بخەیتە پلە و پایەی بەرپرسیارێتی، ئەوا نارەزاییان لە دژی حکوومەتی فرەنسی کەمتر دەبێتەوە و میانڕەوتر دەبن و زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن). بەم جۆرە "ئۆلیڤێ ڕوا" داکۆکی لە هەڵوێستی "نیکۆلا سارکوزی" دەکات، بە پێچەوانەی "جیل کیبل"ە وە کە ڕەخنەی لێ دەگرێت.

ئێستا دێینە سەر وتارێکی زۆر گرینگی ناو ئەم کتێبە کە ڕۆژنامەنووسی سویسرایی "سیلڤان بیسۆن" نووسیویەتی. "بیسۆن" لە ڕۆژنامەی (لوتان) کار دەکات لە شاری جنێف. وتارەکەی بەم ناونیشانەیە: (بنەماڵەی ڕەمەزان و پێگەیان لە سیستەمی فێندەمێنتالیزمی نێو دەوڵەتیدا). ئەڵبەتە مەبەستی نووسەریش بنەماڵەی "تاریق ڕەمەزان"ە. سەرەتا "بیسۆن" دەڵێت: (سەعید ڕەمەزانی باوکی تاریق، ساڵی ١٩٦١ سەنتەرێکی ئیسلامی لە شاری جنێف

دامەزراند. ئەمەش دەبێتە یەکەمین سەنتەری ئیسلامی لە ئەوروپادا. سەعید رەمەزان لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا و دوای دەرچوونی لە زیندانی عەبدولناسر، ڕوو دەکاتە وڵاتی عەرەبستانی سعوودیە. لەوێ کۆمەکێکی گەورە دەکرێت و دوای ئەوە بەرەو سویسرا دەچێت و لەوێ ئەو سەنتەرە دەکاتەوە، لە پێناو بەگژاچوونەوەی ئەو فەلسەفە ماتریالیزمە بێ باوەڕییەی، خۆرئاوای تەنیوەتەوە ئەڵبەتە ئەمە بە بۆچوونی ئەو-. ئەمەش مانای وایە سەعید ڕەمەزان هەر لە سەرەتاوە چۆتە شەڕێکی سەرتاسەرییەوە، نەک هەر بە تەنیا لەگەڵ کۆمۆنیزمدا، بگرە لەگەڵ لیبراڵیزمیشدا. نەک هەر لەگەڵ یەکەتی سۆڤیەتدا، بگرە هاوکات لەگەڵ خۆرئاوای دیموکراسی و عەلمانیشدا. لە دووەمین ساڵی دامەزراندنی ئەو سەنتەرەدا سەعید رەمەزان، برگە سەرەکییەکانی ئەو پرۆژەیە دیاری دەکات کە دواتر ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لێ دەکەوێتەوە و ئەم ڕابیتەیەش عەرەبستانی سعوودیە کۆمەکی دەکات و هەر خۆشی ڕێبەرایەتی دەکات. بەڵام لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا، کێشە لە نێوان سەعید ڕەمەزان و عەرەبستانی سعوودیەدا دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو وڵاتە هەموو کۆمەکە داراییەکانی بۆ ئەو سەنتەرە لە ژنێڤ رابگرێت). هەندێک پێیان وایە ئەم کێشانە نەبووە مایەی پچڕانی پێوەندی یەکجارەکی لە نێوانیاندا. بۆ نموونە پارساڵ "تاریق رەمەزان" لە باڵیۆزخانەی سعوودیە لە شاری پاریس بینراوە، هەروەها "تاریق" پێوەندی لەگەڵ "نادیە کرموس"دا هەیە کە نوێنەری ڕابیتەی جیهانی ئیسلامییە لە سویسرا.

بەڵام ئاخۆ ئەم "سەعید ڕەمەزان"ە کێیە؟

"سەعید ڕەمەزان" زاوای "حەسەن بەننا"ی دامەزرێنەری گرووپی ئیخوان موسلمینە لە میسر و یەکێکە لە دوژمنە سەرسەختەکانی "جەمال عەبدولناسر". لە تەمەنی چواردە ساڵیدا پێوەندی بە ریزەکانی ئیخوان موسلمینەوە کردووە و پاشان بووەتە سکرتێری "حەسەن بەننا" و ئەویش

"وەفا"ی کچی خۆی داوەتێ. لە ڕاستیدا سەنتەری جنێڤ بووەتە شوێنکاری بنەماڵەی "ڕەمەزان". لەلایەک "هانی ڕەمەزان" سەرۆکی سەنتەرەکەیە و سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن "ئەیمەن ڕەمەزان"ە و ئەندامەکانیشی برێتین لە هەریەک لە: (وەفا ڕەمەزان و ئەروا ڕەمەزان، لەگەڵ تاریق و بیلال و یاسر ڕەمەزان. لە ئێستاشدا تاریق ڕەمەزان لە هەموویان بەناوبانگترە و میدیاکانی خۆرئاوای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە). "تاریق ڕەمەزان" و براکانی مەشرووعییەتی ئایدۆلۆجییان لە سێ سەرچاوەوە وەردەگرن: "سەعید ڕەمەزان"ی باوکیان کە بە درێژاییی ژیانی خۆی دژایەتی "عەبدولناسر"ی کرد، لەگەڵ ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی کە مەڵبەندەکەی لە شاری (جدەی) عەرەبستانی سعوودیەیە، هەروەها شێخ "یوسف قەرزاوی" کە لە ڕێی بەرنامە بەناوبانگەکەی (شەریعە و ژیان) لە کەناڵی جەزیرەوە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر جەماوەری عەرەبی ئیسلامی هەیە.

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، "تاریق ڕەمەزان" ڕابیتەی موسڵمانانی سویسرای کردەوە کە داوا دەکات قوتابخانەی ئیسلامی تایبەت لەو وڵاتەدا بکرێتەوە و تێیدا بە شێوازی ئیخوان موسلمین پەیامی ئیسلامی بە خوێندکاران بوترێتەوە. لە بەیاننامەی دامەزراندنی ئەو ڕابیتەیەدا "تاریق ڕەمەزان" دەڵێت: (ئامانجی ڕابیتەکەمان نیشاندان و ناساندنی ڕۆڵی شارستانێتی ئاینی ئیسلامە و بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە دەسەڵاتدارانی سویسرا دەکات بەشێوەیەکی ڕەسمی لە دوای مەسیحییەتەوە، ئیسلام وەک دووەم ئاین لەو وڵاتەدا بناسێن). بەڵام کێشەکە وەکی "سیلڤیان بیسۆن"ی ڕۆژنامەنووس دەڵێت، لەوەدایە کە سویسرا وڵاتێکی عەلمانییە و ئیعتراف بە هیچ ئاینێکی ڕەسمی دەوڵەت ناکات، ئەگەر چی سەدان ساڵە لەو وڵاتەدا مەسیحییەت باڵادەستە.

دوای هێرش و پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر، "تاریق ڕەمەزان" داوای کرد لە ساڵی داهاتوودا، واتە لە ئەیلوولی ٢٠٠٢دا کۆنگرەیەکی گشتی ساز

بکرێت بۆ تاوتوێکردنی ئەو ڕووداوە گەورە و بۆ ئەوەی موسڵمانە فێندەمێنتالیستەکان بزانن چۆن چۆنی ڕووبەڕووی قۆناغی داهاتوو دەبنەوە کە بێگومان قۆناغێکی سەخت و دژوارە. ئەو کۆبوونەوەیە گەیشتە ئەم شتانەی لای خوارەوە:

یەکەم: پێویستە موسڵمانان پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو لایەن و ناوەندانەدا تۆکمە بکەن لە خۆرئاوا کە نەیاری ئیسرائیلن، ئەویش بۆ ئەوەی کەلێنێک بخەنە پێوەندییەکانی نێوان ئەوروپا و ئیسرائیل.

دووەم: پشتیوانیکردنی خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان، تەنانەت کارە خۆکوژییەکان و تەقاندنەوەی سەیارە بۆمبڕێژکراوەکانیش.

سێیەم: دروستکردنی کەلێن لە پێوەندی نێوان ئەوروپا و ئەمەریکا، لە پێناو دوورخستنەوەی ئەوروپا لە ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا.

"سیلڤیان بیسۆن" پێی وایە شێخ "یوسف قەرزاوی" بووەتە مامۆستای هەمووان، لەوانەش "تاریق رەمەزان" و "هانی رەمەزان" و هەموو ئەو نەوە لاوە ئسوولییەی دەیانەوێت خۆیان لە بەرگی ریفۆرمیستدا نیشان بدەن! وەکو ئاشکرایە "یوسف قەرزاوی" بە ئاشکرا ئیدانەی هێرش و پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەری کرد، بەڵام ئەو کردەوە تیرۆرستییانە بەڕەوا دەزانێت کە لە ئیسرائیلدا ئەنجام دەدرێت و هاوولاتی ئاسایی بەردەکەوێت. "قەرزاوی" وەکی "تاریق رەمەزان" و براکانی مەشرووعییەتی ئاینی خۆی لە "حەسەن بەننا"وە وەردەگرێت. هەریەک لە " یوسف قەرزاوی " و "تاریق ڕەمەزان" پێکەوە بەشداری کۆڕ و کۆنفرانسەکان دەکەن و هەردووکیشیان سەر بە باڵی ریفۆرمخوازانن، وەکی هەندێ پێیان وایە، بەڵام هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە ئەم ریفۆرمخوازییە تەنیا رووپۆشێکە و پەردەپۆشیی نیەتی راستەقینەی خۆیان و خەسڵەتی رادیکالیی بیرکردنەوەیانی پێ دەکەن. چونکە دواجار هەردووکیان دوو کەسی فێندەمێنتالیستن و دژی هەر

تازەکـردنەوەیـەکی ڕاست و دروسـتی فـیکری ئیـسـلامین، وەکی ئـەوەی لە فـیکری مـەسـیـحی ئەورووپاییـدا رووی دا. ئەوانەی لە ولاتی ئیـسـپـانیـادا لێکۆڵینەوە لەگەڵ گومانلێکراوەکانی سەر بە تۆڕی قاعیدە دەکەن، پێیان وایە شێخ "یوسف قـەرزاوی" پێوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ یەکێک لە ئەندامە گرینگەکانی ڕێکخراوی قاعیدەدا هەبووە، بە ناوی "ئەحمەد ئیبراهیم"ەوە کە دەسەلاتدارانی ئیسپانیا لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٢دا دەستگیریان کرد.

تا دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٢ "قەرزاوی " پشکی دارایی لە بانکی (تەقوا)دا هەبووە، ئەم بانکەش لەلایەن حکوومـەتی ئەمـەریکییـەوە خـراوەتە لیـسـتی رەشـەوە، بە گـومـانی ئـەوەی یارمـەتیی دارایی پێـشکێش بە ریکخـراوە تیرۆریستییەکان دەکات. دوان لە بەڕێوەبەرانی ئەم بانکە لە ولاتی سویسرا نیشتەجێن و دەسەلاتدارانی ئەو ولاتەش تاوانباریان کردن بەوەی باربووی ڕێکخراوەگەلێکی تیرۆریستی دەکەن. یەکێکیان ناوی "یوسف نەدا"یە و دانی بەوەدا ناوە کـە بۆ سـالانێکی زۆر ڕۆڵی وەزیری دەرەوەی گـرووپی ئیـخـوان موسلمینی گێڕاوە لە ئەورووپا و جیهاندا. هەرچۆنێک بێت، بەلام خەڵک بیر و بۆچوونی جـیـاجـیـایان لەسـەر "تاریق ڕەمـەزان" هەیە. هـەندێک دەڵێن: (ریفۆرمیستێکی میانڕەوە)و هەندێکی تریش پێیان وایە: (لەژێر پەردەی ئەو مـیـانڕەوی و چاکسـازییـەدا، رادیکالێکی تـوندڕۆ خـۆی مـەلاس داوە). ئەو هــەنووکـە لە خـــــــۆرئاوا دەژی و ناتوانێت لەوە زیاتر پڕکـێـشی بکات. لەبەرئەوە تۆمەتی دووفاقێتی تا ئێستاش بەدواوەیەتی .

لێرە بەدواوە دێینە سەر ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ پرۆفیسۆر "ئەلفرێد لویس دۆبریمار"دا کراوە. ئەم توێژەرە ئەکـادیمیـیـە دەڵێت: (لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدە و سەرکەوتنی مۆدێرنەی زانستی و فەلسەفییەوە، هەڵوێستێکی نوێ لە تێکستـە ئاینیـیـەکان هاتە ئارا بە بەراورد بە سـەردەمانی پێـشـوو. واتە زانایانی بواری زمــان و مــێـژوو، وەکی تێکسـتـێکی ئـەدەبی یاخـۆ وەک دیکۆمێنتێکی مێژوویی کەوتنە تاوتوێکردنیان. زانای ئـەو بوارانە پێیان وایە

ئەو تێکستە ئاینییانە، وەک هەر تێکستێکی گریکی یان ڕۆمانی لە پیت و وشە و بڕگە و ڕستە پێکهاتووە و جیاوازی لەگەڵ ئەواندا نییە. بەم جۆرە زاناکانی ئەوروپا کەوتنە لێکۆڵینەوەی تەورات و ئینجیل و میتۆدەکانی مێژووناس و زمانناسی مۆدێرنیان بەسەردا پراکتیزە دەکردن. لەم هەوڵەشیاندا بە گەلێک بەرەنجامی سەیر گەیشتن، بەڵام جیاواز بوو لەگەڵ بۆچوون و بیر و باوەڕی ئیمانداران، کارێک کە بووە مایەی دروستبوونی پەرچەکرداری توند لە ناوەندە یەهوودی و مەسیحییە ئسووڵییەکاندا. پاشان هەمان میتۆدیان بەسەر قورئان و تێکستە ئیسلامییەکاندا پراکتیزە کردو، بەهەمان ئەو بەرەنجامە گرینگ و سەرسوڕهێنەرانە گەیشتن. بەڵام لە جیهانی ئیسلامیشدا ڕووبەڕووی پەرچەکرداری توندبوونەوە، لەلایەن موسڵمانە تەقلیدییەکانەوە کە خۆرهەڵاتناسانیان بە هەوڵی تێکدان و شێواندنی ئیسلام و پەلاماری پێغەمبەری ئیسلام و... هتد، تاوانبار کرد).

لە ڕاستیدا خەسڵەتی توێژینەوەی مێژوویی ئەوەیە پەردە لەسەر شتەکان هەڵدەماڵێت و ڕووی ڕاستەقینەیان ئاشکرا دەکات. واتە پێت دەڵێت: (پێش هەزار یان دوو هەزار ساڵ لە ئێستا چی ڕووی داوە. نەک وەک ئەوەی تۆی باوەڕدار پێت خۆشە، بگرە وەکو ئەوەی چۆن ڕووی داوە! بەم پێیە توێژینەوەیەکی لەم جۆرە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە کۆنانەدا بەریەک دەکەوێت کە سەدان ساڵە لە مێشک و دڵی خەڵکدا ڕەگی داکوتاوە و بووەتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر. لەبەر ئەوە ئەو میتۆدە ئەقڵانییەی خۆرهەڵاتناسان بەسەر قورئان و مێژووی ئیسلامدا پراکتیزەی دەکەن، دەبێتە مایەی تووڕەیی و نارەزایی موسڵمانان، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە هەمان شتیش لەناو جوولەکە و مەسیحییەتدا ڕووی داوە. وێنەی مێژوویی جیاوازە لەو وێنە ئایدیالییەی ئیمانداران لەمەڕ کەلەپوور و ئاینی خۆیان پێشکێشی دەکەن).

مەسیحییەکان لە ئەوروپا کێشەی خۆیان لەگەڵ ڕەخنەی مێژوویی و

زانسـتیی مـۆدێرندا یەکـلایی کـردەوە و ئیـتـر وەکی جـاران، ئەو زانـایانە تاوانبار ناکەن کە میتۆد و ڕێبازی نوێ بەسـەر ئینجیل و مێژووی سـەرەتایی مـەسیـحییـەتدا پراکتـیزە دەکات. بەڵام تا ئێـسـتـاش مـوسـڵـمـانان لەسـەر هـەڵوێسـتی تەقلیـدیی رابردوویان بەردەوامن، هـەر لەبەر ئەوەشـە کـە زۆر بە توندی سـەرکـۆنەی خـۆرهـەڵاتنـاسـان دەکـەن، نەک هـەر ئەوەندەش بگرە تەنانەت ئەو تـوێژەرە مـوسـڵـمـانانەش تاوانبـار دەکـەن کە رازی دەبن بەوەی رەخنەی مـێـژوویی بەسـەر ئاین و کـەلەپووری ئیـسـلامـدا پـراکتـیـزە بکەن. شـایەنی باسـە مـوسـڵـمـانان تا ئێـسـتـا خـۆیان لەگـەڵ رابردوودا یەکـلایی نەکـردووەتـەوە، بەڵام بێگـومـان رۆژێک دێت ئـەو کـارە دەکـەن، دوای ئەوەی هۆشیاری مێژوویی و زانستی لەناویاندا بڵاو دەبێتەوە و بەسـەر هۆشیاریی میتۆلۆجی و ئسوولی کۆندا زاڵ دەبێت.

لەلایـەکی ترەوە مـێـژوونـووس و رۆمـانـنووسی بەناوبـانگی فـرەنسـایی (بەرەگەز ئیتاڵی) "ماکس گالۆ" بە وتارێک بەشداری لەم کتێبەدا دەکات کە بەم ناونیـشـانەیە: (عـەلمانیـیـەت بەسـەر هـەمـوو ئاینەکـاندا زاڵ بوو). تێـیدا دەڵێت: (عـەلمانیـیـەت ڕێگە بە مـرۆڤ دەدات باوەڕ بە هـەر ئاینێک بێنێت کە خۆی دەیەوێت یاخۆ بۆی هەیە هیچ ئاینێکی نەبێت! هـەروەها رێی پێ دەدات گـەر ویستی بوو ڕێوڕەسـمی ئاینی خـۆی جێبەجێ بکات، گـەر نەشی ویست ئەوا ئازادە. بـەڵام ئاین ئەم ئازادییـە نادات‌ە مـرۆڤ و ناچـاری دەکـات تەنیـا باوەڕ بەو ئاینە بهێنێت کە لـەسـەری لەدایک بـووە و دەبێت پێی خـۆش بێت یان نا، ڕێوڕەسمەکانی بەجێ بهێنێت. لەبەرئەوە دەڵێم: عەلمانییەت لەسەروو ئاینەکـانەوەیە، لەبـەرئەوەی رێز لە ئـازادی و کـەرامـەتی مـرۆڤ دەگـرێت). پاشـان "ماکس گالۆ" هێرش دەکاتەوە سـەر"نیکۆلا سارکوزی "، لەبەرئەوەی بەشداری کۆنگرەی مـوسڵمانە فێندەمێنتالیستەکانی فرەنسای کردووە لە (بورجێ )و لەوێدا وتارێکی بەناوبـانگی پێـشکێش کـردووە، لە کـاتێکدا لە هۆڵەکەدا ژنـانی حیجاب پۆشیـان لە پیاوە ڕێشدارەکان جیا کردبووەوە.

"گالۆ" دەڵێت: (ئەمە لەگەڵ شان و شەوکەتی وەزیری جمهووری فرەنسادا ناگونجێت کە باوەڕی بە یەکسانی ژن و پیاو هەیە و ڕێگە بە جیاکردنەوەیان نادات بەم شێوە سەیروسەمەرەیە).

لەلایەکی ترەوە "ماکس گالۆ" رەخنە لە چەپی فرەنساییش دەگرێت، لەبەرئەوەی بەڕادەیەک پێیان لەسەر پلورالیزم و جیاوازی داگرت کە هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە لە فرەنسادا بە بیانووی مافی جیاوازبوونەوە، چی دەوێت بیکات. بۆ نموونە بە پاساوی ڕای جیاوازەوە، تۆ بۆت هەیە عەلمانییەت رەت کەیتەوە و داکۆکی لە حیجاب و فرەژنی بکەیت!! هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (هەندێ رەفتار و هەڵسوکەوت هەیە نابێت لەو ولاتانەی رێزی مافەکانی مرۆڤ و هاولاتیبوون دەگرن، رێگەیان پێ بدرێت. ئێمە لە ئەوروپا زۆرمان بەدەست فێندەمێنتالیزمی مەسیحییەتەوە چەشت، کەواتە نابێت بهێڵین فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە ولاتەکەماندا تەشەنە بکات. سەروەختێک ئەو دیکۆمێنتە تیۆلۆجییە دەخوێنینەوە کە قەشە سان بێرنار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نووسیویەتی، هەست دەکەین قسەکانی بن لادن دەخوێنینەوە!. قەشە بێرنار دەڵێت: کوشتنی کافران-واتە ئەوانەی مەسیحی نین-، بەجێهێنانی فەرمانی یەزدانە و کارێکە زۆرتر لە خوامان نزیک دەکاتەوە! بۆچی ؟ لەبەرئەوەی کوشتنی کافر بەمانای کوشتنی خراپەکاری و ریشەکێشکردنی تاوان دێت لەسەر زەوی .... ئێ خۆ بن لادنیش هەر ئەوە دەڵێت. ئاخۆ دەبێت لە فرەنسادا ڕێگە بەم قسانە بدەین؟). پاشان چەندین هۆشیاری دەدات و دەڵێت: (وریا بن لە گەڕانەوە بەرەو دواوە وریا بن دەستەبەری عەلمانییەت و مۆدێرنە بن، چونکە ئەوانە شانازیی ئەوروپا و فرەنسان. هەروەها بەئاگا بن و نەکەن سیستەمی مەزهەبی پەیرەو بکەن، چونکە نامانەوێت فرەنسا ببێتە مەڵبەندی کۆمەڵێک ئاینزای ناکۆک بەیەک).

دواجار "ماکس گالۆ" بەم قسانە کۆتایی پێ دێنێت و دەڵێت: (ئێمە

جمهووریەتی تاکە کەس و هاوولاتییانی ئازادمان دەوێت، نەک جمهووریەتی مەزهەب و ئاینەکان. بێگومان هەموو کەسێک خۆی ئازادە چی دەکات و مافی ئەوەی هەیە باوەڕ بهێنێت یان نا، ڕێورەسمی ئاینی جێبەجێ بکات یاخۆ نەیکات. بەڵام لەسەر ئاستی گشتی پێویستە وەکی هاوولاتییەک رەفتار بکات، نەک وەک موسڵمان یان مەسیحی یاخۆ بوودایی و جوولەکە. ئێمە لە فرەنسادا هاوولاتی فرەنساییمان هەیە کە هەموویان لەبەردەم داوودەزگاکانی دەوڵەتدا وەک یەکن و بەپێی بنەماکانی جاڕنامەی بەناوبانگی شۆڕشی فرەنسی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، نەک بەپێی پرەنسیپەکانی ڤاتیکان و کڵێسای کاتۆلیکی . ئێمە مل بە شەریعەتی مەسیحی نادەین، ئەمەش واتای مۆدێرنە و عەلمانییەت و مافەکانی مرۆڤ دەگەیەنێت و سەرلەبەر لەگەڵ سیستەمی ئسووڵیی کۆندا ناکۆکە، چونکە ئەم سیستەمە بەردەوام لەڕێی ئەوەوە سەیرت دەکات کە تۆ سەر بە چ ئاین و ئاینزایەکیت، ئەمەش ئەو سیستەمەیە کە تا ساتەوەختی ئێستا لە ولاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بالادەستە).

## فرەنسا لە بەردەم هەڕەشەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیدا

(جەنگی نهێنی نێوان فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی و کۆماری فرەنسا)*، کتێبێکە ساڵی ٢٠٠٤ لە پاریس چاپ کراوە و لە نووسینی "کریستۆف دیلوار" و "کریستۆف دوبوا"یە و هەردووکیان ڕۆژنامەنووسن. یەکەمیان لە کۆواری هەفتانەی (لوبوان) کار دەکات و ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی "لویس هاشیت"ی بۆ ڕۆژنامەنووسان پێ بەخشراوە. دووەمیشیان لە ڕۆژنامەی (لوپاریزیان) کار دەکات. هەردوو نووسەر لەم کتێبەدا باس لە شاڵاوی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی دەکەن بۆ سەر فرەنسا و پێیان وایە، شەڕێکی نهێنی لە نێوان فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی و فرەنسادا دەستی پێ کردووە. ئەوەتا فێندەمێنتالیستەکان هەوڵ دەدەن شەریعەتی ئیسلامی تەنانەت بەسەر فرەنساشدا بسەپێنن و بە ئاشکراش هەڵوێستی دوژمنکارانەی خۆیان بەرامبەر بەهاکانی کۆماری فرەنسا ڕادەگەیەنن. گەورەترین بەهایەکیش کە دژایەتی دەکەن، بێگومان عەلمانییەتە.

فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی، عەلمانییەت بە دوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانێت، لەبەرئەوەی بەهەڵە لێی تێگەیشتووە و پێیوایە عەلمانییەت بە مانای ئیلحاد و بێ باوەڕی دێت، لە کاتێکدا عەلمانییەت واتە ئازادیی ئاینی: واتە ئازادیی ئەوەت هەبێت بڕوادار بیت یان بێ باوەڕ، سەرپشک بیت ڕێوڕەسمی ئاینی بەجێ بێنیت یان نا. بەڵام فێندەمێنتالیستەکان دەیانەوێت کوڕان و کچانی ڕەوەندی ئیسلامی لە فرەنسا ناچار بکەن، نوێژ بکەن و

* Christophe Deloire et Christoph Dubois, Leslsamistes sont deja la: Enquetes sur une guerre secrete, Paris, Alpinmichel, 2004.

رۆژوو بگرن و رێورەسمە ئاینییەکان جێبەجێ بکەن. هەروەها وەک هەردوو نووسەری ئەم کتێبە دەڵێن: (فێندەمێنتالیستەکان هەرچی رێگا هەیە دەیگرنەبەر، بۆ ئەوەی بەزۆر کچانی موسڵمان ناچار بکەن خۆیان داپۆشن و تێکەڵ بە خەڵکانی غەیرە موسڵمان نەبن). ئەمە وای کردووە لە ئێستادا خوێندکارانی موسڵمانی ناو خوێندنگەکانی فرەنسا، دژایەتی زۆر لە داوونەریتی ئەو وڵاتە بکەن و پەیڕەوکردنی بەکارێکی خراپ بزانن. ئەمەش دیاردەیەکی تازەیە و پێشتر لە فرەنسادا نەبووە. بۆ نموونە خێزانە ئیسلامییەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە نارازین لەوەی لە بۆنە و جەژنەکانی سەری ساڵدا، درەختی کرسمس لە گۆڕەپانی خوێندنگەکاندا دابنرێت.

وەکی ئاشکرایە درەختی کرسمس لەو بۆنانەدا بووەتە شتێکی باو و بەهۆی عەلمانییەتیشەوە ئەو درەختە مانا ئاینییەکەی خۆی لە دەست داوە، واتە هیچ مانایەکی ئاینی و مەزهەبی نییە، وەکی فێندەمێنتالیستە توندڕۆیەکان مەزەندەی دەکەن. کەچی موسڵمانانی دانیشتووی شاری ستراسبۆرگ پێیان وایە ئەو درەختە مانا و ئاماژەی مەسیحییانەی هەیە، بۆیە داوای لابردنیان کرد و ئەمەش بەڕێوەبەری خوێندنگاکە و خەڵکانێکی زۆری فرەنسایی تووشی شۆک کرد.

هەروەها بەڵگەی ترمان لە بەردەستدایە، نیشانی دەدەن کە فێندەمێنتالیستەکان چۆن دژایەتی بەهاکانی فرەنسای کۆماری دەکەن. بۆ نموونە سەروەختێک وەزیری پێشووی ناوەخۆ "جان پییر شۆڤانمان"، چەند کەسایەتییەکی لە موسڵمانانی ناو فرەنسای بانگهێشتی وەزارەتەکەی کرد، بە مەبەستی کۆبوونەوە و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی گشتی کە نوێنەرایەتی تەواوی موسڵمانانی وڵات بکات، کارمەندان و فەرمانبەرانی ئەوێ حەپەسان لەوەی کە ئەو خەڵکەی بانگهێشتیان کردبوون، لەناو وەزارەتدا خەریکی بەرماڵ راخستن و نوێژکردنن بەبێ گوێدانە هیچ شتێک. وەکی دەزانرێت گەورەترین رێکخراو کە نوێنەرایەتی موسڵمانانی فرەنسا دەکات

(فیدراسیۆنی نیشتمانی موسڵمانانی فرەنسا)یە کە "محەمەد بەشاری" سەرۆکییەتی، لەگەڵ (فیدراسۆنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە فرەنسا) کە "بوبەکر حاجی عەمور"و "فوئاد عەلوی"و چەند کەسێکی تر سەرۆکایەتی دەکەن و بەڕێوەی دەبەن. ئەمانە هەر هەموویان لە ناوچەرگەی وەزارەتی ناوەخۆدا، کەوتنە بەرماڵ ڕاخستن و کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی وەزیردا ڕادەگرت و دەستیان دەکرد بە نوێژکردنی خۆیان. دوای ئەوەی لە نوێژەکەیان بوونەوە، ڕاوێژکاری وەزیری ناوەخۆ "ئالان بیۆن" پێی وتن: (بەڕێزینە دەمەوێت لە شتێکی زۆر گرینگ ئاگادارتان بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە: ڕێوڕەسمی ئاینی لەناو داوودەزگاکانی کۆماری فرەنسادا قەدەغەیە!). ئەوانیش لە وەڵامدا پێیان وت: (گەروا بێت ئەوا لەسەر شۆستەکان نوێژ دەکەین).

مسیۆ "بیۆن" یەکێکە لە گەورە فەرمانبەرانی حکوومەتی فرەنسی و لە چوارچێوەی سیاسیی هاریکاریکردندا، سالانێک لە ولاتی مەغریب کاری کردووە. مانەوەی لەوێ ئەو ولاتەی لا خۆشەویست دەکات و هاوکات عەشقی کچە مەراکیشییەکیش دەبێت و بۆ ئەوەی بتوانێت کچە بخوازێت، ناچار دەبێت بەشێوەیەکی رووکەش ببێتە ئیسلام، واتە ناچار دەبێت شایەتومان بێنێت. ئەمەش لە ساڵی ١٩٨١دا بوو. هەر لەو ساڵەشداو لەسەر لیستی سەرۆکی کۆچکردووی پێشووی فرەنسا "فرانسوا میتێران"، وەک کاندیدکراوێکی شاری پاریس دەبێتە ئەندام پەرلەمانی وڵات. بەلام لە ئێستادا بەرپرسە لە ڕێکخستنی کاروباری ئیسلام لە فرەنسادا.

"بیۆن" لەو کۆبوونەوەی وەزارەتی ناوەخۆی فرەنسادا ڕووی لە ئامادەبووان کرد و پێی وتن: (ئێوە لێرەدا لە هۆڵێکی رەسمیی دەوڵەت و بە ئامادەگی نوێنەرانی حکوومەت کۆبوونەتەوە. بۆیە ئەنجامدانی سرووت و ڕێوڕەسمی ئاینی لێرەدا قەدەغەیە و ڕێی پێ نادرێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەدا ناگونجێت کە لە دەستووری عەلمانی فرەنسادا هاتووە. لێرەدا

هەر بەتەنیا سرووت و ڕێوڕەسمی ئیسلامی یاساغ نییە، بگرە ڕێوڕەسمی ئاینزای کاتۆلیکی مەسیحیش قەدەغەیە کە زۆرینەی خەڵکی فرەنسا باوەڕیان پێیەتی. کەواتە ئەم یاسایە هەر بەتەنیا بۆ ئیسلام و موسڵمانان نییە و هەر ئەوان ناگرێتەوە).

بەڵام "فوئاد عەلوی" بەرپەرچی قسەکانی "ئالان بیۆن"ی دایەوە و وتی: (نوێژ یەکێکە لە پێنج فەرزەکەی ئیسلام و ئێمەش ناتوانین هیچ فەرزێک پشتگوێ بخەین). دوای ئەوە حکوومەت گۆڕاو سۆسیالیستەکان ڕۆیشتن و دیگۆلییەکان جێگەیان گرتنەوە. بەم جۆرە "نیکۆلای سارکوزی" (سەرۆکی ئێستای فرەنسا)، لەبری "جان پییرشۆڤانمان" بوو بە وەزیری ناوەخۆ. لەگەڵ دەست بەکاربوونیشیدا توانی ئەوە بکات کە "شۆڤانمان" بۆی نەکرا. واتە توانی ئەنجوومەنێک دروست بکات بۆ تەواوی موسڵمانانی فرەنسا و نوێنەرانی ئیسلامی میانڕەو و توندڕۆی تێدا کۆ بکاتەوە. تەنانەت وای کرد ئیخوان موسلمینەکانیش بکاتە دۆست و هاوڕێی خۆی، دوای ئەوەی توانی ڕازییان بکات و قەناعەتیان پێ بهێنێ.

سەروەختێکیش هەندێ لەناو فرەنسادا کەوتنە رەخنە لێگرتنی بە بیانووی ئەوەی گوایە مامەڵە لەگەڵ توندڕۆیەکاندا دەکات و گوێ بە موسڵمانە عەلمانییەکان نادات، وەڵامێکی زۆر توندی دانەوە و وتی: (من مامەڵە لەگەڵ کەسانێکدا دەکەم کە نوێنەرایەتی توێژێکی بەرفراوانی موسڵمانان دەکەن و ناتوانم هەر بە تەنیا مامەڵە لەگەڵ کەسانێکی پەراوێزنشیندا بکەم کە جگە لە خۆیان نوێنەرایەتی کەسی تر ناکەن!). لە ڕاستیدا "سارکوزی" دەیەوێت ئیخوان موسلمین وەک پردی پێوەندی لە نێوان فرەنسا و وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامیدا بەکار بهێنێت. گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە لەم ماوەی دواییدا ئەوان بوون (واتە ئیخوان موسلمینەکان بوون)، لای گرووپە چەکدارەکانی عێراق هەوڵی خۆیان خستەگەڕ، لە پێناو ئازادکردنی بە بارمتە گیراوە فرەنسییەکاندا. لەوانەی بەم کارەش هەستان "فوئاد

عەلەوی و محەمەد بەشاری" بوون.

"سارکوزی" بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجوومەنێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی موسڵمانەکانی فەرەنسا پێک بهێنێت، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی گەورە ڕابەرانی ڕەوەندی ئیسلامی لە فەرەنسا. ئەم کۆبوونەوەش لە کۆشکێکی سەر بە وەزارەتی ناوەخۆ لە یەکێک لە گەڕەکە دوورەکانی شاری پاریس ئەنجام دراو "سارکوزی" بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: (لێرە ناچنە دەرەوە، بەر لەوەی لەسەر ناو و ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە ڕێک نەکەون).. سەرەنجامیش کارەکە سەری گرت و ئەندامانی ئەنجوومەنەکە دیاری کران. بەم جۆرە "سارکوزی" بەهۆی ئەو کەسایەتییە بەهێزەی هەیەتی و توانای زۆری لە قەناعەتپێکردنی بەرامبەر، لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بوو. ئەمە لە کاتێکدا هیچ یەک لە وەزیرانی پێشووتری ناوەخۆی فەرەنسا لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبوون.

پاشان هەردوو نووسەری ئەم کتێبە باس لە سەردانەکەی "سارکوزی" دەکەن کە لە بەرواری ٢٠٠٣/١٢/٣٠ بۆ لای شێخی ئەزهەر "محەمەد سەید طە نطاوی" لە قاهیرە ئەنجامی دا. ئامانج لەم سەردانەشی ئەوە بوو فتوایەک لە گەورەترین مەرجەعی ئیسلامی سوننە مەزهەب وەربگرێت، کە ڕێگە بدات بە لابردنی سەرپۆش لە شوێنە گشتییەکانی وڵاتی فەرەنسادا. وەکی دەشزانرێت بەر لە "سارکوزی"، "جان پییرشۆڤانمان" هەمان هەوڵی خستە گەڕ، بەڵام دواتر شێخی ئەزهەر لە فتواکەی پەشیمان بووەوە، دوای ئەوەی "فوئاد عەلەوی" لە پاریسەوە تەلەفۆنی بۆ دەکات و پێی دەڵێت: (فتواکەت زیانی بە بەرژەوەندی موسڵمانان گەیاندووە). ئەم کارەش "شۆڤانمان"ی زۆر تووڕە کرد.

لەبەر ئەوە "سارکوزی" بەرلەوەی شێخی ئەزهەر ببینێت، هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی گرتبووە بەر و حسابی خۆی کردبوو. بۆ ڕێکخستنی

ئەو دیدارە، "جـان کلود کـۆسـێـران"ی باڵوێزی فـرەنسـا لە قـاهیـرەی ڕاسپاردبوو. "کۆسێران" دیبلۆماتکارێکی بە ئەزموون و پیاوی ئەرکە نهێنی و دژوارەکانە. شایەنی باسە پێشتریش لە باڵوێزخانەی فرەنسا لە تاران کاری کردووە و تەنانەت وێراویەتی لە سەروەختی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، بەشداری خۆپیشاندانەکانی شاری تاران بکات!. ئامانجیش لەم کارەی ئەوە بووە تا بزانێت ئەو ڕاپەڕینە تا چەند جدییە و هەوانتە نییە. هەر بۆیە لە تارانەوە برووسکە بۆ پاریس دەکات و دەڵێت: (شا چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە...). "کۆسێران" لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠- ٢٠٠٢ بەڕێوەبەری هەواڵگری دەرەوە بووە و لە ئەنقەرە و دیمەشقیش کاری کردووە. زمانی عەرەبی بە چاکی دەزانێ و شارەزای باشی ناوچەکەشە. بۆیە بەرلەوەی "سارکوزی" چاوی بە شـێـخی ئەزهەر بکەوێت، ئەو داوای بینینی کـرد، بەڵام لەو دانیشتنەدا هیچ وەڵامێکی دەسگیر نەبوو، واتە نەیدەزانی فتواکەی بە چ لایەکدا دەبێت! لەگەڵ حیجاب دەبێت یان لە دژی؟ بێگومان شێخی ئەزهەر کەسێکی بە ئەزموونە و هەروا بە ئاسانی ڕای خۆی ناڵێت.

شایەنی باسە بۆ ئەوەی بزانێت "نیکۆلای سارکوزی" کێیە کە لەگەڵیدا دادەنیشێت، بە تەلەفۆن پێوەندی بە بەڕێوەبەری مزگەوتی پاریس "دەلیل بوبەکر"ەوە دەکات و لە بارەیەوە دەپرسێت، بەڵام لە هەمان کاتدا وەڵامی تەلەفۆنی ئیخوان موسلمینەکانی فرەنسا ناداتەوە، بۆ ئەوەی تووشی هەمان ئەو حاڵەتە نەبێت کە لە سەردەمی "جان پییر شۆڤانمان"دا بەسەریدا هات. پێ دەچێت لەم مەسەلەیەدا حکوومەتی میسری هاتبێتە ناوەوە و داوای لە شێخی ئەزهەر کردبێت وەڵامی ئیخوانەکان نەداتەوە، چونکە دواجار شێخی ئەزهەر ناتوانێت بێگوێیی "حوسنی موبارەک" بکات. کاتێک وەختی دیدارەکە هات، "سارکوزی" پێی وابوو دیدارێکی تایبەتی دەبێت و تەنیا چەند یاریدەدەرێک ئامادەی دەبن، بۆیە جگە لە "کۆسێران"ی باڵوێزو "داڤید مارتینۆن"ی بەرپرسی ئۆفیسەکەی، کەسی کەی لەگەڵ خۆیدا نەبرد.

ئەگەرچی "میشێل گۆدان"ی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس و "پییردو بۆسکی"ی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری فرەنسای لەگەڵدا بوو بۆ قاهیرە، بەڵام بردنی ئەوانی لەگەڵ خۆی بۆلای شێخی ئەزهەر بە پێویست نەزانی. پاشان کە "سارکوزی" دەچێتە ژوورەوە بۆلای "محەمەد سەید طە نطاوی"، دەبینێت هۆڵەکە لانی کەم پەنجا کەسی لە شێخەکانی ئەزهەر لێیە! بەمەش دەحەپەسێت و پاسەوانە تایبەتەکانیشی لێرەو لەوێ تووشی گێروگاز و پاڵەپەستۆ دەبن.

شێخی ئەزهەر هەر بەوەشەوە نەوەستاو میوانەکەی برد بەرەو هۆڵێکی گەورە لە هۆڵەکانی ئەزهەر. "سارکوزی" هەستی دەکرد کە تەواوی زانایانی ئیسلامی و هەروەها سەرجەم کەناڵە ئاسمانییە عەرەبی و ئیسلامییەکان، چاویان لەسەریەتی و پێیوابوو بە تەڵەوە بووە. لەو کاتەدا بە تووڕەییەوە سەیرێکی راوێژکارەکەی کرد و پرسی: ئەمە چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: نازانم!. دوای ئەوە شێخی ئەزهەر دەستی بە وتارەکەی کردو وتی: (جەنابی وەزیر پێم خۆشە هەندێ روونکردنەوە و زانیاریتان لەسەر شەریعەتی ئیسلامی بدەمێ). ئەمە ئەوەندەی تر "سارکوزی" کەلەیی کرد. شێخ "طە نطاوی" درێژەی بە قسەکانی داو وتی: (مەسەلەی حیجاب و ئەوەی پێوەندی بە ئافرەتی موسڵمانەوە هەیە، فەرزێکە خوا دایناوە و گەر هاتوو هەر ژنێک رازی نەبوو بە پۆشینی، ئەوا خوای گەورە لەسەر ئەو کارەی موحاسەبەی دەکات). لێرەدا "سارکوزی" ئەوەندەی تر تووڕە بوو، ڕەنگی ڕەش داگەڕا و پێیوا بوو ئەرکەکەی لە قاهیرە شکستی هێناوە. بەڵام هێندەی نەبرد شێخی ئەزهەر ١٨٠ پلە بایدایەوە و قسەکانی گۆڕی، ئەوکات "سارکوزی" ئاهێکی بە بەردا هاتوەو دڵنیا بوو. شێخی ئەزهەر لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: (بەڵام گەر هاتوو ئافرەتی موسڵمان لە وڵاتانی غەیرە ئیسلامیدا بژی و سەرانی ئەو وڵاتانەش ویستیان حیجاب لابەرن پێیان، ئەوا ئەمە مافی خۆیانە و دەتوانن کارێکی وا بکەن. ئەمەشی سێ جار دووبارە کردەوە!). بەم قسەیە

"سـاركـوزی" ڕووی گـەشـایەوە و بـەر لە مـاڵـئـاواییـکـردنیش دەسـتی شـێـخی ئەزهەری گوشی و پێی وت: (سـوپـاس بۆ تۆ جـەنابی شـێخ). ئەمـە ئەو شـتـە بوو کە لە دیدارە بەناوبانگەکەی "سارکوزی" لەگەڵ شێخی ئەزهەردا ڕووی دا، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی نەهات.

لە ڕاسـتـیـدا هەندێ لەو زانایانەی ئـەزهـەر کـە لـە هۆڵەکـەدابـوون، بە قسـەکانی شێخی ئەزهەر زۆر تووڕە بوون کاتێ فتوای لابردنی حیجابی لە فرەنسـا دا. لەوانەی بەم فتوایە جاڕسبوون، شـێخ "عـەلی جومعـە" بوو کە مـوفتی میسـر و ئەندامی پەیمانگەی توێژینەوەی ئیسـلامییـە لە ئەزهەر. ئەم پیاوە بەگژ شێخی ئەزهەردا چووەوە و دژایەتی خۆی بۆ قسەکانی ڕاگەیاند. پاشـان ئیـخـوان مـوسلـمـینەکـانی مـیـسـر هەڵەکـەیان قـۆزتەوە و ئیـدانەی فتواکەی شێخ "طە نطاوی"یان کرد. لیستی ئیخوان موسلمین لە پەرلەمانی مـیـسـر ڕاگـەیاندنێـکیـان بڵاو کـردەوە و تێـیدا هـاتووە: (فـتـواکـەی شـێـخی ئەزهەر هەموو موسڵمانانی نائومێد کرد و داخێکی گەورەی نا بەدڵیانەوە). بەڵام ئەمـجـارەیان وەک جاری پێـشـوو، شـێـخـی ئەزهەر لەژێر پاڵەپەسـتۆی ڕادیکاڵییەکاندا لە فتواکەی پەشیمان نەبووەوە. ئەمەش بە سـەرکەوتنێک بۆ "سارکوزی" تۆمار کرا کە توانی فتوایەکی وا بە شێخی ئەزهەر دەربکات.

ئەم مـەسـەلەیە هـەر بەمـە تەواو نەبوو، چونکە نوێنـەرانی مـوسـڵـمـانانی فـرەنسـا دوای گـەڕانەوەی وەزیری ناوەخـۆ، بێـزاری و ناڕەزایـی خـۆیان ڕاگـەیاند لەوەی وەزیر ئـەوانی فـەرامـۆش کـردووە و ڕاسـتـەوخـۆ چووە بۆ ئەزهەر. لـەم سـەروبەندەدا "مـحـەمـەد بەشـاری" سـەرۆکی فـیـدراسـیـۆنی نیشـتـیـمـانی مـوسـڵـمـانانی فرەنسـا، بە "سـارکـوزی" وت: (تۆ نەت توانی بۆ لابردنی حیجاب ڕەزامـەندی ئەنجوومـەنی نوێنەرایەتیکردنی مـوسـڵمـانان لە فرەنسا و ڕەزامەندی تارق ڕەمەزان بەدەست بێنیت، لەبەر ئەوە چووی بۆلای شـێخی ئەزهەر. کـەواتە گـەر وابێت سوودی ئەم ئەنجـوومـەنەی ئێـمـە چییـە و بوونمان چ مانایەکی هەیە؟). هەرچی "فوئاد عەلەوی"یشە لەسـەر پێگەکەی

خـۆی لە تۆڕی ئەنتـەرنێـتدا دەنووسـێت و دەڵێت: (وا چاکتـرە بەرپرسـانی سـیاسـیـمان دیالۆگ و گفـتـوگۆ لـەگەڵ نوێنەرانی ڕەوەندی ئیـسـلامی لە فـرەنسـادا بکەن، لە جیـاتیی ئـەوەی ڕوو لە دەرەوە بنێن، بۆ ئەوەی لە ناوەندە ئیسـلامییـەکان فتوایەکیان دەسگیر ببێت!). بەڵام ئاخـۆ "فوئاد عـەلەوی" کە نوێنەرایەتی ئاقاری ئیخوان موسلمین دەکات لە فرەنسـا، مافی ئەوەی هەیە ناڕەزایی لە کارەکانی "سارکوزی" نیشان بدات و بە وابەسـتەبوونی دەرەکی تاوانباری بکات؟ ئەی ئەو خۆشی وابەستەی دەرەکی نییە؟ ئاخۆ ئەو گوێ بۆ ڕا و بۆچوونی ئیخوان موسلمینەکانی میسر ناگرێت؟

وەکی ئاشکرا رابەری ئیـخـوان مـوسلمین لە قـاهیـرە و سـەرتاسـەری جیـهاندا "محـەمەد مـەهدی عاکف"، زۆربە روون و رەوانـی رایگەیاند و وتی: (من بۆ پەککـستنی دەنگدان لەسـەر یاسای قەدەغـەکردنی حیجاب، پشت بە ئیـخـوانەکـانی ناو فـرەنسـا دەبەسـتم). وەک دەزانـرێت ئیـخـوان مـوسلمین دەیانەوێت کۆمـارێکی ئیسلامی لەسـەر لێوارەکانی رووباری نیل دابمەزرێنن، تۆ بڵێی بخـوازن کـۆمـارێکی ئیـسـلامیش لەسـەر لێوارەکانی رووباری سین دروست بکـەن؟! پاشـان هەردوو نووسـەری ئەم کـتـێبـە باس لە یەکـێک لەو نهێنییە گەورانە دەکەن کە حکوومـەتەکەی "لیونێل جۆ سپـان"، بۆ ماوەیەکی زۆر شـاردبوویانـەوە و نەیاندەهێـشت بـە هیـچ شـێـوەیەک بگاتـە دەست میدیاکان. ئەو نهێنییـەش ئەمەیە: (لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠١دا، واتە دوای مانگێک لە پەلامـارەکانی ١١ی سێپتەمـبەر، حکوومـەتی فرەنسی ڕووبەڕووی داواکارییـەکی چاوەڕوان نەکراو بووەوە: دایکی ئوسامـە بن لادن داوا دەکات بۆ پشـوودان و حـەوانەوە سـەردانی فرەنسـا بکات!). وەکی دەشـزانـرێت لە ڕۆژی ١١ی سێپتـەمبەردا، دایـکی "ئوسامە" لە دیمـەشقی پایەتەختی سوریا بوو. چونکە ئەو بۆ خـۆی بەبنـەچە خـەڵکی سـوورییایە نەک عـەرەبسـتـانی سـعـوودیە. ئەم ژنە لە دیدارێکیدا لـەگەڵ یەکێک لە رۆژنامـەکانی بەریتـانیـا، حـاشـای لەوە کـرد کـە کـوڕەکـەی لـەو پەلامـاردانـە بەرپرس بێت. لە دوای

پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر بنەماڵەی "بن لادن" دروست بوو، بۆیە دایکی بیری لەوە کردەوە ڕوو بکاتە فرەنسا و لەوێ نیشتەجێ بێت. بەڵام فرەنسا داواکارییەکەی ڕەت کردەوە، چونکە نایەوێت بەهۆی ئەوەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا تێک بدات.

یەکێک لە گرینگترین نەسکەکانی ئەم کتێبە ئەو نەسکەیە کە باس لە زیادبوونی ڕۆڵ و کاریگەریی ئیخوان موسلمین دەکات لەناو فرەنسادا، بەتایبەتی لەم ماوانەی دواییدا. هەردوو نووسەر دەڵێن: (وەک چۆن لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا ناپلیۆن دانی بە بوونی جوولەکە دانا لە فرەنسا و فەرمانی پێ کردن خۆیان لەناو یەک ئەنجوومەندا ڕێک بخەن، بۆ ئەوەی ئەو ئەنجوومەنە بتوانێت لە بەردەم دەسەڵاتی گشتی وڵاتدا نوێنەرایەتی ڕەوەندی جوولەکە بکات، ئەوا سارکوزیش لە بەراییەکانی سەدەی بیست و یەکدا هەمان شتی لەگەڵ موسڵمانەکاندا کرد). بەم جۆرە "سارکوزی" لەم ئەرکەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لە کاتێکدا سەرجەم وەزیرانی پێشووتری ناوەخۆی فرەنسا شکستیان هێناو نەیانتوانی رای پەڕێنن.

شایەنی باسە "سارکوزی" بەرلەوەی بگاتە ئاکام لەم کارەیدا، ڕەنجێکی زۆری بەخەرج دا و هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ. ئەم پیاوە هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت، ئاستێک بۆ ئەو ئاشووب و بێ سەروبەرییە دابنێت کە موسڵمانان لە فرەنسا تێیدا دەژیان. لە فرەنسادا کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە بتوانیت پێوەندی نێوان سەرانی ڕێکخراو و ئاقارە ئیسلامییە جیاجیاکان ڕاگریت، چونکە ڕەوەندی ئیسلامی لە فرەنسا زیاد لە سەرکردەیەکیان هەیە و ئەم سەرکردانەش لە ململانێیەکی بێ ئاماندان لەگەڵ یەکتریدا و هەر لایەنە و دەیەوێت خۆی ببێتە تاکە نوێنەری موسڵمانانی فرەنسا. هەر لە درێژەی باسەکەیاندا "کریستۆف دیلوار"و "کریستۆف دوبوا" دەڵێن: (دەتوانین بڵێین لە فرەنسادا سێ ڕێکخراوی

ئیسلامی سەرەکی هەیە، ئەوانیش ئەمانەن: مزگەوتی گەورەی پاریس کە لە جەزائیرییەکانەوە نزیکە، لەگەڵ فیدراسیۆنی نیشتمانی موسڵمانانی فرەنسا، ئەمەیان سەر بە وڵاتی مەغریبە. هەروەها فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە فرەنسا کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئیخوان موسلمین و سعوودیە و وڵاتانی کەنداوەوە نزیکە).

ئەمانە ئەو ڕێکخراوانەن کە "سارکوزی" لە وەزارەتی ناوەخۆدا کۆی کردنەوە و زۆری بۆ هێنان، تا ڕێ بکەوِن لەسەر دروستکردنی ئەنجوومەنێکی باڵا بۆ موسڵمانان لە فرەنسادا. لەم پێناوەشدا هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ناچاریان بکات بەو ڕێکەوتنە. پاشان "دەلیل بوبەکر"ی کردە سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە، ئەگەرچی ئیخوان موسلمینەکان ڕەزامەندییان لەسەر نەبوو. بەڵام سەروەختێک هەڵبژاردنی ئازاد لەناو موسڵمانانی سەرتاسەری فرەنسادا ئەنجام درا، دەرکەوت مزگەوتی گەورەی پاریس کەمینەیە لە بەرامبەر دوو ڕێکخراوەکەی دیدا، لەبەر ئەوە "بوبەکر" بڕیاری دا دەست لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکە بکێشێتەوە، بەڵام "سارکوزی" ڕێگەی پێ نەدا. چونکە یەکێکە لە کەسایەتییە ئیسلامییە دیارەکانی فرەنسا و لە زۆر کەسی تر شایستەترە، لەبەرئەوەی بە بەراورد بە ئیخوانەکان زۆر میانڕەو و کراوەترە. سەرەڕای ئەوەش کوڕی "حەمزە بوبەکر"ی ڕابەری مێژوویی مزگەوتی پاریسە و بەوە بەناوبانگە کە بنەماڵەکەیان دەچێتەوە سەر "ئەبوبەکری سدیق"ی خەلیفەی پێغەمبەر. "دەلیل ئەبو بەکر" دەتوانێت لە یەک کاتدا بەڵگەت بە "ڤۆلتێر"و "ئیبن روشد" بۆ بێنێتەوە. واتە وەک یەک ڕۆشنبیریی لەبارەی ئیسلام و مۆدێرنەوە هەیە. هاوکات ئەم پیاوە بەراورد بە سەرانی ئیخوان موسلمین و فێندەمێنتالیستەکانی تر زۆر ئەقڵانیترە، لەبەر ئەوە دەسەڵاتدارانی فرەنسا سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەو ببێتە سەرۆک.

"سارکوزی" لە شتێکی تریشدا هەر بلیمەت بوو، چونکە زانی ئەو

ئەنجوومەنە لە کێ دروست دەکات.. ئەوەبوو ئەندامانی توندڕۆ و میانڕەوی تێدا کۆ کردەوە، واتە توانی ئاو و ئاگر، یاخۆ سارد و گەرم پێکەوە کۆ بکاتەوە. هەندێک کەوتنە رەخنەکردنی لەسەر ئەوەی چەند توندڕۆییێکی کردووەتە ئەندام لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی موسڵمانانی فرەنسا، ئەویش لە وەڵامدا پێیان دەڵێت: (وا چاکترە ئەوانە لەناو ئەنجوومەندا توندڕۆ بن، نەک لە دەرەوەیدا بمێننەوە. گەر لەناو ئەو ئەنجوومەنەدا بن، دەکرێت دیسپلین بکرێن و توندڕۆییان کەم بکرێتەوە و گەر هاتیش کێشە لەگەڵ ڕەوەندی ئیسلامیدا دروست بوو، ئەوا بتوانرێت لە بەردەم دەسەڵاتی گشتیدا بەرپرسیارێتییان بخرێتە ئەستۆ. بەڵام گەر بێت و هەر لە دەرەوەی ئەو ئەنجوومەنەدا بن، ئەوا دەبنە هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی گشتی. سەرەڕای ئەوەش، دەکرێت لە کۆنترڵکردنی گرووپە توندڕۆیەکاندا پشتیان پێ ببەسترێت، دوای ئەوەی پلەوپایە وەردەگرن و دەچنە شوێنی بەرپرسیارێتی). ئێمە لێرەدا وەکی هەردوو نووسەری ئەم کتێبە دەڵێن: (ناتوانین ڕێکخراوێکی تر فەرامۆش بکەین کە سەنگ و قورسایی خۆی لە نێوان موسڵمانانی فرەنسادا هەیە، ئەویش گرووپی تەبلیغە. ئەمانە کۆمەڵێک سەلەفی داخراو و پەرگیرن و لە ڕێی حەمادی حەمامی سەرۆکیانەوە، هاتنە ناو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییەوە). تایبەتمەندیی گرووپی تەبلیغ ئەوەیە کە سیاسی نییە و زۆر خۆی لە سیاسەت دوورە پەرێز دەگرێت و تەنیا گرینگی بە کاروباری ئاینی دەدات. ئەم گرووپە مۆجیاری ئەندامەکانی دەکات، تێکەڵ بە کۆمەڵگەی (کافر) و (چەپەڵ)ی فرەنسی نەبن.

"سارکۆزی" لە بەرئەوە "دەلیل ئەبو بەکر"ی کردە سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە، چونکە ئاگاداری ژیانی سیاسیی وڵاتی فرەنسایە. بەڵام گەر ئەو پۆستە بە هەڵبژاردن بوایە، ئەوا ئیخوانەکان دەیانبرد. "سارکۆزی"یش ئەوە چاک دەزانێت.. لەبەر ئەوە پۆستی جێگری یەکەمی دا بەوان و

دووەمیشی دا بە گرووپەکەی "محەمەد بەشاری"، کە ئەمیش بۆ خۆی لە ئیخوانەوە نزیکە. بەڵام "سارکوزی" ڕێگەی نەدا "تاریق ڕەمەزان" بێتە ناو ئەو ئەنجوومەنەوە، لەبەرئەوەی سویسرییە و فرەنسی نییە. هەرچەندە هاوسەرەکەشی فرەنسییە و خەڵکی هەرێمی برۆتانیایە. ئەم خانمە حیجابە و ژیانێکی تەواو تەقلیدییانە دەژی. هەرچۆنێک بێت، "سارکوزی" باش دەزانێت بوونی ئیخوان لەو ئەنجوومەنەدا کارێک دەکات بتوانن بارودۆخی ئەو گەڕەکانە ئارام بکەنەوە کە زۆرینەیان کۆچبەری موسڵمان و هەژار و نەدارن. ڕەنگە بەهۆی هەلومەرجی خراپی گوزەران و بەهۆی ئەو ڕەگەزپەرستییەی لە هەندێک ناوەندی کۆمەڵگەی فرەنساییدا بەرامبەر بە ڕەوەندی ئیسلامی هەیە، یاخیبوون و کاری ئاژاوەگێڕی ڕوو بدات. ئەوکات وەزیری ناوەخۆ دەتوانێت پشت بە ئەندامانی ئەنجوومەن ببەستێت، بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە.

لەلایەکی ترەوە هەردوو نووسەری ئەم کتێبە باس لەوە دەکەن کە لە ڕۆژی ٢٣ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣، هەواڵگری گشتیی فرەنسا ڕاپۆرتێکی پێنج لاپەڕەیی لەبارەی بوونی فێندەمێنتالیستەکانەوە لە فرەنسا، پێشکێش بە "نیکۆلا سارکوزی" کرد. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە چوار بزاوتی ئسووڵی لەو وڵاتەدا هەیە یاخۆ ئەو چوار گرووپە خەڵکانی ئسووڵی ڕادیکاڵیان تێدایە، لەو چوار گرووپەدا سیانیان لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیکردنی موسڵمانانی فرەنسادا بەشدارن کە بریتین لە (فیدراسۆنی نیشتمانی موسڵمانانی فرەنسا) fnmf، (فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە فرەنسا) uolf، لەگەڵ گرووپی تەبلیغ.

سەرۆکی فیدراسیۆنی نیشتمانی "محەمەد بەشاری" پەیڕەوی زۆرێک لە بیرو بۆچوونەکانی ئیخوان موسلمین دەکات و ئەم گرووپەش زیاتر بایەخ بە لایەنی سیاسی دەدات. دەکرێت بڵێین "یوسف قەرزاوی"، مەرجەعی ڕۆحی ئیخوانەکانی فرەنسایە. "قەرزاوی" ساڵی ١٩٢٦ لە شاری قاهیرە هاتووەتە

دنیاوه و دوای ئەوەی ئیخوان دووچاری ڕاوەدوونان دەبێت لەلایەن "جەمال عەبدولناسر"ەوە، لە میسر هەڵدێت و ڕوو دەکاتە وڵاتی قەتەر. یەکیەتی فیدراسیۆنە ئیسلامییەکان لە فرەنسا، لە ڕێنماییەکانی لا نادەن و بە بەردەوامیش بانگهێشتی دەکەن بۆ کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانیان و گوێ بۆ ڕا و بۆچونەکانی دەگرن و کاری پێ دەکەن. لە دوا کۆبوونەوەی لەگەڵیاندا، داوای لێ کردن لۆبییەکی ئیسلامی لە فرەنسادا دروست بکەن و هانیشی دان بۆ ئەوەی بچنە ناو پارتە سیاسییەکانی فرەنساوە، تابتوانن لە داهاتوودا کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی فرەنسا هەبێت.

هەر تایبەت بەم مەسەلەیە نووسەرانی ئەم کتێبە دەڵێن: (فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە فرەنسا، گەورەترین ڕێکخراوی ئیسلامییە لە وڵاتەکەماندا و ئەم ڕێکخراوەش سەر بە فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانە لە ئەوروپادا. هەروەها پێوەندی لەگەڵ عەرەبستانی سعوودیەش هەیە. شایەنی باسە لە پێناو یارمەتیدان و کۆمەک پێکردندا، تەواوی گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ئەوروپا، پێوەندییان لەگەڵ سعوودیە و وڵاتانی تری کەنداودا هەیە).

لەلایەکی ترەوە "کریستۆڤ دیلوار"و "کریستۆڤ دوبوا"، باس لەو کۆبوونەوەیەی موسڵمانانی فرەنسا دەکەن لە گەڕەکی (ئۆلنی سوبوا) لە ناوچەی (سان دۆنی) لە مانگی تەمووزی ۲۰۰۱دا. ئەم کۆبوونەوەیە ڕێکخراوی (ئەنەس بن مالک) ڕێکی خستبوو، بەمەبەستی گوێگرتن لە وتاری سیان لە سەلەفییە دیارەکانی وڵاتی سعوودیە. ئەوانیش بریتیی بوون لە "عەبدوڵلا بوخاری"و "سالح زوبەیری"و "محەمەد بەزمول". هەریەک لەمانە داوایان لە موسڵمانانی نیشتەجێی فرەنسا کرد کە پابەندی شەریعەتی ئیسلامی بن و هەموو موسڵمانێکیش مافی خۆیەتی چەند ژنێک پێکەوە بهێنێت. هەروەها هۆشدارییان دانێ کە تێکەڵ بە کۆمەڵگەی فرەنسی نەبن و پاکژیی خۆیان بپارێزن. یەکێک لە ئامادەبووانی هۆڵەکە پرسی: (چی بکەم

گەر هاوسەرەکەم رازی نەبوو حیجاب بکات؟). لە وەڵامدا وتیان: (پێویستە لە سەرت قەناعەتی پێ بکەیت). ئەویش وتی: (ئەی ئەگەر قەناعەتی نەهێنا؟). وەڵامیان دایەوە و وتیان: (تەڵاقی بدەو وازی لێ بێنە!). پاشان یەکێکی تر پرسیاری کرد و وتی: (دەتوانین لەگەڵ ژناندا قسە بکەین؟). مامۆستایانی بەڕێزیش لە وەڵامدا پێیان وت: (نابێت موسڵمان جگە لە ژنی خۆی قسە لەگەڵ هیچ ژنێکی تردا بکات و نابێت گوێی لە دەنگی ژنیش بێت. هەروەها پێویستە ژنان بەدەنگی نزم بدوێن، بۆ ئەوەی پیاوان گوێیان لێیان نەبێت). هاوکات یەکێک لەو سێ سەلەفییە وتی: (پێوستە موسڵمانان خۆیان لە بەهاکانی خۆرئاوا بەدوور بگرن و پەیڕەوی نەکەن. هەروەها نابێت موسڵمان بچێتە گۆڕستانی مەسیحییەکان و حەرامیشە نەخۆشی موسڵمان بۆ چارەسەر پەنا بۆ پزیشکی بیانی بەرێت). دواتر شێخ "بوخاری" داوای لێ کردن: (هەرکاتێک توانیتان دەبێت دەستبەجێ بگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان، چونکە ئەم وڵاتانە ئێوەی لێ دەژین موسڵمان نین و کافرن). یەکێکی تر لە ئامادەبووان لەم شێخەی پرسی: (من لە فەرمانگەی پۆستە و گەیاندن فەرمانبەرم، ئاخۆ دەتوانم لەسەر کارەکەم بەردەوام بم؟). لە وەڵامدا شێخ وتی: (نەخێر، چونکە سەر بەرگی نامەکان رەنگە وێنەی ئافرەتی رووتی لەسەر بێت). یەکێکی تر پرسی: (داخۆ دەتوانێت کچێکی موسڵمان بخوازێت کە براکەی لە گازینۆیەکدا کار دەکات؟). شێخ وەڵامی دایەوە: (نەخێر ئەوە ناکرێت، چونکە بۆنی مەی لە گازینۆکانی فرەنسا دێت!).

لە کۆتایی کتێبەکەیاندا ئەم دوو نووسەرە دەپرسن: (ئەم خەڵکانە چۆن دەتوانن تێکەڵ بە کۆمەڵگەی فرەنسایی بن و ئەمانە بەم ئەقڵییەتەوە چۆن لەگەڵ بەهاکانی ئەم وڵاتەدا هەڵ دەکەن؟). لە راستیدا ئەمە کێشە و سەرئێشەیەکی گەورەیە بۆ فرەنسا، بەڵام خۆشبەختانە هەموو موسڵمانانی ئەوێ وانین، ئەگەرچی کەمینەیەک بەو جۆرە رەفتار دەکەن. هەنووکە لە

فرەنسادا ٣٢ مزگەوت هەیە کە سەلەفییەکان تێیدا باڵادەستن، لە کاتێکدا پێشتر تەنیا لە بیست مزگەوتدا هەبوون. ئەمەش مانای وایە ژمارەی توندڕۆکان لە زیادبووندایە، لە داهاتوودا ئەمە کێشەی گەورە بۆ فرەنسا دروست دەکات. فێندەمێنتالیستە پەڕگیرەکان هەر بەوەندەوە ناوەستن کە ترس و تۆقاندن لە عەرەبستانی سعوودیەدا بڵاو بکەنەوە، بگرە دەیانەوێت فەزای خۆرئاواش وا لێ بکەن!.

شایەنی باسە کاتێک شا "محەمەدی شەشەم" لە کۆشکی ئەگادیر و لە مانگی ئاخۆری ٢٠٠١دا، واتە چوار مانگ بەر لە پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر پێشوازی لە "دانیال ڤایان" کرد، پێی وت: (وریا بن وڵاتانی ئیسلامی لە ڕێی مزگەوتەکانەوە دەست لە کاروباری ڕەوەندی ئیسلامی لە فرەنسادا وەرنەدەن). شای مەغریب ئەمەی بە وەزیری ناوەخۆی فرەنسا وت و بەرپرسانی وڵاتانی عەرەبی تریش ئەمەیان بە ئەوروپاییەکان ڕاگەیاندووە، چونکە وڵاتانی عەرەبی خۆیان لە شەڕی دەستەویەخەدان لەگەڵ بزاوتە رادیکالییە ئیسلامییەکان دا. لەلایەکی ترەوە "حوسنی موبارەک"یش هەمان هۆشداری بە بەریتانیاییەکان دا و تەنانەت سەرزەنشتی زۆریشی کردن، لەبەرئەوەی وڵاتەکەیان کردووەتە پەناگەی گرووپی جیهادی ئیسلامی توندڕۆ و لای خۆیان داڵدەی ئەندامەکانیان دەدەن.

سەرچاوەی کتێبەکە بە عەرەبی:

هاشم صالح: معضلة الاصولية الإسلامية، دار الطليعة، بيروت الطبعة الاولى، ٢٠٠٦.